# ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا

# ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا

هەڵمەت بایز ڕەسووڵ

# دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا**
- نووسینی : **هەڵمەت بایز رەسووڵ**
- نەخشەسازی ناوەوە: **رێدار جەعفەر**
- بەرگ: **هێمن خدر**
- سەرپەرشتی چاپ: کۆمپانیای کوێست کوین
- نرخ: (**٣٥٠٠**) دینار
- چاپی یەکەم: **٢٠١٢**
- تیراژ: **١٠٠٠** دانە
- چاپخانە: چاپخانەی **موکریانی** (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٦٥٥) ساڵی(٢٠١٢)ی پێ دراوە.**

## زنجیرەی کتێب (٦٧٤)



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێڕست


پێشەکی ........................................ ٧

بەشی یەکەم ـ تیۆرەکانی دەروونزانی لەنێوان داهێنان و کاری ئەدەبیدا: ........................ ١١

بەشی دووەم ـ چەند جەمسەرێکی دەروونشیکاری: ........................ ٦٥

بەشی سێیەم ـ خەسڵەتە دەروونییەکانی نێو چیرۆکەکان: ........................ ١٣٩

بەشی چوارەم ـ کەسێتی و باری دەروونی لەنێو چیرۆکەکاندا ........................ ١٩٣

ئەنجام: ........................................ ٢٣٧

لیستی سەرچاوەکان: ........................................ ٢٤١

# هێما کورتکراوەکان

## هێما کورتکراوەکان بۆ سەرچاوە کوردییەکان

| | |
|---|---|
| ژ | ژمارە |
| گ | گۆڤار |
| ل | لاپەڕە |
| (ئا) | ئامادەکردن |
| چا | چاپخانە |
| چ | چاپ |
| (ب – س) | بێ ساڵ |
| (ئا – و) | ئامادەکردن و وەرگێڕان |
| ڕ | ڕۆژنامە |
| ز | زنجیرە |

## هێما کورتکراوەکان بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان

| | |
|---|---|
| ص | صحيفة |
| ط | طبعة |

# پێشەکی

لایەنی دەروونی‌و بارە دەروونییەکان لە خستنەڕووی کێشەیەك یان ورووژاندنی بابەتێك هەر لە نووسین و سەرەتاکانی ئەدەبدا کاریگەری هەبووە بەسەر گوێگرو بیسەراندا. دەرکەوتنی چیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبی‌و هەبوونی پانتاییێکی لەبار بۆ خستنەڕووی ڕەهەندە دەروونییەکان و ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو شتە شاراوەو پەنهانانەی ناخی مرۆڤەکان ئەرکێکی دیکەی ئەدەبە بە گشتی‌و چیرۆکی هونەری بە تایبەتی، چونکە کەم تا زۆر دەبێ چیرۆکی هونەری لە ناخی مرۆڤو بارە دەروونییەکانی نزیك بێتەوە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە هەموو چیرۆکێك ڕەهەندی دەروونی قووڵی تێدابێت، یان بە شێوەیەکی زانستیش سوودی لە تیۆرەکانی دەروونزانی وەرگرتبێ، چونکە ئەگەر بوونی ئەم سوود وەرگرتنەش هەبێت لەنێو ڕەوتی مێژووی ئەدەبیدا لە سەرەتاوە زیاتر لە ئەدەبیاتی ئەورووپا لە دوای بڵاوبوونەوەی تیۆرەکانی فرۆیدو پێشکەوتنی زانستی دەروونزانی سوودمەند بوون بەمەش لە بەرهەمەکانی ئەدیبان و هونەرمەندان ڕەنگیدایەوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی کوردی دەتوانین بڵێین هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەرییەوە بە شێوەیێکی گشتی بوونی ئەو بارە دەروونیانە لە دەقەکانی چیرۆکی کوردیدا بوونی هەبووە، بەتایبەتی ئەوچیرۆکانەی، کە بەشێوەیەکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە دەربڕاون، بەڵام بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لەو ڕەهەندە دەروونییەو سوود وەرگرتن و کاریگەربوون بە تیۆرەکانی دەروونزانی لە چیرۆکەکانی ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان بەدواوە زیاتر بەدیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپادا بەراورد بکرێت لە ڕووی زەمەنییەوە زۆر لە یەکترەوە دوورن، چونکە ئەو ماوە دوورەی لە کوردستان زیاتر پەیوەستە بە هەڵسوڕان و گۆڕانی باری

سیاسی لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی زۆر لە بڵاوکراوەی وەك ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، وەك دەسکەوتێکی تازە لە سەرەتای حەفتاکاندا زیاتر ئەو کەشوهەوایە لە باربوو، کە نووسەرانی کورد زیاتر بە گڕوتینێکی تازەو ناوەرۆکێکی تازەوە دەقی تازەو جوانتر بنووسن، ئەمەش لە ڕێی زیاتر سوود بینین لە ئەدەبیاتی بیانی ئەو کاریگەریە هاتەکایەوە، بە هۆی ئەمەشەوە نووسەرانی کورد توانییان بە ئەزموونێکی تازەوە بەرهەمی بناسێنن.

**هەڵبژاردنی ناونیشان و بواری نامەکە** (ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن)دا زیاتر مەبەستمان خستنەڕووی لایەنی دەروونییە، وەك لایەنێکی گرنگ و بنەماییێکی گرنگ لە پێکهێنانی ناوەرۆکی چیرۆك بە گشتی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کێشەکانی تاك و کۆمەڵ، لەلایەکی دیکەدا هەڵبژاردنی بەرهەمەکانی چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن) بۆ شیکردنەوەو لایەنی پراکتیکی چیرۆکەکان لەڕووی دەروونییەوە دەتوانین بڵێین کۆی بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن، کە بریتین لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تەنیایی، گوڵی ڕەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرە پەپوولەکانی ئێواران) تەواوی ئەو ڕەهەندە دەروونییەیان تێدایە، کە بتوانین لە لایەنی شیکردنەوە و پراکتیکی کاریان لەسەر بکەین، هەروەها نووسەر خاوەن ئەزموونێکی باشی ڕۆشنبیری مەعریفییەو لە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی دەروونزانیشدا بووە، بە شێوەیەکی وا سوودی لە ئەزموونی نووسەران وەرگرتووەو، بە هۆی توانستەکانییەوە لەنێو نووسین و بابەتە ڕەخنەیەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەرچەندە ئەو ڕەهەندە دەروونییە لای چیرۆکنووسانی دیکەی کورددا هەیە، بەڵام ئەو لایەنە ئەوەندە زاڵ نییە بەو شێوەیەی لای شێرزاد حەسەندا هەیە، هەروەها بەلامانەوە وەك یەکێك لە هۆکارەکانی دیکە لە هەڵبژاردنی ئەو لایەنە دەروونییە کەمتر لە بواری ڕەخنە و شرۆڤە کردنەوە چیرۆکە دەروونییەکان لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان بۆ کراوە یان بە واتاییێکی دیکە کەمتر لە بواری دەروونی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی بۆ چیرۆکی هونەری کوردی کراوە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکەمان** لە کورتە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دایە بەدەر لە ڕۆمانەکانیو، بە مەبەستی قووڵبوونەوەی زیاترمان تەنها کۆمەڵە چیرۆکەکانمان وەرگرتووە، لە سەرجەمی (٣٦) چیرۆکەکانی هەر چوار کۆمەڵە چیرۆکەکەی، دەتوانین بڵێین تەواوی ئەو

چیرۆکانەمان لە لایەنی پراکتیکییەوە خستۆنەتەڕوو، بە مەبەستی شرۆڤەکردن و پیشاندانی لایەنی دەروونی لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردوون.

**ئامانجیشمان** گرتنە بەری ڕێچکەیەکی دەروونییە لە خستنەڕووی ئەو ڕەهەندە دەروونیانە کە پەیوەستن بە کێشەکانی تاك و کۆمەڵ لە دەستنیشانکردنی باری دەروونی کەسانی نێو چیرۆك و خستنەڕووی خەسڵەتە دەروونییەکانی کەسێتییەکانی چیرۆکەکان و ئەو گرێ دەروونیانەی کە دەرەنجامی کۆمەڵێك هۆکارن و ڕەنگرێژی کولتوورێکی درێژە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەشمان** ڕەخنەی شیکاری و پراکتیکییە لە گەڵ خستنەڕووی لایەنی تیۆرییەکە لە پاڵ ئەو لایەنەش لایەنی شیکاری پراکتیکی پەیڕەو کراوە.

**کێشە و گیروگرفتەکانی** ئەو نامەیەش زیاتر نەبوونی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی بەتایبەتی لەڕووی پراکتیکییەوە، جگە لە هەبوونی چەند نامیلکە و چەند وتارێکی وەرگێڕدراوی نێو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەم بوارەدا زۆرکەم لێکۆڵینەوەو وتار بەرچاو دەکەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە بابەتە وەرگێڕدراوەکان زاراوە و دەستەواژەی جیاواز و جۆراوجۆریان بەکارهێناوە، ئێمەش لە وەرگرتن و بەکارهێنانماندا دەکەوتینە نێو گێژاوێك بە تایبەتی لەوەرگرتنی دەقەکاندا.

**ناوەرۆکی نامەکەش لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا**، چەند تیۆرێکی دەروونزانی وەك فرۆیدو یۆنگ و ئەدلەر و ئۆتۆرانك و برجلر و پاڤلۆڤ....هتد باسکراون بۆ پیشاندان و خستنەڕووی پرۆسەی داهێنان و کاری ئەدەبی بەپێی چەمك و لێکدانەوەکانییان.

**لە بەشی دووەمدا** سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت، لەتەوەری یەکەمدا، پێوەندی نێوان ئەدەبو دەروونشیکاری خراوەتەڕوو، بە تایبەتی کارەکانی فرۆید، کە رۆڵیان لە هێنانەکایەی رەخنەی دەروونیدا هەبووە.

لە تەوەرەی دووەمدا، کەسێتی نووسەر لە چیرۆکی دەروونی و ڕەخنەی دەروونیدا، وەك جەمسەرێکی دەروونشیکاری پێکهاتەو راڤەی دەق شیکراوەتەوە.

لە تەوەرەی سێیەمیشدا خستنەڕووی ژیانی شێرزاد حەسەن و بەستنەوەیان بە کانگەو سەرچاوەی چیرۆکەکانی، وەك جەمسەرێکی دەروونشیکاری بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتنەکانی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و چاوپێکەوتنە تایبەتییەکانی خراوەتەڕوو

**لە بەشی سێیەمدا** کە لایەنی پراکتیکییە لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، لەم بەشەدا چەند خەسڵەتێکی دەروونی و لایەنی هەڵچوونی دەروونیمان لە ڕوانگەی دەروونزانیو لێکۆڵەرەوانی دەروونزانی پێناسە کردووە، دواتر وەکو بوونی ئەو خەسڵەتە دەروونییانە لە دەقەکانی ئەو چیرۆکانەمان وەرگرتووە، وەکو گۆشەنیگایەکی تایبەتی نووسەر بۆ ئەو بارە دەروونییانەی کە لە کەسێتی چیرۆکەکاندا هەیە.

**لە بەشی چوارەمی** نامەکەشدا ئەو لایەنە پراکتیکییەمان بەرجەستە کردووە، کە کارەکتەرو کەسانی نێو چیرۆکەکانن، چ لە ئاستی جیاوازی چینایەتی وەك رۆشنبیرو هەژار، یان جیاوازی ڕەگەز وەك پیاو و ئافرەت بە هەموو پێکهاتەکانییەوە وەکو قەیرە کچو بێوەژن لەگەڵ خستنەڕووی چەند لایەنێکی دەروونی وەکو نەست و چەپاندن و باوکسالاری.

**بەو هیوایەین** توانیبێتمان زانیارییێکی وا پێشکەش بکەین کە خوێندەوارانی کورد سەرنجی وردتریان لەلایەنی دەروونی بۆ بوارێکی بەرفراوانی چیرۆکی کوردی چووبێت، کە ڕەنگدانەوەی هەڵچوونەکان و دیوەکانی ناخەوەی مرڤن.

# بەشی یەکەم

## تیورەکانی دەروونزانی لە نێوان داهێنان و کاری ئەدەبیدا

## أ ـ فرۆیدو چوارگۆشەی وزەی لیبیدۆ و گرێی ئۆدیب و چەپاندن و نەستی تاکە کەسی

لەبەر گرنگی کارەکانی فرۆید لەبابەت داهێنانی ئەدەبیو پرۆسەی کاری ئەدەبی، وەك قوتابخانەی دەروونشیکاری بۆچوونە تیۆرییەکانی فرۆید پێویستیان بەڕوونکردنەوەی هەموو ئەو چەمك و ڕاڤانە هەیە، کە فرۆید بەپێی قۆناغ و بەدوایەکدا هاتن دەریخستوون لە قۆناغی وزەی لیبیدۆ و سەرەتای منداڵییەوە پێناسەو ڕاڤەی کردوون، بۆ زیاتر پێناسەکردن و جەخت کردنە سەر چەپاندن(خەفەکردن)و ڕوونکردنەوەی نەستی تاکە کەسی، کە پێوەندییێکی ڕاستەوخۆیان بە داهێنانی ئەدەبییەوە هەیە.

### ڕەمەکی سێکسی (وزەی لیبۆدۆ) و قۆناغەکانی گەشەی سێکسی

ڕەمەکی(*)سێکسی لیبیدۆ(**)وەك چەمك و زاراوەیەکی گرنگی تیۆری دەروونشیکاری فرۆید لە سەرەتاو لە درێژەی کارەکانی خۆیدا لە گرنگترین ئەو چەمکانە بوو، کە فرۆید بە بایەخەوە لێی دەڕوانی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر نووسینەکان خۆی داهێنا بۆ باشترکردنو ڕووبەڕوبوونەوەی بەرانبەر بۆچوونە ڕەخنەیەکانی سەردەمی خۆی کە لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی دەکرانەوە، فرۆید هەوڵیدا زیاتر گۆڕانکاری لەو چەمکانەدا بکات کە پەیوەستن بە وزەی لیبدۆ وەك ئەوەی لەکتێبی (خود و غەریزەکانی) لە (١٩٢١) خراوەتەڕوو.

ڕەمەکی سێکسی (لیبۆدۆ) وەك بەشێك یان ڕێژەیەك لەوزەی دەروونی فرۆید بە فاکتەرێکی گرنگ و کارای دەروونی وەسف دەکات و بە یەکێك لە داینەمۆی هەڵسوڕێنەری

---

(*) ((ڕەمەك ئەو حاڵەتە فسیۆلۆژییە ناوەییانەیە، کە ڕەوشتی تاك دیار دەکات و بەرەو مەبەستێکی دیاریکراو ئاڕاستەی دەکات، واتە ڕەمەك نەك تەنها پاڵ بە تاکەوە دەنێت و دەیخاتە حاڵەتی جووڵە بەڵکو ئاڕاستەی جووڵەو کارکردنەکەشی بۆ دیاری دەکات)) بڕوانە: د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ، سیگمۆند فرۆیدەوە، زنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆیی پەروەردەیی، چ/ یەکەم، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣ ل٧٦.

(**) لیبدۆ (libido) یان وزەی زیندەگی یان سێکسی: مەبەست لە لیبدۆ لەسەرەتادا شەهوەت یان وزەی سێکسی بوو پاشان واتاکەی بوو بەوزە یان پاڵنەری زیندەگی، بەڵام واتا سێکسییەکەی وەکو خۆی مایەوە. بڕوانە د: عبدالمنعم الحفنی، موسوعة علم النفس التحلیل النفسي انجلیزي- عربي ، الجزء الثاني، مكتبة مدبولي، مصر، ١٩٧٨، ص٤٣٦.

کارەکانی مرۆڤی دەزانێت، ئەگەرچی فرۆید بە بایەخەوە لە ڕۆڵی گرنگی ئەو ڕەمەکە دەدوێت وێڕای دانپیانانی زانایان و پسپۆڕان بەڕەمەکی سێکسی وەك پاڵنەرێکی نەستیو کاریگەر بەسەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ، لە هەمان کاتیشدا باوەڕیان وایە فرۆید لەسەر گرنگی ئەو پاڵنەرو ڕەمەکی سێکسییانە زیادەڕەوی کردووە[٢].

((فرۆید بڕوای وایە کە ڕەمەکیی سێکسی گەوهەریی فرمانی مرۆڤ و ئێش و ئازارە دنیاییەکانی پێکدێنێت، ئەم وزە بایۆلۆژییە بزوێنەرەی بنەڕەتییە بۆ ململانێی دەروونییەکان و پاشان بەرپرسیارە لە پێکهێنانی جیهانی دەروونی مرۆڤ و ڕواڵەتەکانی رەفتار و خاسیەتە خودیەکانی))[٣].

فرۆید لەسەرەتای کارەکانیدا زۆربەی دیاردە سایکۆلۆژیەکانی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرو بۆچوونەکانی خۆی بۆ دوو جۆرە ڕەمەکی بنچینەی شیکردەوە، ئەویش یەکەمیان ڕەمەکی سێکسییە کە لە وزەیەکی تایبەتییەوە دەردەچن پێیان دەوترێت (لیبۆدۆ)، کە هەمیشە ئامانجی تێرکردن و لەزەتە، جۆری دووەم بریتییە لە غەریزەکانی ئیگۆ، کە ئەرکی پاراستنی خودە ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی جیهانی دەرەکیو پێویستییەکانی واقیعە، لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕەخنە و کەموکورتی لە بۆچوونەکانیدا ئەو ڕەمەکانەی بەپێی بنەمای لەزەت کاردەکەن، دەبوایە گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونەکانی بهێنایە، چونکە نەخۆشەکان مەیلی توندیان نیشاندەدا لە دووبارەکردنەوەی هەندێ ئەزموونە ئازار بەخشەکانی پێشوو، کە بەهۆی کاریگەری پاڵنەرێکی بەهێزەوە ناچاردەبن ئەو شتانە دووبارە بکەنەوە ئەو پاڵنەرە ڕەمەکییەش ناوی لێنرا (کردارە سەپێندراوەکان) یان زۆرلێکردن لە دووبارەکردنەوە (اجبار التکرار - repetitio copulsion)، دیسان ئەم پاڵنەرە ڕەمەکییەش لەگەڵ بنەمای لەزەت ناکۆك بوون بەپێی بنەمایی لەزەت، چ لەزەتێك لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی ئازار بەخشو تونودتیژ نابیندرێت[٤]، دواتر فرۆید هەوڵیدا هەموو ڕەمەکەکانی لەژێر دوو جۆرە ڕەمەکی گشتیدا کۆکردەوە، ئەوانیش ڕەمەکەکانی ژیان و (غرائز الحیاە - eros) ڕەمەکەکانی مردنە (غرائز الموت – tanatos)[٥].

ڕەمەکەکانی ژیان و ئامانجی سەرەکیان مانەوەیە و بەردەوامییە لەژیان ((فرۆید لەناو ڕەمەکەکانی ژیاندا، لە هەموویان زیاتر تەنها گرنگی بەڕەمەکی (سێکسی) داوە، چونکە لەو بڕوایەدایە کە ڕەمەکی

---

(٢) د. فاخرعاقل- علم النفس دراسة التکیف البشري، ط/ الرابعة، دارالعلم للملایین ، بیروت، ١٩٧٥، ص٢١-٢٢.

(٣) عدنان عبدالرحیم - فرۆیدو سروشتی مرۆڤ، و/ کەمال کاکەیی، گ/ ڕامان، ژ/٥٠ ،٢٠٠٠، ل٦٦.

(٤) د. **محمد عثمان نجاتي**- خودو غەریزەکان، و/ هونەر سالح، گ/ کاروان، ژ/ ١٣٥، ١٩٩٩، ل٦٩- ٧٠.

(٥) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆ سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٨٢.

سێکسی لە هەموو ڕەمەکەکانی تری ژیان کاریگەرترەو لە هەمووشیان زیاتر لەسەر دەستی کۆمەڵ و دام و دەزگاکانی تووشی خەفەکردن و سەرکوتکردن دەبێ)).[٦] ڕەمەکەکانی ژیانو ڕەمەکەکانی مردن لە ئامانجەکانیاندا دژیەکن، کە ڕەمەکەکانی ژیان ئامانجیان مانەوە و بەردەوامییە، بەڵام ڕەمەکەکانی مردن لە یەکترازان و نەمان و پچڕانی ژیانە، ڕەمەکانی ژیان لەوانە ڕەمەکی سێکسی (وزەی لیبیدۆ) هەر لەسەرەتای هاتنە دنیاوە لە لایەن منداڵەوە سەرهەڵدەدات فرۆید لە دەستنیشانکردنی گەشەی سێکسیو قۆناغەکانی چەند قۆناغێکی[*]دیاریکردووە:

١- دەمە قۆناغ (المرحلة الفمية) - (oral stage) ئەم قۆناغە لە سەرەتاکانی ژیانی منداڵیدا دەردەکەوێت[٧] لەم قۆناغەدا دەم و لێوەکانی منداڵ دەبنە ناوچەیەکی شەهوەت ئامێز.

٢- قۆناغی کۆم، واتە کۆمە قۆناغ (المرحلة الشرحية - anal stage) منداڵ لەم قۆناغەدا [**] کۆم دەبێتە ناوچەیەکی شەهوەت ئامێزو منداڵ لە ڕێگای فڕێدانی پاشماوە لە بۆرییەکانو ڕیخۆڵەکانی کۆم، هەست بە لەزەت و چێژ وەرگرتن دەکات.

---

(٦) هەمان سەرچاوە ، ل٨٢-٨٣ .

(*) فرۆید ژیانی سێکسی و قۆناغەکانی گەشەی سێکسی بۆ پێنج قۆناغ دیار کرد، ئەو سێ قۆناغەی کە لە سەرەتای تەمەنەوە دەستپێدەکات، تا سەرەتای سەر هەڵدانی گرێی ئۆدیب و خەساندن کۆتای دێت، کە زیاتر لە کارەکانی ئێمە بۆ بەستنەوەمان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەگرێی ئۆدیب ، لە دوای ئەوسێ قۆناغە باسکردنی گرێی ئۆدیب دێتە پێشەوە، کە پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکە تیۆرییەکانی فرۆیدە، لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی چوارەمی سێکسی هەیە بەناوی قۆناغی (گواستنەوە یان متبوون )کە لە قۆناغی (٥-٦) ساڵییەوە دەستپێدەکات، کە هیچ کارگەرییێکی لەسەر ڕەوشت نییە قۆناغێکی زۆر هێمنو لەسەر خۆ دەڕوات تا نزیکەی دوانزە ساڵان کۆتایی دێت، هەروەها قۆناغی پێنجەمی سێکسی یان قۆناغی زاوزێ دێتە پێشەوە کە لە (١١-١٢)ساڵانەوە دەستپێدەکات، لەو قۆناغەدا ئارەزووە سێکسییەکان دەردەکەونومنداڵ لەو قۆناغە بالغ دەبێ تامو چێژ لە ئەندامەکانی لەشی وەردەگرێت. بڕوانە: د٠ کەریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لەروانگەی جان جاك ڕۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە ل ٩٨-٩٩ " ئەکرەم قەرەداغی- قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، گ/سەردەم، ژ/٩ ،٢٠٠٠، ل ١٩٩.

(٧) د. علي كمال- الجنس والنفس فى الحياة الانسانية، ط/الاولى، دار واسط، لندن، ١٩٨٥، ص٦٩.

٣- قۆناغی ئەندامەكانی زاوزێ (مرحلة الاعضاء التناسلية - phallic stage) ئەم قۆناغە لە نێوان (٣ تا ٥ - ٦) ساڵییەوە دەست پێدەكات، یاریكردن و دەست لێدانی ئەندامانی زاوزێ مندالْ چێژو خۆشی وەردەگرێت ((لە گرنگترین گۆڕانكاری و ڕووداوەكانی ئەم قۆناغە سەرهەڵدانی گرێی ئۆدیبە - oedipus compelx))[٩] .

## گرێی ئۆدیب(*)و سەرچاوەكانی

مرۆڤ لە درێژایی قۆناغەكانی سێكسی لە دوای قۆناغی ئەندامەكانی زاوزێی (٣-٥) ساڵی تەمەنی مندالْ هێشتا بە دوای چێژ و حەز و ئارەزووەكانیدا وێڵە ئەگەرچی هێشتا بوونەوەرێكی خاوەن

---

(**) ساڵی دیار كردنی ئەم قۆناغە لە كتێبی د٠ كریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٤٩٣. تەمەنی قۆناغەكە لە(١تا ٣)ساڵ دیاری دەكات، بەڵام لەكتێبی د. علی كمال، الجنس والنفس في الحياة الانسانية، ص ٦٩، ساڵی ئەم قۆناغە لە(١٨مانگە تا ٣ ساڵ) دیاری دەكات.

(٨) د. كەریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆ سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٩٥.

(٩)

(*) ئۆدیب كوڕی مەلیك (لائیوس)ی پاشایە و دایكی ناوی (ژۆكاستا)یەو، خوداوەندی غەیبی بە باوكی ئۆدیب رادەگەیەنێت كە مندالێكی كوڕتان دەبێت ئەوكوڕە باوكی خۆی دەكوژێ و دایكی مارە دەكات، باوكی ئۆدیب وەختێ ئۆدیب پەیدا دەبێ بە شوانەكانی دەنێرێتە چیای (سیترۆن)و شوانەكانی ئەو چیایەش بۆ لای (پۆلیب) دەیبەن و بۆخۆی بەخێوی دەكات، ئۆدیب لەگەڵ پەیدابوونی گومانی ڕاستەقینەی لە دایك و باوكی خۆی دەكەوێتە پرسیار تا دوایی لای خواوەندی غەیبی پێی رادەگەیەنێت كە تۆ باوكی خۆت دەكوژی و دایكی خۆت مارە دەكەی، ئەویش بە مەبەستی ڕوونەدانی ئەو ترسناكییە لە (كۆرنیت) سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ڕێگادا تووشی باوكی ڕاستەقینەی دەبێ، كە ناوی(لائیوس)ەو لە لە زۆرانبازیدا باوكی خۆی دەكوژێ و دایكی ڕاستەقینەی خۆی بە بێ ئەوەی بزانێت مارە دەكات، ئەمەش بەهۆی هەڵهێنانی مەتەڵی ئەو دڕندەیە بوو كە مەرج بوو بۆ مارەكردنی ژنی مەلیكی(لائیوس)، كەوا دایكی ڕاستەقینەی ئۆدیب بوو، ئۆدیب كە زانی دایك و باوكی ڕاستەقینەی خۆی بوون (میرۆبو پۆلیب) دایك و باوكی ڕاستەقینەی ئەو نەبوون لەكورنێت، سەرەنجام دایكی ئۆدیب خۆی دەكوژێتو ئۆدیب چاوەكانی دەردێنێت... بڕوانە: محەمەد تەنتاوی، خوێندنەوەیەكی دەروونی چیرۆكی (ئۆدیب)ی مەلیك، و/ ئەمیر عەبدوستار محەمەد ئەمین، گ/ نووسەری نوێ، خولی دوای ڕاپەڕین، ژ٢، ١٩٩٨، ل٩٠-٩٥" هەروەها بڕوانە: پێشەكی وەرگێڕی فارسی ئیرەج باقر پور: زیگمۆند فرۆید- تەوتەم و تاپۆ، و/ ڕەزا مەنۆ چهری، چ/ یەكەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦.

سێکسی نییەو لەنێو خێزانەکەی و دەوروبەرەکەیدا ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی وەردەگرێت، ((ئەگەر بڕیار وابێت بەپێی ئاداب منداڵ لە ژیاندا سەرکەوتووبێت ئەبێت چاودێری بکرێت میکانیزمی ئەنجامی ئەو چاودێری کردنە، ئەو گرێ (ئۆدیبە) بەناوبانگەی فرۆیدە))[١٠]

(تەماهی) لەگەڵ باوك دێتە پێشەوە کە منداڵ بایەخ بە باوکی دەدات و دەیەوێ ببێ بە باوكو خۆی لە شوێنی ئەو دابێت لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێ: ((ئەم تەماهییە ڕۆڵێکی گرنگ لە سەرەتاکانی گەشەسەندنی گرێی ئۆدیب دەبینێ))[١١]و، بە بڕوای فرۆید[**] تەماهی کردن لەگەڵ باوکی ((منداڵی بچووك (کوڕ) ئارەزووە لیبیدۆییەکانی بەرەو دایکی ئاڕاستەی دەکات))[١٢]منداڵە کوڕەکە وادەزانێ باوك ڕێی ئەو حەز و مەیلە سێکسیانەی لێدەگرێت و لەلایەن باوکی دەخەسێندرێت، هەروەك چۆن دایکی (خەساوە)، بۆیە حەزی زیناکردن لە ناخی خۆیدا دەکوژێ و خۆی لەگەڵ بنەچەی واقیع ئەگونجێنێ و بەسەر گرێی ئۆدیب سەر دەکەوێ، لە میانەی ئەم پرۆسەیەشدا حەزە یاساغەکانی وەژێر گڵ ئەنێ لە شوێنێك حەشاری ئەدات، ئەو شوێنەش نەستە[١٣].

---

(١٠) تێری تێری ئیگڵتۆن- شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩.

(١١)کۆمەڵێ نووسەر- کۆمەڵێ وتار، ل١٦١.

(**) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی لەکتێبی سروشت و مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە، ل١١٧-١٢٠، هەڵسەنگاندنێك بۆ تیۆری دەروونشیکاری فرۆیدی کردووە بە سوود وەرگرتن لە بیرمەندانی دیکەو، پێی وایە فرۆید لەگەڵ ئەو کارە گرنگانەی خۆشی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، فرۆید کەوتۆتە ناو چاڵی قووڵو هەڵەی زەقەوە، تووشی توانج و ڕەخنە و گلەی زۆر بووە لەوانە زیاد لە پێویست گرنگی بە پاڵنەری سێکسی داوەو، جیهانی پاك و بێگەردی منداڵی شێواندوە و هەرچی هەست و سۆزو خۆشەویستی و پێوەندی دۆستانەی بێ مەبەستە بۆحەز و ئارەزووی سێکسی هەڵگێڕاوەتەوەو، بەگیاندارێکی شەهوانی وەسفکردووە و زیاد لە پێویست گرنگی داوە بەگرێی ئۆدیب سەڕای ئەوەش لەو بۆچوونە تیۆرییانەدا زیاتر پشت بەکەسانی نەخۆشو خاوەن گرفتە دەروونییەکان بەستراوە بۆ سەلماندنی بۆچوونە تیۆرییەکانی وەك ئاماژە و کەرستەو پێویستی زانستی ئەوەندە ڕەچاوی کەسانی ئاسایی نەکراوە. ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا هاوڕاین، لە هەمان کاتیشدا نابێ ئەوەمان بیربچێ، کە بۆچوونەکانی فرۆید بوونە کۆڵەگەیەك بۆ هاتنەکایەی بۆچوونەکانی دیکە و فراوانکردنوگشتگیرکردنی چەمکەکانی فرۆید بەدەر لە بۆچوونە سێکسییە ڕەهاکان.

(١٢) کۆمەڵێ نووسەر- کۆمەڵێ وتار، ل١٦١.

(١٣) تێری ئیگڵتۆن- شیکردنەوەی دەروونی لەڕەخنەی ئەدەبیدا، ل ٢٠-٢١ .

((له نەخۆشە دەروونییە کەم تەمەنەکاندا ترس لە خەساندن (لە پیاوەتی کەوتن) ڕۆڵێکی فرە کاریگەری هەیە لە شێوازی هەڵسوکەوتیاندا بەرانبەر بە باوکەکانیان))[١٤] ، کچی مێرمنداڵیش بە هەمان شێوە کە بە گرێی (گرێی ئەلیکترا)[*] ناو دەبرێت بەو قۆناغەدا تێدەپەڕێت، وەکو منداڵی کوڕ دەزانێت کە دایکی خەساوە ئەویش دەخەسێ و لە ناخەوە دەگاتە ئەو بڕوایەی، کەوا دەست تێکەڵییەکەی لەگەڵ باوکی تووشی شکست دەبێ، بۆیە کچی منداڵ دەگەڕێتەوە لای دایکی دێتە ڕیزی ئەو.[١٥]

فرۆید لە لێکۆڵینەوەکانیدا، لە چەند کەناڵێکەوە بۆچوونە تیۆرییەکانی خستەڕوو لەمەڕ ڕوونکردنەوەی گرێی ئۆدیب و قۆناغەکانی دروستبوونی گرێی ئۆدیب، ئەو کەناڵو سەرچاوانەش بریتیی بوون لە:

١- ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی فرۆیدیان دەکرد لە نۆرینگەکەی (عیادة).

٢- سوود وەرگرتن لە ڕوانگە دەروونزانیو ئەنترۆپۆلۆژییەکانی بەر لە فرۆید.

٣- سوودوەرگرتن لە کارە ئەدەبییەکان و ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە پێشکەش کراون.

## تێبینییە کلینیکییەکان

فرۆید لە میانەی ئەو کارانەی خۆی و خەریکبوون بە چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەشدا لەگەڵ کۆمەڵێك لەو نەخۆشانە تێبینییەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەیکردن لەسەر نەخۆشەکانی، دواتر یەکێك لەوانە (هانس)ی بچووك بە نموونە وەردەگرێت، کە منداڵێکی (٥) ساڵانە بوو بۆ لێکدانەوەی ترس، ئەو منداڵە بە بڕوای فرۆید ڕۆڵی نەخۆش هێنەری گرێی ئۆدیبی دەسەلماند[١٦] فرۆید لە تێبینییە

---

(١٤) سیغمۆند فرۆید- تەوتەموتابۆ، ل٣٣٠.

(*)فرۆید کەمتر لەبارەی گرێ ئەلیکترا دواوە بۆیە ئێمەش کەمتر قسە لەسەر گرێی ئەلیکترا لەم باسەماندا دەکەین لەلایەکی دیکەش مەبەست لە قسەکردن لەسەر گرێی ئۆدیب زیاتر ڕوونکردنەوەی قۆناغی چەپاندن و نەستی تاکەکەسە کە لەلای هەردوو ڕەگەز وەك یەکە بۆ ڕوونکردنەوەی قۆناغەکانی چەپاندن و دەرخستنی لایەنی نەستی.

(١٥)چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆ تیۆری، و/ عبدالخالق یەعقوبی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ،٢٠٠٢، ل١٦٥.

(١٦) ئەریك فرۆم- قەیرانی دەروونشیکاری، و/ هەژار جوانرۆی، چ/ یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، چا/ ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٣١.

کلینیکیەکانی خۆیدا، وەکو بەڵگەگانی سەرنجی دەخستە سەر ئەوەی کەوا ئەو منداڵە لە خەوتن و خۆشوشتندا مەیلی چێژ وەرگرتنی لەگەڵ دایك و رق هەڵسانی بەرانبەر باوکی خۆی نیشان دەدات، ئەمە بە بڕوای فرۆید دەرخستنی گرێی (ئۆدیب)ە(*).

فرۆیدی پشتی بەو دەربڕینانەی (هانس) دەبەست، کە باوکی پرسیاری لێدەکرد لەو کاتەی ئەسپەکەی کەوت، هانس بە شێوەیەك وەڵامی باوکی دەدایەوە، کە حەز بە مردنی باوکی کردووە. لەو بەربوونەوەی لەسەر ئەسپ و خواستنی مردنی باوك لای هانسی بچووك، حەزی مردنی باوك لای منداڵەکەو لای فرۆیدیش نیشانەی گرێی ئۆدیبە.

### کارە ئەدەبییەکان و سەرچاوەی گرێی ئۆدیب

(گرێی ئۆدیب) یەکێکە لەو چەمکە گرنگانەی فرۆید، کە بە بایەخەوە لێی دواوە، لەو نێوەندەشدا کارە ئەدەبییەکان دەبنە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەو گەشەپێدانی بیرو بۆچوونەکانی خۆی، بە تایبەتی (گرێی ئۆدیب) لە شاکارەکانی (ئۆدیب پاشای سۆفۆکلس و هاملێتی شکسپیر و برایانی کارامازۆفی دیستۆیفسکی)، بە مەبەستی دەرخستنی سیماو بنەرەتەکانی گرێی ئۆدیب و بەهێزکردن و پتەوکردنی بیروڕاکانی خۆی لەمەڕ ئەو چەمکە تیۆرییە، کاردانەوەیەکی گەورەی هەبووە بەسەر هونەرمەندو ئەدیباندا.

لەو تێبینییە گرنگەی (ماری پۆناپارت)و (ئانا فرۆید)و (ئارنست گریس) لە پێشەکی نامەو نووسراوە کۆکراوکانی فرۆید دەریان بڕیوە، بە ناونیشانی (لەدایك بوونی دەروونشیکاری)، وەك لە پێشەکی کتێبەکەدا هاتووە: ((لە ماوەی هاوین و پایزی ساڵی(١٨٩٧)دا، فرۆید لەمیانەی شیکردنەوەی دەروونی (خود)دا، توانی سیما بنەڕەتییەکانی گرێی ئۆدیب ئاشکرا بکات، لەو بەرەنگاربوون و حاڵەتە دەروونیانە تێبگات، کە هاملێت

---

(*) ئەریك فرۆم پێی وایە((حەزو خۆشەویستی سۆزداری نێوان منداڵ و دایك، لە ڕاستیدا، قووڵترە لەوەی کە بە دەستەواژەی (جێگیربوونی پێش- زاوزێ ) پێناس بکرێت)) بڕوانە: ئەریك فرۆم- قەیرانی دەروونشیکاری، و/ هەژار جوانرۆی، چ/ یەکەم ، ل١٣٩. ئەمە لەلایەك و، هەروەها پێوەندی نێوان کوڕو دایك بە پەیوەندییێکی ئاسایی لەلای ئەریك فرۆمەوە وەسف دەکرێت لەلایەکی دیکەشەوە دیسان پێوەندی نێوان (هانس)و باوکی پێوەندییێکە لەسەر بنەمای دروستیو متمانە دامەزراوە، چونکە (هانس) هەموو قسەکانی بە شێوەیەکی سادەو بێپەردە دەکردکە هیچ دوژمنایەتییەك لە ئارادا نییە بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٤٦.

دووچاری ببوو))[١٧] لێکدانەوەیەکی شیکاری بۆ ئەو شاکارە ناوبراوانە سەرەتایەکی گرنگی دەروونشیکاری بوو بۆ کارە ئەدەبییەکان، لەهەمان کاتیش پاڵپشتی بۆچوونەکانی فرۆید بوون، بۆ چەسپاندنی ئەو بیروڕایە شیکاریانەی خۆی کە لە تێبینییە کلینیکییەکانی دەستی دەکەوتن‌و، بەپێی ئەمە بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی لەسەر بنیات دەنا ((هەریەك لە گرێی ئۆدیب، وەکو بابەتێکی سایکۆلۆژی‌و دەقی ئەدەبی، وەك داهێنانێکی عەقلی مرۆڤ سوودیان بەیەك گەیاندووەو کاریگەری تەواویان هەبووە لەسەر یەکتری))[١٨]، کەواتە بۆچوونە تیۆرییەکانی فرۆید، وەك بابەتێکی سایکۆلۆژی لە خزمەتی راڤەی گرێی ئۆدیبدا بوو لە دەقی ئەدەبی، هەروەها گرێی ئۆدیب لە خزمەتی راڤەی ئەو چەمکانە دابوو، کە چەمکی سایکۆلۆژییە.

## گرێی ئۆدیب لەکارەکانی دیکەی فرۆیددا

گرێی ئۆدیب خۆی لەنێو زۆر لەو ئاماژەو هێمایانەدا دەبینێ، کە چەمك و لێکدانەوەی زۆر لە خۆیاندا هەڵدەگرێت‌و لەزۆر نووسین و دەرەنجامە لێکۆڵینەوەکانی فرۆید جەختیان لەسەر کراوەتەوە زیاتر بە قووڵای ئاماژەو هێماکاندا شۆڕبۆتەوە، چونکە ((بابەتی کوشتنی باوك‌و پێشێلکردنی حەرامکراوەکان لە زۆربەی ئەو کارە گرنگانەدا کە فرۆید پێشکەشی کردوون ئامادەبوونیان هەیە، هەر لە (تەوتەم و حەرام)ەوە بیگرە هەتا (یەکتا پەرستی‌و موسای مرۆڤ) و (نیگەرانی لە ڕۆشەنبیری) داو (پاشە ڕۆژی وەهم) یشەوە))[١٩] کوشتنی باوك تەوەری سەرەکی ئەو گرنگیدانەی فرۆیدە لە لێکۆڵینەوەکانیدا، ڕووداوی کوشتنی باوك لای فرۆید وەك سەربردەیەکی ڕاستەقینەو چەند جاری دیکەش وەك سەربردەیەکی خەیاڵی باس دەکات. مۆریس گۆدۆلییە دەڵێت ((لە خوێندنەوەی فرۆید ئەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە فرۆید پێی باش بووە وەها کوشتنی باوکی ببینێت کە سەربردەیەکی ڕاستەقینەیە و لە نەستی کۆمەڵەکاندا پەردەپۆشکراوە نەك وەکو سەربردەیەکی خەیاڵی))[٢٠].

---

(١٧)کۆمەڵێ نووسەر-کۆمەڵێ وتار، ل١٥٤.

(١٨) سەمەد ئەحمەد-گرێی ئۆدیب و گەمەی کوشتنی باوك لە ئەندێشەو بیری نووسەردا، گ/ئاینده ژ/٥، ١٩٩٩، ل١٩.

(١٩) مۆریس گۆدۆلییە- کوشتنی باوك یان قوربانی دانی سێکسی، و/ کامیل محەمەد قەرەداغی‌و فایەق رحیم محەمەد، گ/گەلاوێژی نوێ، ژ/ ٥، ١٩٩٨،ساڵی یەکەم، ل١٢٨.

(٢٠) هەمان سەرچاوە، ل١٢٨.

فرۆید قسە لەسەر سەردەمانێکی کۆن دەکات، کە پیادەکردنی حەرامەکان باو بووبێت‌و، مرۆڤایەتی بەو بارودۆخە تێپەڕ بووبێت و دواتر بەرەو بارێکی تازەتر چووبن، کە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی دۆزیوەتەوە، ئەو پێوەندییە تازەیەش ئەوەی تێدایە کە لە پێناوی تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکاندا وازی لە پیادەکردنی حەرامەکان هێناوە[٢١]، باوك سەرچاوەی قۆستنەوەی هێز و دەسەڵاتی مەیلە سێکسییەکان بووە، دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو نەوەکاندا سەپاندووە ئەم یاساغکردن و حەرامکردنانەی باوك لە بە دوورگرتنی نەوەو کوڕەکان لە دەست تێکەڵکردنی سێکسی هان و جۆشی نەوەکانی دەدات‌و، سەرەنجام بۆ دەرچوون لەو مۆنۆپۆل کردنە بە کوشتنی باوك کۆتایی دێت، بۆ نموونە ((ئەم چیرۆکە لای فرۆید تەواوکەری هەیە ئەوەتا باوك لەپاش کوشتنی جارێکی تر لە ڕێگەی ئەلتەر ناتیڤێکەوە دێتەوە ژیان، کە ئەویش ئاژەڵێکی تەوتەمییەو لەڕێوڕەسمێکی دیاریکراودا خواردنی حەڕامکراوە))[٢٢]

فرۆید لە کتێبی (تەوتەم‌و تابۆ)دا بە مەبەستی خستنەڕووی گرێی ئۆدیب وای دەبینێت، کە ڕیشەیەکی قووڵی هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی لەمەڕ تاوانی کوشتنی باوك، کە خەڵکانێکی سەرەتایی هۆزە ئوسترالییەکانی هەڵبژاردووە لەگەڵ نەخۆشە دەروونییەکانی بەراورد کردووە لەم بارەیەوە فرۆید دەڵێ:((گەر ئەم تیۆرە ڕاست بێت، کە نەتەوەو هۆڤ و نیمچە هۆڤەکان لەم چەشنەن و هەروەها بتوانین دادوەریان لەسەر بکەین و بیسەلمێنین کە ژیانی دەروونی ئەوان یەك لەو دەرکەوتنانەی پێشوو بێت کە تەواوکەری ژیانی دەروونی ئێمەن، وەك خۆی بەبێ دەست تێوەردان پارێزراوە ئەوا گرنگییەکی تایبەتی دەبێ بۆمان))[٢٣].

ئەو هۆزە ئوسترالیانە لە زمان و شێوەو خزمایەتیاندا لەگەڵ دراوسێکانیان یەك نین نەکشتوکاڵ دەکەن‌و نەخانوو بەرەشیان هەیە، ئەم ئوسترالیانە لە بڕی هەموو ئاینزاو کۆمەڵایەتییەکان لە ناویشیاندا سیستەمێکی تەوتەمی(*) لە ئارادایە. خێڵە ئوسترالییەکان،

---

(٢١) هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

(٢٢) سەرچاوەی پێشو، ل١٢٩-١٣٠.

(٢٣) زیگمۆند فرۆید- تەوتەم و تاپۆ، ل٢٢.

(*) ((بەشێوەیکی گشتی تەوتەم ئاژەڵێکە دەخورێت، بێ ئازارە یان مەترسی دارو ترسناکە، زۆر بە دەگمەن گیا (ڕووەك) یان هێزێکی سروشتی وەك (باران، ئاو) دەبنە تەوتەم )) کە شوێنی باوك دەگرێ. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٢٤.

بەسەر گرووپ گەلێکی بچووکدا دابەش دەبن و پێیان دەڵێن کلان (هۆز)، ناوی هەرکام لەم هۆزانەش هەمان ناوی ئەو تەوتەمەیە کە هەیانە. فرۆید لە ترسی دەست تێکەڵکردنی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکاندا باسی ئەو سیستەمە تەوتەمییە دەکات، کە نابێت ئەندامی تەوتەمێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکتردا پێوەندی سێکسیان پێکەوە بکەن و لەگەڵ یەکتردا زەماوەند"زەواج"بکەن.

ئەو یاساغکردنە زۆر بە توندی بەڕێوە دەچێت تەنانەت لادان لێی ئەنجامی کوشتنی لێدەکەوێتەوە[٢٤] زەواج کردن لەگەڵ هەر ژنێك لەنێو ئەو هۆزەدا کە یاساغکراوە لەو گرووپە ڕێی پێنادرێ بەبێ ئەوەی پێوەندی خزمایەتی نزیك پێکەوەیان ببەستێتەوە. پێوەندی زەماوەندی نێوان دوو کەس لە دوو گرووپی جیاوازدا سەرەنجام دەبێ منداڵەکان هەموویان خۆیان بە خوشك و برای یەکتر بزانن لەو گرووپە، کە دەرەنجامی ئەو زەماوەندەن. دەرەنجامی ئەو بۆ چوونانەی فرۆید لەو هۆزانەدا، واتە ترسی پێوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەکان بەلای فرۆیدەوە ڕەهەندێکی منداڵانەیە، ئەو هەستەی خەڵکانی سەرەتایی هاوشێوەی زۆر لە نەخۆشییە دەروونییەکانە. فرۆید دەڵێ: ((دەروونشیکاری فێری کردووین کە یەکەمین و سەرەتایی ترین ئامانجی ئەویندارى کوڕی منداڵ ڕووی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ مەحرەمەدایە کە ناڕەوایە، چونکە تێدەگات دایك و خوشکن. کوڕی منداڵ هەروا دێت مەزنتر دەبێت بە ڕووی یەکدا دەڕۆن، کە خۆی لە گرفتی سەرنج ڕاکێشی ئەم پەیوەندییە سێکسییە دەرباز بکات لە نەخۆشە دەمار گرژەکاندا بە شێوەیەکی سیستەماتیك ئاسەواری بەردەوام لە ئارەزووەکانی سەردەمی منداڵی دەبینێت))[٢٥].

هەستکردن بەسەر کوتکردنی ئارەزوویی سێکسی لە سەردەمی منداڵی، هۆڤەکان هەمان ئارەزووی سێکسیان سەرکوتکردووە، پاشان ناردوویانەتە دنیای نەستەوەو ((لەدوایدا وەکو مەترسییەکی خێرای لێك دەدەنەوە و قورسترین ڕێوشوێنی بەرگری خەبات لە دژی دەخەنە مەیدان))[٢٦]. تابۆی[*] ئاژەڵەکان مەرج و پێویستییەکانی دوورەپەرێزینە لە کوشتنیان یان

---

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

(٢٥)زیگمۆند فرۆید- تەوتەم و تاپۆ، ل٥٤-٥٥.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

(*)فرۆید دەڵێ ((لە ڕوانگەی ئێمەوە تابۆ نیشاندەری دوو واتایی ناکۆکە، لەلایەکەوە بە واتایەکی پیرۆزو جەختکردنە لەلایەکی دیکەوە واتایەکی مەترسیدار، ترسناك، یاساخ، گڵاو پڕ ڕەمزو ڕازی هەیە.....

نەکوشتنی ئاژەڵە پەرستراوەکەو خۆپاراستن لە پێوەندی سێکسی لە تاکەکانی رەگەزی بەرانبەر، کە پەیوەستن بەهەمان ئاژەڵەوە، فرۆید ئەم دووشتە بە کۆنترین و بەهێزترین دڵە راوکێیەکانی مرۆڤە سەرەتایەکان دادەنێتو بەلایەوە دەروونشیکاران ئەوەیان بە ناوەندی حەزەکانی سەردەمی منداڵیو خاڵی قورسو (ناوەندی) نەخۆشی دەروونی دەژمێرێن[٢٨] .

فرۆید زیاتر جەخت دەکاتە سەر پێوەندی نێوان تەوتەم و گرێی ئۆدیب، هەروەها هەوڵی سەلماندنی ئەوەی دا، کە سیستەمی تەوتەمەم هۆکاری ڕەوشتی گرێی ئۆدیبە، هەروەها بەلایەوە تەوتەم پەرستی قۆناغێکی سروشتی گشت کولتووره پێشووەکان بوو، کە فرۆید بە هۆکاری رەوشتی گرێی ئۆدیبی دەزانێت[٢٩]. دانانی ئاژەڵێکی تەوتەمی، کە خواردنی حەرامکراوە لە ڕێورەسمێکی تایبەت بکوژرێت و بخورێت، دواجاریش ئەو باوکە لەنێوان خۆشەویستی و قێزەونیدا کوژرا ئەو ڕوونکردنەوەی وانیشان دەدات، کە ((تەوتەمییەکان بەدوای دەسەڵات گەڕاون لە فەزایەکی زۆر بچووك، کە موڵکە تایبەتییەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەو هێمایە بوو، بەڵام بە لەناوبردن باوك لەلایەن تەوتەمییەکانی کوڕ دەسەڵاتی باوك لەناخی هەموویانەوە فراوانتربوو، بووە هێزێکی بوەیهیمی، نەیتوانی لەو حاڵەتە سایکۆلۆژییە دەربازبن))[٣٠]، بەمەش بیر و راکانی فرۆید لە بازنەیەکی فراونی چەند جەمسەریدایە بۆ سەلماندنی گرێی ئۆدیب.

## چەپاندن (الکبت – repression)

چەپاندن یەکێك لەو چەمکە گرنگانەی کەوا فرۆید بە بایەخەوە لە چەمکەکانی دیکە زیاتر لێی دواوە، چونکە وەك فرۆید دەڵێ: ((تێگەیشتنمان لە نەست سەرچاوەی لە تیۆری چەپاندن گرتووە))[٣١]، کە ڕێچکەیەکی تایبەتە بۆ تێگەیشتن لەتیۆرو چەمکەکانی دیکە.

---

دەستەواژە بەناوبانگ و ناسراوی ترسی پیرۆز کە لەنێو ئێمەدا باوە زێدەتر خۆی هەمان واتای تابۆیە))
زیگمۆند فرۆید- تەوتەمو تاپۆ، ل٥٧- ٥٨.

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

(٢٩) هەمان سەرچاوە، ل ٨٥.

(٣٠) یوسف عوسمان حەمەد- ڕوخانی باوك و ململانێی نەوەکان، گ/رامان، ژ/٩٥، ٢٠٠٥، ل١٤١.

(٣١) سیغموند فرۆید- من و ئەو (ئیگۆو ئید)، و/ یوسف عوسمان حەمەد، چ/ یەکەم، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠.

(چەپاندن) وەك میكانیزمێكی دەروونی بریتییە: لە پرۆسێسی ڕاكێشانی ململانێی دەروونی لە بازنەی هۆشەوە (هەستی) بۆ ئاستی نەستی[٣٢] ، چەپاندنیش هاوشانی بەشەكانی دیكەی میكانیزمی دەروونی، یەكێكە لە هۆكارە هەرە گرنگەكانی ڕزگاربوون لە گرژی و بارە پەشێوەكانی دەروون، چونكە پێداویستییەكانی تاك بە مەبەستی تێركردنی حەز و ئارەزووەكان لەكاردایە، ئەو حەز و ئارەزووانەش لە ترسی داب و نەریت و یاسا كۆمەڵایەتی‌و ئایین دەخرێنە نەستی تاك، لەوێدا بە خەفەكراوی دەمێننەوەو چاوەڕێی هەل‌و دەرفەتێكی گونجاو دەكەن، بۆ گەڕانەوەیان بۆ باری هەستی، هەموو حاڵەتێكی چەپاندن لە ئەنجامی كاریگەری پاڵنەرێك بۆ ڕێگری ڕوو دەدات، بۆیە ((مەبەستی فرۆید لە چەپاندن بریتییە لەو ڕێگریكردنە – الصد – InhibitionK كە لە ناواخنی دەروونیدا ڕوو دەدات. گرنگترین حاڵەتی ڕێگری كردن بریتییە لەو حاڵەتەی كە تێیدا پاڵنەرێك (دافع) دەبێتە هۆی ڕاوەستاندنی پاڵنەرێكی تر))[٣٣]. لە ئەنجامی ململانێی ویست و حەز و ئارەزووەكان لەگەڵ داكەوتەی كۆمەڵایەتی و دابونەریتەكان و ویستە كۆمەڵایەتییەكان چەپاندن سەر هەڵدەدات، ئەو چەسپاندنەش دەبێتە میكانیزمی بەرگری بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ داكەوتەی(واقعی) كۆمەلاتییەكە بەمەبەستی ئارام بەخشینێكی كاتییە بۆخود، ((هەرچەندە بابەتە كپكراوەكە بۆ هەتا هەتایە لەناو ناچێت))[٣٤]، ئەم دوور خستنەوە كاتییە لەپێناو شێنەكردن و هێمنكردنەوەی دەروونە، ئەو بارە چەپێندراوانەش لە حاڵەتی بێئاگایی و مەی خواردنەوە و خەون... هتد خۆیان بەدەر دەخەن، لەم ڕووەشەوە فرۆید فرە بایەخ دەدات بە چەپاندن، بۆ شیكردنەوەی لایەنی نەستی (چەپاندن)و چەمك و تیۆرییەكانی دیكەشی پێ ڕوون دەكرێتەوە، بە لای فرۆیدەوە چەپاندن‌و نەست بەیەكەوە دەبن بە زیاتر چوونە قووڵاییی‌و، گرنگی چەپاندن

---

(٣٢) د. كەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروونزانی، هەولێر، ١٩٩٦، ل٣٤" و/ یوسف عوسمان حەمەد، دەروونزانی وتارو لێكۆڵینە وە وشیكردنەوە، چ/ یەكەم، لە بلاّوكراوەكانی سەنتەری فیكری و ئەدەبی نما ، چا/رەنج، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٢" دكتور. هاشم جاسم السامرائي- المدخل الى علم النفس، ط/ الثانية، مطبعة قسير، بغداد، ١٩٨٩، ص١٣٦.

(٣٣) جەی. ئێف. دۆنسیل – دەروونشیكاری و پێڕەوی، و/ئاوات ئەحمەد ،گ/سەرەم , ژ/٩، ٢٠٠٠ ، ل١٣٥

(٣٤) د.كەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروونزانی، ل ٢٤.

لەبارەی چۆنێتی بەیەکداهاتنی دەسەڵاتە دەروونییەکان و لەیەك جیاکردنەوەی نەستیو پێش هەستییە(٣٥).

تیۆری چەپاندن لەلایەك بە پاڵپشتێکی باشی زانستی دەروونشیکاری دادەندرێت، لە لایەکی دیکەش چەپاندن، وەك هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئارەزووە خەفەکراوەکان لە میکانیزمی بەرگری دەروونیدا بەکاردێن.

چەپاندن، چەقێکە کەوا هەموو ڕەگەزە تیۆرییەکانی دەروونشیکاری بەدەوریدا کۆدەبێتەوە، ماهییەتی چەپاندن لای فرۆید دوورکەوتنەوە و دوورە پەرێزییە لە نەست(٣٦).

## نەستی تاکەکەسی

بە مەبەستی زیاتر دەرخستنی مەبەستە تیۆرییەکانی فرۆید لە درێژایی قۆناغی گەشەی سێکسیو گرێی ئۆدیبو قۆناغەکانی خەساندن لە دەروونەشیکاریدا، لایەنێکی گرنگی ئەو چەمکانە وابەستەی چەمکێکی دیکەن.

لەو چەمکە گرنگانەی، کە فرۆید بایەخێکی پێداوە لە پانتای بۆچوونەکانی خۆیدا ئەویش چەمکی (نەست)ە، واتە نەستی تاکەکەسی وەك لایەنێکی تیۆری لە بەرابەی ڕوونکردنەوەو چوونە ناو باسەکەماندا پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەی ئەو دابەشکردنە هەیە، کە فرۆید ئەقڵی بۆسێ بەش دابەشکردووە (هەست، شعور، conscious)، پێش هەست (قبل الشعور)، نەست (لاشعور — ما وراءالشعور) (*).

---

(٣٥) سیغموند فرۆید. علم ماوراء النفس، ت/ جورج طرابیش، ط/ الاولی، دار الطلیعة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٧٩، ص ٣٧.

(٣٦) نفس المصدر، ص٣٧.

(*) لە نووسین و وەرگێڕان و بابەتە ڕەخنە و دەروونزانی یە کوردییەکان بیروڕای جیاواز هەیە لەبابەت دانانی وشەو زاراوە لەبەرانبەر (شعور، اللاشعور)ی عەرەبیو (conscious- un conscious)ئینگلیزیدا کە لەمیانەی سەرنجدانمان ئەو زاراوانەی خوارەوەمان بەرچاو کەوت:

١- (ئاگاو نائاگا ) بڕوانە: یوسف عوسمان حەمەد- وتاری سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، گ/ڕامان، ژ٢٠/، ١٩٩٨، ل.٢٧

٢- هۆشمەندی (شعور) ناهۆشمەندی (لاشعور) بڕوانە: سەلاّح حەسەن پالّەوان — داهێنان و مەرگ، لە بلاّو کراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی،٢٠٠٣، ل.٢٦

٣-(هەستو نەست )بڕوانە: د. کریم شریف قەرەچەتانی- دەروازەی دەروونزانی، ل٣١.

ئەم سێ بەشەش پێوەندی هەبوونی نێوانیان وادەکات ڕاڤەی هەردوو چەمکی هەستو پێش هەست بکەین، تا زیاتر لەچەمك و ڕاڤەی نەستییەکە بگەین ، چونکە بڕوای فرۆید ئەوەیە کە پێی دەڵێن دەروون دابەشکردنی بۆ هەست و نەست وەك مەبەستی سەرەکی دەروونشیکاری، تەنیا بواری ئەوە دەرەخسێنێ، کە لە گێڕانەوەی نەخۆش تێبگەین(٣٧) .

هەست، بارێکی بە ئاگابوون و هەستکردنی دیاردە و ڕووداوەکانە، لە بابەت کارکردنی ڕۆژانەو مامەڵەکردنێکی ئاسای لەگەڵ خود و دەوروبەرەکەی هۆشمەندانەیە کە

((بریتییە لە ناوچەی بیرگە لە ئەزموونە ئەقڵییەکان، کە مرۆڤ لە باری بەئاگابوون هەستی پێدەکات))(٣٨) .

---

٤- (خود ئاگاو ناخود ئاگا) بڕوانە: چارلز برێسلێر، ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆتیۆری، و/ عبدالخالق یەعقوبی ، ل.١٦٦

٥-(هۆشو بێ هۆش) بیروڕای د. عادل گەرمیانی لە نامەی خوێندکار نارین صدیق مام کاك میرخان- شەپۆلی هۆش لە چیرۆکی نوێی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٨٠)، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٤، ل٩.

٦-(هۆشو ناهۆش) بەلای خوێندکار نارین صدیق مام کاك میرخان، هەمان سەرچاوە، ل٩. بە سوود وەرگرتن لە هەردوو فەرهەنگی (فازل نزامەدین- فەرهەنگی شیرین، دەزگای چاپ و بلاوکراوەی بەدرخان، سلێمانی،٢٠٠٣، ل٣٤٨و ٤٦٢ و٦٤٦" (ڕۆشنا احمد- فەرهەنگی فەلسەفە، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤٤.

٧- بە لامانەوە ( هەست ) بۆ شعورو ( نەست ) بۆ لاشعور لە هەموویان شیاوترەو، لەونامەیەشماندا پەیڕەومان کردووە، چونکە پێمان وایە ئاگاو نائاگا بەرانبەر وشەی (انتباه) و (اللانتباه)ە، هەروەها لەدیدەنییێکماندا لەگەڵ مامۆستا یوسف عوسمان حەمەد لەبەرواری ٢٠٠٦/٣/١١ هەمان بیر و بۆچوونی هەبوو لەم بارەیەوە، هەروەها هۆشمەندیو ناهۆشمەندی زیاتر دەچێتە پاڵ سیفەتێك یان ڕادەی زیرەکی، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هۆش گونجاوێت بۆشعور ناهۆش کەمتر بەکاردێت بۆ لاشعور، جگە لەوەش کە هۆش بەرانبەر (وعي) عەرەبی دێت، سەرەڕای ئەو تێبینیانەش لە نووسینی ئێستای وتاری ڕەخنەییو دەروونزانی زیاتر (هەست) و (نەست) بەکاردێت، هەروەها بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی- فەرهەنگی سایکۆلۆژی، سلێمانی، ٢٠٠٤، (ل٤٥،٩٧) " رزگار کریم، فەرهەنگی دەریا(عەرەبی- کوردی)، چ/ یەکەم، چا/ سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥ ، ل٥٠٨.

(٣٧) سیغموند فرۆید- منو ئەو (ئیگۆو ئید)، ل٧.

(٣٨) عبدالعزيز عتَيق- فی النقد الادبي، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر، ط/ الثانية، بيروت ، ١٩٧٢ ص٦٣" شكري عزيز الماضي، فی نظرية الادب ، ص١٣٥.

کەواتە هەستکردن و دەربڕینی ڕاستەوخۆی زانیاری و ئەو بیرانەی، کە پاڵنەرەکەی زانراوە بە ئاگاییەوە دەخرێتە ڕوو، بەبێ ئەوەی پرۆسەی هێنانەوە یادو گەڕانەوەی زانیارییەکەی پشت بەتێڕامان ببەستێت، کە بوارێکی بیرکردنەوە بخاتە گەڕ بۆ دووبارە هێنانەوەی هەر زانیارییەك. لەم بەشەی ئەقڵەدا تەواوی ئەو زانیارییانەی، کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە پێی دەگات لە ناوچەی هەستدا نابن، یان بە واتایەکی دیکە هەست نایانخاتە پاڵ خۆی، کە توانای کۆکردنەوەو ئەمبارکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی نییە، بەشێك لەو ئەزموون و ڕووداو و زانیاریانە دەنێرێتە نەستی[*]کە لە ڕێگای (پێش هەستی) جارێکی دیکە بیانگەڕێنێتەوە تەنانەت ((فرۆید هەرخۆی زاراوەی (پێش هۆش)ی دەستنیشان کردووە بە ناوچەی خڕبوونەوەی ڕووداوەداوەکانی (هۆش)ی دانا))[٣٩]، هەروەها لە حاڵەتی ڕوو بەڕووبونەوەو تێڕامان و بەشێك لەو زانیاری و ئەزموونانە بە شێوازێکی ئاسایی دەگەڕێنەوە، ((ئەم ناوچەیەش بە هەمبارگەلێك دەژمێردرێت، بۆ ئەزموونە ئەقلییەکان کە مرۆڤ لە هەموو کاتێك هەستی پێناکا، بەڵام ئەگونجێت بگەڕێتەوە ناوچەی هەست بە شێوەیەکی نائاسایی، وەك بەدواداهاتنی ماناکان (تداعی المعانی) وەبیرهاتنەوەی ئاگادارکەرەوەکان بە شێوەیەکی باو وشەکان دەبن))[٤٠].

لە بەشی نەست بەمانای وەسفی هەردوو نەستی (پێش هەستی شاراوەو نەستی چەپێندراو) ڕەمەکی سروشتی ئارەزووە چەپێندراوەکان دەگرێتەوەو بەلای فرۆیدەوە ((نەستی شاراوە کە توانای هەیە ببێتە هەستیو چەپێندراوەکە توانای نییە ببێتە بواری هەستی))[٤١] لەم نێوەندەشدا ((سیستەمی (پێش هۆش) هەڵدەستێت بەکاری جیاکەرەوە لەنێوان سیستەمی (هۆش)و (بێ هۆشی) ئەرکی تەنیا گرتنی ڕێگای بەرەو (هۆش) نییە، بەڵکو هەروەها ڕەتبوونی جووڵە ویستەکان کۆنترۆڵ دەکات، چونکە ئەو غەریزەیە و حەز

(*) (ئەو بەشە شاراوەی کە بە مانایەکی وەسفی، نەك دینامیکی دیاردەیەکی نەستییە، پێی دەگوترێت پێش هەست، کەواتە لێرەدا ئەم سێ زاراوەیە بەرچاو دەکەون هەست و پێش هەست و نەست. ئەم سێ زاراوەیە دەتوانرێ زۆر بە سانایی بەکاربهێنردرێت، بە مەرجێك ئەوە لە بیرنەکرێت کە بەمانایەکی وەسفی دوو جۆر نەست هەن، پێش هەستی شاراوەو نەستی چەپێنراون، بەڵام مانا دینامیکییەکەی هەر تەنیا یەك جۆری هەیە ئەویش نەستی چەپێندراوە. بڕوانە: سیغموند فرۆید- ئیگۆو ئید ( منو ئەو)، ل١٠.

(٣٩) نارین صدیق مام کاك میرخان- شەپۆلی هۆش لەچیرۆکی نوێی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل١١.

(٤٠) شكري عزيز الماضي -في نظرية الادب، ط/ الاولى، دار المنتخب العربي للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ١٩٩٣، ص١٣٦.

(٤١) سیغموند فرۆید- من و ئەو (ئیگۆو ئید)، ل١٠.

خوازانەی کە لە (بیٚ هۆشی) دان بۆ ئەوەی بگەنە ئامانج و گوزارشتی لیٚ بکریٚ، دەبیٚ بە ناوچەی (پێش هۆش)دا ڕەتبن، کە ڕۆڵی چاودێری ((censorship دەنوێنیٚ و پاشان دەگاتە (هۆش))[٤٢].

یەکێك لەو کارە هەرە گرنگانەی فرۆید لە دەروونشیکاری، گەڕانێکی قووڵ و بە هێزبوو بە نێو ڕاڤەو شیکردنەوەی چەمکی نەستدا، ئەگەرچی ناتوانین فرۆید بە دۆزەرەوەو سەرەتایی دەست خستنە ناو باسکردنی نەست دابنێین، بەڵام ((یەکەم کەسە ناهۆشیاری دەکاتە بنەمایەك بۆ تێگەیشتن لە هۆشیاری))[٤٣]، ئەو پەنابردنە بەر ناعەقلانییەتە باوەڕدارمان دەکات، بەوەی ڕێگەیەکە هۆکارێکی کاریگەریشە بۆ تێگەیشتن لە ئەقلانییەت.

((ئەو زاراوەیە لەسەر دەستی فرۆید بە تەواوەتی ئاشکرابوو، توانی بەسەرکەوتووانە شیتەڵی بکاتەوە و پارێزگاری لێبکاتو چەندەها بەڵگەی زیندووشی بۆ سەلماندن و بوونی نەستی دەستنیشان بکات))[٤٤].

سەرەتای کارەکانی فرۆید لەگەڵ (شارکۆ، جوزیف برۆیر) لەساڵی ١٨٨٠ سەرەتایی مێژووی داڕشتنی تیۆری نەست بوو لای فرۆید، فرۆید لەگەڵ برۆیر بۆیان دەرکەوت لە میانەی ئەو تێبینیانەی، کە لەسەر دیاردەکانی هستریا دەردەکەوتن، بەهۆی ئەو بیرەوەریانەوە دروست




---

(٤٢) نارین سدیق مام کاك میرخان- شەپۆلی هۆش لەچیرۆکی نوێی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل١٠-١١.

(**٤٣**) سەردەم - دەروازەیەك بۆئەم فایلە، ژ/٩، ٢٠٠٠، ل ١٣٣.

(٤٤) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروازەی دەروونزانی، ل٣٢.

دەبن، کە لە نەستەوە چەپێندراون، ئەو بیروباوەڕەی کە سەرەتا لای فرۆیدو ئەو زانا دەروونناسانەی هاوبیری فرۆید بوون لەسەر ئەوەی کە ئەقلێکی نەستی هەیە، فرۆید تووشی کۆمەڵێك ڕەخنەو لێکدانەوەی بەرانبەرەکانی بووەو، هەر ئەمەش وایکرد زیاتر لە بواری نەست و کۆئەندامی دەروونی گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچونەکانی خۆیدا بهێنێ‌و، لە زۆربەی نووسینەکانیشدا ئەو حاڵەتی پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەی بیرو بۆچونەکانی دیارە[٤٥].

فرۆید لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی زیاتر لە قووڵایەکانی مرۆڤ ڕۆدەچوو، ئەوبەشە گرنگەی کە بە نەست ناوی دەبرد پێی وایە، ((نەست داکەوتەیێکی دەروونی ڕاستەقینەیەو لە سروشتە نادیارەکەماندا (باگنیە) بێ ئاگاین لێی، بە ئەندازەی بێ ئاگایمان لە ڕاستی جیهانی دەرەوە))[٤٦] قۆناغێکی درێژکراوەو کاریگەرە لە قۆناغەکانی سەرەتای گەشەی سێکسی قۆناغی خەساندن و گرێی ئۆدیبە کە لە نەست حەشار دەدرێن، تەنانەت ((فرۆید بە شێوەیەکی بنەبڕ باوەڕی وایە، کە ناوەرۆکە نەستییەکان لە ئەقلی مرۆڤدا زۆر زۆرترن لەو ناوەرۆکە هەستیانەی کە تێیدان))[٤٧].

ئەو ناوەرۆکە نەستی‌و مەیل‌و ئارەزوانەی ڕەمەکە سەرەتاییە بایۆلۆژییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو چەپاندنانەی کە لەسەرەتای ژیانی منداڵی قۆناغی سێکسیدا خەفەکراون لە نەستیدان و تێرنەکراون لەژێر پاڵە پەستۆیەکی توندن چاوەڕێی دەرفەت و ڕەخساندنی هەلێك دەکەن، تا خۆیان لەو سەرکوت کردنانە ڕزگار بکەن.

د. علی وەردی لە کتێبی (کارە نائاساییەکانی یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو)دا دەڵێ: ((هیچ بیرێك ئەوەندەی فیکرە نەستییەکان و ئەقلی ناوەوە بڵاوبونەوەو رەواجی بەخۆوە نەبینیوە لەم سەردەمەدا، ئەوانەشی کە بوونی ئەم ئەقڵە ڕەتدەکەنەوە ناتوانن ئەو هێزە

---

(٤٥) د. **محمد عثمان نجاتي**- خودو غەریزەکان، ل ٦٧.

(٤٦) سیغموند فروید- تفسیر الاحلام، ت/مصطفی صفوان، م/مصطفی زیور، دار المعارف، القاهرة، (ب-س)، ص٥٩٥.

(٤٧) و. ئەحمەد حیدوش- گەڕان بەدوای نەست لە دەقی ئەدەبیدا، دیدەوان محەمەد(و- ئا)، گ/کاروان، ١٩٩٩، ژ١٢٥/، ل١٠-١١.

کاریگەریانە ڕەتبکەنەوە، کە لە قووڵای دەروونەوە هەڵدەقووڵێت و کاریگەریان هەیە لەسەرمرۆڤو هەڵسوکەوتی بێ ئەوەی هەستی پێ بکات))[٤٨].

ئەو هێزە کاریگەریانە بوون وایان لە فرۆید کرد هۆکاری نەخۆشییەکانی بۆ باری نەست بگەڕێنێتەوە، هەر لەژێر ئەو رۆشنایەشدا بوو پەرەی پێدراو، زیاتر لە نووسینەکانی فرۆید خۆیان دووپات دەکردەوە. لە درێژەی سوودوەرگرتن لە تێبینییە کلینکییەکانی خۆی، فرۆید هەموو ئەو کەرەستە و ئامرزانەشی دەخستەڕوو، کە سەلماندنی نەست و بوونی نەستن لە لای مرۆڤ وەك لە پێوەندی نەست و خەون و کاری ئەدەبی نەخۆشییە دەروونییەکان و تەتەڵەی زمانو... هتد دەردەکەون.

لەگەڵ ئەو داڕشتن و ڕوونکردنەوانەی لە بارەی تیۆری نەستی لەلایەن فرۆیدەوە باسکرابوون، بەهای تیۆری نەستی لە کاری ئەدەبی و هونەریدا ڕاستەوخۆ دەرکەوت، لەوانە هەر زوو سوریالیییەکان بە بیردۆزەی نەست کاریگەر بوون. ناوەرۆکی کاری هونەری و ئەدەبی تەواو ڕەنگدانەوەی ئەو لایەنە تیۆرییە بوو، کە فرۆید بانگەشەی بۆ دەکرد و ناوبانگی پێ دەرکردو تا ئێستاش ئەم کاریگەرییە بەسەر ئەدەبیاتی جیهان بەردەوامە لە خستنەڕووی ناوەڕکی کاری ئەدەبیو هونەریدا.

### بەشەکانی کەسێتی

فرۆید لە درێژەی پێداچوونەوەو گۆڕانکاری بۆچوونەکانی خۆی لەمەر دابەشکردنی ئەقل بۆ سێ بەش (هەستو پێش هەستو نەست) ئەو گۆانکاڕییانەی، کە بەسەر ئەو تیۆرە تۆپرۆگرافیەی خۆی هێنا Kئەویش دابەشکردنی کەسێتی مرۆڤ بۆ سێ بەش (id-ئەو/ egoمن/ super ego منی باڵا)، هەرچەندە دەست بەرداری دابەشکردنەکەی نەبوو لەمەر(هەست و پیش هەست و نەست).

(ئەو- من- منی باڵا) ئەم سێ بەشە ناتوانرێت لە بەرانبەر سێ بەشەکەی دیکەی ئەقڵ (هەست و پێش هەست و نەست) دابندرێت[٤٩]، کە گۆڕانکاری بوو بەسەر دابەشکردنەکە

---

(٤٨) د. عەلی وەردی- کارە نائاسایەکانی یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو، و/ بەرزان ئەحمەد، چ/ دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٥٢.

(٤٩) د. **محمد عثمان نجاتي**- خود و غەریزەکان، ل٦٧.

ئەوانیش بریتین لە:-  ئەو (الهوid-) ئەو بەشە سەرەتاییەی کەسێتییە ((کە لەڕابردوودا سیستەمی نەستی پێ دەگوترا))[٥٠] پڕیەتی لە پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان و ڕەمەکەکانی مرۆڤ هەوڵی تێرکردنی ئەو حەز و ئارەزووە ڕەمەکیانە دەدات لە پێناو گەیشتن بە لەزەت و تێرکردنی حەزە لیبیدۆییەکان، بەبێ گوێدانە هیچ عورف و دابونەریتێك، بە دەر لە حەزە یاساغ کراوەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی. ((id مەیلییە جنسییەکانی خۆی بە بەردەوامی ئاڕاستە دەکات ((ئید ئەو بەشەی ئەقڵە، کە هەموو حەزو و ئارەزوو و سیفەتانەی تێدایە کە مرۆڤ لە کاتی لە دایکبووندا هەیەتی))[٥١] .

(ئەو) لایەنێکی شاراوەی درك پێنەکراوی خودە، جیهانێکی ڕاستەقینەی خودیشە هەوڵی خۆ دوورخستنەوە دەدات لە ئازاروو نارەحەتییەکانی خود، ئەگەرچی پەی بە نهێنییەکانی نەبراوە بەتەواوەتی ئەو شتانەی لە بارەی (id)یشەوە زانراوە، لە ڕێگای خەون و نیشانەی نەخۆشییە دەروونییەکانەوە بەدی هاتووە[٥٢].

من (الانا/ego) ئەو مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتانەی بەرانبەر منداڵ دەکرێت، لەگەڵ ژینگەو دەوروبەرەکەیدا هاوئاهەنگ دەبن، لە پەیداکردنی هەڵسوکەتێکی هۆشیارانە (ego) لە بەرانبەر ئەو واقیعیەدا خۆی دەبینێت ((وەك ناوبژیوان و ڕێکخەرێك وایە، لە نێوان سێ زلهێزدا ئەوانیش (ئەو) ، (منی باڵا)، (واقیع)ە))[٥٣]، چونکە (ego) بەپێی بنەما (پرانسیپ)ی واقیع (Reality Principle) کار دەکات نەك بەپێی بنەمای چێژ (لەزەت) ((pleasure principleکە ئامانجی خۆڕاگرتنی مرۆڤە.

---

(٥٠) انا فرۆید- من و میکانیزمی بەرگری، و/ هەژار جوانڕۆیی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢.

(٥١) د. **محمد عثمان نجاتي**- خودو غەریزەکان، ل٦٨.

(٥٢) د.کەمال میراودەل- فەلسەفەی جوانیو هونەر(ئیستا تیکا)، چ/دووەم، زنجیرە بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی (قانع)، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٥٧.

(٥٣) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٨٦-٨٧.

ئەگەرچی ئەم بنەمای واقیعیەش بەمانای وازهێنان و فەرامۆشکردنی لەزەت نییە، بەڵکو ئەوەی ڕاستی بێت واقیع دەتوانێت مرۆڤ بە لەزەت بگەیەنێت.(٥٤)

(من) بەپێی بنەماکەی خۆی، کە واقیعە چاودێری کردنی خۆی لەسەر بەشە کەسێتی (ئەو)دا دادەنێت، کە هەوڵی بەرجەستەکردنی حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەدات ((لە نموونەی شیاو لەباردا (من) دژایەتی هێرش بەر ناکات، بەڵکو هێز و تونای دەخاتە خزمەتیو خۆی سنووردار دەکاتەوە بە تێگەیشتن لە هاتووچۆ (تەراتێنە) غەریزەکان، زیادبوونی گرژیو هەستی رەنج و سەرەنجام دامرکان لە گرژی، ئەو کاتەی دامرکاندن تاقیدەکرێتەوە چاودێری دەکات))(٥٥).

(من) هەوڵدەدات بەشێوەیەك لەسنووری داب و نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە قاوغێکی رازی بوونی ئەو سێ زلهێزەی کە فشار دەخەنە سەری، هەوڵدەدات حەزە فسیۆلۆژیەکانی (ئەو) بەشێوەیەك لە شێوەکان دەربڕێ و (منی باڵا) ش ڕازی بکات.

منی باڵا (الانا العلیا -super ego)

((هەر لە سەردەمی منداڵییەوە بەرەنگاری داوا مۆراڵییەکانی (رەوشتەکان/نووسەر) دایك و باوك و چوار دەورمان دەبنەوە، ئەم داوا مۆراڵیانە لە ناخماندا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و لە گەڵمان گەورە دەبن و دەبنە بەشێك لە ئێمە، فرۆید بەمەی دەگوت "خودی سەرو"))(٥٦) ، ئەو بەشە کەسێتییە لە دەرەوەی خودی مرۆڤ گەشە دەکات لەو قۆناغەی، کە ئەقڵو هۆشی مرۆڤ گەشە دەکات و توانای وەرگرتنی یاساو رەوشتەکانی هەیە لە ڕێگای ژینگەوە ئاڕاستە دەکرێت، لەبەر ئەوەشە سنوورێك بۆ ئارەزووە تایبەتییەکانی مرۆڤ دادەنێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە (ID) حەز دەکات (منی باڵا) بەپێی دەستور و یاساکانی ڕەوشت و کۆمەڵ ڕێگەیان پێبدات.

ئەم بەشە کەسێتییە کەسێتییەکی نموونەییو ویژدانییە، ڕووی یەکەمی (منی باڵا)، کە ناودەبرێت بە (منی نموونەیی) بریتییە لە ((لە لاسایکردنەوەو دەمەلاسکی گشت بەهاو ڕەوشت و ئاکارە جوانەکانی دایك و باوك و مامۆستا و کەسە گرنگ و خۆشەویستەکانی ناو کۆمەڵ))(٥٧)، ڕووی دیکەی (منی باڵا) بریتییە لە (ویژدان)، کە بریتییە لە ((هێزێکی ناوەکی

---

(٥٤) د. کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوان و هونەر (ئیستاتیکا)، ل٢٥٧-٢٥٨.

(٥٥) انا فرۆید- من و میکانیزمی بەرگری، ل١٣٠.

(٥٦) مەلا سوور- مێژووی فەلسەفە، ماڵپەری ئەنتەرنێت، kurdstsnnet. org \ hawraman\g3\ .www

(٥٧) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروازەی دەروونزانی، ل٣٠- ٣١.

که سزا و سەرزەنشتی (من) دەکات، ئەگەر کارێکی نابەجێ و ناشیرینی دژ بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بکات))[٥٨].

ململانێی دەروونی لە دابەشکردنی ئەم سێ لایەنەدا بەشە کەسێتی (من) دەکەوێتە نێوان سێ فشار: بەشە کەسێتی (ئەو)، کە پێداویستییە فسیۆلۆژییەکان دەگرێتەوە دوور لە هەموو کردارە مەنتقیو رێسا کۆمەڵایەتییەکان، هەر ئەو پێداویستیو داکەوتە (واقیع) ییەش دەبێتە لایەنێکی دیکە بۆسەر (من)ی کەسێتی، هەروەها لەلایەکی دیکەش (منی باڵا) کە پێکدێت لە سەرچاوەیەکی دیکەی گوشار کە نوێنەری ڕاستەقینەی بەهاو ئاکارو ئادابە کۆمەڵایەتییەکانە.

ئەرکی (من) لەو سێ کوچکەیەدا قورسەو سەرچاوەی شلەژان و نەخۆشی دەروونی ئەو ململانێیەیە، کە بەهۆیەوە پەیدا دەبێت لێرەدا (من) لە ((هەوڵی ئەوەدایە، کە حەزوو ئارەزوو و پێداویستییە گرنگەکانی مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە تێر بکات و لە ڕێگای (بیرکردنەوەی واقیعیانە)و پلان و نەخشەدانانەوە بە مەبەست و ئاواتەکانی بگات، نەك لە ڕێگای خەوو خەیاڵی جیهانی ناوەوەی)).[٥٩] ئەو حەزو و ئارەزووە دانەمرکاوانەی، کە فشار دەخاتە سەر دەروونی تاك، تا لە ڕێگای خەون یان زمان تەتەڵەکردن یان بەهۆیەکی دیکە دەری ببڕێت، (من) هێزو توانای خۆی دەخاتە گەڕ تا ڕێ بەو ئاڕاستانە بگرێ، کە بە شێوەیەکی ناواقیعیانە (id) پێداویستییەکانی تێربکات، چونکە ئەو بەشە خەفەکراوانەی نەست ئارەزووی خۆدەرخستنو دەربڕینیان هەیە.

(من) هەوڵدەدات لەسەر بنەمایەکی واقعیانە پێداویستییەکانی (id) تێربکات، چونکە ئەو بەشە خەفەکراوانەی نەست مەیلی پەسەند نەکراوی کۆمەڵن، کە (ego)و (id) تێدا دەکەونە ململانێ فرۆید بەنەخۆشی دەمارگرژی (neurosis)[*] دەداتە قەڵەم، ئەگەر (ego) نەیتوانی هاوسەنگی

---

(٥٨) هەمان سەرچاوە، ل٣١.

(٥٩) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆو سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٨٩-٩٠.

(*) نەخۆشییە دەروونییەکان یان گرژی دەروونی ( الاعصاب ) (( بریتییە لە کۆمەڵێك شلەژان یان کاری ناشیاو و نائاسایی، کە تاکەکەس پێڕەوی دەکات بۆ خۆپاراستن لە گرفتەکان و سەرچاوەکەشی بریتییە لەململانێو ڕووخانی دەروونیو دوو دڵی، نەخۆش ناتوانێ بە شێوەیەکی ئاسایی پێویست لەگەڵ کاروبارە

له نێوان (id )و (super ego)و واقیع دروست بکات، له ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییەشدا بۆ تێرکردنی حەزو و ئارەزوو و پێداویستەکان، میکانیزمی بەرگری دەروونی دێتە پێشەوە، کە داهێنان له ڕێی یەکێك لەو میکانیزمە بەرگریانەوە دێتە بوون.




جۆراوجۆرەکانی ژیاندا ڕەفتار بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر هۆکارەکانی بەرگری لەخۆکردن )) بڕوانە: د. عومەر یاسین جەباری- دەروونزانی، بەرگی یەکەم، چا/ زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١١٢.

## داهێنانی ئەدەبی  لە میکانیزمی بەرگری دەروونی بەرزکردنەوەدا

هەمیشە داهێنان بە واتای خوڵقاندنی شتی نوێ دێتو، بە حوحکمی ئەوەی ئەدەب وەك دەڵێن ئاوێنەی ژیانە و ژیانیش پڕە لە دیاردەی هەمە چەشن، بۆیە ئەرکی ئەدیب لە داهێناندا زۆر قورسە بە حوکمی گەڕان بە دوای شتی نوێدا لە نێو دیاردەکانی ژیاندا. پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونزانی بەهێزە، بۆیە بەلای فرۆیدەوە ئەدەب و هونەر بەگشتی: ((شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی ئەو ئارەزووە چەپێندراوانە و وێنەیەکە لە وێنەکانی خۆدەربازکردن لەو دیاردە چەپێندراوانە لە نەستی ئەمبارکراودا))[٦٠]، لێرەدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ململانێ دەروونییەی تاك بەرەو پەریشانی نەخۆشی دەروونی دەبەنو، ئەدیبو هونەرمەندان ڕێگەو ئاڕاستەی داهینان وەردەگرن، بۆ خۆدەربازکردن لەو هێزە دەروونییەو شلەژانە دەروونییە، ئەگەر کەسانی ئاسای لەڕێی خەونەوە بەشێك لەو حاڵەتە نائاگایانەو ململانێ دەروونییانەیان کەم بکەنەوە، ئەوا نووسەر لە ڕێگای میکانیزمی دەروونی (بەرزکردنەوە و سەرخستن)دا ئەو حەزومەیلە سەرکوتکەرانەی، کە تێرنەکراون پاڵیان پێوە دەنێت لە ڕێگای میکانیزمی ناوبراودا بێنە تێرکردن. هەرچەندە هونەرمەندو ئەدیبان، ئەگەر نەیان توانی لەژیانی واقیعیاندا ئەو لایەنە خەفەکراوانە و نەستییانە بێننەدی، ئەوا لە ڕێگای کارە هونەرییەکە، یان کارە ئەدەبییەکەوە تێردەکرێن، واتە گۆڕینی وزەی تیرکردنی کردارە چەپاوەکە بۆ وزەی چالاکی نواندن، بۆیە مەبەستی فرۆید لە بەرزبوونەوەو باڵابوون ((بریتییە لە سەر لە نوێ ئاراستە کردنەوەی پاڵنەری سێکسی، دوور لە مەبەستە سەرەکییەکەی (واتە چالاکی سێکسی)، بەلای فرۆیدەوە نووسینی سەمفۆنییایەك یان شوێن کەوتنی داهێنانێکی زانستی، لەگەڵ پاکیزەیی پاڵەوانانەی قەشەیەکدا، هەموویان، بریتین لە سەر لە نوێ کردنەوەو ئاراستەکردنەوە و ڕێچکە پێ بەستنی پاڵنەری سێکسی))[٦١]

جگە لە میکانیزمی (سەرخستن و بەرزکردنەوە)، فرۆید کۆمەڵێك میکانیزمی دیکە دیاردەکات، کە نەست بۆ دەربڕینی ئارەزووە چەپێندراوەکان پشتی پێدەبەستێت، لەوانە

---

(٦٠)د.ابراهيم محمود خليل - النقد الادب الحديث من المحاكات الى التفكيك، ط/الاولى، دارالميسر، عمان، ٢٠٠٣، ص٥٦.

(٦١)جەی. ئێف. دۆسیل — دەروونشیکاری و پێڕەوی فرۆید، ل ١٥٣-١٥٤.

(قەرەبووکردنەوە - التعويچ، هەڵگەڕانەوە - انقلاب، لادان - الازاحة، نکۆڵی لێکردن/حاشاکردن - النکران او التجاهل، خۆخستنە شوێن - التقمص، ئاوەژوکردن یان بەسەر دابڕین - الاسقاط، گەڕانەوە - النکوص...هتد.)

((بەم شێوەیە کرداری هەڵکشانەوەی دەروونی (تصعید)، دەبێتە میکانیزمی بەرگری کردنی دەروونی ناڕاستەوخۆ، یان فێڵێکی بەرگری (حیلە دفاعیە) بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو ئەنگێزەو ئاکامەکانی بۆ ڕازیکردنی داوای خود و واقیعی کۆمەڵایەتی، کە هەردووکیان دژبەیەکن))[٦٢] ئەو هێز و پاڵنەرانەی نەست جۆرە تەنگ پێ هەڵچنینێك دەخەنە سەرخود، کە خۆ دەربازکردنی کارێکی هەروا ئاسان نییە لەپاڵ هەموو ئەو وەڵامانەی، کە (منی باڵا) نوێنەری دابونەریتو بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاڕاستەی (من) دەکەن بۆ دەرخستنی ئەو حەزانەی، کە کۆمەڵ دابونەریتەکان بە ئاسانی قبوولێان ناکات، وێڕای ئەوەش (ئەو) دەکەوێتە زۆر لێکردن بۆ دەرخستنی ئەو بەشە ئەمبارکراوانەی نەست.

فرۆید بڕوای بە ناکۆنترۆلی هەیە لەمرۆڤدا، چونکە ((هەندێ جار مرۆڤ ئەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەوشتەکانی ناهۆشمەندییەوە، ئەگەر چەند ئاگاداریش بێت ناتوانێ خۆی دەرباز بکات ، ئەوەشی زیاتر ئازارەکانی لەناخی ناهۆشمەندیدا حەشار بدات و ئەو ئازارانەی کە هەیەتی دەری نەخات، ئەوا زیاتر ئەکەوێتە ژێر کاریگەری ناهۆشمەندی))[٦٣].

ئەگەرچی ئەو حەز و مەیلانەی مرۆڤ ڕاکێش دەکەن بۆ تێرکردنیان ئەگەر بە شێوازێکی ڕاستەوخۆش نەبیت، ئەوا دەتوانرێت بە شێوازیکی ناڕاستەوخۆ ئەو حەز و ئارەزووانە تێربکرێن کە نەستی ئەمبارکراو خۆی بداتە دەست دەقێکی ئەدەبی یان هونەری، کە نووسەرو هونەرمەندان هەست بە چێژ بکەن لەو ململانێ دەروونییە تاوێك ئازادبن. بە بڕوای فرۆیدیش ((هەر ئەمانەش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن کە داهێنان بکات و پێوەندی دروست بکات، ئەم ستونی دەروونزانییە، یەکێکە لەو ستونە بناغەیانەی، کە فرۆید پشتی پێدەبەست بۆ شیکردنەوەی ڕەوشتی مرۆڤ))[٦٤].

---

(٦٢) کەمال فاروق — فرۆیدیزم و نامۆبوونی مرۆڤ، گ/کاروان، ژ/١١٥، ١٩٩٧، ل١٥.

(٢)سەلاح حەسەن پاڵەوان- داهێنان و مەرگ، ل١١٩-١٢٠.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١١٩.

ئەگەر فرۆید سەرەتای کارەکانی لە شیزۆفرینیاوە بێت بۆ قسەکردن لەسەر نەست، یان لە چارەسەریەکانی دەروونیی بەردەستی کردبێت یان لە خەوناندنی موگناتیسیو بە دوای یەکدا هاتنی ئازاد و دواندنی سەربەخۆی مرۆڤ، هەر بەهەمان هەناسەو بیرۆکە، فرۆید بەلایەوە خەونو داهێنانی ئەدەبیش دەبێتە کۆمەڵەیەکی ئەو چەمکە تیۆریانەی خۆی لە شیکردنەوەی رەوشتی مرۆڤ، کەواتە ((ئەدەب لە پلەی یەکەمدا دیاردەیەکی بایەلۆژی دەروونییە و بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو حەزو و ئارەزوانەی، کە تێرنەکراون و نەهاتوونەتەدی، چونکە دابڕانو تێرنەکردنی ئارەزووەکان ژانێك بە دوایاندا دەهێنین، کە دەبێتە مایەی چالاك کردنی بەهرەی ئەدەبی(*)))[٦٥].

ئەگەرچی لە ڕێگای میکانی بەرزکردنەوە تەواوی چارەسەری ململانێی دەروونی نییەو کۆتای حاڵەتەکان ناگرێتەخۆ، بەڵام نووسەر لە حاڵەتێکی چێژوەرگرتندا دەبێت، لە لایەکی دیکەشدا هونەرمەندان و ئەدیبان جۆرێك لە خۆبەدوورگرتن و ڕزگاربوون و خۆدەربازکردنێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکان.

بە بڕوای فرۆید هەموو ئەو کارە هونەری و ئەدەبیانە ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەو باری سایکۆلۆژی خاوەنەکانیانە، کە تووشی گرفتی دەروونیو بێبەشبوون و خەفەکردن بوون، ئینجا بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆیان لە دەست نەدەن و تووشی نەخۆشی ئەقڵیو دەروونی نەبن، ئەوا بۆ چالاکی داهێنان هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو حەز و ئارەزووە کپکراو و گرێ دەروونییانە لە کارێکی هونەری یان ئەدەبیدا وەگەڕدەخەن.

((فرۆید چ بڕوا بەوە دەهێنێ کە دەقەکانی چیرۆکنووس و شاعیر، واتە ئەو دەقانەی کە کەسێك دەکەن بە شاعیر یان چیرۆکنووس، هەمان ئەو پێکهاتانەیان هەیە، کە لە نەخۆشێکی نێرۆتیکیدا بەدی دەکرێ))[٦٦] هونەرمەند یان ئەدیب کە بەلای داهێنان دەشکێتەوە جیاوازە لە نەخۆش، چونکە نەخۆش ((ئەو جۆرە توانست و نەرمییەی نییە کە ئەو ڕەمەك و حەزوو ئارەزووە کپکراوانەیان بۆ چالاکی کاری داهێنەرانە لە واقیعدا بگۆڕێ لەبەر ئەوە توشی ئەو

---

(*) سوودم لە وەرگێڕانەکەی سابیر بەکر مستەفا وەرگرتووە لە گ/ ئێستا، ژ/٢٠. وەرگێر لە لاپەرا (١١بۆ٢٣)ی سەرچاوەی عەرەبی د. عبدالمنعم الحفني- الموسوعة النفسية علم النفس في حياتنا اليومية وەرگێڕاوە.

(٦٥) د. عبدالمنعم الحفني- الموسوعة النفسية علم النفس في حياتنا اليومية، ص١٨-١٩.

(٦٦) ژان لوی بۆدرێ- فرۆید و داهێنانی ئەدەبی، و/ شاهۆ سەعید ، گ/سەردەم، ژ/٩ ٢٠٠٠، ت٢١٦.

نەخۆشییە دەروونییە یان عەقڵییە بووە، واتە سەرچاوە و پاڵنەرەکانی نێوان داهێنەرانو نەخۆشەکان یەکە))[٦٧].

کەواتە یەك جەمسەربوونی نەخۆش و هونەرمەندان لەوەی کە پاڵنەرو ململانێی توندی دەروونی ڕوویان تێدەکات لە حەزو و ئارەزووە چەپاوەکان، لەوەشدا دوو جەمسەری جیاواز دەبن، وەك چارلز برێسلێر دەڵێ: ((گریمانەی ناوەندی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئەم گریمانەیەی فرۆیدە کە دەڵێت:- ئەوەی هونەرمەندە، کە نووسەریش دەگرێتەوە... دەروون نەخۆشە، سەرەڕای ئەمە بەپێچەوانەی زۆربەی دەروونەنەخۆشەکانی تر، هونەرمەند لە چنگ زۆربەی نیشانەکانی دەرکەوتنی (ئەم نەخۆشییە) ڕزگاری دەبێ‌و لە سۆنگەی ئەوەی کە لە داهێنانی هونەری خۆیدا ڕێگای گەڕانەوە بۆ لەش ساغی‌و تەندروستی خۆی دەدۆزێتەوە، (ئاکام)و بەرهەمەکانی دەروون نەخۆشی (وەکو شێتی یان دەست لەخۆ وەشاندن) بنبڕدەکا ))[٦٨]، کەواتە هەوڵەکانی هونەرمەندان و ئەدیبان دیوێکی باشی ڕزگاربوونی مەینەتی‌و ئازارەکانیانە لە بەرانبەر ئەوەی، کە ببنە مرۆڤێکی ناتەندروست‌و ببنە بار بەسەر کۆمەڵگا.

## نەست و خەون و کاری ئەدەبی

خەون بەر لە فرۆید بایەخی خۆی هەبووە، لە دابو نەریت و بەها ئایینییەکاندا بوونی هەیە، بەڵام گرنگترین ئەو کارانەی فرۆید خستییە ڕوو لەکتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان) ەوە بە پرۆگرامێکی زانستییەوە چووە ناو ئەو باسەوە، یەکەمین کەس بوو لەسەر بنەمایەکی زانستییەوە خەونەکانی شیکردەوە و چەندین خەونی خستە ژێر توێژینەوەکانی خۆی و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تێکەڵیەکی فکری و وێنە بێ هودەییەکان نییە، بەڵکو خاوەن بونیادێکەو دەرەنجامی کۆمەڵی هۆکاری ناوەوەی مرۆڤنو، هەموو ئەو وێنانەو خەیاڵانەی لەخەوندا نیشان دەدرێن ئامانج و مانای تایبەتی لەخۆیان هەڵدەگرن. فرۆید لە کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)دا دەڵێ:

---

(٦٧) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی- داهێنانی هونەرمەندو ئەدیبان لە ڕوانگەی سیگمۆند فرۆیدەوە،گ/کاروان،ژ١٣٥، ١٩٩٩ ل١٣٨.

(٦٨) چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبی‌و قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆتیۆری، ل١٧١-١٧٢.

((لێکدانەوەی خەونەکان ڕێگایەکی توانستییە بۆ زانینی ئەوەی نەستە لە ژیانی دەروونیدا))[٦٩]، چونکە بەلای فرۆید خەون کۆمەڵە هزرێکی ئاڵۆزە[٧٠] کە لە سەرچاوەی نەستەوە هەڵدەقوڵێ. هەندێ لەو تیۆرانەی، کە باس لە سەرچاوەی گرتنی خەون دەکەن، وای بۆ دەچن کە خەون ئەنجامی ناتەواویی بەدخۆراکییە، هەروەها ئاڵۆزی باری سەرشانی مرۆڤ لە نەستەوە کەڵەکە بووە بەرەو (هەست) باردەکەن، یا لەئەنجامی کاریگەرییە دەرەکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت[٧١]، بەڵام بەلای فرۆیدەوە ((خەون جۆرە دەربڕینێکە لەو ئارەزووانەی بەهۆی کۆمەڵ یا ئایین یا داب و نەریت چەپێندراون))[٧٢] فرۆید زیاتر وەك بیرمەندێك بەهای خەونی لەڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)دا کە لە ساڵی (١٩٠٠) دەریخست.

نەست، کە هەڵگری ئەو بەشە مت و چەپێندراوانە بێت، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە سەرکوت کراون بە ئاسانی ئەو حەزو ئارەزوانەی تێر نەکراون و هەوڵی خۆدەرخستن دەدەن لە ڕێگای خەونەوە خۆیان لەو زیندانە ڕزگار دەکەن دوور لە چاودێر (سانسۆر)، ئەمەش بە وێنەو دەربڕینی جۆراوجۆر خۆیان لە خەون و لە شێوەی ڕەمزو ئاڵۆزی هێمادا پیشان دەدەن‌و، خەون دەبێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە نەستدان و لەوێ خۆیان حەشارداوەو، دەبنە بابەت گەلێك کە دەربڕی حەزە شاراوەکان بێت، ئەمەش جۆرە جێبەجێکردنێکی ڕازیکەرە لەو ئارەزووە چەپێندراوانەی نەست، کە چاوەڕێی هەل‌و دەرفەتێك دەکەن بۆ دەربڕین و چوونە بواری هەستییەوە.

فرۆید خەون بە شێکی گرنگی کارەکانی خۆی لەسەر لێکدانەوەی نەخۆشەکانی دەزانێ، چونکە بەشێك لەو خەونانە ئەو گرێ متبوانە دەگرێتەوەو لە کاتی خەون بینیندا دەردەکەون. فرۆید دەڵێ: ((ڕاڤەکردنی خەونەکان سەرەکیترین ڕێگایە، دەمانباتە سەر ڕەگەزە نەستییەکان لەژیانی دەروونیماندا))[٧٣]، هەروەك چۆن لە سەرەتای کارەکانیدا لە ڕێگای دواندنی موگناتیسیدا دەستی

---

(٦٩) سيغموند فرويد- تفسير الاحلام، ص٥٩١.

(٧٠) نفس المصدر، ص١٥.

(٧١) د. احمد عزت راجع- خەون کاری پاسەوانی خەون، صباح ئارام(ئا)، گ/کاروان، ژ/١٩٩٩،١٣٥، ل١٠٠.

(٧٢) د. كمال نشأت- فی النقد الادبي دراسة وتطبيق، ط/ الثانية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٦، ص ١٧٨.

(٧٣) جەی. ئێف. دۆنسیل- دەروونشیکاری و پێڕەوی فرۆید، ل١٣٨.

کرد بە دواندنی نەخۆشەکان، هەروەها بە ڕێگای بە دوا داهاتنی ئازاد (التداعی الحر- free Association)ی بەکارهێنا، سەربەستی دایە نەخۆشەکان، کە بە ئازادی قسە بکەن دوور لە هەموو ترس و سانسۆرێك، دواتر بە مەبەستی گەیشتن بەقووڵاییەکانی نەست، خەون بووە خاڵی ناوەندی لێکۆڵینەوە (٧٤)، چونکە خەون بەلای فرۆیدەوە مانای بەدیهێنانی ئارەزوێکەو ئەو خەونەش دەبێتە دەرگایەکی کراوە لەسەر ئەو بەشە متبوانەی کە لە نەستدان، چونکە بەشێك لەو میکانیزمە دەروونییە لەگەڵ خەو و خەوتندا کزدەبن‌و ئەمەش بوارێك بۆ (id/ ئەو) دەرەخسێنێ تا لەڕێی خەون بتوانێ ڕەمەك و غەریزە سەرکوتکراوەکان بخاتەڕوو، بەشێك لەو گرژی و ئاڵۆزییانەی لەسەر نەست لاببات، چونکە خەون گوزەرێکە بە نێوجیهانی نەستی مرۆڤدا. دەربڕینەکانی خەون هەندێك جار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربڕی ئەو ئاماژەو ڕەمەکانەن، هەندێ جاریش لە شێوەی هێما خۆیان دەردەخەن. ئەو پرۆسەیەش لە کاتی خەوتندا جێبەجێدەکرێت، چونکە (ئەو) ناتوانێت لە باری ئاساییدا لە ژێر کاریگەری و ململانێی (ego/ من) خۆی دەربخات، کە دەبێتە هۆی دەرچوون لەو واقیعەی، کە (منی باڵا) نوێنەرایەتی دەکات.

لەو کاتانەی لە خەودایـن وەك ئەوەی فرۆید باوەڕی وایە، کە خەون باشترین گوزەرێکە بەناو نەستداو شا ڕێگایەکە تا بگاتە نەست، خەون لە دەست خستنە نێونەستدا ڕازیبوونێك لە ئامانج دەگرێت و دەست لە هەموو ئەو مەیلە سەرکوتکراو و حەزە بایۆلۆژی و سێکسیانەی وەردەدات، کە لە نەست دان‌و، خەون ئامرازێکی سەرەکی بەتاڵکردنی ئارەزووە چەپاوەکانی نەستە، پیشاندانی ئەو ڕاستییە دەروونییەیە، کە نابینرێت و بوونێکی هەستپێکراوی نییە.

ئەگەرچی لەخەوندا دەست خستنە ناو هەموو ئەو شتانە بوونی هەیە و دەربڕین لە هەستدا بەدەردەخەن لەهەمان کاتیشدا (("خود"ی رەقیب لە کاتی خەونەکانیشماندا هەرخەریکی کاری خۆیەتی))(٧٥)، خەونەکان لە مامەڵەکردنی لەگەڵ نەستدا دەبن بە دەقی سیمبولی هێمادار، خەون ئەگەر چی لە شێوەی ڕاستەوخۆش دەرنەکەوێ دەتوانین بە دوای ماناکانیدا بگەڕێین‌و، خەونیش دەبێتە بونیادێك پێویستی بە لێکدانەوەو ڕاڤەکردن هەیە.

---

(٧٤) شوکر سلێمان (ئا)- ئاوڕدانەوەیەك لە تیۆری شیکردنەوەی دەروونی لای فرۆیـد، گ/ کـاروان، ژ/١٣٥، ١٩٩٩، ل٥٦.

(٧٥) تێری ئیگڵتۆن- شیکردنەوەی دەروونی لەڕەخنەی ئەدەبیدا، ل٢٨.

حەزی من بۆ شتێك یان رق لێبوونەوەم بەرانبەر بەشتێك ڕاستەوخۆ لەخەوندا بەرانبەر ئەوشتە دەرنابڕێت، ڕەنگە دوژمنایەتی من بەرانبەر بە کەسێك لە شتێك دەربکەوێتو لێرەدا هێماکان دەبنە خواستن و ماناکانیش لەگەڵ یەکدا چڕدەبنەوە، لەم بارەیەوە چارلز برێسلێر دەڵێ: ((لەگەڵ خەونێك چۆن ڕووبەڕوو دەبینەوە، هەر بە هەمان شێوەش لەگەڵ بەرهەمێکی ئەدەبی ڕووبەڕوو ببینەوە بۆ دۆزینەوەی ویستو مەبەستو مەیلە دانەمرکاوەکانی داهێنەر تەکنیکە، دەروونشیکاریەکان لەسەر دەق دابەزێنین))[٧٦].

فرۆید لە گێڕانەوەی خەونەکان لە نێو بەرهەمەکانی ئەدیبان بەشێکی گرنگی ئەو هاوکێشە تیۆریانەی خۆیەتی لە مەڕ ئەدەب و خەون، وەك میکانیزمی دەربرین و قسەکردن لەسەر نەستدا ((زۆر بەتوندی بەیەکەوە پەیوەستن و کاری سەرەکی لە ئەدەب و خەوندا بریتییە لە ڕزگارکردنی ڕەمزیانەی غەریزە لە گرێ و بەندەکانیان))[٧٧]

خەون و ئەدیب لە بەتاڵکردن دەربازبوون لەحاڵەتی تووش بوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان یەك ئامانجن، لە دەرکەوتنی بیرەوەریەکانی منداڵی لە بەرهەمە ئەدەبیو هونەریەکان، لەگەڵ هەبوونی فرە مانایی لە هەردوو بەشدا، کە ڕازیکردنێکی نەستیانە و کۆمەڵایەتیانەشە لەنێو هێماو ئاماژەکانی خەون و دەقدا بەدی دەکرێت.

((خەون دنیای شتە شاراوە و نهێنییەکانە، لە خەوندا هۆشی ناوەوە سەربەستی خۆی وەرئەگرێ، لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی، کە لەگەڵیا لێکدان دروست ئەکەن، لە خەوندا هەموو ئەو ناهۆشمەندییانەی لە دنیای هۆشمەندیدا هەستی پێناکەی، ئەبنە بابەت))[٧٨].

ئەو شتانەی کە هەستی پێ ناکەین لە ئەنجامی ڕێگری و وەستانە لە بەرانبەر ململانێی دەروونی، کە واقیعی مرۆڤایەتی ڕێگەی پێنادات‌و، لە بەرانبەر ئەمەشدا ((هیچ دەقێ بەبێ ناهۆشمەندی ناتوانێ تەعبیر لە ناخی مرۆڤ و کێشەکانی مرۆڤ بکات))[٧٩]، چونکە رووبەرێکی فراوانی کەسێتی راستەقینەی مرۆڤ نیشان دەدات.

(٧٦) چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆ تیۆری، ل١٦٧

(٧٧) د.عبدالمنعم الحفني- الموسوعة النفسية علم النفس في حياتنا اليومية، ص١١-٢٢ ٠

(٧٨) سەلاح حەسەن پاڵەوان- داهێنان و مەرگ، ل١٠٢.

(٧٩) هەمان سەرچاوە، ل١٢١.

## دادایزم و سورسیالیزم و کاریگەربوونیان بە تیۆری نەستی

هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی بووە هۆی سەرهەڵدانی دەنگێکی تازەو جۆرێکی نوێ لە قوتابخانەی ئەدەبی دەرکەوتن، کە تەواو ڕەنگدانەوە و دەرەنجامی ئەم شەڕە وێرانە بوو کە هەموو هیواو فەلسەفە و زانستەکان لە بەرانبەریان چۆکیاندادا. دادایزمیش وەك ڕێبازێکی ئەدەبی لە کاتێکدا سەری هەڵدا، کە ((هەموو فەلسەفەکان، هەموو بایەخەکان، هەموو ئایدیدیالە بەرزەکانی مرۆڤ بەرانبەر تاوانە زلەکانی شەڕ و لافاوی خوێن و دەنگی زوڵاڵی لەناوبردن و رووخاندن بوونە پووشی دەم رەشەباو، دادایزم[*] لەدیك بوو))[٨٠] دادایزم خۆدابڕاندن بوو لە ئەقڵو لۆجیك هەموو ئەو ئاکار و رەفتارە کۆمەڵایەتیانە کە بەرز ڕادەگیرا کەچی لای دادایزم هیچ بوو.

---

(*) دادایزم لە زووریخ (١٩١٦- ١٩١٩)لەلایەن کۆمەڵێك لەنووسەرو هونەرمەنداندا دامەزرا بەڕابەرایەتی نووسەری بەڕەسەن ڕۆمانی، تریستان تزاراو، لە کەبەریای ڤۆلتێر زووریخ (سویسرا) راگەیەندرا گۆڤارێکیان بڵاوکردەوە هەر بەناونیشانی "کەبەریای ڤۆلتێر" لەهەمان مانگ بڵاوکرایەوە، بزووتنەوەکە گەیشتە پاریسو بەرلین و هەندێ لە نووسەرە دادایەکانیش وەکو( لویس ئاراگۆن، ئەندرێ برۆتۆن ، فلیپ سووپۆ ، فرانسیس پیکا بیا، مارسیل دووشامپ... ) بەرهەمەکانیان دەخوێندەوەو پێشکەش کردنی شیعرو تابلۆو مۆسیقا هەموویان بەشێوەی گاڵتەجاری جۆرێکی نارێك بوون. لەبارەی وشەی دادایەوە چەند ڕاو بۆچونێك هەیە، وشەی دادا لە زمانی فەرەنسی بە واتایی (وڵاخ)یان (ئەسپ)دێت، یەکێك لەو ڕایانە وشەی دادا لەفەرهەنگی (لاروس) بە ڕێکەوت برادەرە دادایەکان توشی وشەی دادا هاتوون، ژان ئارب وەك شاهید حاڵێك دەڵێ: خۆم لای تزارا بووم کاتێ ئەم وشەیەی بەسەر زار هات و دۆزییەوە هیچ واتایەکی نییە. بڕوانە: د.فەرهاد پیربال - ڕێبازە ئەدەبیەکان، (ئا/ و) لەفەرەنسییەوە، چ/ یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٤، ل٣١٤-٣١٥.

(٨٠) د. کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوانی هونەر، ، ل٢٤٨.

تەنانەت خوێندنەوە و شیعرەکانیشیان پڕبوون لە گاڵتەجاڕی نەیاندەتوانی پەیڕەو و پابەندی هیچ ڕێسایەك بن، چونکە بەلای ئەوان ((زمانحاڵ ئەو کەسانەیە کە هیچ هیوایەکیان بەوەنییە، کە وەزع بێتەوە سەرباری خۆی لەژیاندا هیچ شتێك سەربەخۆو پتەو بە جێگای متمانە نازانن))(٨١).

سەرکێش بوونی ئەو لاوانەی دەرچوو بوون لە جیهانی ڕاستەقینەی ئەو جیهانەی، کە پڕبوو لە خوێن و بۆنی دوکەڵ و کوشتار کە بەناوی ئەقڵو لۆجیك ئەوکارە ڕەوایانە دەکران، بۆیە ڕێگای سووکایەتی کردن و نالۆجیك بووە وەڵامێك بۆبارو دۆخی ئەوسەردەمە ((ڕاستی شتەکان لە ڕوانگەی ئەوانەوە لە تارمایەك زیاتر شتێکی دیکە نەبوو))(٨٢) وێڕای ئەوەش ئەو نەوە تازەیە کە خۆی لەوبارە ناهەموارە تێدەگەیشت و جۆرە کەڵەکە بوونێکی زانیاریشی هەبوو، کە کاریگەربوو بەسەریان (لێکدانەوەی خەون)ی فرۆید ((کەم تا زۆر کاری لەرۆحیات و بیری ئەو نەوەیەی جەنگ ١٩١٤-١٩١٨کردبوو))(٨٣)، ئەمانە هۆکار گەلێك بوون تا ئەدەبیاتو هونەر لە ڕێچکەی تایبەتی خۆی لابدات و لە خەونێك بچێت و ڕەمزی نامۆیی‌و ناوازەیی لە خۆی بگرێت لە بارە نائاساییەکاندا بە باری نەستی خۆی دەربخات، هەموو ئامانج و هەوڵیان ورد و خاش کردنی یاساو ڕێساکانی ئەدەب بوو، لە لایەکی دیکەشەوە هەموو فەلسەفەکەیان، فەلسەفەیەکی هیچ بوو، بەڵام ئەوەی کە گرنگ بوو دادایزم ڕێگە خۆشکەرێك بوو بۆ لە دایك بوونی سوریالیزم ((سوریالیزم کە لە ناو مندالّدانی ئەو ڕێبازە دروست بوو دەستی کرد بە ژانی لەدایکبوون هەتا وەکو هاتە دونیاوە بوو بەمیرات گری دادایزم))(٨٤).

دادایزم داوای نەمان و هیچی دەکرد، تا دوای هەر خۆیی ونکرد و زۆربەی نووسەران چوونە ڕیزی سوریالیزم تەنانەت ڕابەرانی قوتابخانەی دادایش خۆیان کرد بەناو سوریالیزمدا (*).

---

(٨١) ڕێبازی دادایزم- رضا سید حسینی، و/ مستەفا مەعروفی، گ/ وەرگێران ، ژ/١ ،١٩٩٧، ل٦١

(٨٢) فەرهاد پیربال (ئا / و)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٣١٨- ٣١٩.

(٨٣) هەمان سەرچاوە ، ل٣٢٠.

(٨٤) د. کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوانی هونەر(ئیستاتیکا)، ل٢٥٠.

(*) سوریالیزم وەك بزووتنەوەیەکی ئەدەبی‌و هونەری دوای دادایزم دوای جەنگی جیهانی یەکەم هاتە ئاراوەو، وشەی سوور بەواتای(زس‌ژ) سەر، ریالیزم واتە (واقیع) هەردووکیان دەبێتە (سەرووی واقیع) یەکەم جار گییوم ئەپۆلینێر لە ساڵی(١٩١٧) لەکۆنفرانسێك لە بارەی (رۆحیەتی نوێ)، هەروەها لە شانۆنامەیەکی خۆشیدا ئەم وشەیەی بەکاردەهێنا پاشان ئەندری بریتۆن ئەم وشەیەی قۆستەوەو، لە مەنافێستی سوریالیزمدا دووپاتی کردەوەو ڕێبازەکەی خۆی پێناو زەد

باره ناهەمواره شێواوییەکەی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەجێهێشتنی شوێنەواره دەروونییەکان لەسەر لاوان و هونەرمەند و ئەدیبان کە ئاسان نەبوو جارێکی دیکە ڕوو بکەنەوە ژیانی ئاسایی و ئاگایی بگەڕێنە سەر ئەو بارووذۆخەی کە جەنگ بەتەواوی هەرەسی پێ هێنابوو.

سوریالییەکان بەدوای گۆڕان و گۆڕینی ژیان بوون، نەك وەك دادایەکان لە پێناوی هیچو بێئامانجی هەوڵ بدەنو، ئەو ژیانەی سوریالییەکان بۆی دەگەڕان ژیانێکی جیاوازبوو لە ژیانی ئاسای بەرەو ژیانێکی سەرووی واقیع بێت، بۆیە ((داهێنانی ئەدەبی یان هونەری بەلای سوریالییەکانەوە تەنها نرخ نییە، بەڵکو هۆیەکەو زەمینە خۆش دەکات بەرەو ئەو واقیعەی تر کە بە دوای دەگەڕێت))[(٨٥)].

(سوریالیزم) کە (ئەندریە بریتۆن) بووە باوکی ئەم قوتابخانەیەو لە هەردوو بواری ئەدەبیو هونەریدا کۆمەڵێك لە هونەرمەندو ئەدیبانیش لەڕیزی ئەو ڕێبازەدا بوون، سلڤادۆر دالی ڕابەرو لایەنگری دادایزم بوو و کۆمەڵێکی دیکە هاتنە ریزی سوریالیزم وەك (ئێلوار و ئاراگۆن و فلیپ سوپۆ، تزارا) بوون توانیان سوودێکی زۆر لە تیۆرییەکانی فرۆید و فەلسەفەی دژە ئەقلّی برگسۆن وەربگرن وێڕای پشت ئەستوربوونی سوریالیستەکان بە بیرە فەلسەفەییەکانی فرۆیدو مارکیز دووساد و هیگل...هتد لە هەمان کاتیشدا بەهرەیان لە بۆدلێرو رامبۆو لۆترێیامۆنو ئەلفرێد ژاری و ئەپۆلینێرو ژاك ڤاشێ وەرگرتبوو[(٨٦)].

((لە ساڵانی بیستی سەدەی بیستەمەوە شیکردنەوەی دەروونی راستەخۆ کاریگەری لەسەر ئەدەب و هونەر هەبوو، نووسەر و وێنەکێشەکان هەوڵیان دەدا هێزی نائاگایی لە کارەکانیاندا بەکاربێنن، بەتایبەتی (سوریالیزم Surrealism)ـەکان واتە"سەرووی حەقیقەت"))[(٨٧)]، نەست و خەون دوو لایەنی گرنگی ئەو سەرووی واقعیە بوون، کە سوریالییەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، تەنانەت تێگەیشتن و نزیك کەوتنەوەیان لە نەست و خەون لەژێر کاریگەر بوونی

---

کرد. سەرەتا لە وڵاتی فەرەنساو، ئەمریکا، ئینجا لە ساڵانی چلەکانی ڕابردوو وردە وردە بە وڵاتانی ئەورووپا بڵاوبووەوە، بەڵام کەمتر لە بەریتانیا. بڕوانە: د. فەرهاد پیرباڵ (ئا / و)- ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل٢٢٧.

(٨٥) کامینیۆس ئەربییێرتۆس، سۆریالیزم- و/ لە ئیسپانیەوە محەمەد کاکەیی، گ/ وەرگێران، ژ/٢، ١٩٩٧، هەولێر، ل٤٤.

(٨٦) فەرهاد پیرباڵ (ئا / و)- ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل٢٢٨.

(٣) مەلا سوور، مێژووی فەلسەفە، ماڵپەری ئەنتەرنێت،kurdistannet.org\hawraman\g3

فرۆیددا بەدەرنەبوو، بەڵام هەوڵی سوریالیزم زیاتر سەپاندنی نەستی بوو بەسەر لۆژیك.گرووپی سوریالیزم دەیانویست ((خەون و غەریزەو ناهۆشیاری و ئارەزوە چەپاوەکان بسەپێنێتە سەر لۆژیك و عەقل و ڕێك و پێکییەکان))[٨٨].

فرۆید بۆ بڕواهێنان بە خەون و ڕاستی لای مرۆڤ و خۆدواندن و کاریگەریەکانی نەستو پێوەندی بە کردەکانی مرۆڤ بە ئاشکرا لای سوریالیستەکان دەرکەوت، لەوانە کۆکتۆو پرۆست، هەروەها بەتاڵ کردنی هێزە خەفەکراوەکان بە شیعر لای (ئێلوار و بریتۆن و ئەراگۆن و تزارا)دەرکەوتن و شانۆش بایەخی دایە رازی کەسەکان و ڕۆمانیش چاوی بڕیە تەنگ و چەڵەمەکانی هەرزەکاران و هەندێ جۆری شێتی[٨٩].

خۆختستنە ناو خەون و کارکردنیان لە نەستی لاوان بوو لەو واقیعەی، کە نەیان دەتوانی گوزارشت و دەربڕی خۆیان بن و بگەنە سەرووی واقیع، بۆیە بۆچوونە تیۆرییەکانی فرۆید هەلێکی باش بوو سوودیان لێوەرگرت و ((زۆر بە زەقیو لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دابووەوە بەتایبەتیش حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی سەردەمی منداڵی وڕێنە و هەڵوەسە بەدوایەکدا هاتنی ئازاد (التداعی الحر) خەون بینین))[٩٠].

گوزەرکردن بەنێو ئەو بەشە خەون و نەستانەو نەهێشتنی جیاوازی شتە هەستپێکراوەکان و هەست پێنەکراوەکان و هەموو ((ئەو شتانەی ئەمان گەرەکیان بوو، تەنها لەڕێگەی لاشعورو خەوتنەکانیانەوە دەیان توانی ئەو ئامانج و هیوایەی هەیان بوو بهێنەدی))[٩١].

فرۆید پێی وابوو ((کە ئەم جیهانەی سوریالیستەکان مەبەستیانە دروستی بکەن و بچنە ناوی، بریتییە لە سیمبوڵی هەوەسە چەپێندراو و مەیلە ئارەزووە نەگوتراوەکان))[٩٢] بەهاو بایەخی خەون دەبێتە ئەو بەهایەی کە ئەقڵو لۆژیك هەیانە.

---

(٨٨) فەرهاد پیربال (ئا / و)- ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل٢٢٧.

(٨٩)نهاد التكرلي- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، منشورات وزارة الثقافة والفنون، بغداد، ١٩٧٩ ، ص٣٧-٣٨.

(٩٠) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- داهێنانی هونەرمەندو ئەدیبان لەڕوانگەی سیگمۆند فرۆیدەوە، ل١٣٩.

(٩١)خورشید رەشید ئەحمەد- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکراوەی کوردی، چا/ جاحەز، بغداد، ١٩٨٩، ل٤٥.

(٩٢) فەرهاد پیربال (ئا / و)- ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل٢٦٤.

سلڤادۆر دالی لەنێو سوریالییەکاندا لە هەموویان زیاتر شەیدای خەون بوو، کە دەڵێ: ((هەموو رۆژەکەی خۆمان بە ئاگاییو ناهۆشیارییەوە بە دوای وێنە لەدەست چووەکانی ناو خەونەکانمان دەگوزەرێنین))[٩٣]. پێشەواکانی سوریالیزم لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی فرۆید لەنێو کتێبەکەیدا (لێکدانەوەی خەونەکان) هەندێ بۆچوونیان خستۆتە ڕوو، بۆ نموونە سلڤادۆر دالی کتێبەکەی (راڤەی خەونەکان)ی فرۆیدی خوێندبوەوەو، پێی وایە ئەم کتێبەی فرۆید ((خۆی ناساند وەك یەکێك لە دۆزینەوە سەرەتاییەکان لە ژیانی تایبەتی من))[٩٤].

هەروەها ئەریك فرۆم دەڵێ: ((سوریالییەکان زیاتر تیۆرەکەی فرۆیدیان پێ قبوڵ بوو، چونکە ئامانجی فرۆید و هونەرمەند یەك ئامانج بوو))[٩٥] ئەویش لەوەی فرۆید دەیویست لە شتە نائەقلانییەکان بگات، بەسوود وەرگرتن لە هێزی ئەقل گەراکان و ناهونەرییەکان.

ئامانجی سوریالییەکان و بانگەشەی وێنەو بیرۆکەو هەڵوسە دوو ڕێگای سەرەکین ئەوانیش لەخۆوەیی (التلقائیە)و خەونەکانن، ئەو دوو ریگایانەش تەریبن لەگەڵ تەکنیکەکانی دەروونشیکاری، بەدواداهاتنی ئازاد (التداعی الحر)و شیکردنەوەی خەونەکان[٩٦]، فرۆید لەسەرنج خستنە سەر سوریالییەکان لەوانە سەرنجی (بریتۆن)ی راکێشا تا نووسینی هەرەمەکی داناو دەبێ هەموو سوریالی و دادائییەکان خۆیان لەسەر نووسینی لەخۆوەیی (تلقائی) رابێنن لەکایەی موگناتیسیداو دەست بە بیرکردنەوە بکەن کە مەیدانێکی فراوانی نائاگایی داگیر دەکات.

---

(٩٣) سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٦٥.

(٩٤) قاسم حسین صالح- الابداع الفني عند الفرویدیة واثره في السریالیة، افاق عربیة ،عدد١٠، ١٩٧٩، ص١٠٦.

(٩٥) ئەریك فرۆم - بەناوی ژیانەوە وتار لێکۆڵینەوە گفتوگۆ، و/ ئازاد بەرزنجی، چ/ دووەم ، بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٠٥.

(٩٦) قاسم حسین صالح - الابداع في الفن، ص١٠٦.

فرۆید لەساڵی (١٩٢٥) بۆ شیکردنەوەی (تەرازووی مێشك)ی ئارتۆ لەئەنجامی نیگەرانی و ناهاوسەنگی دەروونی کۆمەڵی سوریالی‌و دادایی هەموویانی بە خاوەنی شێت و شیزۆفرینیا دانا(٩٧).

((جیهانی شێت، بۆ سوریالیزم گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە، چونکە پڕە لە جوانییەکانی نائاگایی‌و ناهۆشیاری !))(٩٨) ئەو هەوڵانەی سوریالییەکان بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و بەندی ئەقل لەڕێگای نەستی بوو.

## یۆنگ و نەستی کۆ

نووسینە تیۆرییەکانی فرۆید بوونە مایەی سەرنجڕاکێشانی یۆنگ و نزیککەوتنەوە لە فرۆیدو، لە ئەنجامدا هەماهەنگییەك لە دەربڕینە تیۆرییەکانی فرۆیدو یۆنگدا سەری هەڵدا بە




شێوەی بەدوایەکدا هاتن و سوودوەرگرتن لە کارەکانی فرۆید و خستنەسەری هەندێ لە بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی ئەمەش بووە مایەی ئەوەی، (یۆنگ) لە فرۆید جیابکاتەوە.

کارل گۆستاف یۆنگ لە دابەشکردنی ئەقل بۆ سێ بەش (هەست و نەستی تاك و نەستی کۆ) یۆنگی بەرەو ئەو ئاڕاستەیە برد کەوا نەست گرنگی‌و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەك لە

---

(٩٧) ئامانج عوسمان حەمەد- توند و تیژی ئارتۆو تەنگەژەی سایکۆلۆژیایی دەق، گ/ڕامان، ژ/ ٤٦، ٢٠٠٠، ل١٣٨.

(٩٨) فەرهاد پیربال (ئا / و)- ڕێبازە ئەدەبیەکان، ل٢٦٥.

بیروبۆچونەکانی فرۆیدا بەدی دەکرێ، نەستی کۆ وەك ئەمبارگەلێکی بارە چەپێندراوەکان یۆنگی جیاکردەوە لە فرۆید، نەستی کۆ بەلای یۆنگەوە سەرچاوەی داهێنانی کاری ئەدەبییە.

نەستی تاك ئەو بەشە چەپێندراوانەی تاك دەگرێتەوە کە لە قۆناغەکانی ژیاندا سەرکوتکراون و ئەو بارە سۆزداری و یادەوەریانەی، کە چەپێندراون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن. ئاوات ئەحمەد لە خستنەڕووی چەند لایەنێکی ژیان و ڕوونکردنەوەی هەندێ لەو چەمکانەی یۆنگ لە پێشەکی وەرگێڕانەکەی کتێبی (مرۆڤ و هێماکانی) یۆنگ، پێی وایە ((ئەو ڕەمەکانە ناگرێتەخۆی کە پێشتر فرۆید جەختی لەسەر کردوون بەتایبەتی ڕەمەکی سێکسی))[٩٩]، چونکە یۆنگ بە پێچەوانەی فرۆید هەموو ئەو بارە چەپێندراوانەی مرۆڤ بۆ چەپاندنی سێکسی ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو یۆنگ تێڕوانینەکانی فرۆیدی بە زیادەڕۆیی دەزانی لە مەڕ بابەتە سێکسییەکاندا.

نەستی کۆ وەك یۆنگ دەڵێت ((دەتوانین پێی بڵێین میراتی دەروونی یان بۆماوەی دەروونی))[١٠٠]و، خەسڵەتە دەروونییەکانمان لە ڕێی نەستی کۆوە بۆ نەوەکانمان دەگوازرێتەوە. نەستی کۆش لە تەرزە سەرەتاییەکان[*] پێکدێت، کە ناوکی نەستی کۆ پێکدێنن لە باب‌و باپیرانەوە دەگوازرێتەوە، هەروەك چۆن خەسڵەتە فیزیاییەکانمان لە ڕێگای جینەکانەوە بۆ دەگوازرێتەوە[١٠١] ئەو نەستە کۆیە ((بۆ چەند سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە کە هەموو خەڵکی تیا بەشدارن لە ڕێگای

---

(٩٩) کارل گوستاف یونگ- مرۆڤ و هێماکان، و/ئاوات ئەحمەد، چ/ یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤.

(١٠٠) هەمان سەرچاوە، ل١٤

(*) تەرزە سەرەتایەکان بە (dna) دەروونی مرۆڤ (psyche ) لە قەڵەم دەدرێن، واتە تەرزە بەراییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان وەك جینەکان گوێزەرەوەی میرات و بەها کۆمەڵایەتی و ئاکاریی‌و ڕۆحییەکانن. هەر بۆیە تەواوی مرۆڤەکان خە سڵەت و سیمای هاوبەش و لەیەك چویان هەیە، دەتوانین بڵێین خەسڵەتە فیزیاییەکانمان لە ڕێگای جینەکانەوە دەگوازرێتەوە، خەسڵەتە دەروونییەکانیشمان لە نەستی کۆ(دەستەجەمیەوە) بۆ نەوەکان دەگوازرێنەوەو، نائاگایی دەستە جەمیش لە تەرزە سەرەتاییە ڕەسەنەکان پێکهاتووە یۆنگ بە ناواخنی نائاگایی دەستەجەمعی دەڵێ: تەرزە سەرەتاییەکان بریتین لە چەند خو رەفتارێك کە مرۆڤ لە پەروەردەوە فێریان نەبووەو باڵیشیان کێشاوە بەسەر زۆرلایەنە دەروونییەکاندا، ئەم تەرزانە فۆرم وشێوەی دیاری کراوی خۆیان نییە، بەڵکو وەك پرەنسیپی ڕێکخەرو ئاراستەکەر کار دەکەن و دەتوانین بڵێین تەرزە سەرەتاییەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕۆڵی ڕەمەکی فرۆیدییەکان دەبینێت. سەرچاوەی پێشو، ل١١-١٥.

(١٠١) کارل گوستاف یونگ- مرۆڤ وهێماکان، و/ ئاوات ئەحمەد(لە پێشەکی وەرگێڕ )، ل١١.

بۆماوەیی، ئەمەش بەشێکی زۆر لە وێنەکانی جنۆکەو گیانەکان و جادوو کۆ دەکاتەوە))[١٠٢]. یۆنگ ((گرنگی داوە بە لێکۆڵینەوە لە زانستی ئەفسانەو هێمای کۆن و سەرەتایەکانی ئاین، تقوسات و داب و نەریتە کۆمەڵە سەرەتاییەکانو نەخۆشی دەمار گرژییەکان و وڕێنە))[١٠٣].

بۆ شیکردنەوە و دەرخستنی نەستی کۆ وەك چەمکێکی نوێ لای یۆنگ دەبێ لێکۆڵینەوە لەو سیستەمە هێمایانەی وەك هونەرو خەون و ئاین و ئەفسانە بکرێت کە پێوەندیان بە نەستەوە هەیە. لای یۆنگ ئەو بۆچوونە تیۆرییەی فرۆید پەسەندە، کەوا ((ناخود ئاگا لە بڕیاردانی ناخود ئاگایی ئێمەدا ئامادەبوونی هەیە و دەوری سەرەکی تێدا دەگێڕێت، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەی فرۆیدی سەبارەت بە ناوەرۆکی ناخود ئاگا ڕەتکردەوە))[١٠٤]. ئەدەب وەك بەشێك لەسیستەمی هێما هەڵقوڵاوی دەروون پێوەندی وابەستەیە بە نەست و یۆنگ ((چەشنی فرۆید جیهانی نائاگای بەچاوگەی داهێنان دادەنێت))[١٠٥]

ئەو نەستەی یۆنگ باسی دەکات جیایە لەگەڵ نەستی فرۆید، بۆ نموونە ((لێکدانەوەی فرۆیدی سەبارەت بە ناوەرۆکی ناخودئاگا ڕەتکردەوەو خۆی چوارچێوەی ڕوانگەیەکی تازەی سەبارەت بەتێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی داڕشت))[١٠٦]، نەستی کۆ کە سەرچاوەی پرۆسەی داهێنانە لای یۆنگ لەڕێی تەرزە سەرەتایەکانەوە دەگوازرێتەوەو لەو نەستە کۆیەش خەسڵەت و سیمای هاوبەش هەیە لەنێو مرۆڤەکاندا هەموویان هاوبەشن، لەو تەرزە سەرەتا (چەشنە سەرەتا) یانەی لە گوێزانەوەی بەها کۆمەڵایەتیو ڕۆحیو ئاکاریدا هاوبەشن ((تەرزە سەرەتاییەکان لە خودی بێئاگای هەموو مرۆڤێکدا هەیە، هەروەك لە بێ ئاگای شاعیرانیشدا هەیە))[١٠٧].

---

(١٠٢) د.كمال نشأت- فی النقد الادبي دراسة وتطبيق، ص١٧٩.

(١٠٣) قاسم حسين صالح - الابداع في الفن، دارالرشيد للنشر، دارالثقافة للطباعة والنشر، بيروت،١٩٨١، ص١٩.

(١٠٤) چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆ تیۆری، ل١٦٧.

(١٠٥) ڕۆشنا ئەحمەد(ئا)- داهێنان لەروانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٦٨.

(١٠٦) چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆ تیۆری، ل١٦٧.

(١٠٧) روز غريب- تمهيد في النقد الادبي، ط/ الاولى، دارالمكشوف الطباعة والنشر، بيروت،١٩٧١، ص٢٩.

هاوڕا نەبوونی یۆنگ لەگەڵ فرۆید بۆ کاری داهێنان، وێڕای خۆ بەدوورگرتنی یۆنگ لە چەپاندنی حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی سەردەمی منداڵی، کە هۆکاری داهێنانن لای فرۆید، یۆنگ خۆی لەوەشدا بە دوور گرت، کەوا ئەدیب کەسێکی نەخۆشە، یان توشبووە بە نەخۆشی گرژی دەروونی، بەڵکو بەلایەوە دۆزینەوەیەکی ناوشیارانەیە لە ڕێگای نەستەوە تاك پەیوەندی دەکات بە بەشێك لە پێکهێنەرەکانی نەستی کۆ، کەوا قووڵترە لە نەستی تاك(١٠٨)، نەستی کۆ کاریگەرترە لە پێکەوەنانی کەسێتی لە ژێر کۆنترۆڵ و پەیوەست بوونی بەو ئاکارو ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەی، کە لە نەستی کۆمەڵدا هەن ڕاستەوخۆ لە ژیانی دەروونی مرۆڤدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن، بۆیە ((هونەرمەند لای یۆنگ مرۆڤێکی ئاسایی نییە کارەکانی لە عەقڵ و تێبینییەوە ئەنجام بدات بەڵکو ئامرازێکە بەدەست هێزێکی بێ ئاگایی گەورەوە: کە ئەویش بێ ئاگایی بە کۆمەڵییە "یا بێ ئاگای هەمووان"))(١٠٩)، کەواتە نەستی کۆ کانگەی داهێنانی هونەریو ئەدەبییە، نەستی کۆش لە لای هەموو خەڵکیدا بوونی هەیە، بەڵام جیاکردنەوەی هونەرمەندو ئەدیبان لە کەسانی ئاسایی لە پیشاندان و خستنەڕووی نەستی کۆ جیاوازە، چونکە شاعیر دەتوانێت لە کاتی بەئاگایدا ئەو دیمەن و پێکهاتانەی نەستی کۆ لە شێوەی هێمادا پیشانبدات لە ڕێگای زەین ڕوونییەوە، بەڵام بەلای کەسانی ئاسایی لە کاتی خەودا دەبیندرێت(١١٠)، کەواتە هێما ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ژیانی دەروونی مرۆڤدا، لە هەردوو بواری خەون و ئەدەبدا، کە پێوەندی بە تەرزە سەرەتاییەکانەوە هەیەو لە باب و باپیرانەوە پێمان گەیشتووە، چ ئەوەی لە خەوندا دەیبینین، یان شاعیر دەری دەبڕێت بە هێما بۆ ئەو تەرزە سەرەتاییانە.

ئەو ڕووداوانەی کە لە نائاگاییەوە ڕاست دەبێتەوەو دێتەوە ناو هەستمان لە ڕێگەی خەون یان کاری ئەدەبی وەك وێنەیەکی هێمایی دەردەکەون، لێرەدا ((لێکۆڵینەوەی خەونەکان بواری ڕەخساند دەروونناسان لە لایەنی بێئاگاییانەی ڕووداوە دەروونییە هەستییەکان بکۆڵنەوە))(١١١) ئەو هێمایانەی یان ئەو پێکهاتانەی، کە لە نەستی کۆ دەردەکەون لای کەسانی ئاسایی لە ڕێی

---

(١٠٨) د. كمال نشأت- في النقد الادبي دراسة وتطبيق ، ص١٨١.

(١٠٩) د. کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوانی، ل٢٦٥.

(١١٠) قاسم حسين صالح - الابداع في الفن، ص٢٠.

(١١١) کارل گوستاف یونگ- مرۆڤ وهێماکان، ل٣٨.

خەون دەردەکەون، چونکە نەستی کۆ بە بڕوای یۆنگ لای هەموو کەس بوونی هەیە و لە لایەکی دیکەش لە ڕێی نواندنی کاری ئەدەبی و هونەرییەکانیش نەستی کۆ دەردەکەوێت، وەك کانگەی کارە هونەری و ئەدەبییەکان[١١٢]، چونکە هونەرمەند و نووسەران دەتوانن بەهۆی زەین ڕوونییەوە هەستی تاك و سۆز و بیرکردنەوەکانیان لە نەستی کۆمەکی ڕێك بخەن بە میکانیزمی (خستنەسەر) بگۆڕن، ئەو میکانیزمە دەروونییەش خۆدەرباز کردنێکە لەو دیمەنە نادروست و سەیرانەی کە لە نەستی کۆدان دەیگۆڕن بۆ بابەتێکی دەرەکی، ئەوەی زەین ڕوونی دەیخاتە ڕوو لە شێوەی هێمادا دەیانخاتە ڕوو[١١٣]

یۆنگ کاری ئەدەبی بەسەر دووبەشدا دابەشکردووە[١١٤]:-

١-کاری (دەروونی) (psychological) ناوەرۆکی سۆز و هەڵچوونەکان پێکدێت، وەکو خۆشەویستیو شیعری فێرکردن و سێرکی و دراما بەزمەسات (کۆمیدیا)و مەرگەسات (تراژیدیا).

٢-خستنە ڕووی ئەندێشەیی (الکشف- التخیلی) جۆرێکی دیکەی ئەدەبییە ، بەلای یۆنگ ئەو شتانەی ئەدیب پێشکەشی دەکات دوورن لە جیهانی هەستپێکراو تەواو لە جیهانی ئێمەوە دوورنو ئەو زانیارییە ڕابردوانەن، کە لە کۆندا ئەزموونکراون و لە نەستی کۆدا هەڵگیراون و ئەو شتانەی لەباب و باپیرانەوە دەگوازرێتەوە.

یۆنگ لێکۆڵینەوەی لەبارەی نووسەر و ئەدیبان و شاعیران کردووە لەوانە (گۆتە)، ئەو پێوەندییەی لە نێوان گۆتەو دایکی هەبووە. زانیاری ئێمە لەپێوەندی نێوان گۆتەو دایکی ئەو ڕۆشنایەمان پێ دەبەخشێ لەسەر دەستەواژەی فاوست، کە بە سەرسامییەوە هاوار دەکات ((دایکان.... دایکان... ئای کە وشەیەکە لە گوێدا دەزرینگێتەوە چ زرینگانەوەیەکی سەیر))[١١٥].

---

(١١٢) قاسم حسین صالح - الابداع في الفن، ص٢٠.

(١١٣) ڕۆشنا ئەحمەد(ئا)- داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرە یەکەوە ، ل٩٦

(١١٤) قاسم حسین صالح - الابداع في الفن، ص٤٠

(١١٥) سامی الدروبي ـ علم النفس والادب، المعرفة الانسان بین بحوث علم النفس وبصیرة الادیب والفنان، جماعة علم النفس التکاملي دار المعارف، مصر، ١٩٧١، ص٢٢٦.

کاری هونەری و ئەدەبی وەك دیاردەیەکی سایکۆلۆژی نەست ڕووندەکاتەوە، هەروەها بە لای یۆنگ کاریگەرییێکی باشی هەیە لە سوودوەرگرتن لە کاری ئەدەبی‌و، بەلای یۆنگەوە ئەوە جێی پرسیارە پێمان نالێت چۆن دایك بۆ گۆتە بۆتە هۆی داهێنانی درامای فاوست؟ بە واتایەکی دیکە پابەندبوونی گۆتە بە دایکییەوە ناتوانێ ڕاڤەی ئەوە بکات کە گۆتە درامای خودی فاوستی نووسیوە[116]، چونکە ((مادام فاوست تەنها ڕەمزێکە پێداویستی رۆحی ئەلمانی لەسەدەیکدا بۆ ڕابەری و ڕێنوێنی گەل لەلایەن پیاوێکی دلسۆز و داناو ڕزگارکەرەوە دەنوێنێت، ئەوە سەیر نییە، کە (بێ ئاگایی هەمووان) دەرکەوتنی شاعیرێکی وەك (گۆتە) بخوازێ))[117].

ئەگەرچی یۆنگ جەخت دەکاتە سەر گرنگی هونەرو ئەدەب لە ڕاڤەکردنی ژیانی هونەرمەندان و ئەدیبان، لە هەمان کات وانابینێ، کە ژیانی کەسێتی شاعیر شتێکی جەوهەری بێ، لەبارەی بەرهەمە

ئەدەبییەکان، بەڵکو تەنها هاوکارو پاڵپشتێکە بۆ کاری ئەدەبی.[118]

بەم پێیە یۆنگ لە گرنگیدان بە خود، خۆی بە دوور دەگرێت، چونکە (کارل یۆنگ) باس لەوە دەکات گۆتە فاوستی دروست نەکردووە، کە ئەرکی هونەرمەند دەبێتە داڕشتنی نائاگایی هەمووان.[119]

هاوکێشەی کەسێتی لە هونەردا بە لای یۆنگەوە شتێکی جەوهەری نییە، تا ئەو هاوکێشەیە زیاتر ببێت گرنگیدان بە هونەرەکە کەمتر دەبێتەوە، چونکە کاری هونەری ڕەنگدانەوەی کەسییێتییەکەی نییە، بەڵکو گرنگییەکەی لەوە دایە، کە لە ڕێی مێتۆدی هونەری ئیستاتیکییەوە دەتوانرێت لە ڕاستی هونەر بگەین[120].

---

(١١٦) نفس المصدر، ص٢٢٦.

(١١٧) د. کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوانی‌و هونەر(ئیستاتیکا)، ل٢٦٦.

(١١٨) احمد- الاتجاة النفسي في النقد العربي الحديث، رسالة الماجستر، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص٤٢.

(١١٩) کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوانی و هونەر(ئیستاتیکا)، ل٢٦٦.

(١٢٠) یوسف عوسمان حەمەد- دەروونزانی وتار لێکۆڵینەوە شیکردنەوە، ل ٥٣ " د.کەمال میراو دەلی - فەلسەفەی جوانی‌و هونەر(ئیستاتیکا)، ل٢٦٦.

## ئەدلەرو گرێی هەستکردن بەکەمی

ئەدلەر وەك یەکێك لەو خوێندکارە زیرەکانەی فرۆید و لەو ماوەی کە لەلای فرۆید ژیاوە زۆر جار دەکەوتنە گفتوگۆ و بیرورِا گۆرِینەوە لەگەڵ فرۆید لەمەرِ تیۆرەکانی فرۆید. لەساڵی (١٩٠٢)و بۆ ماوەی (٩)ساڵ هاورِێیەتی ئەدلەرو فرۆید درێژەی هەبوو، لەهەمان کاتیشدا هاورِاو شوێن کەوتووی بیرورِاکانی نەبووە، ئەگەرچی لەساڵی (١٩١٠) ئەدلەر سەرۆکی کۆمەڵەی ڤیەننا بۆ دەروونشیکاری بووە و هەرخۆشی سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە، بەڵام رِەخنەی توندی لە توێژینەوەکانی فرۆید دەگرت تا ساڵی (١٩١١) بە تەواوی پێوەندی خۆی لەگەڵ (شیکردنەوەی دەروونی)دا پچرِیو، تا ساڵی (١٩١٢) کۆمەڵەی سایکۆلۆژی تاکەکەسی هێنایە بوون[١٢١].

سەرەتای پزیشکایەتی ئەدلەرو دواتر پەرِینەوەی بەرەو نەخۆشییەکانی دەماری و پزیشکی دەروونی، ئەو نەخۆشانەی، کە سەردانی ئەدلەریان دەکرد سەرچاوەی تێرِوانین و بیرو بۆچوونەکانی ئەدلەر بوون، ئەمەش وایکرد هاورِا نەبێت لەگەڵ کارەکانی فرۆید، فرۆید هەرخۆشی دانی بە گەورەیی تیۆرەکانی داناوەو بە کورتە باڵاش وەسفی ئەدلەر دەکات[١٢٢].

بەلای ئەدلەرەوە ئارەزووی پرِ ئامانج هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: ((ئەدلەر بەدوای لێکۆلینەوەکانی فرۆیددا چوو، رِوونکردنەوەی بیردۆزەی نەستی(الاوعی) فراوانکرد کە لای فرۆید ئاڵۆزبوو، وتی هۆکارەکانی چەپاندن و دەمارگرژی لەلای هونەرمەند هۆکاری بزووتنو ورووژێن نین، واتە گرێ زگماکەکان دەورانی رِابردووی دوور نین، بەڵکو پەیوەندییان بە ئارەزووی پرِئامانج هەیە، کە مرۆڤ هان دەدات بەرەو ئامانجێك کە ئێستا بێتەدی یان داهاتوو))[١٢٣].

لە قوتابخانەی دەروونزانی تاك، ئەدلەر جەخت دەکاتە سەر توانستەکانی تاك و گرنگی ئامانج لە ژیانی تاك بەرز دەنرخێنێ، بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی جەستەیی و دەروونی،

---

(١٢١) دوان شلتز- ئەدلەرو سایکۆلۆژیای تاکە کەسی، و/ رِیبوار احمد، گ/، رِامان، ژ/٤٠، ١٩٩٩، ل٢٤٣-٢٤٤.

(١٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل٢٤٤.

(١٢٣) روز غريب- تمهيد في النقد الحديث، ل٢٨.

یەکێك لەو چەمکە گرنگانەی ئەدلەر(*) گرێی (خۆبەکەم زانین)ە، کە بنەمای دەروونزانی تاکی لەسەر دامەزراندو بە شێوەیەکی بەربلاو ئەو چەمکە باوە لە پانتای دەروونزانیدا.

بەبڕوای ئەدلەر ((مادام هەستێك هەیە وامان لێدەکات، کە ئێمە هەمیشە بیر لەباشتربوون بکەینەوە، ئەگەر دەستیش بگرین بە هەندێك شت، کە ئازایەتیمان دەردەخات ئەوە خۆرزگارکردنمانە لەهەستی خۆبەکەم زانین))(١٢٤). گرێی خۆبەکەم زانین لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەکی دیاری کراو ونبوونی توانست و ئامادەیی دەربڕین گوزارشت کردن لە کێشەکان لە لایەن تاکەوە نەتوانینی چارەسەری کێشەکانیو دەستەوەستان لەبەرانبەریدا تاك ڕووبەڕووی گرێی خۆبەکەم زانین دەبێتەوەو، لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات: ((هەستی خۆبەکەم زانین شتێکە لە ناخی مرۆڤدا سەرەتاکانی خۆی چێ دەکات و بەرەبەرە بەلای ئەرێ و نەرێی کەسایەتی ئەو کەسە دەشکێتەوە))(١٢٥).

بە ڕای ئەدلەر گرێی هەستکردن بەکەمی (خۆبەکەم زانین) کاریگەریەکی نەستی دەنوێنێت بەسەر تاكو پاڵ بە خودی ئەو کەسەوە دەنێت بۆ خۆدەربازکردن لە هەستکردن بە کەمی، ئەدلەر ئەو هەستە بەهێزە لە تاك شك دەبات بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەو خۆڕزگارکردنی دەسەڵات پەیداکردن بەرانبەر ئەو گرێیە. توانای تاك لەو ئاستەدایە بتوانێت لێی رزگاربێتو قەرەبووی بکاتەوە، ئەگەر هەستی خۆبەکەم زانین نەتوانرا کۆنتڕۆڵ بکرێت خۆی لێدەربازبکات

---

(*) ئەدلەر لە قۆناغی منداڵیدا، منداڵیکی بەختەوەر نەبوو بەدەستی چەندین نەخۆشییەوە دەیناڵاند، وەك نەخۆشی ترس لە مردن، بەدبەختی و ئیرەیی، مەرگ دیتنی برای بچووکی بەچاوی خۆی، بێ بەشبوون لە یاریو هەستەکانی سەردەمی منداڵی بەهۆی نەخۆشی ئیسکەنەرمەوە، لەتەمەنی(٤)ساڵیدا لەبەردەم دەروازەی مردندا بەهۆی نەخۆشی کەم خوێنی رزگاری بوو، ئەدلەر خۆشی گوێی لەو دکتۆرە بوو، کە بە باوکی وتبووی کوڕەکەت لەدەستدا، قۆناغی منداڵی ئەدلەر پڕبوو لەمەرگەسات و نەهامەتی، هەروەك چۆن ئەدلەر باوەڕی بەوە هەیە، کەوا بیرۆکەی خۆبەکەم زانین لە ئەزموونی سەرەتای منداڵی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت٠بڕوانە: دوان شلتز- ئەدلەرو سایکۆلۆژیای تاکە کەسی، ل٢٤٣.

(١٢٤) الفرێد ئەدلر- بووژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیانـدا وەرگێڕانـی بـۆ عەرەبی/عبـد علـی جسمانی، وەرگێرانی بۆکوردی/ شوکرسلێمان، چ/یەکەم، بلاّوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٥ ، ل٦٨-٦٧.

(١٢٥) هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

تاك تووشی دەمار گرژی دێت، لەم بارەیەوە ئەلفرێد ئەدلەر دەڵێ: ((هەموو کەسێکی نێرسیسی (العصاب) هەستی خۆبەکەم زانی هەیە))[١٢٦].

فرۆید هەستکردن بەکەمی لەشیکردنەوەی دەروونیدا، ناوی ناوە (خواست و هەوڵدان) ئەمەش لە (ئارتۆ) لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٧) ئەم ڕەوشتەی پێوە دیاربووەو، هەموو تاکیك هەست بە کەمی دەکاتو بەلای فرۆیدەوە بنچینەی دڵەراوکێو نیگەرانی لە هەموو کەسدا هەست بەکەمی کردنە ٠ (ئارتۆ) لە گێژاوی دەروونی سەردەمی منداڵی دەژی، کە باوکی بە چەقۆ کوژرابوو هەمیشە ئارتۆ هەستی بەکەمی دەکرد[١٢٧]، لێرەدا پێویستە بڵێین: ((دەروونزانەکان لە سەر ئەو بۆچوونەی فرۆید ڕێکن کە بنچینەی دڵەڕاوکێو نێگەرانی لە هەموو کەسدا هەست بە کەمی کردنە، کەمی و نەبوونی پێداویستییەکان هۆکاری دڵە ڕاوکێن))[١٢٨]. ئەدلەر لەو باوەڕەدایە تەنگژە و دڵتەنگی و شلەژانی دەروونی دەبنە هەوڵی تاك بۆ خۆ دەربازکردن و قەرەبوو کردنەوەی باری هاوسەنگی نێوان(id) و(ego) بەداهێنانی هونەری دەگۆڕنەوە ((فرۆم و ئەدلەر لە بارەی داهێنانەوە ململانێی کەسایەتیو هێزی نائاگایی فاکتەری داهێنانی هونەرین و هەمان ململانێ بەلای کەسانی ئاسای هەیە، بەڵام ئەوان بە تووڕەییو بەتوندوتیژی هێزەکە دەردەبڕن و بەردەوام لە حاڵەتی نیگەرانی دەژین))[١٢٩].

بیروڕاکانی ئەدلەر لەگەڵ فرۆید و یۆنگ لەگرێی هەستکردن بە کەمی یەکانگیر نابن، بەڵکو بە شێوەیەکی دیکەیەو، ((''ئەدلەرو سولیڤان و یۆنگ'' لەگەڵ فرۆید لەسەر ئەوە ڕێکن کەوا هەموو مرۆڤێکی ئاسایی لەژیانی ڕۆژانەدا کەمی پێداویستی خود و دەوروبەر وادەکات، کەوا هەموو کات هەست بەنیگەرانیو دڵەڕاوکێ بکات))[١٣٠]، بەڵام یۆنگ زیاتر دەڕژێتە سەر کاری نەستی کۆ (نائاگایی کۆ)، فرۆیدیش ئەو ململانێ و بارە چەپاوەکانی نەست و ڕەمەکی سێکسی بەلای ئەدلەر گرێی هەستکردن بە کەمی وامان لێدەکات بیر لە باشتربوون بکەینەوە و کاری داهێنان بە هۆیەوە دێتە بوون. وەرگێڕی عەرەبی (عبد عەلی جسمانی)

---

(١٢٦) هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

(١٢٧) ئامانج عوسمان حەمەد- توندوتیژی ئارتۆو تەنگژەی سایکۆلۆژیای دەق، ل١٣٧

(١٢٨) هەمان سەرچاوە - ل١٣٧.

(١٢٩) سەرچاوەی پێشو، ل١٣٨

(١٣٠) هەمان سەرچاوە، ل١٣٨ ٠

لەسەر زاری ئەدلەرەوە دەڵێ: ((ئەو تاکەی کەوا هەموو تواناکانی دێتەدی بەو مرۆڤە ناچێ، کەوا تایبەتمەندان وێناندنی بۆ دەکەن، چونکە تاك لای ئەدلەر زۆر گەورەترە لەو ڕاستیانەی، کە زانستەکان سەلماندویانە))[131].

ئەدلەر ساڵی(١٩٢١) لەگەڵ فرۆید لەسەر تەداعیاتی سەربست ڕێکەوتن، ئاشکراکردنی هەموو زانیاری چەپێندراو لە نەستیو گێڕانەوەیان بۆ هەست و تەقانەوەی بارە چەپێندراوەکانی نەست بۆ واقیع و هەستی، ئەمەش بەسەر هونەرمەندان دەسەپێندرێت، وەك ئەوەی ئەدلەر شیکردنەوەی لەسەر ڤانکۆخ ئەنجامدا[132]. ئاگاداربوونی ئەدلەر لە ڕەوشو بارودۆخەکانی ئەدەب و ڕێبازی ئەدەبی بە مەبەستی دەرختنی بۆچوونی خۆی لەمەر سوریالیزم دەڵێ: ((دەمی سوریالیزم باشترین فۆرمی دیاری کراوە بۆ دەربڕین، لەڕاستییەکی شاراوەی ڕێژەیی کە بە هیچ هۆیەك ناتوانرێت ڕوون بکرێتەوە، تەنیا بەهۆی لێکدانەوەی خودی سورسیالزم نەبێت لە بابەتەکانیدا لەگەڵ نیشانەدا))[133].

ئەدلەر بە شێوەیەکی زانستی بۆ ڕاڤەی خەون دوو تیۆری زانستی لەبارەی لێکدانەوەی خەون هەیە، ئەوانیش قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی فرۆید و قوتابخانەی دەروونزانی تاکییە، بەلای ئەدلەرەوە، دەروونزانی تاکی چاکتر توانیویەتی لە لێکدانەوەی خەوندا شارەزاتر پەی بەنهێنی خەونەکان ببەن و راڤەی ڕێكوپێك بۆخەون بکەن. ئەدلەر ڕەخنەی گرت لە تێڕوانینەکانی فرۆید[134] بۆ خەون کەوا خەون لە واتایەك پێکدێت، راڤەی خەون نابێت نەگۆڕ و جێگیربێت، چونکە لە بوارە زانستییەکەی دوور دەخاتەوە، کە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی تاکە کەس بەس نییە.

---

(١٣١) الفريد ئەدلر- بووژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا، ل١٠ ٠

(١٣٢) ئەلن بسێ- زانای دەروونزانـی ئەلفرێـد ئەدلـەر١٨٧٠-١٩٣٧، و/ لەئینگلیزیـەوە ئامـانج عوسمـان حەمەد، گ/ ڕامان، ژ/ ٢٧، ١٩٩٨، ل١٨١

(١٣٣) هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.

(١٣٤) الفرێد ئەدلر- بووژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا، ل١١٤- ١١٥.

## ئۆتۆرانك و برجلرو نەخۆشییە دەروونی و دەمارییەكان

برجلر ((بەرپەرچی بۆچوونەكەی فرۆیدی دایەوە، كە داهێنان لە ئارەزووە غەریزەییە خەفەكراوەكانی سەردەمی منداڵی دەست پێدەكات لە كاتێكدا خۆی دەڵێت داهێنان لەو هەوڵ و توانایەوە بەرهەم دێت، كە دەخرێنە گەڕ بۆ ڕەتدانەوەی ئەم ئارەزوە نەخوازراوانە))[١٣٥] بڕوانە بوونی برجلر هەر بەو ئارەزووە خەفەكراوانە سەرنجێكی سادەیە بۆسەر تیۆرەكەی فرۆید نەك خستنە ڕووی بیروڕایەكی تایبەت لە بارەی داهێنانی ئەدەبی.

بەڕای ئۆتۆرانك ((هەموو داهێنانێكی ئەدەبی یا هونەری وزەی زەینیو ئەشكەنجە هاوشانی دەبێت، بۆیە خاوەن گرژی دەروونی ناتوانێت بەرهەمە هونەرییە نەمرییەكان دابهێنێ، كەوا پێویستیان بەو جۆرە كارو ئەركە هەیە ))[١٣٦]، بەڵام بەلای برجلرەوە، ((ئەدیب ناتوانێت داهێنانی ئەدەبی خۆی بكات لە پێناو دەربڕینی ئارەزووە خەفەكراوەكانی، بەڵكو بۆ بەرگریكردن لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ئارەزووانە لە دەروونیدا بە شێوەیەكی بێ ئاگا لەخۆبوون لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبییەكەوە كەوا ڕەزامەندی خوێنەری پێ وەدەست دەهێنێ)).[١٣٧]

وێڕای ئەوەی كە هەندێ لە زانایانی دەروونشیكاری بیروڕای خۆیان لەمەڕ داهێنان دەردەبڕی، هاوشانی ئەوانەیش هەندێ پزیشك و توێژەرەوەش لە توێژینەوەی كەسێتی چەند داهێنەرێك لەو بڕوایەدابوون، كەوا نەخۆشی نێرسیسی هۆكاری بەرپاكردنی داهێنانەو لەوانە (ئیرنست كرتشمەر) و (لۆمبرۆزۆ) و (لانگ ئیك پاوم)...هیتر، هەر یەكە لەمانە لەئەنجامی توێژینەوەكانیان دەریان خستووە، ئەو كەسانەی داهێنەرن دەچنە ناو بەشێك لەو نەخۆشیانەی وەكو (شیزۆ فرینیاو، كەسێكی شەڕاوی، نەخۆشی پەركەمی و جۆرێك لەشێتیو...هیتد)[١٣٨].

داهێنەری وەكو ئۆسكار وایدو ڤان كۆخ و نیتشە و دیستۆیفسكیو ڕۆسۆو بۆدلێرو دیكنزو... هتد، هەموو ئەمانە ناوەندێك بوون بۆ ئەو تێڕوانینانەی خۆیان، كەوا هونەرمەند و

(١٣٥) ڕۆشنا ئەحمەد(ئا) - داهێنانی ئەدەبی لە ڕوانگەی چەند تیۆرییەكەوە، ل٧٧.

(١٣٦) د. ابراهیم محمود خلیل- النقد الادبي الحدیث من المحاكات الی التفكیك، ص٥٩.

(١٣٧) نفس المصدر، ص ٥٩.

(١٣٨) ڕۆشنا ئەحمەد(ئا) - داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەییەكەوە، ل٨٠.

ئەدیب و نووسەران تووشی نەخۆشی گرژی دەروونی (اعصاب) بوون، بەپشت بەستن بەو هەڵسوکەوتە ناوازانەی هونەرمەندان، هەروەها لە میانەی شیکردنەوەی بەرهەمەکانیان، لەوانە (ڤان کۆخ) (١٨٥٤-١٨٩٠)ی نیگار کێشێکی بەناوبانگ بوو لە نەخۆشییەکەی، یاسپێرز (yaspers)ی دەروونزان و فەیلەسوف دەیگوت تووشی شیزۆفرینیا بووە [١٣٩].

## پوختەی بۆچوونە تیۆرییەکانی فرۆیدو یۆنگو ئەدلەر لەمەڕ داهێنان




---

(١٣٩) د.فخری دباغ - لە نێوان بلیمەتی و نەخۆشی دەروونیدا، و/ سالار سامان، گ/ڕامان، ژ/٧٩ ، ٢٠٠٣، ل٢٠٦-٢٠٧.

جیلفۆرد ((بەپلەی یەکەم بایەخێکی گەورەی بە هۆکارەکانی کردە ئەقلییەکانو ڕواڵەتەکانی بیرکردنەوەی چالاکی داهێنان داوە)).[١٤٠] ژمارەیەك لەزاناو لێکۆلەران بایەخیان داوەو سەرنجیان داوە لەچۆنیەتی پێوەندی نێوان ئاستی زیرەکیو تواناکانی داهێنان بە بۆچوونی جیاواز لە ڕووی کاریگەربوونی هۆکارەکانی پەروەردەو بارودۆخەکانی دیکە لەسەر ئاستی زیرەکی بە جیا لە ئاستی کاری داهێنان، وەك بڕوای(میرو ستاین- Mear and stein)و هەروەها بوونی پەیوەستییەکی بچووك لای (فرانك بیرۆن -F.Barron) هەیە لەنێوان ئاستی گشتی بۆ داهێنان و زیرەکی، جگە لەوەش بە لای (کوکس) ئاستی بەرزی زیرەکی و ڕادەی هەوڵو کۆششێکی زۆر دەبێتە هۆی داهێنان[١٤١].

لەگەڵ ئەوەی چۆنیەك بوونی مێشك و جیاوازبوونی توانستی داهێنان لەگەڵ جیاوازبوونی ئاستی زیرەکی بەپێی باوەڕی زۆربەی ئەو زانایانەی، کە داهێنان دەبەستنەوە بە زیرەکیو چالاکی کۆئەندامی دەمار، چونکە بە لایانەوە ئاستی زیرەکی ئەوەندە ڕۆل نابینیٚ لە کاری داهێنان، بەقەد ئەوەی بەندە بە جیاوازی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاستی وەرگرتن و تێگەیشتنی زانیارییەکان.[١٤٢]

جیاوازی بوونی ئاستی زیرەکی و توانستی داهێنان و جیاوازی پێکهاتووی مێشك ئەو ژمارەکەمانەی، کە داهێنان دەکەن لەچاو کەسانی ئاسایی پاڤلۆڤ وەڵامی خۆی هەیە، وەك زانایەکی (فەسلەجی) تێڕوانینی بۆ داهێنان لەبارەی کەسانی داهێنەرو کەسانی ئاساییو جیاوازی ئاستی زیرەکیەکان بیروڕای خۆی هەیە، بەڕای پاڤلۆڤ ئەو یاسا مەرجییەی، کە بۆ هەموو وەڵامدانەوەیەك لەڕەوشتی کەسێتی مرۆڤ دەبێت ورووژاندنێك هەبێت، واتە ئەو پەرچە کردارەی، کە پەیوەستە بەفێربوون لە ئەنجامی هاندەرێکی مەرجدارەوە دروست دەبێت بەپێی کاریگەری دەوروبەرو ڕەچەڵەك ((پاش فێربوون هەڵسوکەوت نواندنی چالاکییەکان بۆ کاریگەری دوو سیستەمی نێو پێوەندییە مەرجدارو پەرچەکردارەکان دەگەڕێتەوە، یاخود سیستەمی ئاماژەیی "الاشارە"))[١٤٣]، چونکە پاڤلۆڤ پێی وایە ژمارەیەك لەچەشنی (نمط) لە

(١٤٠) ڕۆشنا ئەحمەد (ئا)- داهێنان لەڕوانگەی چەند تیۆرییەکەوە، ل٩٤.

(١٤١)هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

(١٤٢) هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

(١٤٣) قاسم حسين صالح- الابداع في الفن، ص٢٧.

کۆئەندامی دەماری ناوەندی (الجهاز العصبی المرکزی- Centeral vervous system)دا هەیە، لای مرۆڤ ئەویش سیستەمی ئاماژەیی هەستپێکراوە پەیوەستە بە درککردن و هەست پێکردن (الادراك الحسی) لە بەشی خواروی مێشك، کە بەرپرسە لە هەڵچوونو هەستو سۆزەکان مامەڵەکردنە لەگەڵ شتە هەست پێکراوەکان، هونەرمەندان بەگشتی لەباری مۆسیقاو شیعرو وێنەکێشیو پەیکەرتاشی بە تایبەتی دەتوانن داهێنان بکەن.(١٤٤)

سیستەمی ئاماژەی دووەم، کە پەیوەست نییە بە (درککردن و هەستکردن، مامەڵە لەگەڵ ئەوبابەتانە دەکات، کە ماددی و هەست پێکراونین، بەڵکو لەسەر دیمەن و وێنە ئەقڵییەکان دروست دەبن، بۆیە ئەو داهێنەرانەی، کە سیستەمی ئاماژەی دووەمیان لە یەکەم چالاکتر بێت، دەتوانن لەبواری زانست داهێنان بکەن و ئاستی ئەو جیاوازییەش بۆ بوونی چالاکی ئەو دوو سیستەمەیە (١٤٥)، بوونی چالاکی ئاسایی لەهەردوو سیستەمەکە، یاخود لە هەردوو چەشنەکەی دیکە کەسانی ئاسایی دەگرێتەوە، کە چەشنی سێیەمن.

## هەڵسەنگاندنێکی گشتی

فرۆید بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی لەمەڕ داهێنان دەبەستێتەوە بەو ئارەزووە سێکسییانەی هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە تووشی سەرکوت کردن دەبن، بەهۆی میکانیزمی دەروونی چەپاندن لە دوای قۆناغی خەساندن و قۆناغی گرێی ئۆدیبو بەهۆی هۆکاری خۆگونجاندن لەگەڵ بنەچەی واقیع لە نەستدا هەڵدەگرێت.

دەرکەوتنی ئەو بارە چەپێندراوانەی نەستی دووبارە لە رێگای تەتەڵەی زمانەو سەرخۆش بوون و خەوتن و لە کاری ئەدەبیدا خۆیان دەنوێنن، بەمەبەستی خۆ دەرخستن و دەرکەوتنیان، چونکە ئەو ئارەزووە مەیلە متبوانی خۆیان لە نەستی مەلاس داوە بزر نابن، بەڵکو بەسەر یەکدا کەڵەکەدەبن و چاوەڕێی رێگایەك دەکەن بۆ خۆدەرخستنیان، چونکە خودی نەست دەکەوێتە ژێر چاودێری و ململانێ ئەو ململانێیەی کە لە رێی میکانیزمەکانی بەرگری دەروونی جێبەجێ دەکرێ، بە هۆی داکەوتەی کۆمەڵایەتی و ژینگە و رێسا و سنوورە کۆمەڵایەتییەکان ناکرێت ئەو بارە چەپێندراوانە رێگایان

(١٤٤) نفس المصدر، ص٢٧.

(١٤٥) رۆشنا ئەحمەد(ئا)- داهێنان لەڕوانگەی چەند تیۆرییەکەوە، ل١٠١-١٠٢.

پێبدرێت، لەلایەکی دیکەش مانەوە و چەپاندنی زیاتر دەبێتە نەخۆشی نێرسی، واتە گرژی دەروونی(دەمارگرژی) (**الأصاب**)، ئەوەی نەخۆش لە ئەدیب جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کەوا نەخۆش ناتوانێت خۆی لەژێر باری ئەو نەستییە دەربهێنێ ناتوانێت لەگەڵ واقیعدا مامەڵەیەکی دروست و هەستیانە ئەنجام بدات. هونەرمەند و ئەدیبانیش لەژێر بارە چەپێندراوەکاندان و نیشانەکانیان هەمان ئەو نیشانانەن، کە فرۆید رەگەکەیان بۆ مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتیو بەردەوامی قۆناغی منداڵی دەگەڕێنێتەوە. ئەوەی فرۆید ئەدیب لە نەخۆش جیا دەکاتەوە ئەوەی ئەدیب هەوڵ دەدات لەڕێگای میکانیزمی بەرگری، لەوانە بەرزکردنەوە و باڵا بوون (التسامیو التسعید) خۆی بخاتە شوێن کەسانی ئاساییو هاوشێوەی خەون، کە ئەدەب و خەون گوزەرێکن لەڕێی خەون و کاری ئەدەبیدا بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ یان بەشێوەی هێما بارە چەپێنداوەکان دەخەنە ڕوو.

فرۆید بەپێی لایەنە تیۆرییەکانی خۆی لەو ڕوانگەیەوە شیکردنەوەی بۆ کارە ئەدەبییەکان دەکات. هەرچەندە فرۆید لە بارەی تێڕوانیینەکانی بۆ داهێنان و ڕاڤەی کاری ئەدەبی زیاتر لە پاڵنەر و تەوەرەی سێکسدا دەسووڕایەوە، کە فرۆید لەگەڵ ئەو هەموو توانستانەی زیاتر لەو گۆشەیەوە تووشی ڕەخنەگرتن و تاوانبارکراوە، بەزیادەڕۆیی لە تەوەرەی سێکس، لەلایەن خودی خوێندکارەکانی خۆی بەر پەرچی درایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەمان لا ڕوونە دامەزراندنو هاتنەکایەی تیۆری تازەو بیرورای جیاوازتر لە فرۆید بە تایبەتی ئەوانەی قوتابی فرۆید بوون و ئەوانەش کە بە فرۆیدەوە کاریگەر بوون لەسەر ڕێڕەو و ڕێچکەی تیۆرەکەی فرۆید گەشەیان کردو، تائێستاش کاریگەری خۆیی بەسەر بۆچوون و تیۆری قوتابخانەکانی دەروونزانی هەرماوە.

لەوانە ئەدلەرو یۆنگ هەمان پەیرەوی نەستیان گرتەبەرو بیروڕای خۆیان خستەسەر بۆچونەکانی فرۆیدو، هەروەها بۆچوونی تایبەت بەخۆیان دەربڕی. زۆر لەو نووسەرو ڕەخنەگرانەی، کە شوێن پێی فرۆیدیان هەڵگرت، لەگەڵ ئەو خوێندکارانەش کە لێی جیابوونەوە لێکدانەوەی کاری ئەدەبی و بۆچوونەکانیشیان سەرەتایەکی گرنگ بوون، لە هاتنەکایەی ڕەخنەی دەروونی کە لەسەر کۆڵەگەی بۆچوونە دەروونییەکانی فرۆید دامەزران.

ئەوەی کە فرۆید وەك چەمك و تیۆرێکی دەروونزانی دەیخاتە ڕوو لەلایەنێکی دەروونییە بۆ ئەدەب و ئەدیب و هونەر بەگشتی لە دەرخستنی پێوەندییەکانی نێوانیان، دەکرێ بپرسین چ پێوەندییەك هەیە لەنێوان ئەدەب و ئەدیبدا؟ ئەو پێوەندییەی کە ئەدیب

هەیەتی بە ناوەرۆکی ئەدەبەکەی سەرچاوەی ئەو پەیوەندییە چییە؟ هەموو ئەوانەی تووشی گرژی دەروونیو نەخۆشی دەمارییەکان هاتوون بۆچی نابنە هونەرمەند یان ئەدیب؟ ئەو سەرچاوانەی کە لە کەسێکی ئاسایی جیادەکەنەوە چین؟ ئەو ئاڵۆزییەی لە پرۆسەی داهێناندا هەیە، لە ڕوانگەی دەروونشیکاریدا چۆن ڕوونکراوەتەوە؟ هەموو ئەو پرسیارانە و زیاتریش ڕوو دەکەنە تیۆری دەروونشیکاری فرۆید و یاوەرەکانی، چونکە گەلێك لە هونەرمەندان تووش بوون بە نەخۆشی دەمار گرژی و نەخۆشی دەروونیو نیشانەکانی گرژی دەروونی لە هونەرمەند و ئەدیبان، ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کەوا بۆچی کەسانی ئاسایی نابنە هونەرمەند یان ئەدیب، یاخود سەرچاوەی زیرەکی ئەدیبان لەگەڵ هونەرمەندان چییە؟ لە کاتێك نیشانەکانی گرژی دەروونی لە هەردووکیاندا هەیە، لە هەمان کاتیش کەسانی نەخۆش و دەمارگرژ چۆن دەتوانن بەو شێوەیە داهێنان بکەن، کە خاوەن نەخۆشی دەروونی و دەمارییەکان دەبنە مرۆڤی دواکەوتوو خاوەن نیشانەکانی تێکشکاندن؟.

ڕەخنەگران لەمیتۆدی شیکردنەوەی دەرووندا بیروڕای جیاوازیان هەیەو هەندێکیان لەو بڕوایەدان دەروونشیکاری میتۆدی کاریگەر بووە، بۆ دەرخستنی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هونەرمەند و کەسێتی هونەرمەند، بەڵام هەندێکی دیکەیان لەو بڕوایەدان دەروونناسەکان نەیان توانیوە ئاڵۆزی پرۆسەی داهێنان شیبکەنەوە، بەڵکو ئاڵۆزتریان کردووە لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەڕاستیو جەوهەری پرۆسەی داهێنان دوورکەوتوونەتەوە(١٤٦).

ئاڕاستەی مرۆیی (الاتجاه الانسانی) بۆ داهێنان، کە (فرۆم ، ماسلۆ، روجرز) نوێنەرایەتی دەکەن لەگەڵ بیروڕای فرۆید جیاوازن، کە بەلایانەوە سەرچاوەی پاڵنەری داهێنان ململانێیە(١٤٧)، هەروەها فرۆم، ماسلۆ، روجرز...هتد پێوەندی نێوان نەخۆشی ژیری (المرض العقلی)و داهێنان بە پێچەوانەی دەبینن(١٤٨). هەرەوها سامی الدروبی لە کتێبی (دەروونزانیو ئەدەب/ العلم النفس والادب)دا زیرەکی داهێنان وخوڵقاندن لە

---

(١٤٦) ڕۆشنا ئەحمەد (ئا)- داهێنان لەڕوانگەی چەند تیۆریەکەوە، ل ٧٧.

(١٤٧) الکسندرو روشکا- الابداع العام والخاص، ت/ د.غسان عبدالحی ابوفغر، عالم المعرفة (١٤٤)، سلسلة کتب شهریة یصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب، الکویت، ١٩٨٩، ص٢٧.

(١٤٨) نفس المصدر، ص٨١.

بۆچوونی تیۆری دەروونشیکاری، کە پەیوەستن بە ڕەمەکی چەپێندراوی سێکسی بەبێ بەڵگە دەزانێت، کەوا دەروونشیکاری ناتوانێت بەڵگەی ئەوە بسەلمێنێت کەوا ژیانی سێکسی ئەدیب و چەشنی گرێی ئۆدیب سەرچاوەو چاوگەی زیرەکیی داهێنانە لە هەمان کاتیش دەروونشیکاری دەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کەوا شوێنەواری ئەدیب دەربڕینە لەو گرێ ئۆدیبە و ناشتوانێت قەرەبووی ئەو بێبەش بوونە بە هونەر و ئەدەبەکەی بکات[١٤٩]، سامی ئەدروبی لەکۆتایی بۆچوونەکاندا دەڵێ: ((دەروونشیکاری ناتوانێت شتێکمان پێ بڵێ لەبارەی زیرەکی هونەری یەوە، بەڵام دەتوانێت ئەوەمان بۆ بدۆزێتەوە کە پەیوەندی نێوان کەسێتی ئەدیب و کارە ئەدەبییەکانیدا هەیە))[١٥٠]، کەواتە قسەکردن لەسەر سەرچاوەکانی داهێنان و پرۆسەی شیکردنەوەی داهێنان لە ڕوانگەی فرۆید و یاوەرەکانی هێڵێکی جیاواز دروست دەکات لە نێوان بۆچوونی دەروونشیکاری.

یۆنگ کاتێ باس لە بوونی نەستی کۆ دەکات دیسان گەڕانەوەیە بۆ بوونی نەستو ئەزموونکردنی هەموو ئەو شتانەی، کە پێوەندی بە نەستی هەموومانەوە، هەیە لە لایەکی دیکەش بەرانبەر بەو بۆچوونە سێکسیانەی فرۆید وەستاو هەنگاوێکی تازەی بڕی لەتیۆری دەروونشیکاریدا.

هەروەها ئەدلەریش لەمەڕ گرێی هەستکردن بەکەمی حەزوخولیاکانی داهێنەر گەڕاوەتەوە بۆ ئەو گرێیەی سەردەمی منداڵی لە هەستکردن بەکەمی هەموو ئەو بیروڕا جیاوازانەی، کە لە سەر تیۆری دەروونشیکاریدا قسە دەکەن، سەلماندن و نیشاندانی بایەخی داهێنان و هەموو ئەو پێوەندییانەیە، کە لە نێوان کەسێتی نووسەر و ناوەڕۆکی کاری ئەدەبیدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا (دەروونشیکاری)بووە سەرەتاو دەروازەیەك بۆدروستبوونی قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی ئەویش ڕەخنەی دەروونییە، وێڕای ئەمەش کاریگەری لەسەر دروستبوونی ڕێبازە ئەدەبییەکان و نووسەران و هونەرمەندان نواندو بە شێوەیەکی بەربڵاویش سەلماندو تا ئێستاش لەنێو بۆچوونە ڕەخنەیەکاندا دەروونشیکاری بوون و بەردەوامی هەیە .

ئەوەی کە پاڤلۆڤ و یاوەرانی دەیخەنە ڕوو، وەك لایەنی زیرەکیو چالاکی سیستەمی کۆئەندامی دەمار و قسەکردن لەسەر داهێنان و کەسێتی داهێنەر لە پەیوەستبوونی بە

---

(١٤٩) د. سامی الدوری- علم النفس والادب ، ص٢٥١ – ٢٥٢ ٠

(١٥٠) نفس المصدر، ص٢٥٢ ٠

بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییەکان و بەستنەوەیان بە توانست و زیرەکی داهێنەر، لە پاڵ ئەمەشدا شۆڕبوونەوە بۆ ناخی بە کەسێتی داهێنەر و دەرخستنی هۆکارە ناوەکیو دەرەکییەکان پەیوەستە بە بارە دەروونییەکان لە هاتنە کایەی پرۆسەی داهێنادا ، زیاتر ئەرکی ڕەخنە گر قورستر دەکات، چونکە پرۆسەی داهێنان خۆی دەبێتە دیاردەیەکی ئاڵۆز، ڕەنگە ئەو ئاڵۆزییەش پەیوەست بێ بەو مەسەلانەی، کە هێشتا ئاڵۆز و نادیارن، لە لایەکی دیکەوە هەبوونی بیروڕای جیاواز و دژیەك لە خستنەڕووی بۆچوونەکانیان ڕۆڵیان لە ئاڵۆزکردنی پرۆسەی داهێناندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو بۆچونانە دەبنە بەشێکی گرنگ بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکان لەنێوان کەسێتی داهێنەرو کاری ئەدەبی و هونەریدا.

# بەشی دووەم

## چەند جەمسەرێکی دەروونشیکاری

## أ ـ پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونشیکاری چەمکی دەروونشیکاریو ئەدەبی دەروونی

ئەو گەشەو گۆڕانانەی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە ڕوویاندا لەگەڵ دروستبوونی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا، لە بوارەکانی مەعریفەدا گەشەو گۆڕانێکی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی، ئەگەرچی هەموو زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەکان بە لقو بەشە جیاجیاکانەوە لەسەرەتای مێژووی زانستەکانەوە، لەنێو بازنەی فەلسەفەدا بوون، ڕووکەشیو سادە فەلسەفە زۆربەی زانستەکانی لەباوەش دەگرت، لەگەڵ ئەو بەرەو پێشچوون و گۆڕانانە بە شێوەیەکی گشتی تەکانێك درایە بەر بازنەی فەلسەفەو، زانست و لقەکانی لێ جیاکردەوە. زانستی دەروونی یەکێکە لەو زانستانەی، کە تەکانێکی گەورەی پێدراو بەر ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی سەدەی نۆزدەو بیست کەوت. وردە وردە لە زانستی دەروونیدا لقی جیاجیاو قوتابخانەی تازە دەرکەوتن، لەوانە دەروونشیکاری کە تایبەتمەندی خۆی لە زانستی دەروونیدا وەرگرت، سەرەتا شیکردنەوەی دەروونی وەك لایەنێکی زانستی لە پانتایی زانستی پزیشکییەوە گەشەی کردو دواتر لە بواری دەروونزانیدا شوێنی خۆی گرت و تەکانی گەورەی دایە زانستی دەروونزانی، هەروەك لە کارەکانی فرۆیدو ئەدلەردا دەردەکەوێت، کە ئەوان لە سەرەتای کارەکانیاندا پسپۆڕی پزیشکی بوون، دواتر خۆیان خزاندە نێو زانستی دەروونییەوە، سەرەتا لەو ڕێگایەوە گەشەیاندایە زانستی دەروونشیکاری، زانستی دەروونشیکاری لە بنەرەتدا ڕێگایەکی چارەسەرسازە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی گرژی دەروونی[١٥١]، قوتابخانەی دەروونشیکاری ((شۆڕشێکی گەورەبوو لەسەر دەستی فرۆید لە دژی پزیشکی جەستەیی (الطب الجسدي) هەڵگیرسا))[١٥٢]، دەکرێ ئێمەش بڵێین لە نێوان قوتابخانەکانی

---

(١٥١) د. كمال نشأت- فی النقد الادبي دراسة وتطبيق، ص٨٠.

(١٥٢) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٦٩.

دەروونزانیدا ((شیکردنەوەی دەروونی بە دیارترین قوتابخانە دادەندرێت، لە قوتابخانەکانی دەروونزانی))[153]، پێویست وابوو، کە مرۆڤ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە سەیر بکرێت.

بە بڕوای مارکس مرۆڤ دەبێت وەك بوونەوەرێك سەیر بکرێت، نەك تەنها لەڕووی بایۆلۆژی تویکاری و فسیۆلۆژییەوە، بەڵکو لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە[154]، جیاکردنەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان لە نەخۆشییە جەستەییەکان هەنگاوێکی گرنگ بوو لە بەرەو پێشچوونی دەروونزانیو سەرەتایەکی گرنگ لە دەروونشیکاری، هەروەها بە لای فرۆید ((شیکردنەوەی دەروونی دیمانەیەکە لە زانستی دەروون و ڕێبازێکە لە چارەکردنی شڵەژاندنە هۆشیو دەمارگیرییەکان))[155]، چونکە دەروونشیکاری وەك پێویستییەکی بەردەوامی ژیان لەگەڵمان دەژیێت و لایەنێکی پێویستە لە هەبوونماندا.

دەروونشیکاری شۆڕشێك بوو، کاریگەریەکی زۆری هەبوو بەسەر بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان لە ئەدەب و هونەر و ئاین و پەروەردەو دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان. هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرن بە زانستی دەروونی فرۆید[156]، چونکە دەروونشیکاری بەرەو قووڵایی دەروونی مرۆڤ شۆڕدەبێتەوە بە ((سایکۆلۆژیای قووڵایی ناودەبرێت، چونکە گرنگییەکی زۆری بە قووڵایی نەستی مرۆڤ داوە))[157] قوتابخانەی دەروونشیکاری زیاتر جۆرە مامەڵەیەکی دەروونیانەیە لەسەر نەست و سێکس و دابونەریتییەکانی کۆمەڵ، هەروەها پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵیەتیو سروشتی مرۆڤایەتی...هتد ئەنجام دەدا.

زانستی دەروونشیکاری بە شێوەیەکی بەربڵاو باڵی کێشاوە بەسەر بیر و کارەکانی ڕۆژانەی خەڵك، بەدەر لە شارەزایان و بێ پسپۆری لەو زانستە سوودمەندن، دەروونشیکاری ڕۆژانە لەگەڵیان دەژیت، چونکە ((شیکردنەوەی دەروونی، وەك میتۆدێك پەیوەندیەکی پتەوی هەیە

---

(١٥٣) مجموعة من الكتاب- اسس علم النفس العام، دارالطباعة الحديثة، (ب- س)، ص ٣٤.

(١٥٤) ئەریك فرۆم- چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و/ئارام جەمال سابیر، چا/ چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٣.

(١٥٥) د.عەبدولستار **طاهیر** شەریف- قاموسی دەروونزانی "ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی"، چ/ یەکەم ، چا/ علاء، ١٩٨٥، ل١٦٣.

(١٥٦) کالفن. س. هول- مبادئ علم النفس الفروید، ت/ دحام الكيل، ط/ الثانية، مكتبة بغداد، بغداد، ١٩٧٣ ، ص ١٨.

(١٥٧) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی - سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٧٠.

لەگەڵ هەنووکەدا، جگە لەوەش کێڵگەیەکی کارکردنە لە ڕابردووی مرۆڤدایە، بەڵام هەوڵەکانیشی بۆ تێگەیشتنی ئێستایە))(١٥٨).

(فرۆید) "١٨٥٦-١٩٣٩"ئاڵا هەڵگری گەشە و پێشڕەوی سەرەتای ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت، بیروبۆچونەکانی بەردەوامیان هەبوو، بە درێژایی لێکۆڵینەوە و سەرنج و تێبینییە تیۆرییەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردەوە، تاوای لێهات بووە دیارترین پێشەنگی دەروونشیکاری، وەك ڕابەرێکی ئەم مەیدانە لە درێژەی بەردەوامی کارەکان و سەرەنجەکانی توانی کاریگەریی خۆی بنوێنێ و کۆمەڵێك خوێندکاریش بەدەوری خۆی کۆکاتەوەو سەرنجیان ڕابکێشیێو دواتریش لێی جیاببنەوە لە هەندێ بیروبۆچونیاندا پابەندی ڕێچکەی فرۆید بوون و لە هەندێکی دیکەشدا دژی وەستان، وێڕای ئەمەش بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەبوو لەوانە (کارل یونگ) "١٨٧٥-١٩٦١"، (ئەلفرید ئەدلەر)"١٨٧٠-١٩٣٧"، (کارن هورنی) "١٨٨٥-١٩٥٢" ،(ئەریك فرۆم) ، (مۆنز) ، (ئۆتۆرانگ).... هیتد.

بەڕاستیش ((هیچ میتۆدێك هێندەی دەروونشیکاری، تەفسیرو ڕاڤەکردنی جیاوازو هەمەڕەنگی بەرهەم نەهێنا: ناوی ئەدلەر، ڕایش، ئەریك فرۆم، مارکویز، تا دەگاتە جاك لاکان بەسە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگی میتۆدەکانی فرۆید ئاشکرا بکات))(١٥٩) سەرەڕای دامەزراندنی کۆڵەگەیەکی توند لە بینای دەروونشیکاری دانانی بناغەی تیۆری دەروونشیکاری، وەك میتۆدێك ((کەم میتۆدیش هێندەی دەروونشیکاری بوارە جیاوازەکانی بیری مرۆڤایەتی ناچارکردووە بڕێکی زۆر لە چەمك و زاراوەکانی بەکاربهێنێ)) (١٦٠) فرۆیدو قوتابییەکانی لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە کاریگەریان بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا بووەو شیکردنەوەیان بۆ کارە ئەدەبییەکانیش کردووەو لەمەڕ داهێنانی ئەدەبی بیر و بۆچوونی خۆیان هەبووەو، لە هەمان کاتیشدا کارە ئەدەبییەکان ببوون بە پێگەیەك بۆ پتەوکردنی بیروڕاکانیان لەبارەی دەروونزانی سوودی دوولایەنەیان هەبووە، چ لە خستنەڕووی شیکردنەوەکەی خۆیان بۆ ئەدەب و سوود وەرگرتنیان لە

---

(١٥٨) توانا عوسمان حەمەد- فرۆیدی ڕەشبین و میتۆدی شیکردنەوەی دەروونی، گ/ ڕامان، ژ/١١، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢٩.

(١٥٩) سەردەم- دەروازەیەك بۆ ئەم فایلە، گ/ سەردەم، ژ/٩، ٢٠٠٠، ل١٣٤.

(١٦٠ ) سەرچاوەی پێشو، ل١٣٤.

چەمك و واتاكان، چ لەوەی ڕێگای تازەیان بۆ شیكردنەوەی ئەدەب لە ڕوانگەی فرۆید و فرۆیدییەكان خۆشكرد، لە پاڵ ئەمەشدا لەزۆر لە بوارەكانی ژیاندا كاریگەری دەروونشیكاری دەركەوت. ((هەموو ئەو كەسانەی كە دەنووسن و كتێبان دادەنێن، شانۆ نووسان، ئەوانەی وێنە دەكێشن ئەو كەسانەی لە قوتابخانەكان مامۆستاو كارگوزارن، یان لە خەستەخانەو بەندیخانەكاندا كاردەكەن هەموو ئەوانە بەشێك لەو پیاوە مەزنە فێربوون.. ئەو پیاوەی ڕێچكەیەكی بۆناو عەقڵی ناوەوەو پەنهانی مرۆڤ كردەوە)) (١٦١).

بەلای فرۆیدەوە وەك لە كتێبی (ژیانم و دەروونشیكاری)یەوە باسی لێوە دەكات تیۆرەكانی بەرگری و چەپاندن و نەستیو بەهای ژیانی سێكسی لە شیكردنەوەی نەخۆشیو گرنگی زانیاری منداڵی بریتیین لەو ڕەگەزە سەرەكییانەی، كە تیۆری دەروونشیكاری لەسەر دادەمەزرێت(١٦٢)، بەمەش فرۆید لە ڕوانگەی تیۆر و چەمكەكانیدا هەوڵی ڕاڤەی شیكردنەوەی كاری ئەدەبی دەدا.

## ڕەوتی مێژوویی كارەكانی فرۆید لە شیكردنەوەی دەروونیدا

فرۆید وەك داهێنەری قوتابخانەی دەروونشیكاری، بۆچوون و تیۆرییەكانی بوونە شاباڵی زانستی دەروونزانی و كاریگەری خۆی نواند لەسەر تەواوی زانستەكانی دیكەی مرۆڤایەتیدا.

لە نێو تیۆرەكەیدا فرۆید لە بواری دەروونزانیدا توانی ببێتە خاوەن داهێنان و لێكۆڵینەوە لە چەندین چەمكی دەروونیدا ، بە واتایەكی تر فرۆید ڕۆڵی گرنگی بینی لە هێنانەدی ئەو چەمك و هێمایانەی، كە بەر لە فرۆید سیماو خەسڵەتەكانیان دیار نەبوون و ڕوونكردنەوەی زیاتریان دەویست، وەك بیردۆزەی نەست كە بەر لە فرۆید باسكرا بوو، بەڵام فرۆید زانیاری زیاتری خستە سەرو تیۆرەكەی دارشت، هەروەها دەست نیشانكردنی سیما بنەڕەتییەكان گرێی ئۆدیب و قۆناغی چەپاندن و... هتد ((تا وەكو ئێستا هیچ زانایەكی تری وەك ئەو نەیتوانیوە

---

(١٦١) كارل كریسچن- خەونەكان لەكوێوە سەرهەڵدەدەن ؟، و/شێرزاد حەسەن، گ/سەردەم، ژ/ ٩، ٢٠٠٠، ل٧٦.

(١٦٢) فروید- حیاتي والتحلیل النفسي، ت/ مصطفى زیور و عبدالمنعم الملیجي، المؤلفات الاساسیة في التحلیل النفسي، دار المعارف بمصر، (ب- س)، ص٤٧.

بەو شێوەیە باس لە زۆر بابەتی گرنگ و بڤەی وەك"سێکسی، ئایین، سروشت، مرۆڤایەتی، شەرخوازی، خەون..هتد"))[١٦٣] بکات.

فرۆید سەرەتا وەك پزیشك لە لێکۆڵینەوە سەرەتایەکانی لە (بڕبڕەی پشت/ درکە پەتك)و و دواتر کارکردن لە کۆئەندامی دەماری ناوەندی مرۆڤ (الجهاز العصبی المرکزی)، پسپۆری خۆی لە نەخۆشییەکانی دەمارگیری لە ڤیەننا لە ژێر کاریگەری (برۆك) پەیدا کرد، کە فرۆید خۆی بە قەرزاری دەزانێت[١٦٤] ، وەك خولیاییێکی فرۆید لە گەڕان بە دوای زانیاری، فرۆید لە ساڵی (١٨٨٥)دا لە فەرەنسا دەستی بە خوێندن و گەڕان کرد ، ئەمەش کاریگەری تایبەتی خۆی نواند بەسەر گەشەکردنی بیرە سەرەتاییەکانی فرۆید، بە تایبەتی لەگەڵ شارکۆ، کە فرۆید لە کتێبی (ژیانم و شیکردنەوەی دەروونی) باسی (شارکۆ) دەکات، کە لە ژێر کاریگەری ئەو دابووە[١٦٥].

فرۆید وەك دۆستێکی نزیکی شارکۆ لە سوود وەرگرتن لە خەواندنی موگناتیسی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی هستریا سوودمەند بوو، هەروەها لەگەڵ برۆیر ماوەیەکیش بەیەکەوە کاریان کرد، لە ژێر کاریگەری برۆیریش هاوشانی شارکۆ، ((لە ساڵی **١٨٩٣** برۆیر و فرۆید پێکەوە بۆ یەکەم جار توێژینەوەیەکیان بڵاوکردەوە، دوای ئەویش بە دوو ساڵ کتێبی (توێژینەوەی هستریا — دراسە الهستریا) یان بڵاوکردەوە، هەر لەو کاتەدا بوو، کە فرۆید توانی لە نهێنییە شاراوەکانی نەستی (اللاشعور) کەمێك شارەزابێت))[١٦٦]، کارکردنی فرۆیدو (د.جۆزێف برۆیر) لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەیان لە بارەی توێژینەوەی هستریا لەبارەی ڕێگە تازەکەیان، کە بە جۆرێك لە خەواندن و دواندن ناسرابوو[١٦٧] . گرنگترین شت لەو کارە سەرەتایانەی فرۆید ئەوەبوو کەوا نەخۆشی هستریا

(١٦٣) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی - سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٦٩.

(١٦٤) فرؤید- حیاتي والتحلیل النفسي، ص١٦ ٠

(١٦٥) نفس المصدر ، ص١٩ ٠

(١٦٦) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی - سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، ل٧٢.

(١٦٧) شوکرسلێمان (ئا)- ئاوردانەوەیەك لەتیۆری شیکردنەوەی دەروونی لای فرۆید، گ/ کاروان، ژ/١٩٩٩،١٣٥، ل٥٥-٥٦.

پێوەندی بە لایەنێکی نەستییەوە هەیە، سەرەتای دۆزینەوەی هێزی شاراوەی نەست خاڵێکی وەرچەرخانی ژیانی فرۆید بوو لە کارەکانیدا .

بە دوایەکداهاتنی ئازاد (التداعی الحر) (free association) لە قۆناغێکی دیکەی کارەکانی فرۆید بوو، دوای وازهێنانی لە خەواندنی موگناتیسی لەگەڵ برۆیر، بەکارهێنانی ئەو ڕێگایە شێوازێکی ئازادانە و سەربەستانەیە لە دەربڕینی هەرچی لەناخی نەخۆشدا هەیە، لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی خەون قۆناغێکی دیکەیە لە کارەکانی فرۆید لە دەرخستنی شتە شاراوەکانی لە ناخی مرۆڤدا، کە پێوەندیان هەیە بە گرژی دەروونی بە مەبەستی دەرخستنی ئەودیوی نەست ((خەون لای فرۆید دەروازەیەکی دیکەی تاقیکردنەوەیەو پاش ئەوەی لەسەر چەند نەخۆشێك خەونی وەکو بەشێك لە دیاردەی دەروونی ناساند، هەر ئەم ڕێگەیەش بەشێکی گەورەی تیۆری شیکردنەوەی دەروونی پێکهێنا))(١٦٨).

دەرەنجامی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی خۆی لە نووسین و سوود وەرگرتن لە تیۆرە سەرەتاییەکانی پێش خۆی و تێبینییە کلینیکیەکان و لێکدانەوەی کاری ئەدەبی فرۆید توانی کۆمەڵێك لەو چەمك و تیۆرانە بناسێنێ، لەوانە (وزەی لیبودۆ و قۆناغەکانی گەشەی سێکسیو گرێی ئۆدیب و چەپاندن و نەست و ململانێی دەروونیو میکانیزمەکانیو...هتد) بەمەش توانی پانتایەك بۆ ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بڕەخسێنێ بە تایبەتی لە لێکدانەوەی کاری ئەدەبیی و وەك هەنگاوێکی سەرەتاو قۆناغێکی تازە بۆ ڕەخنەی دەروونی و چیرۆکی دەروونی و قووڵبوونەوەی نووسەران لە پانتایی چیرۆك و بەرهەمەکانی دیکەی ئەدەبیو هونەری، بۆ خستنەڕووی زیاتری بارە دەروونییەکان کە تا ئێستاش بۆچوونە تیۆرەییەکانی فرۆید لە نێو ڕەخنەی دەروونیدا بوون و بەردەوامی هەیە، ئەو کارە ئەدەبیانەی کە لە بواری ئەدەبیدا کردوویەتی ئەمانەن(١٦٩).

- ١٩٠٧ هەڵچوون و خەونەکانی گرادیڤا جۆنسۆن.
- ١٩٠٨ ئەفراندنی ئەدەب و زیندە خەونە، باشترین ناونیشان بریتییە لە شاعیرو ئەندێشە لە چوارچێوەی کتێبی چەند وتارێك لە دەروونشیکاری پراکتیکی.

---

(١٦٨) هەمان سەرچاوە، ل٥٦.

(١٦٩) چان بیلمان نۆیل- دەروونشیکاریو ئەدەب ، و/، ئاوات محەمەد، گ/ ئایدیا، ژ/٥-٦، ٢٠٠٥، ل١٩٥-١٩٦.

- ١٩١٠ یادەوەری مندالّی لیۆناردۆ داڤینشی
- ١٩١٣ دەرکەوتەی سێ قوتوەکە (هەڵبژاردنی قوتو) لەناو داندراوی چەند وتارێك سەبارەت بە دەرونشیکاری پراکتیکی .
- ١٩١٤ موسا میشل ئانج لەنێو کتێبی چەند وتارێك سەبارەت بە دەروونشیکاری پراکتیکی.
- ١٩١٤ چەند نموونەیەك لە مۆرکە دەرهاوێژراوەکانی لایەنی دەروونشیکاری لە چوارچێوەی چەند نووسینێك سەبارەت بە دەروونشیکاری پراکتیکی.
- یادەوەری لە مندالّی لە ناوdlehtonaund wahrheit بۆ گۆتە ١٩١٧ لە ناو (کتێب چەند وتارێك سەبارەت بە دەروونشیکاری پراکتیکی).
- ١٩١٩ سەرسوڕمانی و تەوکێخەر و لە ناو کتێبی چەند وتارێك سەبارەت بە دەروونشیکاری.
- ١٩٢٨ لە دستۆیفیسکیو بکوژی باوانی نووسەر.

بەمەش فرۆید لە قوولّبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەکاری ئەدەبیوهونەری دابڕاونەبووە، بەشێوەیەکی وا، کە هاوشانی لێکۆڵینەوە لە چەمکە دەرونییەکان، وەك تەوەرەیەکی گرنگ لە لێکۆڵینەوەکانی، سەرنج و بایەخی داوەتە بەرهەمە ئەدەبیو کارە هونەرییەکان.

## بەیەکدا چوونی ئەدەب و دەروونزانی لە نێو ڕەوتی مێژووی ڕەخنەی دەروونیدا

پەیوەندی نێوان ئەدەب و دەروونزانی ڕیشەیەکی قوولّو دوورو درێژی هەیە، لەگەلّ سەرەتاکانی ئەدەب و دەربڕینە سەرەتایەکانیدا یەکانگیرە، ئەدەب وەك دیاردەیەکی دەروونی و ئەقلّی ڕەنگدانەوەی ناخی ئەدیبان و هونەرمەندانە، شتە هەلّقولاّوەکانی ناخو قوولاّیەکانی دەروونەو بەم پێیە لایەنی دەروونی شتێکی تۆکمەیە لە کاری ئەدەبیدا، چونکە ((شیعرو ئەدەبیات بزووێنەری دەروونییە کە لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی لەزەت و غەم و کاری تێدەکات و دەیوروژێنێ هەندێ جار وادەکات کە ئیرادەو کارێك ئەنجام بدات، ئەو مەسەلانەش دیسانەوە

کاری دەروونناسەکانە و بەو پێیەش شیعر و ئەدەبیات مەسەلەیەکی دەروونزانییە))[170]، هەروەك چون د.عادل گەرمیانی دەڵێ‌و ئێمەش هاوڕاین لەگەڵی کەوا، ((هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی کەم تا زۆر خاوەن ڕەهەندێکی دەروونییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باری دەروونی خاوەن بەرهەمەکە لە ئان و ساتی نووسینی دەقەکەیدا دەخاتە ڕوو))[171].

ئەرکی ڕەخنەگر لە بواری ئەدەبی دەروونیدا تەنیا خستنەڕووی کێشە دەروونییەکە نییە، بەڵکو ئەرکی سەرنجڕاکێشانی خوێنەری دەقەکەشە بەرەو جیهانی دەقەکە، ((کەواتە لە لێکدانەوەو راڤەکردنی سروشتی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەخنەگر بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو بواری دەروونزانی ڕادەکێشێت بۆ قسەکردن سەبارەت بە باری زەینی، کە داهێنانی ئەدەبی لێیەوە سەرچاوە دەگرێت))[172].

ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو ڕەوتی مێژوویی سەرەتاکانی ئەدەبدا بە دیدێکی سایکۆلۆژیانەوە دەڕوانێتە مێژووی ئەدەب، لە بۆچوون و دەربڕینەکانی ئەفلاتوون لەمەڕ پلەو پایەی شاعیران لەنێو کۆمارەکەیدا بیروڕاکانی خۆی دەردەبڕێ و بە درۆزنیان وەسف دەکات، هەروەها ئەفلاتون شاعیران واپیشان دەدات کە هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵ نەبووە و نابێت[173].

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکانی ئەرستۆش بە سەرەتایەکی گرنگ لەنێو ئەو ڕەوتە مێژووییە هەژمار دەکرێت، چونکە ئەرستۆ لە بەشی شەشەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە (هونەری شیعر)ە لەو پێناسەیەی، کە بۆ چەمکی تراژیدیا دەیکات وەك بۆچوونێکی تیۆریانەی خۆی لە بارەی تراژیدیا دەڵێ: ((ڕووداوی وای تێدایە کە بە (زەیی)و (ترس)

---

(١٧٠) عەبدولحوسێن زرین کوب- ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، و/ د. هیمدادی حوسێن، گ/ نوسەری نوێ، ژ/٢٨، ٢٠٠٥، ل٦٣.

(١٧١) د. عادل گەرمیانی- دەروونشیکاری و ئەدەبی دەروونی، گ/ ئاینده، ژ/٤٣، ٢٠٠٣، ل٣٤.

(١٧٢) دیڤد دیتش- مناهج النقد الادبي بين النظرية والتطبيق، ت/ د. محمد يوسف نجم، م/ د. احسان عباس ، دار صادر، بيروت ،١٩٦٧، ص٥٢٣.

(١٧٣) د.کامل حەسەن بەسیر- ڕەخنەسازی (مێژوو و پەیڕەوکردن)، چا/ کۆڕی زانیاری عێراق، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق ( دەستەی کورد)، بەغدا، ١٩٨٣، ل١٧.

دەرووژێنێ و بەمەش (پاکبوونەوەی) لەم دوو سۆزە دێنێتەدی))[١٧٤] پاکبوونەوە (catharsis) لە هەردوو رەگەزی بەزەیی و ترس لەو سۆزەی بەزەیی هاتنەوە بەرانبەر بە دیمەن و نمایشی تراژیدیاو شڵەژانی دەروونی لە ئەنجامی ترس لە ناخی دەروونندا دروست دەبێ و پاکبوونەوە بە ئاکام دەگات. ئەگەرچی لە پێش ئەرستۆ لە ڕوانگەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی ڕاو بۆچوون لە بارەی پاکبوونەوە نەبووە، بەڵکو لە ڕووی پزیشکییەوە واتە پزیشکی سادەو ساکاری ئەو سەردەمە دەناسرا[١٧٥] ، بەڵام لای ئەرستۆ بەشێوەی بۆچونێکی سەرەتایی ڕەخنەیی خۆی نواند.

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەو پێناسە کردنی لای ئەرستۆ مشتومڕێکی زۆری لەسەرە لە نێو نووسەران و ڕەخنەگران لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتایی ڕێنسانسیش ئەم چەمکە پێناسە کراو سەر لەنوێ دارشتنەوەی بۆ کراوە[١٧٦]، ئەمەش بایەخی چەمکی پاکبوونەوە دەردەخات لەنێو ڕەوتی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە هەڵگری پانتایەکی دەروونییەو مامەڵەیەکی دەروونیانەیە لەنێو بەرهەمی ئەدەبی (تراژیدیا) لە بەرانبەر بینەرو خوێنەراندا.

بۆچوونە سایکۆلۆژیەکەی ئەرستۆ، سەرنجی ڕەخنەگران و نووسەرانی ڕاکێشا لەوەی قسەیان هەبێت و دواتریش سەرنجی بەدواهاتنی ڕەخنەییانەی لێبکەوێتەوە، بە تایبەتی شاعیران لە ڕەوتی مێژووی ڕەخنەدا بۆ چوونەکانی خۆیان دەبنە وەسفێکی ڕەخنەیی.

(("کۆلدرج" هات و باسی سایکۆلۆژیەتی (ئەرستۆ)ی کرد و هەندێ لە بیروڕاکانی دیکارت‌و هۆبزی خستە سەری))[١٧٧] هەروەها شاعیران لە قۆناغی ڕۆمانتیکیدا نوقمی خەو و خەیاڵ بوون بە دوای جیهانێك دەگەڕان کە ڕاستەقینە بێت و خەون و خەیاڵەکانیان بێننە دی و ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان لایەنی دەروونی بەخۆیەوە گرتبوو، چونکە زیاتر خەمی ناخەوەی مرۆڤیان دەخوارد و زیاتر شەیدای هەستی خستنەڕووی هەستی ناوەوەی مرۆڤ بوون.

---

( ١٧٤ ) ئەرستۆ- هونەری شیعری (شیعرناسی)، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەو پێشەکی‌و پەراوێز عزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٧.

( ١٧٥ ) عەتا فایەق: کورتەیەك لەبارەی پاکژبوونەوە، گ/ڕۆشنبیری نوێ، ژ/١٣٢، ١٩٩٣، ل٣٥.

( ١٧٦ ) بەختیار سجادی و محەمەد مەحموود مەجید عەبدورەحمان- فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی "ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی "، بلاوکراوەی ئاراس، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٩٧- ٩٨.

( ١٧٧ ) مەجید عەبدولڕەحمان (ئا)- ڕەخنەی دەروونی ، گ/نووسەری نوێ، ژ/٢، ١٩٩٨، ل٨٣.

شاعیرانی ڕۆمانتیکی له شیعرەکانیاندا گوێیان به هیچ دەستوورێکی ئەدەبی نەدەداو هەروەها پشتیان به هیچ دەستوورێکی ئەدەبی نه دەبەست، له ڕووی تیۆرییەوه به ئارەزووی خۆیان شتەکانیان لێکدەدایەوەو، بێ بیرکردنەوه شیعرەکانیان دەردەبڕی، ئەمەش ئاماژەو دەلالەتێکی نەستی بوو نەك بلیمەتیان[١٧٨].

ڕۆمانتیکییەکان بایەخ به بواری دەروونی دەدەن له ڕەخنەسازیداو ئەم دیاردەیەش سەر به ڕەخنەی وەسفییه نەك لایەنێکی پێوانەیی لەڕەخنەدا[١٧٩].

شاعیر (وۆردز وۆرپ) وەك ڕەخنەگرێك به لەبەرچاوگراتنی لایەنی دەروونی له پێشەکی کتێبی (هۆنراوه لیریکییەکان) "القصائد الغنائیه"ی چاپی ساڵی ١٩٨٠ له خستنەڕوو و به دواداچوونی به ئاراستەی سروشتی شیعریی و چۆنیەتی کارکردنی شاعیر و پێوەندی شاعیرو زمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی شیعر لای وۆردزوۆرپ وەسفکردنی باری مێشکی شاعیرو جیاوازی شاعیر لەگەڵ کەسێکی تری ئاسایی وەسفکردنێکی دەروونزانیانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ناشێت خۆی شتێکی پێوانەیی بێت[١٨٠]، چونکه کاتێك (وۆردز وۆرپ) باس له پەیوەندی شیعر و شاعیر دەکات وەك پێوەندییێکی دەروونی باسی دەکات، نەك وەك لایەنێکی پێوانەییو پشت بەستن به تیۆرێکی دەروونزانی له هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شاعیراندا.

ڕەچاوکردنی ڕەهەندی دەروونی لای ڕەخنەگرە سەرەتاییەکان به شێوەیەکی گشتگیر دەبیندرێت له بەهەند وەرگرتنی لایەنی دەروونی، لەوانه ڕۆمانتیکییەکان ئەو لایەنه دەروونییه له بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دابووەوه هەرخۆشیان وەك لایەنێکی ڕەخنەیی لەنێو بەرهەمه ئەدەبییەکاندا ڕەچاوی ئەو لایەنه دەروونییەیان کردبوو ، لەگەڵ گەشه و بووژانەوەی زیاتری دەروونزانی کاریگەریەکانی خۆی نواند لەسەر ڕەخنەگران رەچاوکردنی باری دەروونی هونەرمەند و نووسەران ((ئەدەب به بەردەوامی مایەی سەرنجراکێشانی سایکۆلۆژیابووە، زیاتر له هەموو هونەرەکانی دیکه لەوانەیه ئەمه ڕێگایەکی تری سایکۆلۆژیی بێ، که گەشتێکی دلڕفێنی ڕۆمانتیکییه بۆ دەروون))[١٨١].

---

(١٧٨) خورشید رەشید ئەحمەد- ڕێبازی ڕۆمانتیکی له ئەدەبی کوردیدا، ل٣١.

(١٧٩) دیڤد دیتش - مناهج النقد الادبي بين النظرية والتطبيق، ص ٥٢٣.

(١٨٠) نفس المصدر، ص٥٢٤- ٥٢٦.

(١٨١) مجموعة من الكتاب - الادب وقضايا العصر مجموعة مقالات نقدية، ت/عادل العامل ، م/ يوسف عبدالمسيح ثروة، منشورات وزارة ثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٤٦.

بەپێی سەرەتاکانی گەشەی دەروونزانی و قۆناغەکانی دواتریش ئەدەب و دەروونزانی لەڕوانگە و ئامانجە جەوهەرییەکان یەکانگیرە، چونکە ((ئەدەب و دەروونزانی لەسەر یەك پەیڕەو دەڕۆن قسەکردن لەبارەی هەر بنەمایەك لە بنەماکانی "ئەدەب و ئەدیب - کاری ئەدەبی — خوێنەر"، پێویست دەکات قسە لەسەر بارە دەروونییەکان و ویژدانییەکان لەلایەن داهێنەر و خوێنەر بکرێت))[١٨٢] لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆری دەروونشیکاری لەسەر دەستی فرۆید و یاوەرانی، سەرەتایەکی گرنگ لە قوتابخانەی دەروونشیکاری دەرکەوت، لە پێناو ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکاندا لەو نێوەندەشدا ئەدیب دەبێتە ناوەندی ئەو بنەما بنەڕەتیانە لە ڕەخنەی دەروونیدا پشتیان پێدەبەسترێ، لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی فرۆید، کە پێشڕەوی ئەم ڕوانگەیەیە بۆ لێکدانەوەی ئەدەب و دواتر یۆنگ و ئەدلەر بەردی بناغەی بابەتی دەروونشیکاری لێکدانەوەیان دانا.

دەرکەوتن و گەشەی دەروونشیکاری لایەنێکی گرنگی ڕەخنەیی بوو لە هونەرو ئەدەبیاتدا چارلز برێسلێر دەڵێ: ((لەوانەیە باشتر وابێ ڕەخنەی دەروونشیکاری زیاتر بە ڕوانگەیەکی راڤەی ئەدەبی لە قەڵەم بدەین، تا قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕەخنەیی))[١٨٣].

ئەدەب لە پلەی یەکەمدا وەك دیاردەیەکی بایۆلۆژی دەروونی پێویستی بەوە هەبوو راڤەیەکی شیکارانەی بۆ بکرێت دوا بە دوای ئەو بۆچوونە دەروونیانەی، کە دەخرانە ڕوو بە شێوەیەکی وەسفی بوون.

ڕەخنەی ئەدەبی لە سەرەتای پشت بەستنی بە دەروونشیکاری لەو کاتەدا بوو، کە فرۆید لە ساڵی (١٩٠٠) (لێکدانەوەی خەونەکانی)ی نووسی، دوا بە دوای ئەمەش کاریگەریەکی بەرفراوانی نواند لەسەر هەندێ لە بیرمەندانی، وەکو یۆنگ و ئەدلەر شوێن پەنجەی ئەمانەش دیارە لە خستە ڕووی دەروونشیکاری بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، سەرەتایەکی گرنگ بوون لە دروستکردنی ڕەخنەی دەروونی و ناساندنی زیاتری چیرۆکی دەروونی و کاریگەر بوونی نووسەران و ئەدیبان و ڕەخنەگران بە بۆچوونەکانی تیۆری دەروونشیکاری، وێڕای ئەمەش هەندێ لەو ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبیانەی سەردەمی فرۆید کەوتنە ژێر کاریگەری بۆچوونە تیۆرییەکانی فرۆید.

---

(١٨٢) شكري عزيز الماضي - في نظرية الادب، ص١٣٣.

(١٨٣) چارلز برێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆ تیۆری، و/ عبدالخالق یەعقوبی، ل ١٦١.

ڕابەری دەروونشیکاری (فرۆید) لە بەستنەوەی کارە ئەدەبییەکان بە ژیاننامەی نووسەر، یان بە واتایەکی دیکە شیکردنەوەی کاری ئەدەبی بە پشت بەستن بە ژیاننامەی نووسەرو بەڵگەنامەکانی نووسەرو وێڕای بوونی کاریگەری و بەسەر داهاتنی زانیاری زیاترو دروستبوونی ڕێچکەی تازە لە قوتابخانەکانی رەخنەی نوێ‌و هاوچەرخ، تا ئێستاش بەشێك لە ڕەخنەگران پشت دەبەستن بە لێکدانەوەو شیکردنەوەکانی فرۆید ((فرۆیدو قوتابخانەی شیکاری دەروونی، بە تایبەتی یۆنگ و ئەدلەرو شوێن کەوتوانیان کاریگەری گەورەیان هەیە لە هێنانەدی جۆرێکی نوێ لە ڕەخنەی ئەدەبی سایکۆلۆژیا))[١٨٤].

جێی ئاماژەیە (سانت بیڤ و هیپولیت تین)ی نوێنەرانی ڕەخنەی ڕۆمانتیکیو کۆمەڵایەتی، لەگەڵ هەبوونی جیاوازی نێوانیان جەختیان کردۆتە سەر مێژوو و ژیاننامەی نووسەران[١٨٥]، توێژینەوە و بۆچوونە ڕەخنەییەکانی (سانت بیڤ/ ١٨٠٤ — ١٨٦٩) بۆ تێگەیشتن لە کاری ئەدەبی پەیوەست دەکات بە تێگەیشتن لە خودی نووسەرەکەی، ئەمەش ئاڕاستە کردن و هەوڵێکی رەخنەیی دەروونییە لەسەر بنچینەی کارکردن لە ژیاننامە.

### فرۆید و لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانو هونەرییەکان

یەکێك لەو سەرچاوەو کەناڵە سەرەکییانەی فرۆید، بریتییە لە سوود وەرگرتن لە لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکان بەتایبەتی شاکارە ئەدەبی و هونەریەکان)). بە یەکەم دەروونزانێك دادەندرێت خەریکی توێژینەوە و شیکردنەوەی داهێنان بووبێت لەڕووی کەسایەتی داهێنەرەکەوە بێت، یاخود شیکردنەوەی کەسایەتی پاڵەوانانی نێو بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەکانی داهێنەران))[١٨٦]، بە مەبەستی داڕشتنی تیۆری تازە و بە هێزکردنی بیروڕاکانی خۆی لەمەڕ ئەو چەمکانەی، کە فرۆید کاری لە سەریان دەکرد لە دەستنیشانکردنی سیماو خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەو چەمکە دەروونییانە، لەوانە (گرێی ئۆدیب و نەست و چەپاندنو گرژی دەروونی و ڕەمەکی سێکسی.... هتد) ئەگەرچی فرۆید وەك پزیشکێك خەریکی

---

(١٨٤) د.عبدالمنعم الحفني-علم النفس في حياتنا اليومية، الموسوعة النفسية، ط/الاولى، مكتبة مدبولي، مصر، ١٩٩٥، ص١٨.

(١٨٥) د.ابراهيم محمود خليل - النقد الادب الحديث من المحاكات الى التفكيك، ص٥٥.

(١٨٦) رۆشنا ئەحمەد(ئا)- داهێنان لەروانگەی چەند تیۆرەییەکەوە، ل٥٥.

لێکۆڵینەوەکانی بوو لە ڕوانگەی پزیشکایەتییەوە چووە ناو دەروونزانی، تا ئەو ئاستەی بە شابالّی زانستی دەروونشیکاری ناسرا، لە ڕێی نەخۆشەکانەوە سەرنجە سەرەتایەکانی خۆی کۆدەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوونی فرۆید لە هەوڵەکانیو خستنەڕووی تواناکانی خۆی بە مەبەستی پێداچونەوەو دۆزینەوەی لایەنی دەروونی زیاتر و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنو درزانەی کە پێویست بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی تیۆرو چەمکەکانی فرۆید لە لێکدانەوەو سەرنج خستنە سەر کارەکانی، بە تایبەتی هەڵسەنگاندن و کارکردن لە دەقی ئەدەبی هاوشانی کارکردنی لە نۆڕینگە(عیادە)کەی بەردەوام بوو.

فرۆید ئەدەبیاتی بە بەشێکی گرنگی بواری کارکردنی خۆی زانیوەو توانیویەتی دەست بخاتە نێو لایەنێکی شیکاری تازە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، وەك شیکردنەوەیەکی دەروونیانەو دەرخستنی هەندێ لەو چەمك و ڕاڤانەی وەکو گرێی ئۆدیب، کە پێشتر باسیان لێ نەکراوە هاوشانی تێبینییە کلینیکەکانی خۆی، گۆشە نیگاو دیدی نووسەرانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە خستۆتە ڕوو. ئەو کەشوهەوایەی سەردەمی فرۆید، نامۆ بوونی فرۆیدی دەرنەخستووە لە ئاست ئەو کەش و هەوا ئەدەبییە، بەڵکو ئاگاداری ئەدەبیاتی سەردەمەکەی و ئەدەبیاتی کلاسیکی بووە بە تایبەتی ئەدەبیاتی یۆنانی، چونکە فرۆید خەڵاتی (گۆتە)ی ئەدەبی وەرگرتووە وەك سەلماندنێکی ئەو هەناسە ئەدەبییەی کە لە بەرهەمەکانیدا دیارە، لەگەڵ ئەو بۆچوونە شیکارانەی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی کردووە[١٨٧] .

ئەدەب بە گشتی وەك دەربڕینێکی قووڵاییەکانی دەروونی، ئەو ڕەهەندە دەروونییە لە ئامێز دەگرێت دەبێتە سروشتی بەرهەمە ئەدەبییەکە، کە تێیدا دەروونزانەکان و ڕەخنەگران بەرەو بوارە دەروونییەکان ڕاکیش دەکات و لە ئانوساتی هەڵسەنگاندن لە گۆشەنیگایەکی سایکۆلۆژییەوە بەرهەم و ئاماژە و هێماکانی نووسەر دەخاتە ڕوو.

فرۆید یەکێك بوو لەو پێشەنگانەی توانی سەلماندنی ئەنجامەکان و لێکۆڵینەوەکانی خۆی لای ڕۆماننووس و شاعیران بدۆزێتەوە، وێڕای ئەمەش فرۆید زۆرجار لەگەڵ سەلماندنەکانی خۆی لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەگەیشتە ئەنجامێك، کە هەمان شت لای ئەدیب و هونەرمەندان هەن، بەوتایەکی تر لە هەردوو لایەنی لێکۆڵینەوە و ئاگاداربوونی دەقە ئەدەبیەکان، لە سەرنجداندان و لێکۆڵینەوەدا لە دەرونزانی و ئەدەبیات، هەمان دووپات بوونەوەی خۆیان دەسەلماند.

---

(١٨٧ ) کۆمەڵێ نووسەر، کۆمەڵێ وتار، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١٥١.

خەریکبوون بە کارە ئەدەبییەکان لای فرۆید، دەرچوون بوو لەو قۆناغە سەرەتاییانەی کە خەریکی کاری خەواندنی نەخۆشەکان بوو لەگەڵ هاوبیرانی وەکو (شارکۆو برۆیر) قۆناغێکی تازەبوو، دوا بەدوای دروستکردنی ئەو زەمینەیە کە بۆ نەخۆشەکانی دەرەخساند، لە دواندنی ئازادی دەربڕینیان بەبێ بیرکردنەوە لە گونجان و نەگونجانی شتە شاراوەکانی ناخیان، سەرەڕای ئەمانەش، فرۆید باوڕی وابوو کاری ئەدەبی تەوەرێکی گرنگی هەوڵەکانیەتی بۆ پتەو کردنی بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی لەمەڕ نەخۆشی گرژی دەروونی و ململانێی دەروونیو نەست و کاریگەریەکانی، سەرەنجامی ئەمانەش بووە هۆی قووڵبوونەوەو سوود گەیاندنی دوو لایەنە بە هەردوو زانستی دەروونزانیو ئەدەبی.

ئیرەج پور باقر لە وەرگێڕانی کتێبی (تەوتەمو تابۆی)ی فرۆیدا دەڵێ: ((فرۆید گەورەترین ئیلهامەکانی خۆی لە چیرۆکە ئەفسانەیەکەی ئۆدیبی پاشاوە وەرگرتووە))[188].

فرۆید چۆن خەون و ڕەمزەکانی خەونی کردە بەشێکی گرنگی ئەو ڕێچکەیەی، کە دەربڕی نەستین و لەپاڵ ئەمەش کارە ئەدەبییەکانیش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی نەستین ((لە سۆنگەی ئەوەی فرۆید پێی وایە دەقی ئەدەبی لە ڕاستیدا خەون و فانتازیای داهێنەرەکەیەتی، دەق بۆی هەیە، دەشێ وەك خەونێك لێك بدرێتەوە))[189] , شارەزابوونی فرۆید لە ئەدەبیات لەپاڵ ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەش فرۆیدی سەرسام کردووە لە دەربڕینی ئەو بابەتانەی کە ئەدیبان ورووژاندوویانە.

شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لای فرۆید، وەکو بایەخێکی سایکۆلۆژی ڕۆشناییێکی بەخشییە داڕشتنی تیۆری دەروونشیکاری فرۆید، چونکە بەرهەمی ئەدەبی ئەو سەرسامییەی خستبووە ڕوو، کە فرۆید بەلایەوە سەیر بوو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیەوە، هەمان دەرەنجام لای شاعیران و ڕۆماننووسان هەیە، هەر ئەوەش وای لە فرۆید کردووە، کە لە زۆر لە بڵاوکراوەو کۆڕ و کۆبونەوەکاندا دان بەو ڕاستییە بنێت ((خستنەڕووی ژیانی دەروونی مرۆڤ گۆڕەپانێکی تایبەتییە بۆ ڕۆماننووس، هەمیشە ڕۆماننووس پێش زانا کەوتووە، هەروەك بە شێوەیەکی تایبەتی پێش زانای دەروونزانیش کەوتووە))[190]، واتە هەندێ حاڵەتی دەروونی پێش زانایانی دەروونزانی باسکراوە لەدەقە ئەدەبییەکان.

---

(١٨٨) زیگمۆند فرۆید، تەوتەم و تاپۆ، و/ ڕەزا مەنۆ چهری، ل٩.

(١٨٩) چارلزبرێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆتیۆری، و/ عبدالخالق یەعقوبی، ل١٧٢.

(١٩٠) کۆمەڵێ نووسەر- کۆمەڵێ وتار، ل١٥١.

بەلای فرۆیدەوە نووسەران و هونەرمەندان خاوەن جۆرە توانستێکن لە خزمەتی دەروونزانەکان دان، بۆیە دەڵێت: ((نووسەران و هونەرمەندان توانای دیاریکردنی ناخ و حاڵەتە نائاگاییەکانیان هەیەو بابەتێکی دەروونی دەوڵەمەند دەخەنە بەردەستی سایکۆلۆجییەکان و یاریدەیەکی باشیان دەدەن))[١٩١] ئەو توێژینەوانەی فرۆید لەسەر هونەرمەندان و داهێنەرانی ئەدەبی ئەنجامی داون، هەڵی داوە بە هۆی ئەوانەوە ئەوە بسەلمێنێ، کە هۆکارە نائاگاییە سەرەتاییەکان دەبنە کاری داهێنان، نووسەر یان هونەرمەند وەکو نەخۆش بێزاری و نیگەرانی لادروست دەبێت لە ڕێگای میکانیزمی بالآبوون دەیەوێ ئەو ئازارو نەخۆشییانەی خۆی کە پاڵنەرە نەستییەکانن، ئەدیب دەریان دەبڕێت.

ئەو توێژینەوانەی کە فرۆید کردوونی لەسەر (ئۆدیب)ی پاشای سۆفۆکلیس و (هاملێت)ی شکسپیر، هەروەها (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆیفسکی ئەنجامی داون، یەکەم هونەرمەند یان ئەدیب کە فرۆید سەرنجی بۆ ڕاکێشاوە (سۆفۆکلیس)ە، کە کوشتنی باوك لە لایەن کوڕەکەی کە ناوی (ئۆدیب)ە شێوەیەکی درامی وەرگرتووە.

فرۆید لە میانەی شیکردنەوەی کێشەی (ئۆدیب)مەیلی خۆشەویستی دایك و مەیلی کوشتنی باوك دەردەخاتو[١٩٢] بە گرێی ئۆدیب وەسفی دەکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو وشەیە (ئەدیپۆس) بۆ وەسفکردنی ململانێی دەروونییە لە منداڵدا[١٩٣]، فرۆید بە مەبەستی مانەوەی خودی مرۆڤ و خۆ ڕزگارکردن لەو ئاستەنگ و شەپۆلانەی، کە ڕووبەرووی خود دەبنەوە میکانیزمی بەرگری دەروونی (چەپاند) دەبێتە ئارام بەخشینی کاتی بۆ خودی تاك، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کەوا چەپاندن میکانیزمێکە بۆ ڕزگاربوونی تاك لە گواستنەوەی پرۆسەی هەستی بۆ نەستی، بەڵکو دواخستنێك و مانەوەیەکی کاتییە و زیادبوونی حاڵەتی پشێوی چەپاندن لە ڕادەی خۆی زیاترە، کەوا مرۆڤ بە هۆیەوە توشی نەخۆشی گرژی دەروونی (العصاب) دەبێت، گرنگیو بایەخی (چەپاندن) بەلای فرۆیدەوە هەمە لایەنیە، لە لایەکەوە فرۆید چەپاندن بە بنچینەیەك

---

(١٩١) ڕۆشنا ئەحمەد- داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆریەکەوە، ل٥٧.

(١٩٢) مجموعة من كتاب- مدخل الى مناهج النقد الادبي، ت/د.رظوان ظاظا، م/المنصف الشنوفي، عالم المعرفة (٢٢١)، الكويت، ١٩٩٧، ص٧٥.

(١٩٣) د.ئای. شنایدر- التحليل النفسي والفن، يوسف عبدالمسيح ثروة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام العراقية، دارالحرية طباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص٨.

دادەنێت بۆ تێگەیشتن لە نەخۆشی گرژی دەروونی (العصاب)[١٩٤] لە لایەکی تر چەپاندن و نەست بە یەکەوە دەبن بە ڕادەیەکی زۆر بۆ زیاتر چوونە ناو قوولایی چەپاندن و وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەبارەی چۆنیەتی بەیەکدا هاتنی دەسەڵاتە دەروونییەکان و جیاکردنەوەی هەست و پێش هەستی، بەهۆی ئەو قووڵبوونەوەیە لە تیۆری چەپاندن[١٩٥].

لە لێکدانەوەی (هاملێت)ی (شکسبیر) بە مەبەستی خستنەڕووی گرێی ئۆدیب و کوشتنی باوك لە (هاملێت)ی (شکسپیر)دا شێوەیەکی دیکە وەردەگرێت، ئەویش کوشتنی مامی هاملێتە لە لایەن خودی هاملێتەوە لە شوێنی باوك، چونکە ئەو کوشتنەیەیە کەوا مامی هاملێت دایکی هاملێت دەخوازێ، واتە کوشتنی مامی ((جێبەجێ کەری ڕاستەقینەی ئارەزووە نائاگایەکانی سەردەمی منداڵییە))[١٩٦]، کە بە دڵە ڕاوکێی وشك ناودەبرێت.

ئەو بەرهەمانەی فرۆید هەڵیبژاردوون بە مەبەستی خستنەڕووی گرێی ئۆدیب و نائاگای ئەو بەرهەمانە بوون، کەوا زیاتر ڕەهەندێکی قووڵیان تێدایە، هێڵێکی یەکسانی ململانێیەکان لەخۆی گرتبێ فرۆید لە خستنەڕووی ڕۆمانی برایانی کارامازۆفی دیستۆیفسکی [*] فرۆید دەڵێ ((شوێن پایەی دیستۆیفسکی زۆر دوورنییە لە شوێن پایەی شکسپیر))[١٩٧] وێڕای سەلماندنی گرێی ئۆدیب لە (برایانی کارامازۆف) و کوشتنی باوك، فرۆید بەو ئاڕاستەیە دەروات کە هونەرمەند تووشی نەخۆشی گرژی دەروونی (العصاب) هاتووە و لە ڕێگای هونەرەکەیەوە لە ڕاستییەکان دەگات، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە فرۆید لەسەر دیستۆیفسکی

---

(١٩٤) فروید - حیاتي وتحلیل النفسي، ص٣٦

(١٩٥) سیغموند فروید- علم ماوراء النفس، ص٣٧.

(١٩٦) کۆمەڵێ نووسەر- کۆمەڵێ وتار، ل١٥٧

(*) دیستۆیفسکی پێشەنگی ڕۆماننووسی کلاسیکی رووسی بوو تەنانەت نەك تەنیا لەروسیا بەڵکو لە نێو ئەدەبیاتی جیهانیشدا، دیستیۆفسکی لەژێرکاریگەری پۆ شکین و گوگوڵ و بلزاك و ڤکتۆر هۆگۆ...هتد دیستۆیفسکی رێچکەیەکی گرتەبەر بۆقووڵ بوونەوە لەدەروون هەروەها لە دانانی نووسینە دەروونییەکانی کە بەشێوەیەکی جوان ڕاستی دەبەخشێت بەژیان یەکێکە لەپیشەنگەکانی ڕۆمانی دەروونی. بڕوانە: د.المکارم الغمری- الروایة الروسیة فی القرن تاسع عشر، عالم المعرفة، مطابع الانباع، الکویت، ١٩٨١، ص١٦٣-١٦٦٠

(١٩٧) سیغمۆند فرۆید - التحلیل النفسي واللفن (دافنشي- دستوفسکي)، ت/سمیر کریم، ط/ الثانیة، دار الطلیعة للطباعة والنشر، بیروت،١٩٧٩، ص٩٤.

ئەنجامی داون، فرۆید چەند هۆكارگەلێكی لە كەسێتی ئالۆزی دیستۆیفسكی هەڵبژاردووە لە ڕووی چەندایەتیو چۆنایەتی، قووڵی ژیانی هەڵچوونە نائاساییەكانی وەك كەسێتییێكی ماسۆشیو سادی، فرۆید دوو جۆرە نەخۆشی (پەركەم)ی (صرع) جیادەكاتەوە ئەویش (پەركەمی ئەندامی)و (پەركەمی ویژدانییە) پەركەمی ئەندامی پەیوەستە بە نەخۆشی دەماغ، بەڵام ئەویتر كە پەركەمی ویژدانییە ملكەچی چەند گۆڕانێك دەبێت لە دەرەوە، ئەم بە گژداچوونەوە دەبێتە دەربڕینێك لە ژیانی خۆی، فرۆید ئەو بەشە پەركەمە دەخاتە پاڵ دیستۆیفسكی بە نەخۆشی پەركەمی ویژدانی دادەنێت[١٩٨].

تەنانەت ((فرۆید گەیشتە بۆچوونێكی یەكلایكەرەوە، كە (دیستۆیفسكی) تووشی پەركەم بوو و ئازاری دەچێشت لە خولیایەكی بەهێز بۆ تاوان و ئارەزوویێكی بەهێز بۆ ئازاردانی خود))[١٩٩]، هەروەها فرۆید دەیەوێ لە ڕێی كارە هونەرییەكانی (لیۆناردۆ داڤینشی) جۆرێك لەو نەخۆشییە گرژی دەروونی (العصاب)یە بدۆزێتەوە، كە لە ڕێگای هونەرەكەیەوە جۆرە خۆدەربازكردنێك لەو نەخۆشییە بە دەست دەهێنێ.

فرۆید پشتی بە چەند بەڵگەنامەو لێكۆڵینەوەی تایبەت بە ژیانی لیۆناردۆ داڤینشی بەستووە لە سەردەمی منداڵییەوە، لەوانە یادەوەرییەكانی داڤینشی خۆی هەروەها ئەو خەونەی، كە داڤێنشی دیویەتی لە سەردەمی منداڵیو لەگەڵ نەبوونی پێوەندییێكی سەركەوتوو لەگەڵ ئافرەتداو، خۆ تێكەڵكردن لەگەڵ كەسانی جوانو نازداردا لەوانە قوتابییەكانی، هەروەها ئەو تابلۆیانەی لیۆناردۆ (مۆنالیزاو یۆحەنای معەمدان و ئانی دووەم)، بە بڕوای فرۆید ((ئێستای مرۆڤ دەرەنجامی ڕووداوەكانی ڕابردووی سەردەمی منداڵین))[٢٠٠].

ئەو وێنەیەی لە تابلۆی مۆنالیزا و بەرهەمەكانی دیكەیدا وێنەی دایكی خۆی لە ڕێی ژنانی تر دەبینێو، بە پێی ئەوەی داڤینشی دوور لە دایكی ژیاوە، بەلای فرۆیدەوە وەك نەخۆشییەكی گرژی دەروونی، ئازار چەشتنی (ناوازەی سێكسی) لێكدەداتەوە[٢٠١].

---

(١٩٨) نفس المصدر، ص١٠٠.

(١٩٩) د. ابراهيم محمود خليل - النقد الادبي الحديث من المحاكاة الى التفكيك، ص٥٧

(٢٠٠) ڕۆشنا ئەحمەد(ئا) ـ داهێنان لەڕوانگەی چەند تیۆریەكەوە، ل٦٢-٦٣ ٠

(٢٠١) هەمان سەرچاوە، ل٦٤ ٠

هەرچەندە فرۆید لە لێدانەوەی کارە ئەدەبی و بەرهەمە هونەرییەکان بەتایبەتی بۆشاکارە ناودارەکانو راڤەکردنی بەشێوەیێکی گرێی ئۆدیبی و بارە سێکسییەکان لەلایەن هەندێ لە خوێندکاران و ئەوانەش، کە پێیەوە کاریگەربوون پێڕەوکرا، تا ئێستاش هەندێ خوێندنەوەی ناوەرۆکی ئەدەبی بە لێکدانەوەکانی فرۆید دەبەسترێتەوە، لەگەڵ ئەوەش جێی مشتومڕو باسی رەخنەگرانی ئەدەبیشە، چونکە تەواو ئەو ئاراستەیەی لێکدانەوەی بەرهەمە هونەریی و ئەدەبییەکان لە دوای بڵاوبوونەوەی کارەکانی فرۆید خوێندنەوەیەکی تەواو فرۆیدیانە نەبووە تەوەرێکی سەرەکی لێکدانەوەکانی بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییەکان، بەڵکو ئەوەی کە گرنگ بوو هاتنە کایەی خوێندنەوەیەکی نەستییانە و دیوەکانی ناخەوەی مرۆڤ بوون لە بەدواهاتنی تیورو بۆچونی تازە و بەردەوام، لە بواری رەخنەی دەروونی.

**کاریگەری فرۆید بەسەر قوتابییەکانیو قوتابخانە ڕەخنەییەکان**

جگە لە یۆنگ و ئەدلەر، کە لەژێر گاریگەری فرۆید دابوونو دواتر لێی جیابوونەوەو هەندێکی دیکەش لە خوێندکارانی فرۆید لە شیکردنەوەی کارە ئەدەبییەکان و فراوانکردنی لێکۆڵینەوە دەروونییەکاندا بۆ کاری ئەدەبی شوێن پێی فرۆیدیان هەڵگرت،

ئەرنست جۆنز لەساڵی (١٩١٠)دا هەوڵی یەکەم بوو، بۆ شیکردنەوەی کاری ئەدەبی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە بە مەبەستی جێبەجێ کردن و فراوان کردنی بواری لێکۆڵینەوەی دەروونی بۆ ئەدیب، لە هەوڵی یەکەمیدا لە بارەی شانۆگەریەی شکسبیر بە ناوی (گرێی ئۆدیبو هاملێت) یان (هاملێت و ئۆدیب) لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەو شاکارانە خستەڕوو[٢٠٢].

هاوڕا بوونی جۆنز و لایەنگری کردنی لەگەڵ فرۆید بۆ کاری ئەدەبی، هەمان لێکۆڵینەوەی لەسەر هاملێت کردووە ((لە شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیو هونەریەکاندا، ئەرنست جۆنز سەرنجی خستۆتە سەر چۆنیەتی وێنەگرتن و کێشانی کەسێتییەکان و چۆنیەتی رێکخستنی لەگەڵ ئارەزووە خەفەکراوەکان و حاڵەتە دەروونییەکان))[٢٠٣]. بەراورد کردنی (ئەدیبۆس) شا بەرهەمی سۆفۆکلیسو شانۆنامەی (هاملێت)ی شکسپیر لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجراکێش،

---

(٢٠٢) ویلبرس سکوت - خمسة مداخل الی النقد الادبي، ترجمة وتقديم وتعليق د.عنان غزوان اسماعيل و جعفر صادق خليل، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ص٧٥

(٢٠٣) رۆشنا ئەحمەد(ئا) - داهێنان لەروانگەی چەند تیۆریەکەوە، ل٧٢

جۆنز لەگەڵ یەکی بەراورد کردوون وەك سەلماندنێك بۆ گرێی ئۆدیب ئەو گرییی ئۆدیبەی، کە نەستی شکسپیرە.

ئۆتۆرانگ وەك خوێندکارێکی فرۆید لە سەرەتادا لەسەر بیردۆزەی فرۆید لێکۆڵینەوەکانی خۆی ئەنجامدا، ئەمە بەر لە جیابوونەوەی لە فرۆید، ((ئەفسانەی لە دایکبوونی پاڵەوانی نووسی لە کتێبەکەی (پاڵنەری زیناکردن بەشتە قەدەغە کراوەکان)ی شیکردەوە لە شانۆگەری (شکسپیر) (یۆلیۆس قەیسەر)لە گرێی ئۆدیب، هەروەها ئەوە بوو لەو شانۆگەرییەی کە بونیادی ئۆدیبیەت بێ، ئەوە نەستییە لە هاملێت و نەستییە لەجەماوەر))[٢٠٤]

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان)و [*]بەخشینی بەڵگەنامەی زانستی (١٩٠٩) بە فرۆید هەر زوو ((ڕەخنەی ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی لەو سەردەمەدا کەوتنە ژێر کاریگەری شیکردنەوەی دەروونییەوە))[٢٠٥] لە پاڵ ئەمەشدا ڕەخنەی فەرەنسی سەرەتا نەکەوتە ژێر کاریگەری دەروونشیکاری، تا ماوەیەکی زۆر ڕەخنەگرانی فەرەنسی لە دژی وەستان لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکان پشتیان بە دەستکەوتەکانی دەروونشیکاری بەست، ئەو کتێبانەش کە بڵاوکرانەوە لە فەرەنسا(شارل بۆدوان)و (د.رینیە لافروغ) لە ساڵی ١٩٣١دا بەناوی (نشوستی بۆدلێرەوە)، هەروەها (ماری پۆنابرد) لەژێر ناونیشانی (ئیدگار ئالنپۆ) لەساڵی (١٩٣٣)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کتێبانە بە کتێبی کلاسیکی دەدرانە قەڵەم، بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەخنەیی نەبوون زیاتر لایەنی پزیشکی بوون[٢٠٦].

بە سنووردار بوونی ئەم جۆرە ڕەخنەیەش، کە زیاتر وا دەبینرا دەربڕینی ئەدەب بە هۆی دەربڕینی کەسێکی نەخۆشە دەرەنجامی هەموو گرێ دەمارگرژیانەیە ((تەنانەت فرۆید ناچار

---

(٢٠٤) مەجید عەبدوڕەحمان(ئا)- ڕەخنەی دەروونی، نووسەری نوێ، ژ/٢، خولی دوای راپەرین، ١٩٩٨، ل٨٤-٨٥.

(*) هەر چەندە لە سەرەتای دەرچوونی ئەم کتێبە جۆرە نوشستییەك بوو بۆ فرۆید کە(٦٠٠)دانە ٨ ساڵی پێچوو هەتا هەمووی فرۆشرا دواتر کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان) بە لای زۆربەی نووسەرو ڕەخنەگران سەرنجراکێش بوو تاوای لێهات ئەم کتێبە بووە سەرەتایەکی جەوهەری وگرنگ و هۆکاری بەناوبانگی فرۆید بوو، چونکە بۆچوونە تیۆرییەکانی لەگەڵ ئەو بەرهەمە زیاتر ناسران. بڕوانە: کالفن. س. هول ، مبادئ علم النفس الفرويدي، ص١٥.

(٢٠٥) نهاد التكرلي- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، ص٣٨.

(٢٠٦) نهاد التكرلي- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، ص٣٩.

بوو لە پێشەکی کتێبەکەی (ئدگار پۆ)ی (ماری پۆناپارت)دا دان بەوەدا بنێت کە ئەم شیکردنەوانە لافی شیکردنەوەی بلیمەتی نووسەرە داهێنانەکان لێنادەن، بەڵام ئەو فاکتەرانە دەردەخەن کە رۆڵیان لە بووژانەوەی ئەو بلیمەتییە گێڕاوە، ئەو ماددەو کەرستانەش دەردەخەن کە قەدەر بەسەریدا سەپاندووە(*)) [٢٠٧]. ئەم هەوڵانەش ڕێگا خۆشکەرێك بوون بۆ هاتنەکایەی (ڕەخنەی دەروونی)لای شارڵ مۆڕۆن.

**شارڵ مۆڕۆن** لە ساڵی١٩٤٨ دا ڕێبازێکی ڕەخنەیی داهێنا بە ناوی ڕەخنەی دەروونیpsycho) (critique [٢٠٨]، کە پشت بە تیۆرو دۆزینەوەکانی فرۆید و قوتابییەکانی دەبەستێ. بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کاری ئەدەبی و قووڵبوونەوە لە بەرهەمەکانی ئەدیبانو هونەرمەندان لە ڕێی ڕەخنەی دەروونی، کە بایەخ بەکارە ئەدەبییەکان دەدات بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو پێوەندییانەی نووسەر بە دەقی ئەدەبی بدۆزێتەوە وەك لایەنێکی پەنهان و شاراوەی دەق، لە پەی بردن بە نهێنییەکانی نەستی نووسەردا. جونیت (Genette) لە کتێبی (خوێندنەوەی دەروونی) "psycholeture" باس لەوە دەکات کەوا شارڵ مۆرۆن ئەو ئامرازو کەرستانەی دەروونشیکاری لە خزمەتی ڕەخنەی ئەدەبی بەکار هێناوە[٢٠٩]، هەرچەندە ڕەخنەی دەروونیو دەروونشیکاری پشت بە تیۆرەکانی دەروونزانی دەبەستن، بەڵام بە شێوەیەکی وانا کە ڕەخنەی دەروونی جۆرە تێکەڵێیەکی تەواو دەروونشیکارییانەیە چونکە ((شیکردنەوەی دەروونی لە بواری چارەسەرکردندا بایەخ بە چارەسەری

(*) سوودم وەرگرتووە لە هەردوو وەرگێڕ: فایەق رەحیم ئەحمەد- قوتابخانەی شیکردنەوەییو ڕەخنەی دەروونی لای شارڵ مۆڕۆن، گ/ بیری نوێ، ژ/٣٣، ٢٠٠٥، ل٧٤-٧٧، هەروەها تەحسین موحسین عومەر- قوتابخانەی دەرونشیکاری و ڕەخنەی شیکردنەوەی دەروونی شارڵ مۆرۆن، برایەتی ئەدەب و هونەر، ژ/١٥٣، ١٩٩٩/١١/١٩، ل٢، کە هەردوو وەرگێڕی ناوبراو بەشێك لە نامیلکەی( نهاد التكرلي- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر) یان بۆ کوردی وەرگێڕاوە.

(٢٠٧) نفس المصدر، ص٤٠.

(٢٠٨) مجموعة من الكتاب- مدخل الى مناهج النقد الادبي، ص ٩٧ " نهاد التكرلي- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، ص٤٠ " د.ابراهيم محمود خليل، النقد الادب الحديث من المحاكات الى التفكيك، ص ٦٣.

(٢٠٩) مجموعة من الكتاب- مدخل الى مناهج النقد الادبي، ص ٩٧.

نەخۆش دەدات، کەچی ڕەخنەی دەروونی بایەخ بە دەق دەدات و ئەرکی ئەم ڕەخنەیەش پێکەوە گرێدانی زانست و هونەرە)) [٢١٠].

شارڵ مۆرۆن ئەو ڕێبازەی بەسەر چەند شاعیرێکدا پیادەکرد لەوانە راسین و مۆلێر و هوگۆو بۆدلێر ((شارڵ مۆرۆن رێبازێکی رەسەنی هەیە و ئەوەمان پێ نیشان دەدات، کە دەقی ئەدەبی وەك رستن وەهایە پێوەندییێکی زیندوو لە نێوان پێکهاتەکانی هەر دەقێکدا هەیە ئەو پەیوەندیانەش پێکهاتەی بەردەوامی کەسێتی نەستی نووسەر پێکدەهێنن))[٢١١]. مۆرۆن لەو باوەڕەدایە کە چەند فاکتەرێك ڕۆڵیان لە خۆڵقاندنی ستاتیکادا هەیە، کە ناتوانرێ پێشبینی بکرێت هۆکارەکانیش ئەمانەن: ناوەندو مێژووەکەی هەروەها کەسێتی نووسەرو مێژووەکەی، لەگەڵ زمان و مێژووی زمان لەمەشدا زیاتر ڕەخنەی دەروونی لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر نەستی نووسەر ئەنجام دەدات، کە دەکاتە فاکتەری دووەم[٢١٢].

(لاکان) وەك یەکێك لە ڕەخنەگرە تازەکانی نێو بواری ڕەخنەی ئەدەبی شەستەکاندا ، وەك دەروون شیکاری نوێ ((ژاك لاكان (jacaues lacan) هەوڵی داوە و ڕەخنەی فرۆیدی ژیاندەوە ، وەك ڕونگەیەکی دەروونشیکاری پێشرەو بۆ ئیمرۆی ئەدەب جێگای بۆ کردەوە)) [٢١٣]، چونکە ((لاکان بڕوای وایە ناهۆشمەندی بونیادێکی هەیە لە زمان ئەچێت))[٢١٤] ، تەواوی زمان بە بڕوای لاکان، جۆرێکە لە تەتەڵەکردنی زمان [٢١٥]، ئەو تەتەڵەکردنە کە خۆی بە سرکی لە نەست مەلاس داوە کە تێگەیشتنی ئاسان نییە، ئەو سوودوەرگرتن و پەیرەو کردنی قوتابخانەی دەروونشیکاری لە لایەن قوتابییەکانی فرۆید، هەروەها بەزیاد خستنەسەرو دامەزراندنی رێبازێکی تازە لەسەر رێچکەی کارەکانی فرۆید وای لە چارلز برێسلێر کردووە کە بڵێ: ((ئەو ڕەخنەگرە دەروونشیکارەی دەیەوێ پراکتیك

---

(٢١٠) نهاد التكرلي- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، ص٤٣.

(٢١١) نفس المصدر، ص٤٦.

(٢١٢) نفس المصدر، ص٤٧" حيدوش احمد- الاتجاة النفسي في النقد العربي الحديث، ص ٤٣.

(٢١٣)چارلزبرێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆتیۆری، ل١٧٠.

(٢١٤) تێری ئیگڵتۆن- شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، ل٥٩.

(٢١٥) هەمان سەرچاوە ، ل٦٠.

بکا، چ بیرۆکەی یۆنگ بەکار بهێنێ، چ ئی فرای، یان ئی لاکان، دەبێ فرۆید بە باوکی بناغە دانەرو تێگەیشتووی ئەم شێوە ڕەخنەیە بزانێ))(٢١٦)، ئەوەی وای لە چارلز برێسلێر کردووە ئەمە دەربېڕێت، هەبوونی کاریگەری فرۆیدە بەسەر رەخنەگرانی نوێ، کە بایەخی کەسایەتی نووسەر بەسەر دەقی ئەدەبی پیشان دەدەن.

## ب ــ کەسێتی نووسەر لە چیرۆکی دەروونییدا چیرۆکی دەروونی

چیرۆك و ڕۆمان وەك ژانرێکی نوێ درەنگتر هاتنە ناو ئەدەبیاتەوە، بە بەراورد لەگەڵ شیعرو شانۆنامەدا، بە پێی گۆڕان و پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی پێویست وابوو کورتە چیرۆك و ڕۆمان وەك ژانرێکی نوێ دەربکەون، بە تایبەتی دوای قۆناغی دەرەبەگایەتی لە ئەورووپاو دەرکەوتنی سەرمایەداری، ئەمەش وایکرد ئەدەبیات ببێتە بەشێك لە هەڵگری مەشخەڵی گۆڕان و دەربڕینەکانی کۆمەڵو ناخی مرۆڤ، کە لە ئامێزی ڕۆمان و چیرۆکدا خۆی بنوێنێ.

چ شیعر چ شانۆنامە ئەگەر چی دەتوانن ببنە هەڵگری ڕەهەندی دەروونیو ئاماژەکانی نووسەری پێ دەردەبڕێت، لەهەمان کاتیشدا ناتوانرێ وەکو چیرۆك و ڕۆمان ئەو پانتاییەی کە هەیانە کێشە دەروونییەکان بە شێوەیەکی قووڵ و ورد بخەنە ڕوو، چونکە ((بابەتەکانی چیرۆکی دەروونی هەمە چەشن و هەمە جۆرە، وەك کێشەکانی غەم و دڵەڕاوکێو بێ ئومێدیو نوشستیو غەمناکی و خۆشی و شادی و...هتد ئالۆزی یا پەرەسەندنی هەر کێشەیەك لەو کێشە دەروونییانە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەبێتە بابەتێکی دەروونی باش بۆ چیرۆکنووس، لە کاتی هەڵبژاردنی کەرەسەی دەروونی باش بۆ نێو چیرۆکە دەروونییەکەیدا))(٢١٧).

لەلایەك چیرۆك پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت، کە بوارێکی باش بۆ گفتوگۆو وەسفکردنی حاڵەتە دەروونییەکان دەرەخسێنێ، لە لایەکی دیکەشەوە خۆدواندن و گفت و گۆی ناوەوەی کەسێتی، بەشێکی گرنگی چیرۆکە و بەکارهێنانی ئاسانە لەنێو چیرۆکدا، تا کارەکتەری چیرۆك بارە دەروونییەکەی خۆی پێ بخاتە ڕوو وەك جۆرێك لە قووڵبوونەوەی ناخی خودی کارەکتەر.

---

(٢١٦) چارلزبرێسلێر- ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆتیۆری، ل١٧١.

(٢١٧) د. عادل گەرمیانی - ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی ( من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤـــ )دا، دەزگای بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، بەغدا، ٢٠٠٦، ل٢٧.

ئەوەی چیرۆکی دەروونیش لە جۆرە چیرۆکەکانی دیکەدا جیادەکاتەوە ئەو قووڵبوونەوەی ناخی کارەکتەرە، کە لە چیرۆك یان ڕۆمان دەخرێتە ڕوو.

سەرهەڵدان و دروستبوونی چیرۆکی دەروونی بەشێوەییێکی پەرش، وەك زەمینە خۆشکەرێك بوو بۆ چیرۆکی دەروونی نوێ، لەوانە (صمۆئیل ریتشارد سون) چیرۆکەکانی هەڵکەوتێك بوو، کە پەیڕەوی نامە ئینگلیزییەکانی دەکرد بۆ نزیککردنەوە خوێنەر [(٢١٨)]، هەروەها بۆ زەمینە خۆشکردنی زیاتریش ((شتێکی واقیع بوو، چ هەڵکەوت بێت یان گونجان، کەوا هەریەك لە مارسیل برۆستوجیمس جۆیسودوروپی ریتشاردسۆن، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم خۆیان چیرۆکە دەروونییکان بنوسن)) [(٢١٩)]،

هەروەها هەوڵ و بۆچوونەکان لە بارەی چیرۆکی دەروونی نوێ، لە کتێبەکانی (ولیم جیمس)و (هنری بیرجسون)، دوای ئەوانیش لەسەر ئاستی پەروەردەیی و شیکاری لە نووسینەکانی فرۆید دەرکەوتن، کە وردتر دەیانڕووانی نەك تەنها شیکردنەوەیەکی وشك[(٢٢٠)].

بۆچوونە تیورییەکانی فرۆید لە قووڵبوونەوە لە ناخی دەروون و کاریگەری نەست و دەربڕینی شتە شاراوەکان باڵی بەسەر چیرۆك و کارە ئەدەبییەکاندا کێشاوە، لە شێوازی دەربڕینو قووڵبوونەوەی ناخی دەروونی مرۆڤ. ((ئارەزوو بە ڕوونی دەرکەوت بۆ کەڵك وەرگرتن لە فرۆید لە نووسینی چیرۆك و کورتە چیرۆك و کەڵك وەرگرتنێکی راستەوخۆ لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، تا چیرۆك بوو بە ڕاپۆرتێکی دەروونی زیاتر نەك کاری ئەدەبی))[(٢٢١)].

لە درێژەی ئەرکە هونەری و ئەدەبییەکان خۆنزیکردنەوە لە قووڵایەکانی دەروون و دەرخستنی شتە شاراوەکانی دەروون، هەروەها بەکارهێنانی شەپۆڵی هۆش هۆکار گەلێکی بەهێز بوون لە نزیك بوونەوەو دەربرینی پەنهانییەکانی دەروونی مرۆڤ.

---

( ٢١٨ ) ليوان ايدل ـ القصة السيكو لوجية دراسة في علاقة علم النفس بفن القصة ، ت/ د. محمود السمرة، منشورات مكتبة الاصيلة بالاشتراك مع مؤسسة نشر فرنكلين، بيروت، ١٩٥٩، ص٢٧.

( ٢١٩ ) نفس المصدر، ص٢٧.

( ٢٢٠ ) مصدر السابق، ص٥٧.

( ٢٢١ ) مجد محمد الباكيرالبراري - في النقد الادبي الحديث، ط/ الاولى، مكتبة الرسالة الحديثة ، عمان، ١٩٨٦، ص٤١.

هاتنه کایەی جۆرێك لەو چیرۆکە دەروونیانەی کە خۆیان لە جۆرەکانی دیکەی چیرۆکدا بە جیاواز دەردەخست، وەك هێڵێکی جیاواز لە ئاراستەکردنی پەیامی ئەدەب لە دەرخستنی ئەو شتانەی کە نابینرێن و لە ناخی مرۆڤ شاراوە و چەپاون. ئەوەی چیرۆکە دەروونییەکان بەدەری دەخەن، مامەڵەیەکی دەروونیانەی شتە شاراوەکانە بە هەماهەنگی لەگەڵ تیورییەکانی دەروونشیکاریدا، دەوریان هەیە لە نزیك بوونەوە و خستنەڕووی بارە دەروونییەکانی مرۆڤ، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ((کێشەی دەروونی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە دەستنیشانکردنی ئەو مانایانەی کە دەق دەتوانێ بیگەیەنێ، هەروەها ڕۆڵی هۆشمەندی و ناهۆشمەندی ئەبینێ لە دیاریکردنی چارەنووسی دەقدا))[٢٢٢].

ئەو مامەڵەکردن و سەوداکردنەی کێشەکانی ناخی کەسێتییەکانی نێو چیرۆکەکان سروشتێکی دەروونییانە دەبەخشێتە ئەو چیرۆکانە و کاریگەری بەسەر پەیام وەرگر و ڕەخنەگری چیرۆکەکەش دەبێت، کەوا سروشتێکی دەروونییانە لە خوێندنەوە و کاری هەڵسەنگاندن لە خۆیدا هەڵدەگرێت، هەرچەندە جۆرەکانی دیکەی چیرۆك بە گشتی کەم تا زۆر لەو ڕەهەندە دەروونییە بەدەر نین، بەڵام ئاستی قووڵبوونەوەیان جیاوازە لە لایەنی دەروونییەوە، وەك لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی وەکو (هۆنراوە، شانۆ، شانۆنامەو،.. هیتد) بە ئەرکی خستنەڕووی کێشە دەروونییەکان هەڵبستن، لەگەڵ ئەوەشدا لەو مەودا بەرفراوانییە بە دوور دەبن، کە لە چیرۆکدا هەیە. لە شانۆ نامە ئەگەرچی گفتوگۆو دانوستاندن هەیە، بەڵام بواری خستنەڕووی ئەو قووڵبوونەوەیەی نییە وەك ئەوەی لە چیرۆکدا هەیە، هەروەها ((چیرۆك وەك شیعر تەنها وێنەی ژیان ناکات، بەڵکو سەرقاڵی گێڕانەوەی وێناکردنەکانە))[٢٢٣]. دەروونشیکاری وەك ڕەگەزێکی ڕەخنە لە بواری داهێنان و دەوڵەمەند کردنی ناوەرۆکی بابەتە ئەدەبییەکان جێی بایەخە و لە کاریگەری بەسەر دەقە ئەدەبییەکان خۆیان بەدوور ناگرن، بۆیە دەتوانین بڵێین جیاوازی هەیە لە نێوان نووسەران لە جۆری وشیاریان لە نووسینی دەقە ئەدەبیەکان لەپێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی دەروونشیکاری یان دوای قوتابخانەی دەروونشیکاری، د. عادل گەرمیانی لەم بارەیەوە دەڵێ: ((تا ڕادەیەك

---

(٢٢٢) سەلاح حەسەن پاڵەوان — داهێنان و مەرگ، ل١٢١.

(٢٢٣) ئاوات محەمەد - چەند ئاماژەیەك بە ئەزموونی چیرۆکی نەوەدەکانی سەدەی بیست و چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە، گ/ئاینده، ژ/١٦، ٢٠٠٠، ل٩.

جیاوازی هەیە لە نێوان جۆری وشیاریان بە حوکمی ئەوەی نووسەرانی پاش سەرهەڵدانی دەروونشیکاری بەجۆرە وشیاریەکی دەروونی دەقەکانیان دەنووسن و خاوەن جۆرە شارەزاییەکی باشتر بوون لە نووسەرانی پێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی دەروونشیکاری))[٢٢٤].

هەروەها بەلای (د. سامی الدروبی) لە کتێبی (دەروونزانیو ئەدەبی)دا بیرورای پێچەوانەی هەیە، بەلایەوە چاوساغی (البصیرە) مەرجی یەکەمی داهێنانی ئەدەبییە[٢٢٥]، لەگەڵ ئەمەشدا چیرۆکی دەروونی ناتوانرێت لە کاریگەری دەروونزانیدا دایببڕین، هەروەك چۆن چیرۆکی شەپۆلی هۆشیش بە هەمان شێوەی چیرۆکی دەروونی لە ژێر کاریگەری دەروونزانیدا بوو، (رۆبرت همفری) لە کتێبەکەی (شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا)، بەلایەوە چیرۆکی دەروونی بەوە لە چیرۆکی شەپۆلی هۆش جیادەبێتەوە، کە زیاتر بایەخی بە ئاستە ناتەواوەکان دەدات، لەو بایەخەی بە ئاستەکانی دەربڕین دەدات[٢٢٦].

لەگەڵ ئەوەشدا شەپۆلی هۆش وەکو چیرۆکە دەروونییەکان حاڵەتی نائاسایی بیرکردنەوەیە بەهۆی هەڵچوونەکانی دەروونی و جەنجاڵی مێشك، ئەم دوو جۆرە چیرۆکە نوێیە لەڕووی شێوازی دارشتنەوە نابنە مایەی ئەوەی جێگای یەکتر بگرنەوە.

### هەوڵە سەرەتاییەکانی چیرۆکی دەروونی کوردی

لە ڕەوتی مێژووی چیرۆکی کوردیدا دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە چەندییەتیو چۆنایەتی ناوەرۆکی چیرۆکی کوردی و بەلایەنی روخساریشەوە، لە نێوان سالآنی حەفتاکانو سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردییەوە، هەوڵە سەرەتایەکانی چیرۆکی هونەری کوردی جۆرە خولانەوەیەك بوو بە دەوری هەندێ کێشە و گیروگرفت، کە پەیوەست بوون بەو بارودۆخ و ئەو قۆناغانەی کە کورد پێیدا تێپەڕ دەبوو ((لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە چیرۆکی کوردی گۆڕانێکی چۆنیەتی (نوعی) بەسەردا هات و ئەو گۆڕانەش هەردوو لایەنی ناوەرۆكو

---

( ٢٢٤ ) د. عادل گەرمیانی- پێوەندی ڕەخنەی دەروونی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی، گ/ رامان، ژ/٩٧، ٢٠٠٥، ل٢٣.

( ٢٢٥ ) سامی الدروبي ـ علم النفس والادب، معرفة الانسان بين بحوث علم النفس وبصيرة الاديب والفنان، ١٩٧١، ص١٢٠.

( ٢٢٦ ) روبرت همفري ـ تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت/محمود الربيعي، دار المعارف ، مصر، ١٩٧٥، ص٢٧.

روخساری گرتەوە، وەك كەرستەیەكی لەبار مایەوە بۆ چیرۆك نووسان، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەكردنیان لەگەڵیدا جیاواز بوو))[٢٢٧] ، چونكە ئەو بابەتانەی كە چیرۆكی كوردی بەر لە ساڵانی حەفتاكاندا دەخرانە ڕوو زیاتر لە دەوری كێشەكانی ئاغاو جوتیارو دەرەبەگ لە بارەی چەوسانەوە و داگیركردنی زەوی و هەروەها كێشەكانی ژنانی كورد لە خستنەڕووی كێشەی نەخوێندەواری و بە زۆر بەشودان و نەخوێنەواری لاوان و..هتد ، هەندێ جاریش خۆیان لە مەسەلە نەتەوەییەكان نزیك دەكردەوە زیاتر بە ڕەمزو خۆنواندن لە قاوغێكی دیكەدا هەستە نەتەوەییەكانیان دەردەبڕی. كەسێتی كرێكار لە بزووتنەوە و تێكۆشان و هەوڵەكانی بەر لە ساڵانی حەفتاكان لە نێو جەرگەی زۆرانبازییەكاندا بوو، ((هەر لەم ڕێگەیەشەوە چیرۆكنووسان فیكر و باری دەروونی و لایەنەكانی تری مرۆڤەكانی نێو چیرۆكیان دەخستەڕوو...كەمتریش بەو بارەدا دەكەوتنەوە كە بە ناخی پاڵەوانەكاندا ڕۆبچن و بەنێو هەست و هۆش و هەناویاندا گەشت بكەن))[٢٢٨] .

بەستنەوەی قۆناغی دوای ساڵانی حەفتاكان لە ڕووی سیاسیو كۆمەڵایەتی بە تایبەتی لەو دەسكەوتانەی لە بەیانامەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دا وەك گۆڕانێكی تازەو نوێ لە ڕووی سیاسی و كۆمەڵایەتی باڵی كێشا بەسەر زۆربەی لایەنەكانی ژیان، بە تایبەتی بڵاوكردنەوەی كتێب و گۆڤار و ڕەخسانی ئەو هەل و دەرفەتە تازەیە بۆ نووسەرانی كورد و دەركەوتنی كۆمەڵێك نووسەری تازە، بە هەناسەیەكی دیكە و جۆرە مەعریفەیەكی تازە ڕوویان كردە جیهانی چیرۆك.

لەگەڵ سوود وەرگرتنی چیرۆكنووسانی كورد لە چیرۆكە بیانییەكان و تیۆرییەكانی دەروونزانی و وەدەستهێنانی كۆمەڵێك زانیاری تازە لەوانە دەركەوتنی ((شەپۆڵی نوێخوازی لە سەرەتای حەفتاكانەوە چیرۆكی كوردی سوودی لێ بینیوە))[٢٢٩] بڵاوكردنەوەیان لە ڕۆژنامەو

---

(٢٢٧) حەسەن جاف - چیرۆكی نوێی كوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی كوردی، چا/ علاء، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤٤.

(٢٢٨) رەووف حەسەن - كرێكارو چیرۆكی كوردی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشەنبیر و لاوان یاریدەی لە چاپدانی داوە، چا/ عەلاء، بەغدا،١٩٨٢، ل٧٩.

(٢٢٩) ئازاد عبدالواحد و مەحموود زامدار(ئا)- چاوپێكەوتن لەگەڵ چیرۆكنووس ئەحمەد محمد ئیسماعیل، گ/ ڕامان، ژ/٤٠، ١٩٩٩، ل١١٣.

گۆڤاره كوردییه‌كانی ئه‌وسا، كه‌ له‌ به‌غدا ده‌رده‌چوون ((باری سیاسیو رێكه‌وتنی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و بوونی تۆزێك ئارامی سیاسی، چیرۆكی كوردیش شان به‌شانی ئه‌ده‌بی كوردی به‌ گشتی و به‌ كاریگه‌ری چیرۆكی گه‌لانی ده‌وروبه‌ر و دنیا هاوكات له‌گه‌ڵ بڵاوبونه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی ڕوانگه‌، چیرۆكی ئه‌ده‌بی نوێی كوردیش ته‌كانی دایه‌ خۆ))[٢٣٠].

ناتوانین ئه‌وه‌ بسه‌لمێنین كه‌وا چیرۆك به‌ر له‌ ساڵانی حه‌فتاكان ئه‌و جۆره‌ چیرۆكه‌ ده‌روونیانه‌ن، یان له‌و جۆره‌ چیرۆكانه‌بن كه‌ له‌ ژێر تیۆرییه‌كانی ده‌روونزانیدا گه‌شه‌ی كردبێت، له‌ هه‌مان كاتیشدا ده‌توانین ئه‌وه‌ بڵێین ئه‌و چیرۆكانه‌ی كه‌ ده‌نووسرێنو به‌ چیرۆكی هونه‌ری كوردیشه‌وه‌ ڕه‌هه‌ندێكی ده‌روونیان هه‌یه‌، چونكه‌ كێشه‌ كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان و ململانێی جوتیارو ئاغا جۆرێك له‌و كێشه‌ ده‌روونیانه‌ن، كه‌وا سته‌م و چه‌وسانه‌وه‌ی ئاغاكان نیشان ده‌ده‌ن له‌ دروستكردنی بارێكی ناهه‌موار به‌سه‌ر جوتیاری چه‌وساوه‌و شوێنێكی ده‌روونی به‌سه‌ر ده‌روونی جوتیاران ده‌رده‌خه‌ن، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا كه‌م تا زۆری ئه‌م ڕه‌هه‌نده‌ ده‌روونییه‌ ناتوانین له‌ بری ئه‌وه‌ دابنێین، كه‌ چیرۆكی سایكۆلۆژی ته‌واون كه‌ ڕه‌هه‌ندێكی قووڵیان تێدا بێت، چونكه‌ چیرۆكنووسانی دوای ساڵانی هه‌فتاكان زیاتر به‌ناخی كێشه‌كانی تاك قووڵ ده‌بنه‌وه‌ كه‌م تا زۆریش له‌ ژێر كاریگه‌ری نووسه‌ره‌ بیانییه‌كان و تیۆرییه‌كانی ده‌روونزانیش دابوون، وه‌ك له‌ چیرۆكه‌كانی (حوسێن عارف، شێرزاد حه‌سه‌ن و ئه‌حلام مه‌نسورو سه‌لاح عومه‌رو... هیتد)دا زیاتر له‌ نێو چیرۆكنووسانی دیكه‌دا به‌ده‌ر ده‌كه‌ون.

وێڕای سه‌لماندنی قووڵی ڕه‌هه‌ندی ده‌روونی له‌ به‌رهه‌مه‌كانیاندا به‌ جیاوازییه‌كی زۆر له‌ چیرۆكی ساڵانی به‌ر له‌ حه‌فتاكان، خودی به‌رهه‌مه‌كانیش ده‌بنه‌ جێی سه‌رنج و تێڕامان به‌ نموونه‌ ئه‌وه‌ی شێرزاد حه‌سه‌ن ده‌یخاته‌ڕوو، جگه‌ له‌وه‌ی كاریگه‌ریه‌كی راسته‌وخۆی هه‌یه‌ به‌سه‌ر خوێنه‌رانی ئه‌و چیرۆكانه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای ده‌ركه‌وتنی، تا ته‌واوی به‌رهه‌مه‌كانی خۆی له‌ ڕۆمان و چیرۆك سه‌رنجی ڕه‌خنه‌گران و نووسه‌رانیشی ڕاكێشاوه‌ له‌ شێوه‌ی سه‌رنج و نووسینی ڕه‌خنه‌یی له‌ چیرۆكه‌كانی شێرزاد حه‌سه‌ندا دیارن .

---

(٢٣٠) سابیر ره‌شید - چیرۆكی كوردی ڕه‌خنه‌ و لێكۆڵینه‌وه‌، زنجیره‌ كتێبی گیرفانی وه‌زاره‌تی رۆشنبیری، هه‌ولێر، ٢٠٠٥، ل٧٠.

(حوسێن عارف) له نووسینەکانی خۆیدا جۆره بۆچوونێکی ڕەخنەیانەی خۆی دەخاته ڕوو لەمەڕ چیرۆك لەوانه ((باری دەروونی کەسان له چیرۆکدا))[٢٣١] و ((چیرۆکی سایکۆلۆژی))[٢٣٢] ئەو نووسینانەی حوسێن عارف ئاماژەیەکی ڕەخنەین بۆ بوونی ناوەرۆکی دەروونیو چیرۆکی دەروونی له چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن ئەمه بەلایەك، له لایەکی دیکەدا دەرخەری رەخساندنی ئەو هەڵ و مەرجانەیه بۆ قسەکردن له سەر پانتایی چیرۆکی دەروونی ئاگادار بوونی خوێندەوار و ڕەخنەگرانی کورد دەردەخات له کاریگەری تیوریيەکانی دەروونزانیو چیرۆکی دەروونی و یان هەوڵە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی دەروونی. (حوسێن عارف) هەر لەو هەوڵە سەرەتاییانەی چیرۆکی کوردییەوه له بارەی شێرزاد حەسەنەوه دەڵێ: ((لەو چەند چیرۆکەی که کەوتوونەته بەر چاوی من و خوێندوومەتەوه، سەرنجمدا هەوڵ دەدات[*] بایەخ به باری دەروونی کەسانی چیرۆك بداو بچێته قووڵایی ناخیانەوه لەوێوه هەست و نەست و تەنگو چەڵەمەی ناو دەروونیان بنوێنێ))[٢٣٣] حوسێن عارف له درێژەی نووسینەکەی خۆیدا، واته له نووسینی (باری دەروونیی کەسان له چیرۆکدا) وەسفی باری دەروونی کەسێتی (پاڵەوان)ی نێو چیرۆکی (ئێوارەو شتی تر) دەکات که مرۆڤێکه گرفتی دەروونی ناخی دەهەژێنێ و ئۆقرەو ئارامی لەبەر بڕیوه، چەند دێڕێکی نێو چیرۆکەکەش وەك سەلماندنێکی باره ئاڵۆزەکەی نیشان داوه[٢٣٤].

هەروەها له وتاری (چیرۆکی سایکۆلۆژی)دا حوسێن عارف دەیەوێت زیاتر لەسەر چیرۆکی سایکۆلۆژی قسه بکات و ئەوەی وروژاندووه ئاخۆ چیرۆکی سایکۆلۆژی چییه و چۆنه و کام چیرۆك، پێی دەوترێ چیرۆکی سایکۆلۆژی؟ ئەم وتارەشی هەر به بۆنەی وەرگێڕانێکی (محەمەد رەشید فەتاح)ەوه نووسیوه، که له عەرەبییەوه بۆ کوردی وەریگێڕاوه له ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا به شێوەیەکی گشتیو تایبەتی

---

(٢٣١) حوسێن عارف، ڕ/ هاوکاری، ژ/ ٣٣٣ - ١/٩/ ١٩٧٦.

(٢٣٢) حوسێن عارف، ڕ/ هاوکاری ، ژ/٣٣٥- ١٩٧٦/٩/١٥.

(*) مەبەستی نووسەر هەوڵی شێرزاد حەسەنه له نووسینی چیرۆکدا.

(٢٣٣) حوسێن عارف ـ نووسینەکانم له بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا ساڵانی ١٩٥٥ بۆ١٩٨٨، چ/ یەکەم، زنجیره کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢، ل٧١.

(٢٣٤) هەمان سەرچاوه، ل٧١.

باس لە پەیدابوونی چیرۆکی سایکۆلۆژی دەکات بەدوای بڵاوکردنەوەی تیۆرییەکەی فرۆید[٢٣٥] ئەمەش هەم دیسان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە دەرخستنی هەل و مەرجی پانتایی و بڵاوبوونەوەی سەرەتای چیرۆکی دەروونیو وەرگێڕان و هەوڵی سەرەتایی ڕەخنەو نووسەرانی چیرۆکی دەروونییە.

حوسێن عارف لە بارەی ئەرکی سەرشانی چیرۆکنووسی سایکۆلۆژیدا دەنوسێ ((دەبێ بایەخی سەرەکی بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ بداو، لەبەر ڕۆشنایی زانستی دەروون، بە بنج و بێخی نهێنییەکانی ناو دەروونی کەسانی چیرۆکەکەیدا بچێتە خوارەوە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە زانستە ڕووتەکەی جیا دەکاتەوە))[٢٣٦].

هەوڵە ڕەخنەییەکانیش لە ڕاڤەی چیرۆکی کوردی و ڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری تیورییەکەی فرۆیدا چیرۆکی کوردیدا دەخەنە ڕوو وەك ڕەهەندێکی دەروونی، وەك ئەوەی (ئەنوەر محەمەد تاهیر)[**] لە بارەی داڕووخان لە چیرۆکەکانی (ئەحلام مەنسور)دا لەخستنەڕووی لایەنی دەروونییدا دەڵێ: ((هەتا نهو چیرۆك نڤیسێن کورد بێت (نێر) بەحسێ دەروون (معاناتێ) ژنکێ دکر دگەل هەمی لایێن سەرکـــەفتــیییێن وان چیرۆك نڤیـــسا بەلێ کەس نەشێت وەکـــی ژنێ بخۆ بەحسی خەم و ئـاوات و دەردێن خۆ بکەت))[٢٣٧] (ئەنوەر محەمەد تاهیر) جگە لەوەی چەمکی داشکەستن شیدەکاتەوە وەك حاڵەتێك، کە مرۆڤ هەست دەکات ناتوانێ ئارەزوی خۆی جێبەجێ بکات لە ئەنجامی تەنگ و چەڵەمە، دواتر مرۆڤ تووشی داڕووخان (داشکەستێ) دەبێ لە درێژەی قسەکردن لەسەر ئەو لایەنە دەروونییە، نووسەر دێتە سەر شیکردنەوەی چەمکی (ئەلکترا گرێ و گرێی ئۆدیب)، کە فرۆید لێیان دواوە و چیرۆکی ئەحلام مەنسور دەخاتە بەر شرۆڤەی (ئەلکترا گرێ)[٢٣٨].

---

( ٢٣٥ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

( ٢٣٦ ) هەمان سەرچاوە، ل٧٥-٧٦.

(**) (داشکستن د چیرۆکێن ئەحلام مەنسورێدا) وتارێکی ئەنوەر محەمەد تـاهـیرە لـە ژمـارە(٨١)گۆڤـاری کاروان بڵاوکراوەتەوە بڕوانە: ئەنوەر محەمەد تاهیر ـ چـەند گوتارەکێـد ڕەخنـەیی، چ/ یەکـەم، بڵاوکردنـەوەی ئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوانی دەڤەری کوردستان،بەغدا، ١٩٨٨، ل٥٣.

( ٢٣٧ ) سەرچاوەی پێشو، ل٥٦.

( ٢٣٨ ) هەمان سەرچاوە، ل٦٠-٦١.

سەرەڕای ئەمانەش چیرۆکنووسان خۆیان دەبنە تۆماری قۆناغ و لایەنە کاریگەرییە دەروونییەکان لە ئەزموون کردنی چیرۆکی دەروونیدا لەوەی خەم و دڵەڕاوکێ و ئازارەکانی خودی خۆیان و سەردەمی منداڵی هەوێنی ئەو چیرۆکە سایکۆلۆژیانەن، کە لە ژێر کاریگەری تیۆری دەروونشیکاری و شێوازەکانی شەپۆڵی هۆشی نووسەرانی دیکەدا بوون، کە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا سەرمەشقی نووسەران بوون و کاریگەریشیان هەبووە بەسەر نووسەرانی جیهانی بە گشتی، بۆیە لەم بارەیەوە سەلاح عومەر(*) دەڵێ: ((ئەوەی پتر بەلای چیرۆکی دەروونیو پاڵەوانی بێ ئۆقرەو دەروون نەخۆشی و نا جێگیریی و لێك ترازاو، خەمۆکیو رق هەڵگرو ترسنۆك و مرۆڤە فرێدراوەکانی دەرەوە و کۆمەڵگای کردم ناخی خۆم و دیستیۆفسکیو کتێبەکانی کۆڵنوڵسن و کافکاو کامۆ بوون))(٢٣٩).

بەشێك لەو نووسەر و ڕۆماننووسە ناودارانەی، کە ڕەهەندی دەروونی قووڵ لە نووسینەکانیاندا هەیە کاریگەریان لە دروستبوونی چیرۆکی دەروونی کوردیدا هەیە، بەلای چیرۆکنووس سەلاح عومەر پشت نەبەستنی چیرۆکنووسی کورد، بە تیۆرییەکانی دەروونزانیو ڕابەرانی تەکنیکی چیرۆك، کە یارمەتی بەهێزکردنی ناوەرۆکی چیرۆك دەدات، لە پایەی چیرۆکنووس کەم دەکاتەوەو هەمان شێوازی باو و ناوەرۆکی کزی جارانی دەبێت، بۆیە چیرۆکنووس لە بارەی ئەو چیرۆکنووسانەی کە کەم ئەزموونن دەڵێت: ((فریان بە تیۆرییەکانی کەسێتی نییە و فرۆیدیان نەخوێندۆتەوە، لە تەکنیکی جۆیس و فۆکنەر و برۆست نازانن و تەنیا مەبەستیان تۆمارکردنی ڕووداوێکە سەرەتای هەبێ و گرێ چنی کۆتایی هەبێ))(٢٤٠).

هەروەها شێرزاد حەسەن لە بارەی کاریگەری تیورییەکانی دەروونشیکاری (فرۆید)و قوتابخانەی پاڤلۆڤ بەسەر نووسینەکانی باس دەکات، کە نووسینەکانی خۆی قەرز باری ئەو تیورە

---

(*)سەلا ح عومەر یەکێك لەو چیرۆکنووسانەی لە بواری چیرۆکی دەروونی جێ پەنجەی دیارە و کۆمەڵێ چیرۆکی بە پێزی هەیە بە تایبەتی کۆمەڵە چیرۆکی (لێکترازان) کە چیرۆکی دەروونین باس لە ئێش و ئازاری دەروونی پاڵەوانی چیرۆك دەکەن دوورە پەرێزن و بە دەست گرێی دەروونییەوە دەناڵێنن. سەلاح عومەر لە وەسفێکی خۆی لە بارەی چیرۆکەکانی بە تایبەتی لێك ترازان دەڵێ:((پێم وایە هیچ چیرۆکنووسێك جگە لە یەك دوانێکی وەك حوسێن عارف و شێرزاد حەسەن نەبێ نەیان توانیوە بەم شێوەیە چیرۆکی دەروونی بنووسن )) بروانە: پەیوەند (ئا)- گفتو گۆیەك لەگەڵ چیرۆکنووس سەلاح عومەر، گ/ ئایندە، ژ/٣٤، ٢٠٠٢، ل١٤٦.

( ٢٣٩ ) سەلاح عومەرـ یەکەمین لێزمە تیشکی سیحراوی، دۆسیەی چیرۆك، گ/کاروان، ژ/١٣٤،١٩٩٩، ل ١٦٣.

( ٢٤٠ )پەیوەند (ئا)- گفتو گۆیەك لەگەڵ چیرۆکنووس سەلاح عومەر، ل١٤٤.

دەروونزانیانەن، ((من قەرزاری قوتابخانەی دەروونییەکانم (پاڤلۆڤ)و (فرۆید)و ئەو کەسانەی، کە لەبواری دەروونزانی دا کاریان کردووە ئەوان زیاتر هەڵکۆڵین دەکەن لەناو ناخی بنیادەمەکان))[٢٤١].

شێرزاد حەسەن لەسەر ڕێبازی ریالیزمی سایکۆلۆژی چیرۆکە دەروونییەکانی خۆی دەخاتەڕوو، بە پێشەنگ و ڕابەری ئەو مەیدانە لە قەڵەم دەدرێت، کە تەواوی بەرهەمەکانی بە (چیرۆكو ڕۆمان) درێژکراوەی ئەو لایەنە دەروونییەن، کە شێرزاد لە دەروونی خۆی و دەوروبەریدا قووڵ، بۆیە بە بایەخەوە لێکۆڵەران لێی دەڕوانن، هەر بۆیەش لە لایەنی دەروونییەوە چیرۆکەکانی باڵی کێشاوە بەسەر پانتایی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ((ئەوە دەکەوێتە بەرچاومان ئەو چیرۆکانە فرە وێنەو دیمەنن، ئەو شێوازە هەرچەندە لای زۆربەی نووسەرانمان بەدیدەکرێت، بەڵام لای شێرزاد سەرنجڕاکێشەو کاریگەری هەیە لەسەر دەروونی خوێنەر، ئەم وێنە جۆرا و جۆرانەش وا لە خوێنەر دەکات، کە بەگڕو تینێکەوە بچێتە قووڵایی بابەتەکە))[٢٤٢].

بەپێی وتەی ڕەخنەگرانی قوتابخانەی دەروونشیکاری بەرهەمی ئەدەبی یان هونەری ڕەسەن دەبێ پەیوەست بێت بە نەستی مرۆڤ، تەنانەت مامەڵەکردنی خوێنەر و ڕەخنە گرانیش لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی یان هونەری لە سەر بنچینەی نەست هاوڕێك بێت لەگەڵ نەستی خوێنەرو ئارەزووە کپبووەکانی، بەمەش بەرهەمەکە نەمری بەخۆیەوە دەبینێ[٢٤٣].

## کەسێتی

لەگەڵ هاتنە دنیای منداڵ وەك بوونەوەرێکی بایۆلۆژی و دواتر وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بە سەرەتای قۆناغی دروستبوونی کەسێتی لای مرۆڤ دادەندرێـت.

هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە کەسێتی وەك بابەتێکی بەربڵاو دیار بەردەوام جێی بایەخ و سەرنجدان بووە، بەتایبەتی لە بواری دەروونزانی و کۆمەڵزانی و مرۆڤزانیو...هیتد، بەپێی ئەم بوارە جیا جیایانەو بنەماو ڕێبازی تایبەتی بیریاران و

(٢٤١) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای ڕووخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، گ/سورێنی نوێ، ژ/٢، ٢٠٠٥، ل٩٦.

(٢٤٢) سەلیم رەشید سالح - شێواز لەکورتە چیرۆکی کوردیدا، لـە چـاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایـەتی چـاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥، چا/ وەزارەتی رۆشنبیری، ل١٥٤.

(٢٤٣) ئەکرەم قەرەداخی- قوتابخانەی دەروونشیکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، گ/سەردەم، ژ/٩، ٢٠٠٠، ل٢٠٠.

ڕۆشنبیران، هەر یەکێك لەمانە بیر و بۆچوونی خۆی دەربڕیوە، وێڕای ئەمەش ((هەتا وەکو ئەمڕۆ تیۆرێکی سەرتاسەریو هەمەلایانە نییە، کە توانیبێتی هەموو کون و قوژبن و لایەنەکانی کەسێتی لێکبداتەوە))[٢٤٤].

وابەستە بوونی کەسێتی بە دەوروبەری خۆی کاریگەریەکی زۆری دەبێت، بەسەر جۆری بیرکردنەوەی کەسێتی، چونکە ((کۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی وەك (ڕۆشنبیری، شارستانی، چۆنێتی پەروەدە) هەن، کە هەریەکەیان کاری تێدەکەن و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕەوتی ژیانی بە جێدەهێڵن))[٢٤٥].

ئەوەی زیاتر بیروڕایی جیاواز لەنێو گۆشەنیگا و پێناسە جیاوازەکان دەخاتە ڕوو، پێکهاتنی پرۆسەی کەسێتیو تێکەڵیەکی ئاڵۆزە لەگەڵ ناخی دەروونی مرۆڤو دەوروبەرو قۆناغە جیاجیاکانی تەمەن.

تێگەیشتن لە سروشتی کەسێتی لە ڕوانگەی دەروونییەوە، هەروەها ئەو ڕێڕەوانەی کە کار لە سروشتی کەسێتی دەکەن، ڕێڕەوێکیان گرنگی دانە بە وردەکارییەکانی دەرەوەی مرۆڤ ڕێڕەوەکەی دیکەیان گرنگی دانە بە ناخی ناوەوەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرچاو گرتنو فەرامۆش نەکردنی هەر یەکێك لە ڕێڕەوەکانی دیکەش بە یەکەوە لە کەسێتیان کۆڵیوەتەوە[٢٤٦].

ئەو تیۆرانەی کە زیاتر لە بواری لێکدانەوەی کەسێتی، وەك سیستەمێکی تەواو لە پاڵنەرو پێداویستی و ئەو وروووژێنەر و وزە شاراوانەی لە نەستدا بوونیان هەیەو لەوێ ئەمبار کراون.

بەلای فرۆیدەوە بەشەکانی کەسایەتی (ئەو-id ، من -ego ، منی باڵا -super ego) کەسێتی مرۆڤ پێکدێنن‌و، بەلای (یۆنگ)یشەوە لەگەڵ هەبوونی نەستی تاك بەلایەوە نەستی کۆش هەیەو لە پێکهێنانی کەسێتیدا فاکتەرێکی گرنگە.

ئەوەی کە لە دەرەوەی مرۆڤدا هەیە و ئەوەی کە لە ناوەوەی مرۆڤدا هەیە بەشێکە لە پێکهێنانی کەسێتی مرۆڤدا ((کەسێتی سیستەمێکی چڕە پێکهاتەیە، کە لە کۆمەڵێ

---

(٢٤٤) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی - تیۆرەکانی کەسایەتی، گ/ کاروان، ژ/١٩٦، ٢٠٠٥، ل١٣٥.

(٢٤٥) سۆزان عەبدوڵڵا محەمەد- کەسێتی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا ١٩٩١- ٢٠٠١، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل٦.

(٢٤٦) هەمان سەرچاوە ل٧- ٨.

خەسڵەتی ئەقڵی و جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی (*) پێکدێت کە مرۆڤ بەرانبەر کەسانی تر دەینوێنێ))[٢٤٧].

لەبەر ئەوەی ((داهێنان، وەك ڕەوشتێکی تایبەتمەند لە کەسێتییەوە سەرچاوە دەگرێت))[٢٤٨] ئەمە لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە، لە ڕوانگەیەکی تایبەتیشەوە خۆلقاندنی ئەو کەسێتییە، کە کارەکتەر یان کەسانی نێو چیرۆك و ڕۆمانن ڕەنگدانەوە و وەڵامدانەوەیەکی ئەو بارە دەروونییانەی کەسێتی داهێنەرن، یان هەماهەنگن لەگەڵ بیرو ناخی کەسانی چواردەوری خۆی، کە لە کەسێتی لاوەکیو سەرەکیی چیرۆك و ڕۆمانەکاندا دیارە، چونکە ((کاتێك کە مرۆڤ هەست بەخۆشی یان ناخۆشی ئەو ژیانە هەست پێکراوەی دەکات، کە تێیدا دەژی، لایەنێکی یان بەشێکی دیکەی لە بوونیو دروستکەری کەسێتییەکەی دەکەوێتە کار و ڕۆڵی خۆی دەبینێت و دەبێتە هەڵسوڕێنەری کارەکان و لەهەمان کاتیشدا گەنجینەی کاریگەریەکانن))[٢٤٩].

## کەسێتی و چیرۆکی دەروونی

ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبیی دەروونشیکاری لە بارەی ئەو لایەنانەی گرنگی پێ دەدات، بریتییە لە نووسەر و ناوەرۆك و شێوازی دەربڕینی ئەدەبیی و خوێنەر، بەڵام زیاتر ڕەخنەی دەروونشیکاری ئەوەندەی دەپرژێتە سەر نووسەرو ناوەرۆك زیاترە لە لایەنەکانی دیکەیدا[٢٥٠].

نووسەرو ناوەرۆك وەك دوو پێکهاتەی دەق لە ڕەخنەی دەروونیدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت و دەبنە چەقی ئەو بابەتانەی ڕەخنەی دەروونی بە دەوریان دەسووڕێتەوە، بەو پێیەی نووسەر یان

---

(*)د. عومەر یاسین جەباری لەڕۆژی تاوتوێکردنی ئەم نامەیەدا، لە ڕاستکردنەوەی ئەم دەقە وەرگیراوەدا دەڵێ: (کەسێتی سیستمێکی چرە پێکهاتەیە، کە لە کۆمەڵێ خەسڵەتی ئەقڵیوجەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی پێکدێت)، نەك (لە کۆمەڵێ خەسڵتی ئەقڵی و جەستەیی و دەروونی و بیری).

(٢٤٧)سۆزان عەبدوڵڵا محەمەد- کەسێتی ئافرەت لە ڕۆمانی کوردیدا ١٩٩١- ٢٠٠١، ل٨.

(٢٤٨) مستەفا پەژار- کەسایەتیو بنەما دەروونییەکانی داهێنان، گ/ڕامان، ژ/١٨، ١٩٩٧، ل٥.

(٢٤٩) ئیبراهیم قادر محەمەد- لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا (١٩٧٠-١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ١٩٩٧، ل١٣٤.

(٢٥٠) تێری ئیگڵتۆن- شیکردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، ل٩٠.

ئەدیب لە خستنەڕووی بابەتێك یان بەرهەمێکی ئەدەبی، ئەو پێوەندییە دەخاتەڕوو لەگەڵ ژیان و داکەوتە (واقع)ی کۆمەڵایەتی ناخی خودی خۆی و ئەوانەی دەوروبەری خۆی یەکانگیربێ.

هونەرمەند و ئەدیبان ئەو ململانێیەی خود و دەرەوەی خود نیشان دەدەن، کە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤەکانە یان لە نێوان مرۆڤ و سروشتە، یان لە نێوان مرۆڤ و شتە پەیوەستەکانی دیکەی مرۆڤدایە، ئەوەی ئەدیب یان هونەرمەند دەیخاتە ڕوو، شتێك نییە لە دەرەوەی ناخی مرۆڤ بێت. ((نووسەر خۆی سەرچاوەیەکی دیکەی پێکهێنان و دروستکردنی کەسانی نێو چیرۆك پێکدەهێنێ و کەم تا زۆر بەشێك لە کەسێتی خۆی تێکهەڵکێشی یەکێك لەو کەسانە دەکات وێنەیەکی دی خۆی دەنوێنێ گوزارشت لە کەسێتی ئەو دەکەن))[٢٥١] ، کەواتە رۆبێرت گۆرهام دیڤس دەڵێ: ((نووسەر لە دەرەوەی پاڵەوانەکاندا ناژی، بەڵکو ژیانیان کەسێتییان ڕاستەوخۆ لە نووسەرەوە قەرز دەکەن))[٢٥٢]. ئەو بەرهەمەش شوێن و مانەوەی هەیە لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی خوێنەر گوێگردا لەو پێوەندییە خودییەی نێوان نووسەر و ئەواندا هەیە، بەم پێیە ((جیاکردنەوەی نووسەر لە دەقەکەی کارێکی سەخت و ئەستەمە، بۆیە دەکرێ ڕەخنەگر بۆ ئاسانکاری کارەکەی پەنا بۆ ژیانی تایبەتی نووسەرو لێدوان و ئەو چاوپێکەوتنانە بەرێت، کە لەگەڵ نووسەردا کراون))[٢٥٣].

لە ڕەخنەی دەروونیدا نووسەر تەوەری سەرەکی و بازنەی نووسەرە لە میانەی بەڵگە و چاوپێکەوتنەکانیدا شرۆڤەو ئاماژە و دەلالەتەکانی نێو دەقی ئەدەبی دەخرێتە ڕوو.

کەسێك دەتوانێت بەرهەمێکی تایبەتی شیبکاتەوە، ئەوە بیسەلمێنێت کە سایکۆلۆژیای دانەر بەدەست بهێنێ، یان پشت بەستن بەو دان پیانانەی نووسەر لەسەر ژیانی خۆی لە ڕێگای نامەو بەڵگە نامەو پێوەندییەکانی، کە دەرخەری ژیانی نووسەرن، یان گەڕانەوە بۆ ژیانی

---

(٢٥١) پەرێز سابیر- بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی دکتۆرا (چاپکراو)، لە بلاوکروەکان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥١.

(٢٥٢) کۆمەڵێ نووسەر- لە ستایشی ئەدەبدا(کۆمەڵێ وتار)، و/ شێرزاد حەسەن، بلاوکراوەی دەزگای ئاراس، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٥١.

(٢٥٣) گ/ ئایندە(ئا)-(تەوەری ڕەخنە) محەمەد کەریم لەچەند پرسیارێکدا، گ/ ئایندە، ژ/٢٥، سلێمانی، ٢٠٠١ ، ل٦٦.

سەرەتایی نووسەر و کارتێکردنی لە نێوان ژیان و بەرهەمی ئەو نووسەرەدا هەیە، کە لەو دوو لایەنە بە یارمەتی ئەوی تریان ڕوون بکاتەوە[٢٥٤].

کەواتە ژیاننامەی نووسەر، گوزەرێکە بەنێو لایەنە دیارییەکانی دەقی ئەدەبی و بۆ دەرخستنی نهێنیەکانی و لایەنە پەنهانەکانی دەقی ئەدەبی، ژیاننامەی نووسەر دەبێتە پردێك لە گەیشتنی ئەو شوێنانەی خوێنەر یان ڕەخنەگر بە ئاسانی بیگاتیێ، واتە ئاڕاستەکردنی خوێنەر ڕەخنەگر جۆرێك لە خۆبەستنەوە بە دەق کە نیشاندانی پێوەندیەکی توند و تۆڵ و ڕاستەوخۆی کەسێتی نووسەرەو ڕەنگە خودی پاڵەوانەکەش خۆی بێت، یان کەسێکی نزیکی خۆی بێ بەو مانایەی ڕەخنەگری ڕەخنەی دەروونی لە چیرۆکی دەروونی، هەموو ئەو ئاماژەو هێمایانەی دەق لە ڕێگەی ژیان و بەسەرهاتی نووسەری دەق دەخاتە ڕوو، ئەو مامەڵەکردنە ڕەخنەییانە پیشاندانی نهێنیەکانی دەقە لەپاڵ کەسێتی نووسەر، لەگەڵ ئەوەشدا بە لامانەوە نابێت ڕاڤەی دەقی ئەدەبی تەواو بە نووسەری دەق ببەسترێتەوە وەك تەوەرێکی سەرەکی، بەڵام کەسێتی نووسەر دەکرێت ببێتە لایەنێك لە لایەنەکانی نزیك بوونەوە لە ماناکانی دەق.

گرنگیدان بە ناوەرۆك و کەسێتی نووسەر و لایەنەکانی نەست، ئەنگێزەکانی نەست و شەنگەستە (پرەنسیپ)ەکانی دەروون و خەسڵەتە گشتییەکانی دەروون و لایەنی ڕووداوەکانی دەروونیی دەق، هەموو ئەمانە بەهایەکی دیاری کراوییان هەیە لە ڕەخنەی دەروونیدا. ((ئاشکرایە کەوا هەر بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری یان فەلسەفی بەرگێکی دەروونی لە کەسایەتی ئەدیب یان هونەرمەند یان فەیلەسوفەوە پەیوەست دەبێت))[٢٥٥]، ئەم پەیوەست بوونەش لە میانەی ئەزموونکردنی نووسەرەوە هەڵدەقووڵێ و بەشێك لە ئارەزووەکانی ناخی خۆی و کەسانی چوار دەوری دەکاتە ناوەرۆکی بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێك و لە هەمان کاتیشدا خۆ دوورخستنەوەشی لەو مەینەتیانەی ناخی خۆیەتی، کە دەیخاتە ڕوو ((سەر گوزشتەی نێو چیرۆکی دەروونی لەبارەی ئەشکەنجە دەروونییەکانی کارەکتەر، یا شاکەسی چیرۆك زۆرجار نمایندەی کەسێتی شاراوەی چیرۆکنووسە، یا ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە دەروونییانەیە ڕۆژانە چیرۆکنووس بە بینین یا بە گوێگرتن یا بە

---

(٢٥٤) دیڤید دیتش- مناهج النقد الادبي بين نظرية والتطبيق، ص٥٢٩-٥٣٠.

(٢٥٥) د. فخری دباغ - لە نێوان بلیمەتی و نەخۆشی دەروونییەکاندا، و/ سالار سامان، گ/ڕامان، ژ/٧٩، ٢٠٠٣، ل ٢٠٥.

خوێندنەوە هەستیان پێدەکات و لە ئەنجامدا دەبنە کەرەسەیەکی باش و لە بار بۆ سەر لە نوێ دارشتنیان لە نێو ڕووداوی دەروونی چیرۆکەکە))[٢٥٦]

بەپێی ئەوەی بەرهەم و دەقە ئەدەبییەکان هەڵقولاوی ناخی مرۆڤن، پرۆسەی داهێنان کارێکی هەروا ئاسان نییە، کەوا بتواندرێت بە ئاسانی هێما و ئاماژەکانی ئەو بەرهەمە ئەدەبیەش بخرێتە ڕوو ((ناسینی کەسێتی داهێنەر لە هەموو بوارەکاندا سەخت و ئاڵۆزترە، توێژینەوەی زانستیانەی کەسێتی داهێنەر هەروا ئاسان نییە، چونکە پرۆسەیەکی دەروونی و ناوخۆیی لەخۆ دەگرێت، کە بەندە بە دەروونی داهێنەرەوە لە ناخیدا ڕوودەدات))[٢٥٧].

کەواتە داهێنەر وەك لایەنێکی گرنگ لە پرۆسەی بنیات نانی دەق بەشدارە، خۆشی دەبێتە لایەنێك لە دەرخستنی ئاماژە و هێماکانی خودی دەقەکە، لە هەمان کاتیشدا خۆبەستنەوە بە کەسێتی نووسەر لە دەقی ئەدەبیدا، ئەرکێکی گرانیش دەخاتە سەر ڕەخنەگر لە بواری هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکە، دەبێت شارەزاییەکی باشی لە تیورەکانی دەروونشیکاری هەبێت لە چوونە نێو قولاییەکانی ناخی نووسەرو گوزەرکردن بە نێو هێماو ئاماژەکانی نووسەر.

## کەسێتی نووسەر لە چیرۆکی دەروونی کوردیدا

دەرکەوتنی چیرۆکنووسی سەرکەوتوو لە بواری چیرۆکی دەروونی بەو ئاستە نەبوو، جگە لە دەربڕینی هەندێ لایەنی دەروونی کەسانی نێو چیرۆکەکەی ئەویش بەو شێوەیە نەبووە بچێتە قووڵاییەکانی دەروون، وەك ئەوەی دەروونشیکاری لێی دواوە، زیاتر بابەتەکانیان لە خانەی (ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە) بوون، کە ئەمەش پەیوەست بوو بەو بارودۆخەی کە کورد پێیدا تێپەڕ دەبوو.

لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان هەوڵێکی تازە هاتە کایەوە بۆ سەرهەڵدانی چیرۆکی دەروونی، بە هەناسەیەکی تازە و ناوەرۆکێکی دەروونی قووڵتر هاتە کایەوە، لە ئەدەبیاتی کوردی بە تایبەتی ژانری چیرۆك لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا چەند چیرۆکنووسێکی کورد زیاتر بەو باڵە دەروونییەدا خۆیان شکاندەوە. لەگەڵ هەبوونی دەقی ئەدەبی وا پێویست دەکات

---

(٢٥٦) د. عادل گەرمیانی- ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی ( من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤـ )دا، ل٢٥

(٢٥٧) ڕۆشنا ئەحمەد (ئا)- داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، ل١٥١.

ڕەخنەگرانیش ئەو ئارەزوو توانایەیان تێدا هەڵبکەوێ، کە لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی دەروونشیکاری بتوانن شرۆڤە و هێما و ئاماژەکانی دەقی ئەدەبی لە ژێر کاریگەری کەسێتی نووسەر بخەنە ڕوو ، هەرچەندە تا ئێستاش بەشێك لەو هەوڵە سەرەتاییانە لە ئارادایە لە بارەی نووسینی چیرۆکی دەروونی، بەڵام بەم شێوەیە نییە کە پێویستە، وێڕای نەبوونی هەوڵێکی باش بۆ لێکدانەوەی ئەو چیرۆکانەی لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەی دەروونی نووسرابن، لە هەمان کاتیشدا نووسەرانی کورد لە بارەی خستنەڕووی دەقە ئەدەبییەکان و بەستنەوەیان بەکاری نووسەرو خۆ خەریکردن بە ناوەرۆكو بەلاوەنانی شێوازو بنیادی زمان بیروڕای جیاواز لە ئارادایە.

گرنگیدان بە نووسەر بۆ تێگەیشتن لە دەق بەلای هەندێك لە ڕەخنەگرانەوە، جۆرێکە لە کورت بینی یان تەواو ڕۆناچێتە ناوەرۆك و جەوهەری دەقەکە، چونکە ئەوان وای دەبینن دەق لەدەرەوەی نووسەر دەبێ حسابی بۆ بکرێت، گرنگیدان بە تێکست لە دەرەوەی نووسەر بێگومان ئەم دەربڕینانەش لە ژێر کاریگەری قوتابخانەکانی دیکەی ڕەخنەدان و پێیەوە کاریگەرن وەکو بونیادگەریو هەڵوەشاندنەوەو، زمانەوانیو، ڕەخنەی خوێنەرو،.. هتد) گرنگی دان بە تێکست وەك ئەوەی (ڕۆلان بارت) مردنی نووسەری ڕاگەیاند، کە خۆدابڕان بوو لە کەسێتی نووسەر، بەڵکو دەق وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ تەماشای دەکرێت.

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئێستایماندا نووسەران و ڕەخنەگران بیروڕای جیاوازیان لە بارەی دابڕانی نووسەر لەدەقە ئەدەبیو پێوەندی نێوانیاندا هەیە. هەندێك لەو نووسەرە کوردانەی کە زیاتر بەلایەنی دەقەوە خەریکن لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا لە دەرەوەی نووسەر دەست لە کاری هەڵسەنگاندن و بەرهەمی ئەدەبی وەردەدەن، وەکو (نەجات حەمید، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، مەریوان وریا قانیعو..هتد) وێڕای ئەوەی کە نووسەر لەدەقدا دادەبڕێنن، بەڵام هەم دیسانیش نووسەر وەك لایەنێکی دەق تەماشا دەکرێت، بەو واتایەی نووسەر خۆی جۆرێکیشە لە دەق، بەختیار عەلی دەڵێ: ((بەجۆرێك لە جۆرەکان دەکرێ خوێندنەوە بۆ نووسەریش بکەین وەك پێکهاتەیەکی پڕ هێماو ئاماژە))[٢٥٨].

خۆدابڕاندن لە نووسەری دەق بە تەواوی یان وابەستە نەبوونی نووسەریش، وەك لایەنێکی دەق وەك وێنەیەکی دووبارە بووی نێو ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانە، کە لە ڕەخنەی

---

( ٢٥٨ ) گ/ئایندە(ئا)- تەوەری ڕەخنە (ڕەخنەی هاوچەرخ و ڕەخنە لەنێو ڕۆشنبیری کوردیدا)، گ/ئایندە، ژ/٢٢، ٢٠٠١، ل٩.

ئێستاماندا قسەی لەسەر دەکرێت بەشێکیان لەگەڵ ئەوەدان نووسەر لە دەرەوەی دەق حسابی بۆ بکرێت، کە زیاتر خۆی لەو دەستەواژانە دەبینێتەوە: (زیاتر قسە دەکرێت لە بارەی پڕژانە سەر کەسێتی نووسەر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ناپڕژێتە سەر دەق، ڕەخنەی کوردی ئەو قۆناغەی بڕیوە، یان ڕەخنەی ئەدەبی کوردی جۆرێکە لە پێ هەڵدان و ستایشو داشۆرین،... هتد) ئەمان چەند دەستەواژەیەکن وەك بە ناوی خۆلادان لە کەسێتی نووسەر دووبارە دەکرێنەوە، تا ئەو ئاستەی کە هیچ پێویستییەك لە ئارادانەبێت بۆ خۆبەستنەوە بە کەسێتی نووسەر، بەڵکو ماهییەتی ڕەخنە لە ئاشکراکردنی ئەو نهێنیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەق لەخۆی هەڵگرتوون و پێویستی بە دەرخستنی ئەو پەنهان و نهێنیانەی دەق هەیە، بۆ نموونە (سیامەند هادی)ی چیرۆکنووس دەڵێ: ((هیچ پرد و و ڕایەڵێك نییە لەنێوان خۆیی و دەقدا، چونکە ئەگەر بتوانین دەق بە تەواوی بدوێنین ئەو هەموو دەلالەتو نهێنیەکانی دەقەکە دەستگیر دەبێت، ئیدی چ پێویست دەکات ڕەخنە بەجەستەی دەق بەجێ بهێڵێو بگەڕێتەوە بۆلای خاوەن دەق))[٢٥٩].

هێڵێکی ناوەند هەیە لەدابڕانی نووسەر لەدەق و بەستنەوەی نووسەر بەدەقی ئەدەبی، ئەویش ((گرنگیدان بە نووسەر بۆ تێگەیشتنی لە تێکست هەمیشە دەستپێکێکی نادروست و کەم ماناو خراپ نییە و ناکرێت لە ڕووی میتۆدیەوە خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەر دابهێندرێت))[٢٦٠].

مەریوان وریا قانیع، وەك ڕەخنەگرێك کار لە دەرەوەی نووسەر بۆ دەقی ئەدەبی دەکات، سەرەڕای فەرامۆش نەکردنی کەسێتی نووسەرو بەلایەوە خۆبەستنەوە تەنها بە کەسێتی نووسەر وەك خستنەڕووی نهێنییەکانی دەق لە ڕێی ژیاننامەی نووسەران، دیدێکی کورت بینە بۆ تێکست، لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەوە، لایەنێك یان بەشێك لە نهێنییەکانی تێکستمان بۆ دەردەخەن لە ناسینی نهێنییەکانی دەق، چونکە مەریوان وریا قانیع نووسەران دەکات بە دوو بەشەوە ئەوانەی کە پێویست بەناسینی کەسێتیان هەیە و ئەوانەیش پێویستیان بە ناسینی کەسێتیان نییە [٢٦١].

---

(**٢٥٩**) هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

(٢٦٠) مەریوان وریا قانع- بەختەوەری و بێدەنگی چەند گفتوگۆیەك لەبارەی کێشە ئێستاییەکانی کۆمەڵگای کوردی، چ/ دووەم، خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٠٦.

(٢٦١) هەمان سەرچاوە، ل٢٠٧.

لە پاڵ ئەمانەشدا خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیو بەستنەوەی بە کەسێتی نووسەر لە ئەدەبی کوردیدا بەردەوامەو بە ڕادەیەك خۆبەستەوە بە کەسێتی نووسەر بوونی هەیەو دەرخستنی دەقی ئەدەبی و ئاماژە دەلالەتەکانی وەك جۆرێك لە دەربڕینەکانی نووسەرو هەبوونی ژیاننامەی نووسەر لەناو دەقی ئەدەبی کوردی و دەربڕینی شتە شاراوەکانی ناخی دەروون خۆبەستنەوە بە قوتابخانەکانی دەروونشیکاری لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبیدا هەیە، لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئێستایماندا، محەمەد کەریم دەڵێ: ((ڕەخنەی ئەدەبی لێکۆڵینەوە و قسەکردن لەسەر نووسەر کارێکی ئاسایی و شیاوە، لە ڕاستیشدا جیاکردنەوەی نووسەر لە دەقەکەی کارێکی سەخت و ئەستەمە))[٢٦٢].

بەلامانەوە کەسێتی نووسەر پێکهاتەیەکی گرنگی هەیە لە دەقی ئەدەبی بە سیفەتی ئەوەی دەربری ناخ و قووڵاییەکانی دەروونە، بە تایبەتی ئەدەبی سایکۆلۆژی، کە زیاتر مامەڵەکردنێکە لەگەڵ دەروونی مرۆڤ و دەربڕینی شتە شاراوەکانی ناخی نووسەرە، ڕەنگە سەردەمانێکی زۆر لە هەست و نەستی ئەدیب و هونەرمەندان حەشاردرابێت، لەگەڵ ئەو بارە ڕۆشنبیرییەی ئەوانیش هەماهەنگی هەیە و دەقێکی ئەدەبی یان هونەری لەدایك دەبێت. بە نموونە چیرۆکنووسێکی سەرکەوتوو وەکو (شێرزاد حەسەن) لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی سایکۆلۆژی دەنووسێت لە قووڵبوونەوەی ناخی کارەکتەرەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئازار و دەرد و مەینەتییەکانی ژیان و گرێ دەروونییەکان و نەخۆشیە دەروونییەکان وەك ئەوەی من و تۆو ئەوانی دیکە بین لە چیرۆکەکانیدا.

ئەگەر بە وردی سەرنجی چاوپێکەوتنەکانی شێرزاد حەسەن و کەسانی نزیك لە ژیانی خۆی بپرسین، دەتوانین ئەوە بڵێین کە شێرزاد وەك منداڵێك و هەرزەکارێکە گەنجێك لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا ئامادەیی هەیە، کەواتە چۆن بتوانین لە نهێنی و ئاماژە و ماناکانی دەق بەو شێوەیە تێبگەین؟ نووسەری چیرۆك لە ڕێی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ ئەوەی تینوییەتی خۆی بشکێنێو نائاگای خۆی بخاتەڕوو هێزێکی ئازار بەخش پاڵی پێوە دەنێت، تا خۆی لە ناخی نووسیندا دەربخات، وەك ئەوەی کەسێك خەون ببینێ و لە خەوندا قەرەبووی ویستەکانی بکاتەوە ئەدیب و هونەرمەندانیش لە بەرهەمەکانیان خۆیان دەردەخەن و قەرەبووی ئازارەکانی

(٢٦٢) گ/ئاینده(ئا)-(تەوەری ڕەخنە) محەمەد کەریم لەچەند پرسیارێکدا، ل٦٦.

ناخیان دەکەن و پێی ئارام دەبن هەروەك شێرزاد حەسەن خۆی دەڵێ: ((ئەگەر دەتانەوێ نووسەرێك بناسن دەتوانن لە ڕێگای ئەدەبەکەیەوە بیناسن))[٢٦٣].

نووسەر لە بەرهەمەکانیدا وێنەیەك بۆ خودی خۆی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەخاتەڕوو، لە لایەکی دیکەش وێنەی ژیانی کۆمەڵگاکەی دەکێشێ و بەرهەمەکانی دەبنە ئاوێنەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەمەش لە بەرهەمی ئەدەبیدا بە تایبەتی چیرۆکی سایکۆلۆژی پرۆسەیەکە خوێندنەوەی نووسەر لە خۆی هەڵدەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوون و ئامادەیی چیرۆکنووس لە چیرۆکی دەروونیدا بە خۆخستنە پاڵ کارەکتەرەکانی مانای بوونی تاك ڕەهەندی دەروونی نییە، کە بە تەنها پەیوەست بێت بە خودی ئەو چیرۆکنووسە، بۆ نموونە وێنەی باوکێك وەك دەسەڵاتی باوك سالاری لە شکاندن و زەلیل کردنی منداڵەکانی، کە لە چیرۆکێك ڕەنگدەداتەوە مانای ئەوە نییە، باوکەکە باوکی چیرۆکنووس و چیرۆکنووس خۆی بێ و بە تەنها و بەس، بەڵکو کۆی دەسەڵاتی باوکەکان و کۆی منداڵەکان لەو ژینگەیەدا، لە واقیعی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە، چونکە چیرۆکنووس لە خۆیەوە دەست پێدەکات وەکو بەردەبازێك بۆ کۆی دەسەڵاتەکان و ئەوانی دیکە.

لە هەموو ئەو ڕووداو کات و شوێنانەی کە پەیوەستن بە ژیانی نووسەر، کارێکی ئەستەمە لە ڕێی ژیاننامە بتوانرێت تەواوی ژیاننامەی نووسەر بخرێتە پاڵ چیرۆکەکانی، چونکە نووسەرێك کاتێك کۆمەڵە چیرۆکێك دەنووسێت پڕیەتی لە کات و شوێن و فانتازیا و کارێکتەری جیاواز لە ڕووی چینایەتیو کەسانی نێو کۆمەڵگا بە هەموو ئاستەکانی ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانەوە کە ڕەنگە بەشێکیان دووربێت لە قۆناغ و ئاست و ژیان و گوزەرانی چیرۆکنووس، هەرچەندە دەتوانین ئەوە بڵێین چیرۆکنووس بە هۆی هەماهەنگی و نزیکی ژیانی خۆی و کەسانی چواردەوری خۆی جۆرێك لە دڵناسکیو هەست و نەستی خۆی دەچنە پاڵ ئەو کارەکتەرانەی کە دروستیان دەکات لە لایەکی دیکەش وێنەی کارەکتەرێك کە نووسەر لە خۆی نزیکبێت هەم دیسان ئاوێنەیەکە لە نەستی هەمووماندا ڕنگدەداتەو، وەك ئەوەی پاڵەوان و کەسانی نێو چیرۆك من و تۆو نووسەر ئەوانی دیکەبین.

---

(٢٦٣) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، گ/کازیوە، ژ/٦، ١٩٩٤، ل٢٢.

### ج ـ ژیان و سەرچاوەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن

### شێرزاد حەسەن لە بارودۆخ و قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیدا

شێرزاد حەسەن لە قۆناغێکی پڕ لە مەینەتیو شەکەتی هاتە دونیا، لەو قۆناغەی کە هێشتا منداڵ وەك منداڵیەتیو پێویستییەکانی نەناسرابوو، لەو قۆناغەی کە هێشتا هەرزەکار پێناسەی نەکرابوو وەك پێویستیو خواستەکانی لە لایەن خودی باوك و خێزان قۆناغێکی شووم بوو، ئەو قۆناغەی هەرزەکارو منداڵەکان بەر نەفرەتی ئەو باوکانە کەوتبوون، کە ئەوانیش لە باوانیان بۆیان بەجێ مابوو.

شوێنەکان و کاتەکانی سەردەمی منداڵی شێرزاد حەسەن ئەو بیرەوەریانەن، کە لە درێژی ژیان لەگەڵیدا دەژین، بە بەردەوامی لە دەرگای بیرەوەری ئەو پیاوە دەدەن و ڕاپێچی نێو جیهانی کتێب و نووسنی دەکەن، تەنگی پێ هەڵدەچنن و تەنگاوی دەکەن، تا ئارامیو شپرزەیی باڵی بەسەردا دەکێشێت و ئۆقرەی لەبەر هەڵدەگرن، تا ئەو کاتەی لە گەورەییدا خۆی بەبێ گوناه و بێ تاوان لە قەڵەم بدات خۆی وا نیشان بدات، ئەوەی شێرزاد دەیکرد تاوانەکەی تەنها منداڵ بوو هەموو ئەوانەی شێرزاد دەهەژێنن ئەو خۆبەتاڵ کردنانەن، کە شێرزاد لە منداڵییەوە هەڵی گرتبوون لە هەرزەکارییەوە بێدەنگی نواندبوو ئێستا بۆ قەرەبووکردنەوە و خۆسەلماندنی ئەو سروشتە پاکیەتی خۆی ئەوە نیشان دەدات کە منداڵ بوو دەیویست کە هەرزەکار بوو نەیدەوێرا، نووسینەکانی تۆمارێکی ئەو سەرچاوەن کە شێرزاد لە نەهامەتی ڕابردوو ئێستاو داهاتوشدا ڕزگاری دەکات و نەخۆشییەکانی چارەسەر دەکات برینە قووڵەکانی

خۆی سارێژ دەكات، ئەوانەش كە خوێنەر و گوێگری ئەو مەینەتیانەی ئەویشن سارێژی برینەكانی ئەوانیشە. شێرزاد حەسەن وەك خۆی ئاماژەی بە دیار نەبوونی ساڵی لەدایك بوونی خۆی كردووە كە دڵنیاش نییە لە ساڵی (١٩٥١ یان ١٩٥٢) هاتبێتە دوونیاوە[٢٦٤]، لەگەڵ هەستكردن بە ژیان وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی لەسەرەتاكانی قۆناغی خوێندن دەست پێدەكات چوونە قوتابخانەو سەرەتای خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی رەواندز بوو لە بقە و دروست كردنی ترس و تۆقین سەرەتایێك بوو، قۆناغی سەرەتایی ئاشنا بوونی شێرزادە بە بێدەنگی ترسان و گومان و گۆشەگیری و نامۆیی.

باوكی شێرزاد لە خەمی كورەكەیدا بوو تا تووشی گێچەڵ نەبێ نەبادا نەنگیو شكاندنی كۆتێك باوكی چاوشۆر بكات، دەبوایە وەك منداڵێك ئامرازێك و داردەستێكی باوكی بوایە لەپێناو قازانجی منداڵەكەی!: ((لە منداڵی بەردەوام باوكم دەیترساندم))[٢٦٥].

نەدەبوایە منداڵێك لە ترسی باوكی تخوونی (نزیك كەوتنەوە)ی منداڵە لاسارەكان بوایە، نەدەبوایە بەرەنگاری هیچیشیان بوایەوە لە ترسی داركاری باوكی دەستی نەدەكردەوە.

ترس و بەدواهاتنی شەرمیش ئەو قۆناغە سەرەتاییە بوون لە ئازارەكانی رۆحی شێرزاد جگە لە هەژاری و مەینەتییەكانی ئەو كات و خێزانێكی هەژار گەورەترین گرێی سەردەمی منداڵی شێرزاد (میز) بەخوداكردن بوو، وەك دەردێكی ئەوەندە كوشندە تا رادەی گوشارێكی دەروونی زۆر كاریگەر، كە منداڵێك بخاتە بارێكی دەروونی ناخۆش بەو شێوەیەی، كە هەستی خۆ بەكەم زانین و شەرمەزاری و بێزاری دایك و باوك و خۆ بە دوورگرتەوەی لێبكەوێتەوە، كە خۆی دوورە پەرێز بگرێت لە هاورێ و هاو پۆلەكانی. ئەو (میز) بەخۆداكردنەی سەردەمی منداڵی زوو درێژەی هەبوو، تا قۆناغی كامڵ بوون: ((سەرمای رەواندزو میز بەخۆداكردنم، زۆر بێزاریان كردبووم، تەنانەت دایك و باوكیشم بێزار كردبوو زۆرجار لێیان دەدام لەسەر ئەو میزكردنە، ئەو لێدانە زێتر منی دەترساند))[٢٦٦].

---

( ٢٦٤ ) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەكە بەنێو پانتای رووخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێكدا)، ل٩٤.

( ٢٦٥ ) بۆتان تەحسین(ئا)- رواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێكەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)،گ/كۆوار، ژ/٢، ٢٠٠٦ ، ل٣٤.

( ٢٦٦ ) **هەمان** سەرچاوە ، ل٣٣.

بێدەسەڵات بوونی منداڵێك لە بەرانبەر کردارێك، کە خۆی پێی ڕازی نەبووە و دەستی لە حەزی دروستبوونی ئەو کردەوەیە نەبووە بەردەوام برینی قووڵاییەکانی دەروونی بووە، ئەو منداڵە لە سۆز و خۆشەویستی باوك بەدەربووە بەو ئەندازەیەی، کە تەنها یەك جار بەڕووی باوکیدا پێکەنیوە، شەڕ و شۆڕەکانی باوك و دایکی شێرزاد ئەو دیمەنانەی سەردەمی منداڵین، کە شێرزاد لە چیرۆکەکانیدا باسیان دەکات وەك خوییێکی باوی خێزانی کوردی، بەدحاڵی بوون و تێنەگەیشتنی نێوانیان شکانەوەش بوو بەسەر منداڵەکانیاندا.

گەشە و گەورەبوونی شێرزاد لە ژینگەیەکی پڕ لە مەترسیو شەرم لە ئازارە قووڵەکان و بێ سۆز و میهرەبانی باوك و سیستەمێکی زاڵ و پۆلیسیانە لەنێو منداڵەکانیاندا سەرەتایەکی درێژ بوون لە ئازارەکانی دەروون و پڕکردنی هەناوی نووسەر لەخەم و برینە قووڵەکاندا.

شێرزاد وەك زۆربەی خێزانەکانی کوردی لە پەروەردەی خێزاندا زیاتر ژێر دەستی ئازارەکانی باوکی بووە نەك دایکی، هۆکاری ئەمەش زیاتر میهرەبانی دایکان بەگشتی و زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاوە بەسەر ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە لە نووسینەکانیدا، یان چ لە چاوپێکەوتنەکانیدا دایك هێما و رەمزێکی دیکەن لە خۆشەویستی بەدەر لە ڕقی باوك، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لەناو بازنەی دڵڕەقی باوك (باوك و دایك و مامۆستا)ن: ((دایکی من ژنێکی زۆر دڵ ناسك و میهرەبان بوو.. وەلێ نەیدەزانی چۆن میهرەبانی بدا بەمن و خوشك و براکانم.. بەڵکو لە داخ و قەهری باوکم کە دارکاری دەکرد، ئەویش منی دارکاری دەکرد هەموو جەستەی من جێی گیر و گازو نقورچی ئەو ژنە پەپوولە بوو زۆر جاریش بە دیارمەوە دادەنیشت و دەگریا))(٢٦٧).

شوێن پێگەی منداڵیەتی شێرزاد رەواندز و هەولێر بووە هەروەك دەڵێ: ((من نیوەی تەمەنم، کە منداڵیو هەرزەیی بوو لە هەولێر ژیام. دوو سێ ساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵیم لە (رەواندز) بوو هەر لەوێ چوومە قوتابخانە))(٢٦٨).

هەولێریش بەشێکی زۆری ئەو شوێنەی شێرزاد حەسەنە لە یادەوەری منداڵیو ژیانی منداڵی بە تایبەتی گەرەکی کوران و گڵکەندە: ((من ڕۆڵەو پەروەردەی گەڕەکە

(٢٦٧) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شـێرزاد حەسـەن)، گ/ڕەهەنـد، ژ/٥، سوید، ١٩٩٨،ل٢٤٢.

(٢٦٨) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیـەك لەگـەڵ شـێرزاد حەسـەن)، گ/ڕامـان، ژ/٧١، ٢٠٠٢، ل٢١٣.

شەعبیەکانی هەولێرم هەر لە (گڵکەند)ەوە تاکو (کوران) گەلەك کەرستەی بە پێز و سەیر و سەمەرەیان لەسەر لاپەڕەی مێشکما جێ هێشتووە، کە من تا ئێستاش نەم توانیوە تەعبیریان لێ بکەم))[٢٦٩].

ئەو سیما و وێنانەی لەنێو چیرۆکەکانیدا ئامادەییان هەیە پڕن لە ترس و شەرم نەوێران لە ئاست عەشق و خۆشەویستی چیرۆکەکانی دەبنە هەناوی هەڵگری ئەو یادەوەریانەی تاڵی منداڵیەتی: ((لە کۆمەڵگەی مندا، لە (هەولێر)ی ساڵانی شەست و حەفتا دوو بەندیخانەی قەفەزدار هەبوون لە بەرانبەر یەك و دوور بەیەك، لە یەکێکیان نێرەکان و لە یەکێکیان مێیەکان بەند کرابوون لە دەرەوە بەشەرمەوە سەیری یەکدیمان دەکرد))[٢٧٠].

ئەو دیمەن و هەڵوێستانەی سەردەمی منداڵی شێرزاد زەنگێك بوون بەردەوام لە گوێیدا دەزرینگانەوە، چونکە خۆی پەروەردەی گەڕەك و شارێکە کە پڕاو پڕن لەو دیمەنانەی کە بە بەردەوامی بە بەرچاویەوە دوو بارەن: ((زانیم کە میراتی میلەتەکەم، هی شار و گەڕەك و خێزانەکەم هەر لە منداڵییەوە تا حاڵی حازر لە ڕۆحی مندا جێگیرە))[٢٧١].

ژینگەی پڕ لە ترس و پەروەدەیەکی کولتووری بەشی ئەو پیاوەن وەك خۆی دەڵێ: ((منداڵیەتیم جگە لە بێبەشی و سەرما و ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ هیچی دیکە نەبوو منداڵیم بیر مەهێنەوە))[٢٧٢] ترس و شەرم و شکانەوە لە هەرزەکاری درێژەی هەمان قۆناغی منداڵییە هەرزەکاری قۆناغێکی تازەی دیکەی ژیانە کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەیی و دەروونی دیکەن کە زیاتر لە ژینگەیەکی گونجاودا دروستی دەروونی پێکدێت کە پەروەردەیەکی ڕۆشنبیر باڵی بەسەر کۆمەڵدا کێشابێ.

بەڵام بەشی شێرزاد چ لە کولتوور چ لە خێزانو چ لە گەڕەك هەمان عەیب و ترسە کە شێرزاد پێی ڕاهاتبوو، ترس هەمان ترس بوو لە قاڵبێکی دیکەدا، عەیب هەمان عەیب بوو، کە نەدەبوایە کەس بیزانیایە: ((ئاخ هەر خۆم دەزانم من بەچ ترس و شەرمێکەوە پەروەردە

---

( ٢٦٩ ) ڕ/هاوکاری(ئا)- دانیشتنێك لەڕۆحی زەلکاودا(چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ڕ/هاوکاری، ژ/١٠٨٠، /١٩٨٩/٦، (لاپەرەمان بۆ نەخوێندرایەوە).

( ٢٧٠ ) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٣.

( ٢٧١ ) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، ل٢٢.

( ٢٧٢ ) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٢.

دەبووم، من تا سێ ساڵی باڵقبوون کونا و کون دەرپێ زەردەکانی خۆم دەشاردەوە نەم دەهێشت دایکم بیان شوات، ئاخر چەند عەیب بوو باڵغ بوون چەند شەرم بوو گەورە بوون، تف لەو سێوە حیزە خڕەی بەر مل... لەو دەنگە گڕە))[٢٧٣].

نەبوونی توانستی پێوەندی لەگەڵ دایك و باوکی ئەو گۆڕانە فسیۆلۆجیانەی کە نیشانەی باڵغ بوون دوورەپەرێزی بەدواوە بوو عەیب و شورەیی بوو نهێنییەکی بە پەردەبوو دەبوایە هەروا بمابایەوە یەکێك لەو گرێیانەی دیکەی شێرزاد لە سەردەمی باڵغ بووندا نەبوونی توانستی پێوەندی گرتنی خۆشەویستی شەرمێکی زۆر بەرانبەر بەجنسی مێ، بەتایبەتی لەو کاتانەی، کە شێرزاد دینداریێك بوو باوەڕی تەواوی بە جیاوازی نێرو مێ هەبوو.

## سەرچاوەکانی تەقینەوەی کانگەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن

ئەدەب و هونەر وەك سەرچاوەیەك لە قووڵایی دەروونەوە هەڵدەقووڵێن، وەك هێزێکی کاریگەرن و دەروون هێوەر دەکەنەوە. ئەوەی نووسەر و ئەدیبان دەیخەنە ڕوو سیحرو فانتازیایەکی ژیانەو مووچڕکێك بە لەشی خوێنەرو بیسەران دادێنێ، لەم سۆنگەیەوە ئەدەبیات بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی ژیاندا باڵ بەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەکێشێ.

کانگەو سەرچاوەی دروستبوونی بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێ جۆرێك لە وروژاندن و هەژانێکی ویژدانییەوە ڕوو بکاتە دڵی خوێنەرو بیسەر، چونکە هونەرمەند لە کەسێکی ئاسایی جیایە بەو مانایەی، کە تواناو بەهرەکانی جیای دەکاتەوە لە خەڵکێکی ئاسایی. ئەوەی نووسەرو هونەرمەند دەیخەنە ڕوو جۆرە سەرسامییێکە، چ خوێنەر یان گوێگر پێیانەوە ئاشنا دەبن، هەڵبەتە هەبوونی توانا و بەهرەکانی ئەدیب و نووسەران ڕەنگە سەرچاوەکانی شتە هەڵقووڵاوەکانی دەروونیان تێکەڵ بە ئازار و ئارەزووەکانیان دەبێت. توانای جیاکردنەوەی بەهاکان و دووربینیان بۆ ژیان و ئەزموون کردنی قۆناغەکانی ژیانو تێکەڵکردنیانە بە کارە ئەدەبیو هونەرییەکان ناواخنی بەرهەمەکانیان دەبێت، بۆیە سەیرنییە ئەگەر سەرچاوەکانی بەرهەمی نووسەرو ئەدیبان لەگەڵ هەموو ئەو ئەزموونانەدا وابەستەی زۆرێك لەو سەرچاوانە بێت، کە پاڵیان بە ئەدیب و هونەرمەندان ناوە بۆ داهێنان. هەڵبەتە شێرزاد حەسەنیش وەك

---

(٢٧٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

کەسایەتییەکی ئەدەبی لە بواری چیرۆکی دەروونی کوردی، کە خاوەن ئەزموونێکی دوورو درێژی ئەم بوارەیە، لە میانەی چاو پێکەوتن و بەڵگەنامەکانیدا هەوڵی دەرخستنی هەندێك لەو سەرچاوە کەناڵانە دەدەین، کە زیاتر نووسەر وەك دەروازەیەکی واڵا لە چوونە نێو جیهانی چیرۆکدا ئەزموونێکی نوێ بە چیرۆکی کوردی ببەخشێت.

هەرچەندە ڕوونکردنەوەی ئەدەبی پێوەندی بە ئیلهام و سروشتی لەدایك بوونی بەرهەمێکی ئەدەبییەوە هەیە، تا ڕادەیەك ئاڵۆزبێت و گۆشە نیگایەکی ڕێژەییش بێ بۆ ڕوونکردنەوەی داهێنان و هاتنەکایەی بەرهەمی ئەدەبی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی بەڵگە نەویستە ((هونەرمەند مرۆڤێکە وەك هەر مرۆڤێکی تر لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارێ، وەکو هەرکەسێکی ترو دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی دەوروبەر و کۆمەڵایەتییەکانەوە... زۆر هۆکار هەن کە لە سەردەمی منداڵێتییەوە کار دەکەنە سەر هونەرمەندو کەسێتیەکەی پێکدەهێنن، وەکو هۆی میراتی پەروەردە ، پەیوەندی خێزانی کاریگەری دەروونی و شێوەکانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکەی))[٢٧٤].

هەماهەنگی بوونی نووسەر لەگەڵ واقیعە کۆمەلایەتییەکان و بەشێکی گرنگ لە پێکهێنانی لایەنی دەروونی و پێوەندی بە بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییەوە دەردەخات، نەك ئەوەی کەسێکی ئاسایی بەخششێکی کت و پڕە و بەبێ هیچ بنەماو چاوگەیەك بێتە بوون.

### ئارەزووە خەفەکراوەکانی سەردەمی منداڵیو هەرزەکاری

بەشێکی زۆری سەرەتایی ژیانی شێرزاد حەسەن نەهامەتی و نەخۆشییەکانی ئەو قۆناغە بوون کە برینێکی قووڵی دەروونی ئەو پیاوە بوون، ئەو گرێیانەی کە نووسەر بە دەستیەوە دەناڵێنێ. ئەو گرێیانەی سەردەمی منداڵیو هەرزەیی بوون کە نووسەریان خستە خولیاو ڕاکێشانی نێو سیحرو ئەدەب و نووسین، وەك ئەو ڕاستییەی کە لەو ئاماژەیەی دەردەکەوێت: ((من خۆم کە پەروەردەی ناو ئەو کولتووورە بووم، کە کاری خۆی لەسەر چەپاندن دەکات، دەبوو زوو بتەقیامەتەوە، هیچ نەبێ خۆم بە تاڵ بکەم خۆ ڕەحەتکەم))[٢٧٥].

ئامانجی نووسەر لەخۆ دەربازکردن لە گرێی دەروونی و ئاسوودەبوونی، نووسین ئەو پرۆسەیە بەرێوە دەباتن کە تینوتی نووسەر بشکێنێ، ئەو گرێیانەی نووسەر کە نووسەر لە قۆناغێکی زووەوە

---

( ٢٧٤ ) د.کەمال میراودەلی- فەلسەفەی جوانیو هونەر(ئیستا تیکا)، ل٢٦٩.

( ٢٧٥ ) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢١٦.

پێی ئاشنابووە و پێی ڕاهاتووە. ئارەزووەکانی منداڵی هەر لەیاری کردن و شەڕکردن لەگەڵ منداڵانی دەوروبەر کە زۆر جار ئەو کارە تێکدەرانەی منداڵ دەیکات بەشێکی پێویستی و بنیاتنانی حەزەکانی منداڵێکە لەو قۆناغەدا، دڵڕەقی باوك و ترس لە مانای مێ‌و نزیك نەکەوتنەوە، ترس لە باوك، شەرم لەمێ‌و ترس و شەرم لە کچ، شەڕو گێچەڵەکانی دایكو باوك و شکاندنەوەو...هتد ئەوانە بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵین، کە پەیوەندییێکی ئۆرگانی لەگەڵ داهێناندا هەیە: ((خێزانێك کە بەرێکەوتیش ڕێزو خۆشەویستیو سۆزنەدا بەمنداڵەکانی، ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەی کە ڕۆحی منی لەت و پەت کرد لە چیرۆکەکانما بە زەقی دیارە))(٢٧٦).

باوك سەرچاوەیەکی هێزو دەسەڵات بووە لە ئاستی هەموو حەز و مەیلە سەرکوت کراوەکان، دڵ ڕەقی باوك بە ئەندازەیەك، کە قەت لە ڕووی منداڵ و هەرزەییەك وامامەڵە ناکات کە جۆرێك لە سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست ببێ، باوکی شێرزاد هۆکارو سەرچاوەی یەکەمی دروستبوونی گرێ گەواڵی دەروونی چیرۆکنووسە، وەك هەموو باوکە دڵڕەقەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا پەروەردە بووە:((باوکی من دیکتاتۆرێکی یان بڵێم هێتلەرێکی چکۆڵە بوو))(٢٧٧).

ئەو باوکەی کە سەرچاوەی یەکەمی ترسە لای منداڵێك، کە بە مەرج دەبێ بژی بە مەرج دەبێ ڕەفتار بکاو بە مەرج دەبێ هەنگاو بهاوێ، ئەو مەرجانەی پڕە لە ترس پڕە لە چەپاندن. چۆن منداڵێك لەگەڵ هاوڕێ و برادەرەکانی خۆی بە ئاسوودەیی بژییێت، کە بنەمایەکی لەسەر ترسو تۆقاندن دامەزرابێت؟.

ئەو کاتەی شێرزاد حەسەن ماڵیان لە ڕەواندز بووە لەگەڵ کوڕێك بەشەڕدێت بە بەرچاوی شێرزاد، باوکی شێرزاد قامچییەك دەداتە دەست کوڕەکە بۆ ئەوەی لە شێرزاد بداتەوە(٢٧٨): ((ئیتر لەو کاتەوە تێگەیشتم نابێت شەڕ بکەم، ئەگەر شەڕ بکەم باوکم بزانێت ، ئەویش دارکاریم دەکات، بۆیەش وام لێهات نەوێرم شەڕ بکەم، ئەگەر لێشم بدەن لە ترسی دارکاری باوکم دەستم نەدەکردەوە بەردەوام لەبەر یەك کەوتن لەگەڵ منداڵان دەترسام))(٢٧٩).

---

(٢٧٦) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، ل٢٣.

(٢٧٧) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لە تووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٢-٢٤٣.

(٢٧٨) بۆتان تەحسین(ئا)- ڕواندزو خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣٠.

(٢٧٩) سەرچاوەی پێشو، ل٣٤.

حەسەن پۆلیس باوکی شێرزاد حەسەن جۆرە پەروەردەیەکی پۆلیسانەی هەبوو بەرانبەر منداڵەکانی: ((من قەرزاری دڵڕەقی باوکمم، کە منی بە ئاگا هێنا، بیر بکەمەوەو بپرسم بۆ لە خانەوادەکەی مندا بەردەوام ململانێ و کێشە هەیە؟))[٢٨٠].

ئاشنا بوونی چیرۆکنووس بەو گرێیانەی، کە لە هیچەوە دروستبوون کاریگەریەکی گەورەی بەسەر دڵو دەروونیدا جێ هێشتوە. چیرۆکی ئەو منداڵەی کە لە تەمەنی چوار پێنج ساڵییدا لە گەڕەکی گڵکەند لە هەولێر لە گۆڕستانێکی نزیك گەڕەکی شێرزاد حەسەن، شوێنی یاری کردن و گەمەی منداڵان بووە، یاری کردنی ئەو منداڵە کچەی کە شێرزاد خۆی باسی دەکات یاری لەگەڵ کردووە لە شوێنێکی نزیك ماڵیان، دوای گەڕانەوەیان بۆ ماڵ هات و هاوار و دایكو باوکی کچەو خەڵکی گەڕەك هەڵیان کوتابووە سەر ماڵی باوکی شێرزاد حەسەن و هات و هاوار و قڕەیان دروست کردبوو، بە مەبەستی لێدان و کوتانی ئەو منداڵەی، کە یاری لەگەڵ کچەکەیان کردبوو، دوای ئەو شەڕو هەرایە شێرزاد وەك هەستێکی منداڵانە تێدەگات، ئەو ئاژاوەیە لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کچەکە بەبێ دەرپێی چۆتەوە ماڵ و دەرپێکەی لەکاتی میزکردن بەجێ هێشتبوو، بێ ئەوەی شێرزادی منداڵ ئاگای لێبێت بە مەبەستی دەست درێژی سێکسی ئەو ئاژاوەیان نابووەوە شێرزاد دەڵێ: ((ئیدی ئەوە یەکەمین گرێی من بوو لەگەڵ شتێك کەمن نەم دەزانی چییە؟...دیارە تا ساڵ تێپەڕی دەکرد من پتر بەو حەرامە ئاشنا دەبووم و دەمزانی چ وێرانەیەکی دروستکردووە، تا تەمەن هەڵدەکشا ورد دەبوومەوە پتر حاڵی دەبووم کە لە پشت زۆر لە کارو کردەوەکانی مرۆڤ ئەم وزە کوژراوە ئێشی خۆی هەیە))[٢٨١].

ئەو چیرۆکانەی کە مێشکی چیرۆکنووسیان تەنیبوو، وەك بەشێك لەو ئازارانەی کە نووسەر بە دەستیانەوە دەناڵێ ئەوانەی لە مێشك و دەروونی نووسەر بوونیان هەبوو، بۆیە هەموو ئەمانە دەبنە بەشێك لە سەرچاوەی ئیلهام و سروشتی بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن، کە هەمیشە سوپاس گوزاریانە بۆخۆ دەربازکردن و چوونە نێو دونیای نووسین: ((تەقینەوەی

---

( ٢٨٠ ) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای ڕوخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، ل٩٥.

( ٢٨١ ) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢١٤.

خەیاڵی من بۆ دنیای چیرۆك و ڕۆمان لەو ژووره تاریك و داخراوەوه هات، سوپاس بۆخەم و مەراق و ژووره تاریکەکانی رۆح که هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوه))[٢٨٢].

دەشێ ئەمانە هەموویان هەوێنی داهێنان و نووسینەوەی ئازارەکان بن، تا ئەو ئاستەی که لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا لەنێو پەروەردەی کۆمەڵگا بوونی هەیە، بۆیە ((منداڵی هەمیشه هەوڵی ئەوه دەدات چ به ئاگاو چ بێ ئاگابێ بگەڕێتەوه ئەو سەردەمە بەسەرچووەی تۆزی زەمانه لەسەری نیشتووه))[٢٨٣]. ئەم گەڕانەوەیەش بۆ سەردەمی منداڵی دیاردەیەکە لای هونەرمەندو ئەدیبانی جیهان بوونی هەیە، له لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییشدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووه.

ئەو جۆره سیستەمه پەروەردەیەیەی، که ترس و شەرم بەرهەم دەهێنێ درێژکراوەی باوانه بۆ نەوەکانیان، تا ئەو ڕادەیەی دەسەڵاتی مامۆستاو قوتابخانەو مزگەوتیش بگرێتەوه لەنێو دەروونی شێرزاد و ئەوانی دیکەشدا هەن، که پەروەردەی دەستی ئەو کولتوورەن، بەمەش تێگەیشتنی چیرۆکنووس بۆ ژیان و دەوروبەر هەمان ئەو ڕستانەن که لەناو چیرۆکەکاندا هەن وەك دەڵێ: ((له خێزانی ئێمەدا بۆ ڕاسکردن و دروستکردنی منداڵ و فەرزەندەی گوێڕایەڵ به (کچو کوڕ)، جگه له سزاو ترساندن و شکاندن و سەرکوتکردن هیچ شێوازێکی دیکەی پەروەرده پەیڕەو ناکرێ. هەمان فەلسەفەی سزا که باوان بڕوایان پێیەتی، لەلایەن مامۆستاکانی قوتابخانەش پەیڕەوی دەکرێ، کام له مەلاکانی کوردستان فەلاقه نەکراون ئەو وەختەی که فەقێ بووبن))[٢٨٤].

هەستی شێرزاد بەرانبەر ئازار و دەرد و خەم و مەراقەکان هەر له سەرەتای منداڵییەوه هەستی پێدەکرد، هەر له خوێندنەوەی شیعرێك یان قۆناغی هەرزەی هەستکردن و ژیانی لەنێو شەڕو ئاژاوەکانی دایك و باوکی سەرەتای تەقینەوەی نووسین لەوێ دەستی پێکرد، که دەیویست له ڕێی شیعرەوه دەربڕی شەڕ و گێچەڵەکانی دایك و باوکی بێ، که ئەم سادەترین هۆکاری خۆبەتاڵکردنه: ((مامۆستاکانی زمانی عەرەبیم به داڕشتنەکانم (الانشاء) سەرسام

---

(٢٨٢) گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەم و مەراق و ژووره تاریکەکانی ڕۆح که هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوه(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ڕامان، ژ/٨، ١٩٩٧، ل٥١.

(٢٨٣) ڕێبوار حەمه ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییه دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، ل٢٢.

(٢٨٤) شوان ئەحمەد (ئا)- له هەولێرەوه تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٠٧.

دەبوون لەوەوە هەستم کرد لە هاوەڵەکانم جیام، ئیدی بە دزییەوە شیعرۆکە و میعرۆکەم دەنووسی شەڕو گێچەڵەکانی دایك و باوکمم دەنووسییەوە ترس و شەرمی خۆم دەنووسییەوە، مەراق‌و دڵەڕاوکێ، هەنووکەش ئەو دەفتەرانەم ماون، لەپاڵ شیعری زۆر سادە بە پەخشان سادەتر خەون و خەیاڵ و ختورەی خۆم دەنووسییەوە، هەر بە دزییەوە، چاك لە بایەخی ئەدەب نەدەگەیشتم، گرنگ دەربڕینی هەست و نەستم بوو پتر لە دەساڵ بە دزییەوە بە شەرمەوە شتی بێ سەروبەرم دەنووسی))[٢٨٥].

ئەگەرچی شیعر وەك دەربڕینی هەناسەیەکی پڕ لە هەست و سۆز و خۆبەتاڵ کردنە، بەڵام شێرزاد پێویستی بەوە هەبوو زیاتر لە خۆیدا قووڵ بێتەوە، تا زیاتر نهێنییەکانی ژیانی بخاتە ڕوو ئازارو برینە قووڵەکانی ساڕێژ بکات، بۆیە ئەم باوەڕەی لادروست بووە، کە دەڵێ: ((پتر لە دەساڵ ئەم گەمەیەم کرد، دوای زانیم خەمەکانم لە شیعردا جێگەیان نابێتەوە و پاش تێڕامانێکی فیکری و هونەری و خوردبوونەوە لەژیان هەستم کرد پانتایەك هەیە ناوی چیرۆکە و دەتوانم شەڕی پێ بفرۆشم دەتوانم شتی گەورەی تێدا بکەم))[٢٨٦].

سەرەڕای ئەمەش هێشتا خەمەکانی نووسین تەواو نەبوون، چونکە چاڵی دەروون قووڵەو کەلێنەکانی پڕنابن، بۆیە بەلای شێرزادەوە وەك خۆی دەڵێ: ((هێشتا لەناو گەمەی نووسیندا دەژیم و نەم توانیوە خەونەکانی خۆم بنووسمەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەم هەرچەندە نووسینەوەی ئەو خەونانەو سەرلەنوێ نووسینەوەی ئەو خەونانە و سەر لەنوێ بینینەوەیان وەکو ئەوە وایە سەرقاپی (دۆزەخ) هەڵدەیتەوەو سەیری ناوەوەی بکەی. جگە لەوەش نووسینەوەی خەونە ئابڕووبەرەکان وێنەکێشانی پرۆترێتی خۆتە، بەهەموو دزێوەکانی خۆیەوە))[٢٨٧].

ڕەنگە چەپاندن وەك میکانیزمی بەرگری دەروونی ڕێگایەك بێت لەو ڕێگایانەی کە خودی منداڵێك یان هەرزەکارێك لە پێناوی مانەوەی خۆی هەوڵی خۆ بەدوورگرتن دەدات لەو هەموو ئەرك و مەرجانەی، کە بەسەری دەسەپێندرێن دەچێتە ژێر باریان و لەبیریان دەکات هەموو ئەو مامەڵەو کردەوانەی، کە بەشێوەیەك چەپێندراون دەبنە وێنەو دیمەنی یادەوەریەکان و

---

(٢٨٥) گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەم و مەڕاق و ژوورە تاریکەکانی ڕۆح کە هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوە(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٥٠.

(٢٨٦) سەرچاوەی پێشو، ل٥١.

(٢٨٧) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٠٦.

لەگەڵ خودی ئەو کەسێتییە دەژین، کە لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵی گەڕانەوە دەدات، هەروەها چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار دەکەن بۆ خۆدەرخستنیان و دووبارە گەڕانەوەیان، بۆیە لای چیرۆکنووسان و تەواوی ئەدیبان و هونەرمەندان نووسین و لایەنە هونەرییەکان دەبنە ئامرازێکی خواستراو بۆ خۆبەتاڵکردن و دەربڕین و گوزەرکردن بەنێو یادەوەرییەکان، لە لایەکی دیکەش دڵنەوایی‌و ئارامی هونەرمەندان و نووسەرانن.

## هەژاری و ژیانی کلۆڵی شێرزاد حەسەن

هەژاری و مەینەتییەکانی خێزانی شێرزاد سەرباری ئەوەی ترس و شەرم و شەڕ و ئەو ئازارانەی کە ماڵێکیان دەهەژاندو ترس و شەرمیان لە دڵی منداڵەکانیان دەچاند، هەژاری و نەبوونی چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیەکی بەتینی هەیە لە یەکانگیربوونی کێشەو ململانێی نێو خێزان، کە زیاتر منداڵەکان ئەبنە قوربانی ئەو شەڕ و هەرایانە بەتایبەتی نێوان ژن و مێرد بۆیە هەژاری سەرچاوەیەکی دیکەی شتە هەڵقولاوەکانی ناخی نووسەرن: ((من ئەو ژیانە کوڵەمەرگییە نەبووایە نەم دەتوانی ئەو شتانە بنووسم))[٢٨٨].

ژیانی کوڵەمەرگی و هەژاری شێرزاد هەر لە سەرەتای منداڵییەوە دەست پێدەکەن کە تەنها بەس یەك دەستە جل پۆشاکی ئەو منداڵە بوون ئەبوایە تەواوی ساڵ و جەژنانە بەسەری ببردایە وەك دەڵێ: ((من کە باسی زستانی ڕەواندز دەکەم کەس وەکو من گیرۆدەی نەبوو، من هەمیشە یەك شەڕواڵ و کراسم هەبوو، جەژنانە و چەن دەمانگۆڕی، هەندێ جار من هێندە بەدبەخت بووم، دایکم دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی جلی جەژنانەم بۆ بکەن کەچی باوك دەیگوت نیمانە))[٢٨٩].

گوزارشت کردن لەو ژیانە مەینەتی و پڕ نەخۆشییە، مەگەر هەرپانتای ئەدەبیات و هونەر بتوانێ گوزارشتی لێ بکات، ئەوانە هەمووی هۆکارێکن بۆ ورووژاندنی کەسێتی کە لەناو ئەو داکەوتە (واقیع) ی کۆمەڵایەتییەی ژیانی لێبکەوێتەوە، بۆیە سەیر نییە وەك ئەوەی شێرزاد

---

(٢٨٨) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای ڕوخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، ل٩٥.

(٢٨٩) بۆتان تەحسین(ئا)- ڕواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی مـنن، (چـاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣٣.

دەیگێڕێتەوە کە خولیای گوزارشت کردن لە نێوان خودی ژیانی خێزانی خۆیان بۆ ئەو قۆناغە دەگێڕێتەوە، کە لە چواری سەرەتایی مامۆستایەکی دۆستی ماڵە دراوسێیەکیان شیعرێکی (قانیع) دەخوێنێتەوە کە باسی (لێفە شڕە) دەکات لەو کاتەوە شێرزاد وا هەست دەکات کەوا کتومت باسی ژیانی خۆی و خوشك و براکانیەتی، ئەو شیعرەی قانیع دەبێتە هەستو سیحری ئەدەب هەر لەو قۆناغە زووەدا کاری تێدەکات.

ئەو ئەدەبەی کە بەلای زانایانی دەروونزانی جۆرێکە لە خۆدەربازکردن لە نەهامەتیو ڕاگرتنی هاوسەنگی دەروونیو هەستکردن بە نەخۆشیو خۆدوورخستنەوە لە نەهامەتییەکانی ڕابردوو، ئەو (لیفە شڕ)ە سەرەتای ئەو سیحرە بوو، کە نووسین بووە ڕێچکەی پەردە هەڵماڵێن لەسەر شتە شاراوەکانی ناخی نووسەر، کە بە درێژایی تەمەن لەگەڵیدا دەژین، نووسەر لەچاو پێکەوتنەکانیدا دووپاتی دەکاتەوە: ((سەرەتایی خۆشەویستیم بۆ ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ چواری سەرەتایی مامۆستایەك هاتبووە لای دراوسێکەمان دیاربوو برای بوو بەردەوام شەوان شیعری دەخوێندەوە، یەکێك لەو شیعرانەی کە دەیخوێندەوە و بەردەوام پێی سەرسام دەبووم شیعرێکی (قانیع) بوو بە ناوی(لیفە شڕە)، کە باسی لە لێفێکی شڕی دەکرد ئێمە لەماڵەوە (٨) خوشك و برا لەژێر یەك لێف دەخەوتین، من پێم سەیر بوو چۆن (قانیع) باس لەو لێفە دەکات، کە من شەوان لە ژێری دەخەوتم، دواتر زانیم (قانیع)یش هەمان لێفی هەیە(*)))[٢٩٠].

(قانیع)ی شاعیریش کە لە ژیانێکی پڕ مەینەتیو هەژاری ژیانی گوزەراندووە، وەك شاعیرێکی هەژار و چەوساوەکانی کوردستان ناسراوە، لە شیعری لێفە شڕەدا لەگەڵ لێفە شڕەکەی دەدوێتو دەڵێ:

---

(*) هەرلەمیا نی چاوپێکەوتنێکی دیکەشدا، باسی ئەو سەرەتایەی شەیدا بوونی ئەدەب دەکات(( لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم بۆ یەکەم جار بە ڕێکەوت بوو، پیاوێکی سادە، شەوێکیان شیعرێکی (قانیع)ی بۆ خوێندمەوە کە لەسەر لێفەیەکی زۆر شڕ نووسیبووی کە کت و مت لە لێفەکەی من دەچوو تای لەو زبانە ئەفسوناوییەی کە تا هەنووکەش سیحری لێ کردم، من ئیدی لەو ڕۆژەوە  بە چاوێکی دیکە سەیری ئەو لێفە شرەی خۆمانم دەکرد، ئەو تاکە لێفە کون کونەی من و خوشك و براکانی دادەپۆشی)) بروانە: گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەم و مەراق و ژوورە تاریکەکانی ڕۆح کە هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوە(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٥٠.

(٢٩٠) بۆتان تەحسین(ئا)- ڕواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی مـنن، (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣٥.

**لێفە کۆنەی دارزیوو!**
**پڕ توکاوی خوا بڕیوو!**
**نەساردیت و نەگەرمی**
**نە بەرگە دەف نەچەرمی**
**مارنیت، وەك مار ئەگەزیت**
**تیژی بەچەشنی دەرزە**
**بەم شێوەیە لێفە شڕەش دێنێتە ئاخاوتن و لەولامدا: دەڵێ**
**ڕاوەستە تاکو زستان**
**بەفر ئەڕژێتە کوێستان**
**قور بەسەرت بۆ بیرت**
**چلۆن ئەکەی تەگبیرت**
**ئەگەر بەهیوای منی**
**جێگەی ئۆخەی دوژمنی**[(٢٩١)]

هەژاری و نەداری ژیانی شێرزاد وەنەبێت هەر تەنها پەیوەست بێت بەژیانی سەرەتای منداڵییەتی، بەڵکو وەك خێزانێکی هەژار و نەدار درێژەی هەبوو تا تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی‌و زانکۆش کە قۆناغێکی تازەو جیاوازە لە قۆناغەکانی پێشووتر هەستەکان لەوێ زیاتر تێکەڵ بەو ئێش‌و ئازارانە دەبن کە گەنجێکی زانکۆ کێشەی هەژاریی هەبێت.

## قۆناغی زانکۆ

قۆناغی هەژاری زانکۆش قۆناغێکی دیاری ئەو ڕۆژانەی تەمەنی شێرزادن، کە بوونە بەشێك لە هەوێنی نووسینەکانی، کەواتە هەژاری بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی شێرزاد بووە، چونکە قۆناغی زانکۆ لە ڕووی هەژارییەوە بە شێکی گرنگی یادەوەریەکانی چیرۆکنووسە وەك خۆی دەڵێ: ((ئەکرێ بڵێم ساڵانێکی پڕ لە دەردەسەری بوو، لەبەر ئەوەی دیسانەوە لەوێ

(٢٩١) قانع، دیوانی قانع- کۆکردنەوەی بورهان قانع، چ/چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٨٥.

بەجۆرێك لە كۆلەمەرگیدا خوێندنم تەواو كرد، بە حاڵێكی ناخۆش ئەم توانی سێ ژەمەكە نان بخۆم هەندێ ڕۆژ ژەمێكم دەخوارد))[٢٩٢].

مەسەلەی چینایەتی لە هەژاری خۆیەوە فێربووە، نەك لە ژێر كاریگەری بیردۆز و بیریارەكانی دیكەی نووسەران: ((من كوڕی ژینگەیەكی هەژارم، مەسەلەی چینایەتی لە برسیەتی خۆمەوە فێربووم نەك لە (ماركس)، هەست دەكەم ئیدی من خەمێكی هەیەو پێویستە هەناسەیەكی درێژتری بدەمێ، دەكرێ بڵێم هەناسەیەكی درێژترە، خەونی منە بەرەو جۆرێك لە نووسین كە فەزایەكی كراوەترم هەبێت بۆ نووسین))[٢٩٣].

شێرزاد حەسەن دەڵێ: ((ئێمە وەكو باقی خێزانەكانی تری ئەو كات، لە خێزانێكی هەژار بووین، بەڵام هەمیشە بیرم لە سیحرو جوانی ئەو سروشتە دەكردەوە، زمانێكم نەبوو گوزارشتی پێوە بكەم))[٢٩٤]، بۆیە خەمی نووسین لای شێرزاد حەسەن دەبێتە خەمێكی گەورە و پێویستی بە پاشخانێكی فیكری و زمانەوە هەیە تا بتوانێت گوزارشت لە هەژاری و ژیانی كۆڵەمەرگی خۆی بكات.

تا چوونە زانكۆش شێرزاد كەسێكی شەرمن و دوورەپەرێز بوو لە خەڵك و كەسێكی دۆڕاوی ئەو مەیدانە بوو كە كەمی لە پێوەندییەكانی كچ و كوڕ دەزانی ئەو كاتەی خوێندكارێكی زانكۆ بووە لە زانكۆی بەغدا بەشێك لەو چاوبوونەوانەی شێرزادن كە پێشتر ئەوەندە ئاشنایەتی لەگەڵ دەوروبەردا نەبووە، وەك ئەوەی لە زانكۆی بەغدا دیویەتی لەو شارە جەنجاڵەی، كە بۆ یەكەم جار گەنجێك ڕووی تێبكات ئافرەت لە تەنیشتییەوە دابنیشێ، كە پێشتر هیچ ئاشنایەتی لەگەڵ كچان نەبووە مامەڵە كردن و ناسینی ئەو كەسانەی كە لەخۆی برسیتر و ژیان ناخۆشتر بوون، هەموو ئەمانە ئەزموونێكی تازە و بابەتگەلێكی

---

( ٢٩٢ ) مەریوان هەڵەبجەیی(ئا)- ئێمە لە ئازادی دەترسین (وتوێژێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ڕ/ڕۆژهەلات، ژ/٢٧، ١٣٨٣ی هەتاوی، ل١٢.

( ٢٩٣ ) ڕ/بەدرخان (ئا)- شێرزاد حەسەن باس لە گومان و پرسیارە شاراوەكان دەكات(چاوپێكەوتن)، بەشی یەكەم، ڕ/بەدرخان، ژ/١٧، ٢٠٠٢/٢/٢٢، ل٣.

( ٢٩٤ ) بۆتان تەحسین(ئا)- ڕواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێكەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣٢.

تازەبوون لە بەرانبەر قۆناغی کەسێتی  شێرزاد حەسەندا، وەك خۆی دەڵێ: ((تێکەڵ بوونم لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی تر، کە هەریەك لە شارێکەوە هاتبوون زۆربەیان هەروەکو من زەبوون بوون، هەستم کرد من تەنیا نیم کە برسیم هاوڕێی لەخۆم برسی ترم بینی، خەڵکی تێرم بینی، ئیدی نازانم ژیان بە هەموو ڕەنگاوڕەنگیو جوانیو ناشیرینییەوە بۆ ئەو چوار ساڵە لەبەردەمی من بوو))(٢٩٥).

یەکەم ئەزموونی خۆشەویستیو ترس لە خۆشەویستی هەر لە قۆناغی زانکۆ بوو کە شێرزاد بە ئەزموونێکی سەیر ناوی دەبات: ((جاری واهەبوو بەمانگ بە دوو مانگ سەیری کچم نە ئەکرد، لەوەشدا ئەزموونێکی سەیر و سەمەرەم هەبوو لەو ماوەیەدا بوو کە پوورزایەکم بەڵێنی خۆشەویستی پێدام، بەڵام من زۆر سووك دۆڕاندم، ئەمە برینێکی زۆر گەورەی لا دروست کردم))(٢٩٦). خوێندنەوەو گەڕان بە دوای پرسیار و نهێنییەکانی ژیان قۆناغێکی تازەبوون بۆ خستنە نێو جیهانی کتێب و ئەدەبیات: ((لە بەغدا لە ژێر دەستی کۆمەڵێك پرۆفیسۆری شارەزادا ئاسۆیەکی گەرورەی لەبەردەمما کردەوە تێیگەیاندم ئەوەی دەساڵە بە ناوی ئەدەبەوە کردوومە جگە لە گەمەیەك هیچی تر نییە))(٢٩٧).

ئەو سەرەتا خوێندنەوە چڕوپڕەی ئەدەبیات و شەیدا بوونی ئەدەب لەوێوە دەستی پێکرد. هەر لەسەر ئازارەکانی ناخیو خۆشەویستی ئەو سەرەتایە بوو بۆ گەڕان بە دوای نووسین لەنێو خوێندنەوەو هۆشیاری کتێبەکان دەستی کەوت وەك لەو چاوپێکەوتنەیدا دەردەکەوێت: ((ڕاستە بۆ منێکی کەڕو لاڵ بۆنێکی شەرمن، بۆمنێکی بێ پارەو پوول بۆمنێکی ڕووت، خۆشەویستی چ مەحاڵێك بوو، هەر لەو قۆناغەدا بوو، بە سەدان کتێبم لەسەر نهێنییەکانی نێرو مێم دەخوێندەوە))(٢٩٨).

## شەیدایی و خولیابوونی بە ئەدەب

---

(٢٩٥) مەریوان هەڵەبجەیی(ئا)- ئێمە لە ئازادی دەترسین (وتوێژێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٢.

(٢٩٦) هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(٢٩٧) هەمان سەرچاوە، ل١٢.

(٢٩٨) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١٢.

مەیلەکانی شێرزاد بۆ لای ئەدەب هەر لەگەڵ گوێبیست بوونی شیعرەکەی (قانیع) لە قۆناغی سەرەتایی نووسینەوەی ژیانی خۆی لە دەفتەرێکی تۆمارکراو بەناوی شیعر حەزو خولیایەکی زۆر سەرەتایی بوون، بۆ مەیل دان بە ئەدەب هەروەها ئاشنایەتیو خوێندنەوەی کتێب هەر لە تەمەنی زووەوە ڕێچکەی گرت، یەکەم کتێبی ئەدەبی کە شێرزاد خوێندییەوە لە تەمەنی (١٢)ساڵاندا بوو: ((من لە دوازدە ساڵان فێری خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی بووم، ئەمەش بە ڕێکەوت لە ماڵێکی دراوسێم دەستکەوت و خوێندمەوە ئەویش ڕۆمانی (نێچیر)ی ئەمیل زۆلا بوو))[٢٩٩].

گەڕان بە دوای زانیاری و بەرگەگرتن بەرانبەر ئەو ئازار و خەمانەی شێرزادیان ماندوو دەکرد سەرەتا ئایین و خودا پەرستی بوو بووە، وەڵامی پرس و نەهامەتییەکان و سەرچاوەی دڵدانەوە بوون: ((خودا پەرستی تا ڕادەی (بەسۆفی بوون)، دیارە لەو ڕۆژگارەدا هێزێکی دامێ کە قەناعەت بەوە بکەم ئەوە چارەنووسمەو دەبێ بەرگەی بگرم))[٣٠٠].

ئەم باوەڕەی شێرزاد حەسەن بوو وایکرد زیاتر نزیکبوونەوەو زانیاری زیاتر پرسیارو کتێب خوێندنەوە و فەلسەفەی فارابی و ئیبن ڕوشد و (رياض الصالحين)و تەفسیرە جیاجیاکانی قورئان و فەلسەفەی مارکسو بوونگەرای سارتەر و بوو، بوونە ڕێگایەك بۆ خۆنزیك کردنەوە لە مرۆڤ و نهێنییەکانی مرۆڤ شێرزادیان خستە باوەشی ئەدەب[٣٠١] ، بە تایبەتی ئەدەبیاتی ئینگلیزی چونکە زیاتر بە هۆی ئەوەی کە خۆی خوێندکاری بەشی ئینگلیزی بوو، لە ڕێی مامۆستاکان و فێربووونی زمانەکەش وەك خولیایێك لە ئەدەبیات نزیك کەوتەوە، سەرەنجام ئەدەبیات بەلای شێرزاد بووە هۆکار گەلێك بۆ خۆ دەربازکردن لە هەموو نەهامەتییەکانی ژیان بە هاوکاری جیهانبینی نووسەرەکانی دیکەی ئەدەبیاتی جیهان.

هەروەها دەروونزانیش هاوشانی ئەدەبیات خولیای شێرزاد بوو: ((بیرمە لە سێی ناوەندی بڕیارمدا کە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بخوێنمەوە، دوو شت لە مێشکی مندا هەبوون حەزم دەکرد بیان خوێنم، یەکیان دەروونزانی(*) بوو ئەوەی دیکە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوو، دەروونزانی

---

(٢٩٩) بۆتان تەحسین(ئا)- ڕواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣٥.

(٣٠٠) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١١.

(٣٠١) هەمان سەرچاوە، ل١١١.

(*) لە کاتی تاوتوێکردنی ئەم نامەیە بەباش زانرا، کە دەروونزانی بەکار بێت لە جیاتی دەروونناسی، ئەگەر دەروونناسی لە دەقەکانیش هەبێ ئێمە گۆڕیومانە بۆ دەروونزانی.

نانی پێ پەیدا نەدەکرا ، منیش لەخێزانێکی نەدار بووم ، دەمویست بە ڕاستی خۆم و خانەوادەکەم ئەوەندەی پێم دەکرێت بەخێو بکەم بەڵام بەشی ئینگلیزی هەم شتێکی دەبوو، کە دنیای خۆمە ئەوی تریشیان مەسەلەی کەڵك بینینە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی))[٣٠٢].

خولیابوونی دەروونزانی بەشێکی گرنگی ئەو گەڕانەوە نەستییەیە لای شێرزاد حەسەن بۆ ئەو ئارەزووە خەفەکراوانەی سەردەمی منداڵیو نەهامەتییەکانی ژیانی ئەو پیاوەن، کەوا وەك ئاوێنەیەك پێناسێکی ئازارەکانی دەکات و دەرد و نەخۆشییەکانی خۆی دەزانێت بە هەمان شێوەش پەردە هەڵماڵین بوو لەسەر شتە شاراوەکانی و گەڕان بوو بە دوای حەقیقەت: ((لەڕێی خوێندنەوەی خەست و خۆڵ دەرکم بە هەموو ئەو گرێ و گوڵانە کرد، بەڵام مەحاڵ بوو هۆشیاری من بتوانێ ئەو شەختە بەندەی ناو خودی من بتوێنێتەوە))[٣٠٣].

خوێندنەوە بە تایبەتی چیرۆك ڕێچکەیەکی گرنگی ئەو لایەنە بوون کە شێرزادیان لەناخەوە ڕاچڵەکاند زیاتر لە نهێنییەکانی ناخیان شارەزاتر کرد سەرچاوەی گرێ دەردەکانی زیاتر لای دەرکەوتن، بۆیە ئەدەب لای شێرزاد ئەو هاوڕێ و دۆستە گرنگەن، کە پاککەرەوەی دەروونو رزگارکەری حەزە چەپاوەکانن، هەمیشە شێرزاد لە ئاست ئەدەبدا سوپاس گوزارە، تا ئەو ئاستەی کە شێرزاد لە خۆکوشتن ڕزگار دەکات: ((لای من ئەدەب پیرۆزترین مەسەلەیەو زووش هەستم پێکردووە کە هەرچی دڵشکان و ڕووشکان و سەرشکان و ڕۆح شکان هەیە لە ئەدەبدا تەعویزم پێداوە ، لە قۆناغە ناسکەکانی جحێڵیمدا زۆرجار بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە بەڵام ئەدەب نەی هێشت خۆم بکوژم))[٣٠٤].

ئەدەب بەلای شێرزادەوە سوود بەخش بووە، بۆیە دەڵێت: ((ئەدەب توانی قەرەبووی هەموو شکست و نوشستیو دۆڕانەکانم بداتەوە هەرچەندە زۆر تەنیاو بێ هاوڕێ بووم، بەڵام ئەدەب سەدان کارەکتەری پێناساندم، کە ڕۆژانەو تا هەنوکە لەگەڵما دەژین))[٣٠٥].

---

(٣٠٢) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای ڕووخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، ل١٠١.

(٣٠٣) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٦.

(٣٠٤)گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەم و مەراق و ژوورە تاریکەکانی ڕۆح کە هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوە(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٥١.

(٣٠٥) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١١.

هەبوونی دەرد و خەمەکانی نووسەر قوولتر دەبوون زیاتر پەی بە نهێنییەکانی ناو چیرۆکەکان دەبرا، ئەو هۆشیارییەی نووسەر لەڕێی چیرۆك و ڕۆمانەکان بەس نەبوون بۆ شێرزاد کە بتوانێ دەریان ببڕێ، بۆیە لەپاڵ ئەمەشدا زمانێك پێویست بوو، کە بتوانێت گوزارشتی پێبکات ئەوەی لە مێشك و دەروونی پەنگی خواردووەو سووڕ دەخوات لەڕێی زمانێکەوە دەردەبڕا، کە زمانی ڕۆحێکی شەکەت و ماندو بوو بە دەست ئازارەکانی سەردەمی منداڵیو هەرزەیدا.

## کاریگەری نووسەرانی بیانی

لەگەڵ هەبوونی ژانەکانی ڕابردوو لەگەڵ هاوژینی یادەوەریەکانی منداڵیو هەرزەییو گەنجی لە هەموو ئەو سات و قۆناغە ناسکانەدا، کە لە مێشکیدا خولیان دەخوارد و نووسەر بە دەستیانەوە دەتلایەوە، وەك ئەوەی هەموو ڕۆژێك هەر هەڵوێستێکی ئێستایی ڕابردووی بیربخاتەوە، ئەستەم بوو چیرۆکنووس وەك کەسێتییەکی ئاسایی لەبەریان دەربچێت، بۆیە پێویست وابوو گوێ لە ئازار و ئەزموونەکانی دیکەی نووسەران بگرێت، تا تێکەڵ بە ئەزموون و ئازارەکانی خۆی بکات، شێرزاد هەرزوو گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە چیرۆك و ڕۆمان خەمو ئازارەکانی دەروونن، ڕۆمان و کورتە چیرۆك لەباوەشیان دەگرێت، ئەو پانتایەیی بە قەد پانتای ئازارەکانی دەروونی چیرۆکنووس بەرفراوانە، ئەو هەناسەیەی بەقەد هەناسەی چیرۆکنووس درێژە، چونکە خوێندنەوەی چیرۆك و ڕۆمان و وەك سەرچاوەکانی دیکەی مەعریفە پێویستیەك بوون بۆ چیرۆکنووس، تا کەسانی دیکەش بناسێت کە چۆن خۆی تەنها نییەو هاوشانی ئەویش کۆمەڵێك کەسانی دیکەش هەن دەرد و ئازاریان هەیە، وێڕای ئەمەش شارەزا بوونی بەشێك لە شێوازی دیکەی نووسەران و بۆچوونە تیۆرییەکان پێویسیتیەك بوو، تا بتوانێت لە هونەری چیرۆکنووسین تێبگات و مامەڵەیەکی وریایانەی لەگەڵدا بکات، وەك شێرزاد دەڵێ: ((خوێندنەوەی هەر نووسەرێکی جوان بۆمن، چوونە ناو ئەفسوون و سیحرێکی تازەیە، کە رۆحی تینوم پێویستی پێیەتی، دۆزینەوەی هەر یەك لەم نووسەرانە بۆمن، کتومت وەك ئەوە وابوو بچمە ناو مەملەکەتێکی تازەوە، کە لەمەوبەر پێی ئاشنا نەبووم))(٣٠٦).

---

(٣٠٦) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١١.

چ له نووسینەکانی شێرزاد، یان چاوپێکەوتنەکانیدا کاریگەری نووسەران و سوودوەرگرتن لێیانەوە زۆر بەڕاشکاوانە دیارە: ((بۆ مەسەلەی محەلیەت قەرزاری زۆری (چیخۆف)و (مۆپاسانم)، لەڕێی ئەم دوو زاتەوە کە مامۆستای هونەری کورتە چیرۆکن، عاشقی کورتە چیرۆك بووم و بینیم هەردووکیان زۆر پابەستن بە ژینگە و خەڵکی خۆیان و شتە تایبەتمەندییەکانی رووسیاو فەرەنسا))[٣٠٧]، چونکە بەلایەوە هونەری چیرۆکنووسین پیشەیەك نییە هەروا ئاسان بێت ((وابزانم (مارکیز) دەڵێ (ئای نووسین چ پیشەیەکی قورسە) ئەوەیان دەقاودەق وایە))[٣٠٨].

سەفەرکردن لەگەڵ بیرمەندان و نووسەرانی دیکە کرانەوەی دەروازەیەکی دیکەن بەرانبەر ئاستی توانست و جیهان بینی نووسەر کە بەرفراوانتری دەکەن، تێڕامان و بیرکردنەوە لەنهێنییەکانی خود بەس نەبوون، تا شەپۆلی تووڕەییەکان و خۆسەلماندنێك وەك کەسێکی بێ تاوان و بێناز لە قۆناغەکانی ڕابردووی ژیاندا باس بکات و بە ڕووی بارە ناهەموارەکادا بتەقێتەوە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرانی دیکەش پێویست بوو.

تێگەیشتن لە باوك و باوکسالاری وەك دیاردەیەکی زەقی کۆمەڵگای کوردی و ئەو خوێندنەوەیەی پێویست بوو، کە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چ جیاوازییەك هەیە، نووسەران چۆن گوزارشتی لێدەکەن؟ چۆن سوود لە ئەفسانەکانی دیکەی میللەتان وەردەگرن؟ نووسەر تا ئەو ئاستە دێت میتۆدەکانی فیکریو فەلسەفەو مەعریفە بە گشتی بەشێکن بۆ قووڵایی شتەکان و شۆڕبوونەوە بەنێو کون و کەلەبەرەکانی ڕۆح و دەروون: ((من باوەڕم وایە هەموو ئەدیبێك کە دەوڵەمەند نەبێت بە خوێندنەوەیەکی قووڵی سەرجەم بوارەکان، هەمیشە نووسەرێکی هەژار دەبێ، لەبەر ئەوەی پشت ئەستوور نییە بە هیچ فیکرێکی جیدی، لەکوێ جیهان بینی بۆ نووسەر دەستەبەر دەبێ، ئەگەر تۆ خوێندنەوەت نەبێ بۆمەرگ بۆ خۆشەویستی باوك سالاری))[٣٠٩].

---

(٣٠٧) گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەم و مەڕاق و ژوورە تاریکەکانی ڕۆح کە هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوە(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٥٣.

(٣٠٨) شوان ئەحمەد(ئا)- تەمەن و ئەزموون فێرت دەکەن ئەگەر ڕێزی قەڵەمی خۆت نەگریت، ئەویش ڕێزت ناگرێ گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ ڕامان، ژ/٧٢، ٢٠٠٢، ل١١٤.

(٣٠٩) تەلعەت تاهیرو ڕامیار مەحموود(ئا)- ئێمە بەر لەعنەتی سیاسەت کەوتووین (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ئایندە، ژ/٢٤، ٢٠٠١، ل١١٢.

ڕەهەندی دەروونی قووڵ لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا هەیە، لە ئەزموونەکانی سەردەمی منداڵییەوە زۆر سەرکەوتوانە لەنێو چیرۆکەکانیدا تواندۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چیخۆف یەکێك لەوانە بوو کە ڕەهەندی دەروونی قووڵ لە چیرۆکەکانیدا هەیە، چیرۆکنووس سوودی لێوەرگرتووە: ((ڕەهەندێکی دەروونی قووڵی تێدایە، ڕەنگە زۆر قازانجم لەو خوێندنەوە دەروونییە کردبێ، کە لەلای چیخۆف بە قووڵی دەیبینێت))[٣١٠].

هەروەها زۆرجار دەبیندرێت ئەو پرسیارە ڕووبەرووی دەبێتەوە کە کاریگەری (دی، ئیچ، لۆرانس)یشی بە سەرەوەیە هەروەك چۆن خۆی ئاماژەی پێدەکات:((من ئەگەر شاگردێکی تەمبەڵی لۆرانسیش بم هەر زۆرە... من سەرسامم بە ئەدەبو ژیانەکەی، کە زۆر لە ژیانی خۆمەوە نزیکە... بەم جیاوازییەش لەگەڵ ژینگە))[٣١١].

لە باسی پێوەندی نێوان نێرو مێدا کە لایەنێکی دیاری ژیان و بەسەرهاتی چیرۆکنووسن گواستراونەتەوە نێو پاناتی چیرۆکەکانی ئاگاداری ئەوە بووە، ئەو نووسەرانەی کە گرنگی بەو پەیوەندییە دەدەن کێن؟ تەنانەت بە لادان لە خولقی باوی کۆمەڵ تاوانبار کراون، وەکو " لۆرانس و جۆیس و فلۆبێرو مۆپاسانو ناباکۆف مۆراڤیا... هتد"[٣١٢].

لەگەڵ ئەوەشدا سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی شەپۆلی هۆش و خۆدواندن و مەنۆلۆژ)، بەدوای یەکدا هاتنی ئازادن وەك ئامرازەکانی بەرجەستەکردن کە وەك تەکنیکێك یارمەتیو بەهێزکردنی ناوەرۆکی دەروونی دەدەن: ((نەم ویستووە کوێرانە لاسای کەس بکەمەوە من جیمس جۆیسم خوێندەوە دەزانم شەپۆلی هۆش چییە، مۆنۆلۆژی چییە؟، بەڵام چاك تێدەگەم گەر لاسای(جیمس جۆیس) بکەمەوە هیچ بە هیچ ناکەم، دەزانم خاسیەتی کاراکتەری سەرەکی و لاوەکی لە چیرۆکدا چۆنە))[٣١٣].

هەروەها بەکارهێنانی فانتازیا لە چیرۆکەکانی شێرزاد وەك دیوارێکی شوشەییە، بۆ دیتنی ئەو دیوار بەندەی، کە چیرۆکنووس قسەی لەسەر بکات، کە لە دوای کۆمەڵە چیرۆکی تەنیای

---

(٣١٠) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای ڕوخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، ل٩٨.

(٣١١) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، ل٣٠.

(٣١٢) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢١٧.

(٣١٣) گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەم و مەڕاق و ژووره تاریکەکانی ڕۆح کە هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوە(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل ٥٢-٥٣.

به کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش و کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان و پیرە پەپوولەکانی ئێوارا)ەوە دیارە: ((هەندێ جار ناچارین بۆ ئەوەی ئەو وێنە دزێوە بخەینە سەر کاغەز پەنا بەرینە بەر "فانتازیا")).[٣١٤]

کاریگەری (کافکا) ش بەسەر شێرزاددا ڕەنگە لەو لایەنەدا خۆی ببینێ کە کافکا چەندە خۆی لە فانتازیا نزیك خستۆتەوە، کە لەو دێرەدا دەردەکەوێت: ((ئەوەتا (کافکا) لە نامەیەکدا داوا لە هاوڕێکەی دەکات کۆی بەرهەمەکانی بسووتێنێ، چونکە لە شوێنێکداو لە ساتەوەختێکدا هەستی کردووە، هەتا ئەو (فانتازیا) زۆر دەوڵەمەندەش یارمەتی نەداوە مێژووی ئەو (خەساندن و ترسە) بگرێتەوە)).[٣١٥]

هەروەها سوود وەرگرتن لە تیۆرییەکانی دەروونزانی بە تایبەتی فرۆید و پاڤلۆڤ کە خۆی بە قەرزباریان دەزانێ، وەك ئەوەی لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا دیارە کە کێشانەی هەردوو تیۆرییەکە دەکات لەگەڵ داکەوتە (واقیع)ی ژیانی خۆی لەو تیۆریانەدا تواندۆتەوە هەروەك خۆی دەڵێ: ((هەمیشە خولیای دەروونزانی بووم)).[٣١٦] کە کاریگەری بەسەر بەرهەمەکانیدا هەیە یارمەتی داوە لە خۆناسین و قووڵبوونەوە لە خۆی و دەوروبەرەکەی: ((من قەرزاری قوتابخانە دەروونگەراییەکانم وەك (فرۆید)و (پاڤلۆڤ)و ئەو کەسانەی لە بواری دەروون شوناسدا کاریان کردووە، چونکە ئەوان زیاتر هەڵکۆڵین دەکەن لەناو ناخی بنیادەمەکان، دەیانەوێ ئەو ئەشکەوتە تاریکانە بدۆزنەوەکە لەناو زاتی مرۆڤدایە))[٣١٧] بەشێك لە کاریگەری ئەو نووسەرانە و قوتابخانە دەروونیانەش بە خستنە ڕووی چەمکەکانی زانستی دەروونزانی و ناوبردنی زاناکانیش لەگەڵ چیرۆکنووسان و نووسەران، لە ناوەرۆکی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)وچیرۆکی (میم)و (ماڵئاوا خۆشەویستی)...هتد. ئەو نووسەرانەی بە دێرێکیش کاریان لە شێرزاد کردووە بەردەوام

---

(٣١٤) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٠٤.

(٣١٥) هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

(٣١٦) ڕێبوار حەمە رەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، ل٢٥.

(٣١٧) یوسف خەلیل (ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای رووخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لە دیدارێکدا)، ل٩٦.

لەنووسینەکانی‌و چاوپێکەوتنەکانیدا پێیان لەسەر دادەگرێت‌و دووبارەیان دەکاتەوە تووڕەیی و بێزاری نووسەرانی بیانی هەمان ئەو تووڕەییانەی شێرزاد حەسەنە لە ئامانجی دەربڕینی شتەکانی ناخەوەی مرۆڤ، هەروەك (جان جینییەی) شانۆنامەنووسی فەرەنسی دەڵێ: ((من ئەو تفە لە فەرەنسا دەکەمەوە کە لێی کردم))[*].

بۆیە تووڕە بوونەکەی شێرزادیش هەمان ئەو تووڕە بوونەیە کە دەڵێ: ((من هەر زوو بەمناڵی دنیا ستەمی لێکردم و فڕێیدامە دەرەوە... منی تفکردووە، منیش دەمەوێ لەڕێی نووسینەوە جۆرە هێرشێك بکەمەوە سەر ئەو دوو دنیایەو لەوستەمە بدوێم کە دەرهەق بە من و هاوەڵەکانم کردی))[٣١٨].

وێڕای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی نووسەرانی بیانی لای شێرزاد حەسەن لە پتەوکردنی بیروڕاکانی خۆی و باشترکردنی ناوەرۆکەکەی، کە چیرۆکنووس دەریبڕیوە، لەپاڵ ئەمەشدا دەبینین شێرزاد حەسەن لەپاڵ گرنگیدان بە بەرهەمەکانی نووسەران، گرنگی داوە بە ژیاننامەی نووسەران بە شێوەیەك کە هەندێ لەتێز و قسەی ئەو نووسەرانە لە ناواخنی چیرۆکەکاندا دادەنێت، یان لە چاوپێکەوتنەکانیدا ئاماژەیان بۆ دەکات، هەروەك چۆن لە دەستەواژەی (جان جینییە)ی شانۆنامەنووس لە کاتی هەڵچووندا بۆ تفکردن لە وڵات‌و کولتوورێك، هەمان هەڵچوون لای شێرزاد حەسەن دووبارە دەبێتەوە .

هەندێ جار خوێندنەوەی ڕابردوو ژیاننامەی کۆمەڵێك نووسەر لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا بوونی هەیە وەك ئەوەی لە چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا ژیان و ترسەکانی سەردەمی منداڵی هیتشکۆك و کافکا باس دەکات بە هەمان باری دەروونی‌و قۆناغەکانی ترس لە کارەکتەردا دەردەخا هەر ئەم نزیکییەش وایکردووە جۆرێك لەکاریگەری‌و خۆبەستنەوەی زیاتر بە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە دیاربێت کە بەکۆمەڵێ نووسەر سەرسامە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریان.

هەرچەندە جاری واش هەیە لەناوەرۆکی دەقی ئەدەبی لێك نزیکی و دەربڕینی بارێکی دەروونی لە دوو تێکستی نووسەردا بەدەر دەکەون، بەبێ بوونی هیچ جۆرە کاریگەرییێك

---

(*) ئەو وتەیە لەسەر زاری شێرزاد حەسەن وتراوە بڕوانە : ڕ/بەدرخان (ئا)- شێرزاد حەسەن باس لە گومان‌و پرسیارە شاراوەکان دەکات(چاوپێکەوتن)، ل٣.

(٣١٨) ئەو پیاوەی لەتورەبووندا جوانە، ل٢٤٠.

ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیو قۆناغەکانی باری ژیانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوەمان بیربچێت کە نووسەران لە کاریگەربوون و خوێندنەوەی ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند و ئەدیبان یان بڵێین خوێندنەوەی گۆشەنیگای ئەوان، نووسەر دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت و لەگەڵ بیر و گۆشەنیگای خۆی تێکەڵیان بکات، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت لەناوەرۆکی بەرهەمەکانیدا سەرنجی خوێنەران و گوێگران ڕابکێشێ و کاریگەری خۆی بەسەریاندا بنوێنێت.

## سلێمانی و زمان پڕژان

هەبوونی مەینەتییەکانی خێزان و دەوروبەر و خوێندنەوەی کتێب و کەوتنە ژێر کاریگەری نووسەران بەرفراوان بوونی جیهان بینی نووسەر، پێویستی بە زمانێکی تۆکمەو ئەدەبیانەی باش بوو بۆ دەربڕینی ئەوشتانەی کە لەنێو بیری نووسەردا خول دەخۆن، ڕەنگە ئەوەی خەیاڵی نووسەرو بیری نووسەر دەیخولقێنێ زمان هۆکاری گەیاندن و دەربڕینی ئەو بیرانە بێت، کە بەبێ زمانێکی تۆکمەو شارەزایەکی باش پرۆسەی نووسین بە ئەنجام نەگات.

سلێمانی ئەو شارە بوو، کە شێرزاد دوای تەواو کردنی کۆلێژ وەکو مامۆستا لە ساڵی (١٩٧٥) لێی دامەزراوە، ئەوێ دوو ئەزموونی گەورەی بە نووسەر بەخشی، یەکێکیان دەسەڵات بردن بوو بەسەر زمان، کە لەگەڵ سەرەتای ئەزموونی چیرۆکنووسین لای شێرزاد کە لە ڕووی تەکنیکی و زمان لاواز بوون، دواتر دەسەڵاتی بەسەر زمان و بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی نووسین، تا ئاستێکی باشبوو لە بەرهەمەکانی دیکەدا، هەر لەگەڵ ئەوەشدا سلێمانی بۆ شێرزاد شارێك بوو لە کرانەوە شارێك بوو بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی، کە نووسەر دەیویست: ((لەبەر ئەوەی پێشتر لە ڕەواندز بووم لە شوێنەکانی تریش قوتابیو نەبوونیو زانکۆ لە بەغدا تەنیا فریا دەکەوتم سەعی بکەم و بخوێنم و دەربچم ببمە مامۆستا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە سلێمانی شارێکی کراوە بوو))[٣١٩].

((منداڵیو هەرزەییم لە (هەولێر) جگە لە بێبەشیو مەینەتبازی هیچی دیکە نەبوو، هەر بۆیە چیرۆکەکانم پڕن لە گریان و دڵ شکانی گەورە. نیوەی تەمەنم کەوتە (سلێمانی) بۆ من

---

(٣١٩) بۆتان تەحسین(ئا)- رواندزو خەرەندو دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣٧.

ئەو شارە مەڵبەندێك بوو بۆ زیاتر (زمان پرژان)و لەسەر پێ وەستان و خۆدۆزینەوەو ڕاوکردنی خۆشەویستی بە هەموو ماناو ڕەهەندەکانی خۆشەویستی. وەلێ من هەرگیز نەمتوانی واز لەو زمان بریندارە بێنم کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە ناو بوونەوەرێکی (بەدبین) کە خۆمم، مەڵبەندێك کە دیسانەوە (هەولێر) بوو))[٣٢٠].

چونکە هەندێ جار نووسەران و ئەدیبان لە ئاست دەربڕین و زماندا دۆش دادەمێنن ئەوەی لە دڵیان هەیە بە ئاسانی ناتوانن گوزارشتی لێوە بکەن، هەروەك (گۆران)ی شاعیر لە (هەڵبەستی دەروون)[٣٢١]دا دەڵێ:

**هەرچەند ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم**
**بۆم ناخرێــــتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم**
**لێکـــــــــــــــــدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:**
**بۆچـــــــــــــــــی وەها دوورن لە یەك نازانـــــــم؟**

بۆیە خەمی نووسین لای شێرزاد دەبێتە خەمێکی گەورە، جگە لە پاشخانی فیکرییە پێویستی بەزمانێکی وا هەبوو، تا لە ئاست ئەو خەمانە دابێ کە شێرزاد دەیەوێ دەریان بڕێ.

لایەنی زمان و کرانەوەی کۆمەڵایەتی سەرەتایەکی دیکەشی هەبوو، وەك سوود وەرگرتن لە پیرەژن و حەکایەتە کوردییەکان، کە سەرەتاکانی زووی سەردەمی منداڵی بوو، هەر ئەوەش وای لە شێرزاد حەسەن کردووە، کە بڵێ: ((ئێمە وەك و باقی خێزانەکانی تری ئەو کات، لە خێزانێکی هەژاربووین، بەڵام هەمیشە بیرم لەسیحر و جوانی ئەو سروشتە دەکردەوە، زمانێکم نەبوو گوزارشتی پێوەبکەم))[٣٢٢].

---

(٣٢٠) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١٣.

(٣٢١) گۆران، دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێزی محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چ/ سێیەم، چاپەمەنی و ئۆفێستی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢١.

(٣٢٢) بۆتان تەحسین(ئا)- ڕواندزو خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل ٣٢.

## سەفەری هەندەران و قووڵکردنەوەی برینەکان

هەندەران شوێن و بەشێکی ژیانی شێرزاد حەسەنە کە نزیکەی ساڵێك بە داوەت نامەیەکی ئەدەبی چووە وڵاتی (فینلندا)، هەرچەندە سەفەرەکەی شێرزاد بەشێك بوو لە پشوودانو دوورکەوتنەوەی لەو واقعەی کوردستان، لە ساڵانی ململانێ و شەڕی براکوژی، چونکە لەگەڵ خۆشیو ئاواتەکانی خەڵکی بە گشتیو نووسەران بە تایبەتی یەکانگیر نەبوو.

نووسەر لە وەسفێکی ئەو سەهۆڵبەندانە بێ خۆرەی (ئەسکەندەناڤیا) دەڵێ: ((خۆری لێسەندمەوە و بەفری زۆری خستە ناو ڕۆحمەوە، گڕ و گەرمی ژینی خۆمی لێ سەندمەوە، شەختەی خستەسەر تەوێڵم. لەبری هەناو مۆمێکی کز و سووتای دامێ لە بڕی ژوورەکەی خۆم، کە پڕە لە کتێب و مۆسیقا و تابلۆ، ژووری کەمپێکی پەنابەرانی دامێ، کە سارتر بوو لەدەمی مردوو. ڕۆحی شێتانە و پڕ خەنینی لێ سەندمەوە و فێری گریانێکی قووڵی کردم، کە تا هەنووکەش لێی ژێر نەبوومەتەوە))[٣٢٣] ، هەرچەندە ئەستەم بوو نووسەرێك ئەدیبێك بتوانێ خۆی لەگەڵ باری ناهەمواری وڵاتدا ڕێکبخاو قەبووڵی هەموو ئەو شتە ناشرینانەی ڕۆژگاری کوردستان بکات، کە هەموو هیواییێك تێدا دەکوژرا، لەگەڵ ئەوەشدا شێرزاد حەسەن لە وڵاتی غوربەت هێزێکی دەروونی تاوی بۆ هانیو خەمی وڵات و یادەوەرییەکانی ببوونە تارمایەك، کە لە بەرانبەریدا هەستی بەکەمی بوونی خۆی دەکرد، هەستی دەکرد کە خیانەتی لە دار و بەردی ئەو شوێنانە کردووە، کە شێرزاد لەگەڵیان ڕاهاتبوو، بەردەوام لەگەڵی دەژیان ئەوێ بواریان بۆ شێرزاد هەڵخست، کە زیاتر لەگەڵ خۆی بدوێ و بەناو خۆیدا سەفەر بکات: ((خامۆشیو کپی ژوورەکانو شەقامەکانی ئەوێ بواریان دام بەناو خۆمدا سەفەر بکەم و لە خۆم بپرسم من چیم دەوێ لە دنیاو لە خەڵك؟ خەڵك و دنیا چی لە من دەوێ؟ لەوێدا بوو وا بە قووڵی لە تێڕامانەکانی خۆم بگەم))[٣٢٤] .

---

(٣٢٣) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١٥.

(٣٢٤) هەمان سەرچاوە، ل١١٦.

ئەو تێرامان و وردبوونەوەیە جارێکی دیکە شێرزادیان پڕکرد لە پرسیار، پرسیارکردن لە بارەی شێرزاد: ((لەو سەفەرەدا من هەندێ ((شێرزاد))ی دیکەم لەناو خۆمدا ناسی کە پێشتر پێیان ئاشنا نەبوم))[٣٢٥].

ئەگەر چی دنیایەك پرسیارو وەلاَم دنیایەك لە ئازارو ناڕەحەتییەکان لە کوردستاندا بوون، کە لەناو ناخی چیرۆك و ڕۆمان و پانتایی بەشەکانی دیکەی هونەرو ئەدەبیات جێگای نە دەبووەوە، وەکو جێی قەیرە کچ و کچە هەژارو برسیەتی...هتد لەپاڵ ئەمەش دەسەلاَتداران بەخەیاڵیان نەدەچوو، چیرۆکنووس دەیویست پشوویێك بدات، لە کاتێکدا لە پەنابەریشدا مەحاڵ بوو چیرۆکنووس خۆی بەختەوەر بکات دەنگی خۆی لە دووره وڵات هەڵبدات ((من تەواو مەحاڵە ئاسوودەبم.. هەر بۆیە ترس و هەڕەشەی مەرگ لە خۆم دەڕەوێنمەوە گەرەکمە بگەڕێمەوە دۆزەخی وڵات، کە بە سووتانەکەی ئاشنام))[٣٢٦].

ئەو غوربەتەی لە منالییەوە لای نووسەر دروست بووە، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ غوربەت ئاشنایەتی پەیداکردووە، ئیتر هەرگیز ناتوانێ خۆی لەم غوربەتە دابڕێنی، چونکە ئەو غوربەتەی ڕۆحی شێرزاد لەو جێگۆڕکێیە زیاتر قووڵی کردەوە، بەلاَم چار نەبوو ((کوردستان ئەو باوکە دڵڕەقەبوو کە هەمووانی ڕاونا.. یان ئەو دایکە بێوەژنە بوو کە هەر هەموومان ، کوڕانی نابەڵەد بووین و دڵ ڕەقانە جێمان هێشت))[٣٢٧].

ئەو شتەی شێرزاد لێی ڕادەکرد لەناو خۆیدا بوو، نەك لە دەرەوەی غوربەتی ئەوێ غوربەتێکی سەردەمی منداڵی بوو، ئەو غەریب بوونەی بەرانبەر هاوڕێکانی و مامۆستاکانو کچانی گەڕەك ئەوەندە غەریبیان کردبوو، لەو وڵاتە سەهۆڵبەندانەش ئەوەندەی دیکە هەستی غەریبی لە خۆیدا بینیو زیاتر لە نهێنییەکانی غەریبی خۆی قووڵبووەوە.

ژیانی ئەو فرمێسك و خەمێکی زۆری ئەویست، تا لەگەڵ ئەوێ هەڵبکات، چونکە نووسین ڕزگارکەری شێرزاد بوو لەوێ لە تەنهاییو غوربەتدا دەمرد تا ئەو ئاستەی تەنهاییەکانی خۆی بە نووسین

---

(٣٢٥) شوان ئەحمەد(ئا)- تەمەن و ئەزموون فێرت دەکەن، ئەگەر ڕێزی قەڵەمی خۆت نەگریت، ئەویش ڕێزت ناگرێ (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ڕامان، ژ/٧٢، ٢٠٠٢، ل١١٧.

(٣٢٦) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢١١.

(٣٢٧) هەمان سەرچاوە ، ل٢١٣.

کردبووە هاوڕێ و هاوژینی خۆی لە وڵاتی سەهۆڵبەنداندا، ئەو هاوژین و هاوڕێیەشی لێ سەندبووەوە: ((لەوێ خەریك بوو دڵم لە نووسین بتۆرێ. لەوێ پاڵەوانەكانی ناو ڕۆمانم لێ تێكەڵ دەبوون))[٣٢٨].

بۆیە شێرزاد هەر بە دوای دوو هەفتە لە دوای گەڕانەوە بۆ سلێمانی، دێتە سەر دۆڵی (خەرەند)ی ڕەواندز، كە شوێنی سەردەمی منداڵی بووە، بەتەنها سێ سەعاتێك بەدیار (خەرەندەوە) دەگری[٣٢٩].

## هەماهەنگی لە نێوان ژیانی شێرزاد حەسەن‌و چیرۆكەكانیدا

ئەدەب بە گشتی دەروازەیەكە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستی‌و ڕێگایەكی قووڵتر‌و هێمن ترو جوانتر بۆ ڕوانینی رابردووی خۆمان، كە لە ئێستا و ئایندەشماندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەدەب كۆڵێ لە ئازار و خۆشی و ناخۆشییەكانی سەردەمی منداڵی لە باوەش دەگرێت وەك ئەوەی نوسەر یان ئەدیب بیەوێ ئێستا بەو بیركردنەوەی خۆیەوە ببێ بە منداڵ و هەرزەییێك لە ئاست دیاردەكانی كۆمەڵ و هەست و نەستەكانی خۆی، وەڵامی دەوروبەری خۆی بداتەوە و ئارامی بەخۆی ببەخشێ.

لەم سۆنگییەوە شێرزاد لە رۆچوون لە پانتایی چیرۆك و ڕۆماندا بەشی ئەوەی بەركەوتووە، كە لە دەوری كۆمەڵێك بابەت و كێشە و خەمە كۆمەڵایەتی و تاكەكاندا رۆبچێ و تەكانێك بە هونەری چیرۆك بدات و ژیان و بەسەرهات و دیتنەكانی ڕۆژانی ڕابردووی لە ئێستادا بە شێوەیەكی هونەریانە وێنا بكات. بەشێكی زۆری لەو مەینەتی‌و ناخۆشییانەی ژیانی ڕابردووی شێرزاد بەشێكی گەورەی ژیانی كارەكتەری چیرۆكن: ((بگەڕێوە نێو چیرۆكەكانم..كەت و كوت و پارچەكانی رۆحی وێران و هەل هەلای من وا لەوێن...من لەناو چیرۆكدا تا شوێنێكی زۆر پەنهان لەرۆحدا شۆڕ بوومەتەوە))[٣٣٠] هەروەها لە چاوپێكەوتنێكی دیكەدا دەڵێ: ((ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغەی كە ڕۆحی منی لەت‌وپەتكرد، لە چیرۆكەكانما بەزەقی دیارەو قەت نەشم ویستووە ژیاننامەی خۆم بنووسمەوە))[٣٣١]

---

(٣٢٨) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنكی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١١٥.

(٣٢٩) بۆتان تەحسین(ئا)- رواندز و خەرەند و دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی مـنن، (چـاوپێكەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٣١.

(٣٣٠) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٤.

(٣٣١) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەكازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێكەوتن)، ل٢٣.

ئەو کارەکتەرانەی شێرزاد هەڵی بژاردوون لە چیرۆکەکانیدا باسی کردوون بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرن، یەکەمیان ئەوانەی بە بەردەوامی سەرنجی رادەکێشن و شێرزاد لە ژیانی رابردووی ئێستاشدا ئاگای لە مەینەتیو ئازارەکانی ئەوان هەیەو بەردەوام سەرنجی رادەکێشن دووەمیان پاڵەوان و کارەکتەری چیرۆکەکانی چیرۆکنووس نزیکە لە ژیانی خۆییو کەسانی چواردەوری خۆی، وەك نموونەی ئەو منداڵەی کارەکتەرە لە چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا هەیە، کە منداڵێکی شەرمنی پۆل لە ترسی مامۆستا میز بە خۆی دادەکات، یان ئەو هەرزەکارە شەرمنو ئەو بەد بەختە عاشقە شەرمنەی نێو چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)ە ((من بە دزییەوە حەزم لە کچە دراوسێ و خزمەکانم دەکرد وەلێ وەك پاڵەوانی ناو شیعرەکانی (هەردی) لاڵ بووم وەك پاڵەوانەکەی ناو چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) بە دزیەوزە نامەم دەنووسی و دەمدڕاند))[٣٣٢] ئەمەو چیرۆکەکان وەنەبێ تەنها پەیوەست بوونێك بێت بە سەردەمی منداڵی، بەڵکو بینین و گۆشە نیگای نووسەر جگە لە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و هەرزەیی بەردەوامی ژیانی ئەون، کە خۆی و دەوروبەرەکەی لەنێو چیرۆکەکانیدا ئەزموونیان دەکات: ((من خۆم ئەو مامۆستایەی ناو چیرۆکی کەوتنی ژمارەکانو کەڵە کوڕان و ئاسکە کچانم))[٣٣٣].

شێرزاد لە بەشی دیکەی چیرۆکەکانیدا دەیەوێ خۆی ببێ بە کەسێکی دیکە، ببێ بە بێوەژنێك کەم ئەندامێك قەیرە کچێك، هەروەکو چۆن (گۆستاب فلۆبێر) دەڵێ: (مەدام بۆڤاری منم) شێرزاد ئەو ڕووداو و دیمەنانەی کە هەر لە زووەوە لەگەڵی ژیاون و کاریگەر بوون بەسەریەوە هەمان ڕووداو هەڵوێستێکی نالەباری سەردەمێك لە ژیانی شێرزاد دەبنە ڕووداو و کارەکتەری چیرۆکەکانی: ((من لە ئەوینێکی کپدا کە لە ساڵی "١٩٧٥"دا دەنووسم باس لەئەڤینی مەحاڵی کوڕێکی کوێر و کچێکی قەمبور دەکەم، بە ڕاستی هەردووکیان دراوسێی من بوون.. هەر لەو ساتەوە تا هەنووکەش ئەم جۆرە کارەکتەرانە سەرنجم رادەکێشن))[٣٣٤] .

هەر لەزووەوە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانی شێرزاد جێی سەرنج و ئاماژەکانی نووسەران بوون بۆ پیشاندانی هەماهەنگی نێوان پاڵەوانی چیرۆك و ڕووداو و ژیانی نووسەر

(٣٣٢) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٥.

(٣٣٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٩.

(٣٣٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧.

((پاڵەوانی زۆربەی چیرۆکەکان چیرۆکنووس خۆیەتی، یان ئەوەتا بەشێکی زۆری گیانی خۆیو کەسێتی خۆی و ژیاننامەی خۆی تێهەڵکێش کردووە، لەگەڵ ئەوەش کە چیرۆکەکان بەوردی دەخوێنینەوە ڕاستەوخۆ بەزەقی ئەوەمان نایەتە دەست، کە کتومت لایەنێکی دیاریکراوی کەسایەتی ئەو وەکو خودێك ببینین))[٣٣٥].

ئەم خۆ نزیککردنەوە لە خودی خۆی و کەسانی دەوروبەردا کارێکی هەروا سادە و ساکار نییە لەخۆیەوە ئەنجام بدرێت. ئەو گۆشەنیگایەی نووسەر هەوڵدانێکە بۆ دەربڕینی ڕاستییەکانو حاڵی بوونی ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە هەڵە و ڕاستییەکانی ژیان لە هەست و نەستی نووسەرو کەسانی دەوروبەریدا: ((زۆربەی عاشقە شەرمن و نامرادەکان لە چیرۆکەکانمدا وێنەی خۆمی تیایە.. بەڵام وێنەی هەزارەها لەو هاوڕێیانەمە کە لەگەڵ من دا دەژین))[٣٣٦].

لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا ئەو کەسانەی بە ڕووداوەکانی ئاشنان و ئەوانەش کە گوێبیست و خوێنەری ئەون وەك ئەوەی خۆیان کارەکتەری چیرۆکەکان بن[*]لەو هێڵە بە یەك دەگەن کە شێرزاد حەسەن لە چیرۆکەکانیدا دەیانخاتەڕوو ((خوێنەر کە چیرۆکێکی سەرکەوتوو دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات، خۆی لە نێو ڕووداوەکاندا ژیاوە و پێی وایە قارەمانانی چیرۆکەکەش، وەك کەسانێکی ڕاستەقینە دەناسێت))[٣٣٧]، چونکە ((هەڵبژاردنی ئەزموونی ژیان و ڕێکخستن و داڕشتنی لەکاری هونەری، شت گەلێکن بە ڕێکەوت ئەنجام نادرێن، بەڵکو بە مەبەستێکی دیاریکراو دێنەدی. بەوەی دەبێ هونەرمەند

(٣٣٥) ئازاد عبداواحد- بەسەرکردنەوەی گوڵی رەش، ر/ هاوکاری، ژ١٠٤٩، ١٩٨٩، ل٨.

(٣٣٦) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٣.

(*) خوێنەری چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن زۆرجار، کە لە نزیکەوە شێرزاد حەسەن دەبینن ئەو ڕاستییانە دووپاتدەکەنەوە، کە هەمان حاڵەتی چیرۆکەکان و پاڵەوانەکان خۆیانن: چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، هەولێر، ٢٧/٥/٢٠٠٦.

(٣٣٧) حەمە سەعید حەسەن- هزرو شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، چ/یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٣.

شتێکی گرنگ بۆ خوێنەر دەربخات کە دیدە هەستیارە وردبینەکەی لەناو فەزای ئەزموونەکە دۆزیویەتیەوە))[٣٣٨].

یەکەم چیرۆك کە شێرزاد حەسەن نووسیویەتی چیرۆکێك بوو لە (واقیع) ڕوویداوە و شێرزاد بە ڕووداوەکانی ئاشنا بووە لەگەڵ ئێش و ئازار و بیرکردنەوەی نووسەر هاوتەریب بووە، بۆیە بەپێی گۆشەنیگای خۆی باسیان دەکات، نەك وەك کۆپی کردنی واقیعی ئەو ڕووداوەی نووسیویەتی وەك دەڵێ: ((یەکەم چیرۆکم بەناوی (مامز) لەوەوە هات... کچێکی گەرەکەکەی ئێمەیان بە پارە لە پیرەمێردێکی نەخۆش مارە دەکرد. من بە دایکم گوت برۆ خوازبێنی بۆمن بکە با نەبێ بە قوربانی.. ئیدی خەیاڵی من زۆر خۆش بوو.. هەستم دەکرد دەبێ ئەو کچە قورتار بکەم.. باوکم وتبووی: پێی بڵێن گو بخوات))[٣٣٩].

ئاشنا بوونی چیرۆکنووس بەو پاڵەوانانەی تا ئەو ئاستەی کە بڵێ: ((هەموو جارێ خێزانەکەم پێم دەڵێت: تۆ ئەوەندەی لەگەڵ پاڵەوانەکانت دەژی لەگەڵ من ناژیت))[٣٤٠]. خوێندنەوە و خولیابوونی ئەدەبیات و هەماهەنگی لەگەڵ نووسەران و بوونی ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ژیانی ڕابردوو، سەرچاوەیەکی کاریگەرن بۆ پیشاندان و خستنەڕووی ژیانی ڕاستەقینەی سەردەمانێك، کە شێرزاد حەسەن لە دیدو گۆشەنیگای نووسەرانی دیکە و کەسانی چواردەوریدا گۆشە نیگاییێکی تایبەتی خۆی دێتە بوون، بۆ جوانیو ناشیرینییەکانی ژیان، بۆیە چیرۆکنووس کە دەیەوێ لە خۆی بدوێ مانای ئەوە نییە کە کتومت خۆی کارێکتەری ئەو چیرۆکانەیە، بەڵکو بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستیو بارە دەروونییەکان لە خۆدواندن و باسکردنی کەسانی نزیك بە خۆی تێکەڵبوون و ئاوێتە بوونە بە ڕووداوەکان و قووڵبوونەوەیان، تا دەنگێکی تازە و گوزارشتێکی تازە بخولقێنێ، بە لامانەوە ژیاننامە و ڕووداوە ڕابردووەکانی نووسەر تا ڕادەیەکی باش

---

(٣٣٨) لین ئۆلنبیرند – لیزلی لویس، کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆك، و/بۆ عەرەبی عبدالجبار ئەلموتەلیبی، و/ بۆ کوردی، سەلاح عومەر، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٣.

(٣٣٩) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٤.

(٣٤٠) یوسف خەلیل(ئا)- گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای ڕووخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، ل٩٩.

کاریگەرییێکی باشی دەبێت لە شرۆڤەکردنی چیرۆکەکان، چونکە ژیاننامەی نووسەر لایەنێکی گرنگە بۆ بونیادی دەق و هۆکارێکی گرنگیشە بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەو قووڵبوونەوە لە مانا شاراوەکانی دەق، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە هەموو ڕووداو و کەسایەتییەکان خودی نووسەربن، هەروەك لوسیان گۆڵدمان دەڵێ: ((دەوروبەرو ژینگەی نووسەر کار لە بیرکردنەوەی دەکات ئاوێتە بوونی لەگەڵ بۆچوونەکانی یان ژیاننامەی نووسەر گرنگییێکی گەورەی دەبێت لە یارمەتیدانی ڕووداوەکانی ژیاننامەی نووسەر لە کاری ئەدەبی ئەمەش زیاتر ئەرکی مێژوونووسی ئەدەبەکەیە مەسەلەکەش پێوەندی بە شیکردنەوەی قووڵترەوە بێ ژیاننامەی نووسەر دەبێتە هۆکارێکی لاوەکی لە پەیوەندی نێوان کارە ئەدەبییەکان))دا(٣٤١).

دیاردەیەکی ئاساییە کە نووسەر ئەزموونی نووسینەکانی خۆی باس بکات، کە پیشاندەری ڕاستەقینەی ئەزموونی ژیانی ڕابردووی نووسەرن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ڕەخنەگرانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی، دەقێکی چیرۆك بەرانبەر شوێن و کات و کارەکتەرێکی تایبەت دابنێن و شرۆڤەی دەقەکە بکەن بە پێی ژیاننامە و بەڵگەکان، هەرچەندە لەڕەخنەی دەروونیدا کەسایەتی نووسەر ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە شیکردنەوەی دەقدا، بەڵام دیسان ئەوەمان نابێت لەبیربچێت بە پێی قوتابخانە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان، دەق مەودایەکی زۆر فراوانتری هەیە و فرەڕەهەندەو تێکست تێکستێکی والایە، نەك بەستنەوەی تەنها بەلایەنێك و لە چوارچێوەدانی مانایەك، بەمەش جۆرێك لەستەمکردن لە دەق دێتەکایەوە، هەربۆیەش ئەدیبان لە ماناکردنی بەرهەمەکانیان، خۆیان بە دوور دەگرن، تا ئاراستەی تاك مانای بۆ دەقەکانیان دیار نەکرێت. هەرچەندە ئەگەر چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن لەڕێی ژیاننامەی خۆی کۆمەڵێك زانیارمان پێشکەش بکات، ئێمە وەك کۆدێك لە کۆدەکان لەبەرچاوی دەگرین، نەك وەك خوێندنەوەیەکی ژیاننامەیی، کە لە جەوهەری کاری ڕەخنەیی دوورمان بخات.

---

(٣٤١) کۆمەڵێ نووسەر، چەند وێستگەیەکی فیکریو ئەدەبی، و/ئازاد بەرزنجی، چ/یەکەم، ٢٠٠٠، ل ١٩٢-١٩٣.

# بەشی سێیەم

## خەسڵەتە دەروونییەکانی نێو چیرۆکەکان

## خەسڵەتە دەروونییەکان

دەق و پانتایی ئەو چیرۆکانەی شێرزاد حەسەن لە ئەزموونی چیرۆکنووسی خۆیەوە دەربڕیون، لە هەماهەنگی ژیان و کۆمەڵ بەسوود وەرگرتن لە خوێندنەوەی ئەزموونی چیرۆکەکانی ئەدەبیاتی جیهان، بە تایبەتی ئەدەبیاتی ئینگلیزی جۆرە جیهان بینینێکی تایبەت بە چیرۆکەکانییەوە دیارە، بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری ڕەهەندێکی دەروونی قووڵیان هەیە، بەجیا لە دەقە ئەدەبییەکانی دیکە، چ وەك ڕەوتی مێژووی چیرۆکی ئەدەبی کوردی، یان بەراوردکردن لەگەڵ ئەزموونی چیرۆکەکانی دیکەی نووسەرانی کورد لە بواری چیرۆکی هونەری کوردییەوە، ئەو بابەتانەی شێرزاد حەسەن بە دەوریان دەخولێتەوە، ناتوانین بە تەنیا لە چوارچێوە دەروونییەکەیەوە سەیریان بکەین، بەڵام ئەوەی کە جیای دەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەو گرێ دەروونییانەو خەسڵەتە دەروونییانەن، کە کەمتر چیرۆکنووسانی دیکەوە بەرجەستەکراون، وەك ئەوەی لە ناخی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا بوونیان هەیە. هەماهەنگی ئەو گرێیانەی کە ئازاری دەروونی مرۆڤەکان پێکدەهێنن، لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و بوارەکانی دیکەشدا هەماهەنگن، شێرزاد ئاوێنەی ڕاستەقینەی بارە دەروونییەکانە، ئەو بارە دەروونییەی، کە پاڵەوانی فەرامۆشکراون،

وەك لە چیرۆکی (ڕیشۆڵەو گرێ و شاعیر و میم و ڕەنگاڵەو....هتد)دا بە دەردەکەون ئەوەتا شێرزاد دەڵێت: ((شتێك نانووسم تیای نەژیابم یان نەمدیبێ یان بەلای کەمی چاك گوێم لێ نەبووبێ، من دەزانم ئەدەبی چیرۆك لەسەر خەیاڵ دەلەوەڕێ و کردەی خۆڵقاندنە))[٣٤٢].

ئەو چارەڕەشی و گۆبەندەی شێرزاد وەنەبێ لە ژینگەیەك بووبێ و خوێنەر و بیسەرانی چیرۆکەکانی پێی ئاشنا نەبووبن، بەڵکو هەماهەنگی لە نێوان دەربڕینەکانی شێرزاد و خوێنەر

(٣٤٢) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٣٨.

زیاتر لەسەر ئەو پێوەندییە دامەزراوە، کە وێنەیەکی دیکەن لە هەموو ئەوانەی خۆیان تێدا دەبینن و دەوروبەریان دەبینن.

شێرزاد لە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)دا، لە حەمەی پاڵەوان دەچێ لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئاماژەی پێدەکات: ((ئەوە من نیم، کە بەتەنیا لە (حەمە)ی پاڵەوانی ناو (گوڵی ڕەش) دەچم، بەڵکو بە هەزارەها لە نەوەی من و بگرە نەوەی دوای من و پێش من خۆ لەناو (حەمە) دا دەدۆزنەوە))[٣٤٣]، دەست پێکردن لە خودی خۆیەوە سەرچاوەی پەی بردنە بە ڕاز و نهێنیو گرێ دەروونییەکان، کە خودی نووسەر زیاتر لە هەموو کەس لەخۆیەوە نزیکە، لەو دەروازەیەوە دەست دەخاتە ڕاز و نهێنییەکانی دیکەی من و تۆو ئەوانی دیکە، چونکە ((زۆربەی نووسەرە جیهانییەکان زوڵم و زۆرو تاقیکردنەوە ناخۆشییەکانی ژیانیان گرێیەکی دەروونی وەهای لا دروست کردوون کە بە خەستی لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگبداتەوە بۆتە هۆی دروستکردنی چەندین داهێنان و شاکاری بەرزی جیهانی))[٣٤٤].

چیرۆکەکانی شێرزاد وەك ڕێبازێکی ڕیالیزمی سایکۆلۆژی پابەندی شیکاریانەی دەروونی کارەکتەرەکانەو تیۆرەکانی دەروونزانیو چەمك و ڕوونکردنەوەکانی دەروونزانی هاندەرێکی باشن، یان بەواتاییێکی تر بڵێین ئامرازێکی کاریگەرن، بۆ لێدوان لە گرێ و نهێنییەکانی دەروون، یان باسکردن لە ئازادی و خۆشەویستی و کێشە دەروونییەکانی تاك و کۆمەڵ و دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵ. دەبێ بە زمانێکی سایکۆلۆژی بێ، بە دیدێکی سایکۆلۆژیانەوە ڕوو لە ئامانجی نووسینەکان بکات، ئەو خولیابوونەی شێرزادیش بۆ دەروونزانی لێرەوە خۆی دەنوێنێ، کە هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ دەربڕینی ئازارەکان و تێگەیشتن لە نهێنییەکانی خود.

ئەو ڕەهەندە دەروونییەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن هەر لە ناونیشانی چیرۆکەکانەوە دەست پێدەکات وەك لە چیرۆکەکانی (ترس، گرێ، تەنیایی، نهێنی، من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ...هتد) هەموو ئەمانە لایەنی دەروونزانین و ئاماژەیەکی دەروونین بۆ ناواخنی ناوەرۆکی چیرۆکەکانی شێرزاد، بەپێی ئەمەش ((ناونیشان و مەتن هەمیشە یاریدەدەری یەکترن بۆ

---

(٣٤٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٤٥.

(٣٤٤) تەها عومەر- هەندێ سەرنج و ڕاستکردنەوەی پێویست، گ/ڕامان، ژ/١٨، ١٩٩٧، ل٤٧.

کەشفکردنی زیاتری دەلالەتەکان و کردنەوەی هێماکان))[٣٤٥]، وێڕای ئەمەش ناونیشانی چیرۆکەکانی وەك (خوشکەکان، بێوەژن، گوناهی سپی، پیرە پەپوولەکانی ئێواران، مەم و زین...هتد) هەموو ئەمان ئەگەرچی ڕاستەوخۆ دەلالەتێکی سایکۆلۆژیان نییە، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ باس لە نهێنی و گرێکانی قەیرە کچ لە چیرۆکی (خوشکەکان)و غەریزو ئازارەکان لە چیرۆکی (بێوەژن)، دەربڕی ناوەرۆکی سایکۆلۆژین، کە ڕۆشنایی سەرمەتنی چیرۆکەکانن‌و واتاکانی فراوانتردەکەن.

شێرزاد چ لەڕێی ناونیشانی چیرۆکەکانی، چ لە درێژەی مەتنی چیرۆکەکانی، یان لە سەرجەمی کۆمەڵە بەرهەمی چیرۆکەکانیدا، هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو گرێ و لایەنە دەروونیانەی داوە، بینینی تایبەتی خۆشی هەبووە. ناوەرۆکی چیرۆکەکان بۆ گوزارشتکردن لەو ڕەهەندە دەروونییە قووڵە و پەنابردنە بەر نەست (لاشعور)و خەون و خەیاڵ و فانتازیا و شێوازەکانی شەپۆلی هۆش، شەقل و ئەدگاری نووسەرن لە پرۆسەی نووسینی دەقدا، بۆ زیاتر شۆڕبوونەوە بەنێو دیاردە پەنهانەکان و شاراوەکانی ناخی مرۆڤ، یان پەنا بردنە بەر فانتازیا بۆ خۆلادان لە ڕووە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە دەربڕینیان ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵکو فانتازیاو خەوو خەیاڵ و نەست دەبنە دیوار بەندێکی شووشەیی، کە بتواندرێت پەردە لەسەر دیاردە شاراوەکانی کۆمەڵ هەڵبداتەوە

## هەڵچوون

هەڵچوون دیاردەیەکە لە دیاردە دەروونییەکانی مرۆڤ بە پێی ئەوەی لەنێو ژینگەیەك دەژییێت ئەو ژینگەیەش پڕە لە ئەشکەنجەو ئازاری دەروونی، هەروەها ((هەڵچوون حاڵەتێکی ویژدانی بەهێزی کتوپڕی لەناکاوەو ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆئەندامی جەستەیی‌و دەروونی تاك دەبێت و کۆمەڵێك نیشانە و دیاردە لەتەك خۆیدا دەهێنێ و باری هەڵچوونی مرۆڤی پێ دیاری دەکرێت))[٣٤٦].

---

(٣٤٥) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- شیعرییەتی دەق و هەنگوینەی خوێندنەوە (دەق و ڕەخنە) چا/ ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٠.

(٣٤٦) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروازەی دەروونزانی، ل١٣.

هەڵچوون بە هەردوو بەشەکەی، کە لایەنی خۆشیو ناخۆشی دەگرێتەوە، لە باری ئاسایی بوون هەندێ جاریش لە باری ئاسایی خۆی لادەداتو ئەو هەڵچوونە کۆمەڵێك هۆکاری ناوەکی و دەرەکی هەیە بۆ لە دەستدانی باری ئاسای ژیانی مرۆڤ.

هەڵچوونەکانی خۆشی وەکو گەشبینیو دڵخۆشی و خۆشەویستی و پێکەنین....هتد، لەگەڵ هەڵچوونی ناخۆشی وەکو خەم و شەرم و ترس و توقین و دڵەڕاوکێو... هتد ڕاستەوخۆ کاریگەرن بەسەر گۆڕانە فسیۆلۆجییەکان و دەروونییەکانو، مرۆڤ دەخەنە بارێکی تایبەتییەوە. ئەو هەڵچوونانەش یان کاتییە، یان ڕەوشتێکی دووبارە بووە لە حاڵەتێکی نا ئاسایی بەدەردەکەوێت و لەوانەیە تاکاتێکی درێژیش بخایەنێت، زۆرجاریش هۆکارێکی بەرجەستەو دیاریکراوی نییە، وەکو کاریگەری ڕووداوەکانی سەردەمانی زوو، ئەو پەروەردەیەی کە خودی کەسێتی لەسەر بنیات نراوە دەبنە هۆکاری ئاستی زۆر و کەمی هەڵچوونەکان بەتایبەتی هەڵچوونی ناخۆشی (نێگەتیڤ)، کاریگەر بوونی ڕووداوەکانیش ڕادەی بچووکی و گەورەی هەڵچوونەکان بەدەر دەخەن هەڵچوونەکانی، وەکو خەم و دڵەڕاوکێ و ترس و شەرم...هتد، تا ئاستێکی دیاریکراو ئاسایی بوونی خۆی هەیە خەم کاتێ ڕوو دەکاتە ناخێك یان دڵەڕاوکێو ترسێکی ئاسایی، ئەمە پێویستییەکە کە مرۆڤ لەپێناو مانەوە و پاراستنی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوەو ئەوەی کە بە بایەخەوە ئەدەب ڕووبەڕووی دەبێتەوە و نووسەران لێی دەدوێن، دیوێکی دیکەی نا ئاسایی بوونە، کە وەك گرێیەکی دەروونی تەماشای دەکرێتو کەسێتییەکی گۆشەگیرو تەنیاییو نەخۆشییە دەروونییەکان بەرهەم دەهێنێ، بۆیە سەرچاوەکانی هەڵچوون و هۆکارەکانی هەڵچوون لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، پەیوەستە بە بارودۆخ و قۆناغێکی درێژکراوە لە کاریگەرییەکانی دەروونی لە پێکهێنانی کەسێتی.

دیاردەی هەڵچوون بە گشتی لە چیرۆکەکانی شێرزادا وێنەیەکی دووبارە بووی هەڵچوونە نائاساییەکانە، کەسێتییە سەرەکیو لاوەکییەکانی نێو چیرۆکەکانی، بریتییە لە ناڵاندن بەدەست ترس و شەرم و خەم و...هتد هەمیشە کەسێتی سەرەکیو کەسانی نێو چیرۆك بە دوای پێناسەیەکی دیاردەکانی هەڵچووندا دەگەڕێن، وەك شیکردنەوەی دەروونی خۆیان، چونکە خۆیان دەردەکانی خۆیان دەزانن و پانتایی چیرۆکەکانیش زەمینەیەکی ڕەخساوی هۆکارەکان و ئەنجامەکانی ئەو هەڵچوونە نێگەتیڤانەن، کە لە میانەی گەڕانەوە بۆ سەردەمانی زووی منداڵیو هەرزەکاری بەدەر دەکەون، بۆیە ((ئەو نووسەرەی لەگەڵ مەسەلەکەی، یان

بەرهەمەکەی هەڵنەچێت بەبەرزیدا هەڵنەشاخێت و بەناخیدا ڕۆنەچێت لەگەڵیدا کارلێکی ناکات و حەقی خۆی ناداتیّ))[٣٤٧].

هەڵچوون وەك دیاردەیەکی دەروونی پێویستییەکە لەو پێکهاتانەی ناوەرۆکی دەقی ئەدەبی، بۆ ئاوێتە بوونی ناخی شاکەس و کەسانی نێو چیرۆك و شۆڕبوونەوەیە بەناخیاندا، چ لە باری نەست و هەستیدا، هەروەها پێویستیشە بۆ ئەوەی وێنەی کەسێتییەکی سایکۆلۆژی لە بارەی هەڵچوون نیشان بدات، کەواتە ((هەڵچوونیش دوا ڕەفتاری هۆشمەندی تاکە کەسە بۆ گرنگێتی بەرهەم و زیندوێتی ئەو بەرهەمەو ڕاستی ئەزموونەکەی، ئەو هەست و نەستانەی کە لە نووسەردا خۆی مەلاس داوە لە حاڵەتی هەڵچووندا دەردەکەوێت))[٣٤٨].

هەڵچوونی دەروونی خەم و دڵەڕاوکیّ و ترس و شەرم، ڕق و قینە...هتد سیمایەکی دیاری کەسێتیو شاکەس (کارەکتەری سەرەکی)ی چیرۆکەکانی شێرزادن، کە پێوەندی و هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لە ناخی کارەکتەری چیرۆکەکاندا هەیە، سیمای ئەو هەماهەنگییەش تەنیایی پاڵەوانەکانن، بە تایبەتی لە چیرۆکی (تەنیایی)و چەند چیرۆکێکی دیکە، کەوا دیاردەکانی هەڵچوون بەسەریان زاڵە و لەگەڵ هەست و نەستی شاکەس ئاوێتەن و لەگەڵ هاتنە پێشی ڕووداوەکان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو زیاتر هەڵچوونەکان وەك سروشتی کەسێتی خۆیان دەردەخەن، وەکو دیاردەی خەم لە چیرۆکەکانی (ئێوارە و شتی تر، گمەی غەریبی، ئەو شەوەی سەگم تیا خۆش ویست، تەنیایی شەوێکی باران، خوشکەکان)، هەروەها گومانو دڵەڕاوکێی لە چیرۆکی (گریّ و میم، ترس) هەڵچوونی خۆشیو ناخۆشی لە چیرۆکی (لەو دیو دەرگا ئاسنینەکەوە) هەڵچوونی ڕقو کینە لە چیرۆکی (گوناهی سپی) و (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست)، هەروەها هەڵچوونی ترس و شەرم لە چیرۆکی (عزرائیل)و (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ).

هۆکارەکانی هەڵچوونی شاکەس و کەسانی لاوەکی نێو چیرۆکەکان یەکێك لەوانە، کە سەرەکی ترین هۆکاری بیرهاتنەوەی سەردەمی منداڵییە، بە شێوازی فلاش باگ جۆرێکە لە پێوەندی نێوان ورووژاندن و وڵامدانەوە، وەك لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست)

---

(٣٤٧) کەمال فاروق- نەخۆشییەکانی نووسەرو ڕەنگدانەوەی لەسەر نووسینەکانی، گ/کاروان، ژ/١٢١، ل١٠٦.

(٣٤٨) هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.

بەهۆی لووراندنی سەگ و حەپەی سەگ، کارەکتەری سەرەکی چیرۆك ڕووداوێکی سەردەمی منداڵی بیردەکەوێتەوە، کە ئەویش تێهەڵدان و شکاندنەوەی پاڵەوانە لەلایەن باوك بەهۆی ئەو سەگەوە: ((هەر شەوێك گوێم لەوەڕین و لوورەی سەگ بێ...بەتەواوی خەوم لێدەزڕێ))[٣٤٩].

لەدەستدانی یار وەك لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە) کە پاڵەوانی چیرۆکەکە خەم دای دەگرێو هەژاری لە چیرۆکی (لەو دیو دەرگا ئاسنینەکە) دەبێتە سەرچاوەی هەڵچوون و لەدەستدانی سێکس وەك لە چیرۆکی (میم)و ئیفلیجی لە چیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان)و خەمی وڵات و لەدەستدانی هاوڕێ لە هەردوو چیرۆکی (تابلۆیەکی ناتەواو) و (کەوتنی ژمارەکان) هەروەها لەدەستدانی دۆست و یاران و نەمانی پێوەندی خۆشەویستیو نەبوونی پێوەندی خۆشەویستی لەنێوان ژن و مێرد و دڵدارەکان، وەکو لە چیرۆکی (ماڵئاوا خۆشەویستی)و هەروەها نەمانی بەهای هونەرو ئەدەب لە چیرۆکی (میم). هەڵچوونی پاڵەوانەکان لە چیرۆکەکان ڕێگایەکە بۆ چوونە ناخی پاڵەوان و گوزەر کردن بە نەستی پاڵەوانەکان بەشێك لەو هەڵچوونە پێوەندی ڕاستەو خۆی نییە بە ڕووداوی چیرۆکەکەوە، وەکو چیرۆکی (خوشکەکان) کەوا لەناو زەماوەندی خوشکەکەی هەڵچوونێك ڕوودەدات، کە پێوەندی بەخەمی لەدەستدانی تەمەن و مانەوەی وەکو قەیرە کچێك پێوەندی بە نەست (لاشعور)ەوە هەیە، یان پاڵەوانی چیرۆکی (شاعیر)، کە بە هۆی دەنگی سەگێك پاڵەوان دەکەوێتە هەڵچوونێکی نا ئاسایی ڕابردووی بیر دەکەوێتەوە، کە ئازارەکانی سەردەمی منداڵین.

وەسفکردنی باری دەروونی کارەکتەرەکان و تەسککردنەوەی ئەو بوارە زەمەنییە فیزیکییە لە چوارچێوەی زەمەنێکی رۆحی لەخستنەڕووی باری هەڵچوون و دەرخستنی هەمووو ئەو خەسڵەتە دەروونییانە و پەیوەستکردنیان بەچەند هۆکارێك، بە پێی ئەزموون و گۆشەنیگای چیرۆکنووس لە گێڕانەوەی ئەو خەسڵەتە دەروونییانە و ئاشناکردنیان بەناخی خوێنەر، چیرۆکنووس لەناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکاندا بۆ هەر هەڵچوونێك کۆمەڵێك لەو فاکتەرانە دەخاتە ڕوو، زیاتریش بەستنەوەیان بە قۆناغەکانی سەرەتای ژیان و درووست نەبوونی هەلومەرجێکی گونجاو و لەبار و نەبوونی پێوەندی

---

**(٣٤٩)** شێرزاد حەسەن- سەرجەمی بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تەنیایی، گوڵی ڕەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرە پەپوولەکانی ئێواران)، چا/یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ ل١٤.

تێگەیشتن لەنێوان ئەو تاکانەی، کە هەموویان لەناو بازنەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکی بەرپرسیارێتی پەروەردەیان لەئەستۆ دایە.

لەدرێژەی ڕاڤەکردنی هەریەك لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووس لەورووژاندنی هەر یەك لەهەڵچوونەکان، بەپێی قۆناغ و باری کۆمەڵایەتی مەسەلە دەروونییەکان لە ڕێی وەسفکردنی بگێڕەوەی چیرۆك یان خۆدواندن بەشێوازێکی هونەریانە تاوتوێیان دەکات

خستنەڕووی هەریەك لە سیماکانی پاڵەوان و کەسانی نێو چیرۆك و گیرۆدەبوونیان بە خەسڵەتە دەروونییەکان لەشێوەی هەڵچوونێکی ئاساییو نا ئاسایدا ئەو هەڵچوونانەش زیاتر ئاشکراکردن و خستنەڕووی لایەنی ڕەوشتی مرۆڤ و شتە شاراوەکانی ناخیەتی، بەرانبەر ئەو ورووژاندنە دەرەکیو ناوەکیانەی لەخودی کەسێتیدا هەن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەخشینو هیواو ئومێد بۆ ژیان بەشێك لەو چیرۆکانەی شێرزاد حەسەن سەرچاوەی دامرکاندنەوەو کەمبوونەوەی هەڵچوونیان هەیە، وەك سەرچاوەیەك بۆ گەڕانەوە بەرەو باوەشی ئاسوودەی و دڵدانەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (شاعیر)و (تەنیایی شەوێکی باران)، شیعرو نوسینی شیعر دەبنە سەرچاوەی ڕەواندنەوەی بەشێك لەخەم و تەنیاییەکان، هەروەها لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە) دوای هەموو خەموو ئازارەکانی دەروون، مۆسیقاو کتێب و دایك سەرچاوەی ئارام بوونەوەن، هەروەك لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە)دا هاتووە: ((مۆسیقاو کتێب و پیرە دایك لە کەلاوەکەی چاوەڕوانی حەسەن بوون)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٩٠)، هەروەها لە چیرۆکی (میم) باوەشی دایك باوەشی پڕ لە میهرو سۆزە: ((وەك جاران چوومەوە باوەشی...کەوتمەوە نێو منداڵدانی تەڕو گەرم و بۆنێکی پیرۆزی لێدەهات)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٣٣)، هەروەها لە چیرۆکی (گوناهی سپی) چیرۆك سەرچاوەی دامرکاندنەوەی هەڵچوون و ئومێدە، لە چیرۆکی(من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) گریان بۆ داشۆرینی خەمەکان و شکستەکان و بەتاڵکردنی ئازارەکانی دەروونە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە هەڵچوون لەحاڵەتی ئاسایی بوون و دامرکانەوە سەردەکێشێ بۆ تەنیاو غوربەتێکی ڕۆحی و خەمۆکی، وەکو چیرۆکی (ئێوارە و شتی تر)و (میم)، کەواتە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن لەنێو دیاردەکانی هەڵچوونو کولانەوەی ئازارەکانیان ڕەشبینیو بێ ئومێدی ژیان نابێت پەردەی کۆتای کێشەکانیان، بەڵکو هیواو ئومێدی گەڕانەوەی حاڵەتی ئاسایی بوون هەیە، لەهەمان کاتیش ئاسوودەیەکی زۆر ڕوون ناخاتە بەردەم کارەکتەرەکانیو، هێڵێکی هاوبەشی نێوان هەڵچوونی چیرۆکەکان لە نێوان ورووژاندن و وەڵامدانەوەیە، وەکو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەو ڕابردووەی کە قێزەونە.

شێرزاد خۆی هەندێ لەو خەسڵەتە دەروونییانەی نێو چیرۆکەکانی شیکردۆتەوە، بۆ نموونە بەهۆی هەبوونی زانیارییەکی گونجاو درووست لەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی چیرۆکنووس، زۆرجار خۆی لەنێو ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا هۆکاری درروستبوونی جۆرێك لەو خەسڵەتە دەروونیانە لەسەر زاری پاڵەوان‌وکەسانی نێو چیرۆك دەخاتەڕوو، وەك لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست)دا هاتووە: ((هەر گرێیەکی دەروونی... گرێی ترس و خەم و قین و حەز و شەرم و شێتی...تێکڕای بۆ سەردەمی ڕوون و ناسکی منداڵی دەگەڕێنەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٤).

## ترس

ترس وەك جۆرە هەڵچوونێك وابەستەی مرۆڤ بووە لێی جیا نەبۆتەوە، هەر لە زووەوە ئاشنایەتی مرۆڤ بە ترس بەشێك بووە لەو شتانەی، کە لە دەوروبەر ڕووبەڕووی مرۆڤ بوونەتەوە. لە مێژووی مرۆڤایەتیش ترس لە دیاردە سروشتییەکان و گیانلەبەرانی دیکە لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە لەپێناو مانەوەی مرۆڤ بووە، ، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ترس و جۆری ترس دەگۆڕێت و ڕادەی ترس لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە، بە شێوەیەکی گشتی ترس ((ئامادە باشییەکی بۆماوەیی هەیەو بەشێکە لەسروشتی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەو ئامادە باشییە بەتەنها نابێتە مایەی ترس، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێك فاکتەرو بارودۆخی تایبەتی لەناو کۆمەڵ هەبن بۆ ئەوەی ترس لای مرۆڤ دروست ببێت))[٣٥٠].

ترس و ترسان لە باری تایبەتی خۆی و لە چوارچێوە ئاساییەکەی خۆیدا پێویستییەکە بۆ مانەوەو ئاسوودەیی، کە زیاتر بە ترسی ئاسایی ناودەبرێت، بەڵام ئەو ترسەی کە لە سنوورە ئاساییەکەی خۆی بەشێوەیەکی وا تێپەڕدەکات، کە مرۆڤ گیرۆدەی نەخۆشی دەکاتو لەبارە ئاساییەکەی خۆی دەردەچێتو گۆڕانە دەروونیو فسیۆلۆجییەکانی بە هۆیەوە ڕوودەدەن.

بەو پێیەی کە ((ترس ڕیشەی غەریزیو خۆویستانەی هەیە))[٣٥١] ئەو ترسەی کە لە دەوروبەرەوە لەو ژینگە کۆمەڵایەتیەوە هەر زوو منداڵ پێی ئاشنا دەکرێتو شوێنەوارێکی پڕ مەترسی دەسەپێنێتە سەر ئەو کەسێتیە لە داهاتوودا.

---

(٣٥٠) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای منداڵ، بەشی سێیەم، چا/ زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٧٠.

(٣٥١) د.نیل- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ، و/قادر وریا، بەرگی یەکەم، چ/یەکەم ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٤٢.

ئەگەرچی ترس جۆرو هۆکاری جیاجیای هەیەو بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەکانی ترس ڕەنگە خۆی لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیەدا ببینێتەوە، کە لە سەرەتاکانی پەرەوەردەی منداڵ و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و هەرزەکار زیاتر کاریگەر دەبن بەسەر خودی ئەو کەسێتییەی، کە لە قۆناغی پێگەیشتن و هەراش بوون وەك دیاردەیەك لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی ڕۆژانەی دەربکەوێت، یەکێك لە خاسیەتەکانی ترس ئەوەیە، کە هۆکاری ترسەکە زانراوە لە هەمان کاتیش دیاریکردنی سەرچاوەی ترسش دەزانرێت.

ترس ئەو خەسڵەتە دەروونییە دیارو ئاشکرایەیە، کە لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن ئامادەییان هەیە، لەزۆربەی چیرۆکەکانیدا دیدێکی تایبەتی بۆ ترس خستۆتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا ترس لای شێرزاد، چ وەك هۆکار، یان سەرچاوەی دروست بوونی و کاریگەریەکانی ترس بەسەر کەسێتی بە ڕوونی دەردەکەوێت. هێڵێکی تایبەتی چیرۆك لەسەر ترس دەڕوات، یان بەچەند دێڕێك گۆشەنیگای نووسەر بۆ دیاردەی ترس خراوەتە ڕوو، وەك ئەوەی لە چیرۆکی (ترس) لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیای) ناوەرۆکی چیرۆکەکە تەواو لە ترس و دڵەڕاوکێ دەدوێت، یان بە پێی سروشتی پێویستی چیرۆکەکانی دیکەش، ترس وەك دیاردەیەکی قێزەوەن و ترسی نائاگاییو ترسی ئاسایی بوونی هەیە.

ڕەنگدانەوەی ژیان و بەسەرهاتەکانی (شێرزاد حەسەن) بە تایبەتی لە قۆناغی منداڵیو هەرزەیی شێرزاد سەرەتایەکی کاریگەرن، بەپێی ژیاننامە لە پێکهێنانی دەقی ئەدەبی، کە هەوڵی سەلماندنی ئەو ڕاستییانە دەدات بۆ ناساندنی بەشێکی دیار لە کۆمەڵگای کوردی، لە بابەتی ترس وەك حاڵەتێکی نەستی کۆ.

باشترین دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیش بۆ دروستکردنی کەسێتی مرۆڤ خێزانە، بۆیە ((هەموو شارەزاو لێهاتووی قۆناغی منداڵی ئاماژە بەوە دەکەن، کە نەمامی دروستی دەروونی یا نەمامی نەخۆشییەکانی دەروونی هەردووکیان لەناو خێزان لەو قۆناغەدا لە دەروونی ئەندامەکانیاندا دەچێنرێت))[٣٥٢].

ئەو خێزانەی نووسەر تێیدا گەورە بووە، هەمان ئەو خێزانانەی ئەو گەڕەکانە بوون، بۆیە یەکێك لەسیما سەرەکی و دیارەکانی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن گەڕانەوەیە بۆ

(٣٥٢) د.عومەر یاسین جەباری- ژیانی مرۆڤ لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە، لە بلاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٤-٤٥.

سەردەمی منداڵی و هەرزەی، ئەو سەردەمانەی هیچ پەیوەندییەکی بەهای پەروەردەیی لەناو خێزاندا ڕەچاو نەکراوەو، بنەمای پەروەردەکەش لەسەر ترس و شەرم بنیات نراوە بۆ نموونە شێرزاد دەڵێت: ((من لەخێزانێك گەورە بووم، کە هەموو سیفەتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەڵگرتووە، خێزانێك کە بەڕێکەوتیش ڕێز و خۆشەویستیو سۆز نەدا بە منداڵەکانی))[٣٥٣].

باوك سەرچاوەی ترسە لە خێزان و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە هۆکاری دروستکردنی (ترس)ەوە هەیە، وەك ئەوەی لە چیرۆکی (عزرائیل)دا دەبیندرێت، کە باوك سەرچاوەیەکە لە نانەوەی شەڕو ئاژاوە، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە لە چایخانەو مەیخانەکان و قومارخانەکان دەگەڕایەوە داخ و قەهری دەرەوەی لە منداڵەکان و ژنەکەی دەردەکرد: ((ڕۆژانی تەمەنمان..شەوانمان پڕبوو لە نەعلەت، عومرێکی لەعنەتیمان بەسەربرد)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٦٦).

ئەو دیمەنە سامناکانەی شەڕو ئاژاوەکانی نێوان دایك و باوك وێنەیەکی زیندووە لە چیرۆکی (ترس)، هەمان شەڕو ئاژاوەو پیشەی باوکی پاڵەوانە، کە لەبەر چاوی منداڵەکان وەك باوکێکی دڵ ڕەق داخی خۆی هەڵدەڕێژێت: ((کە منداڵەکان پێکەوە لە پرمەی گریانیانداو وەك جووجەڵە لە دەوری دایکیان کۆبوونەوە))[٣٥٤].

لەلایەکی دیکەش چاندنی تۆوی هەستکردن بە کەمی و مامەڵەیەکی ناهۆشیارانەی دایك و باوك، وەك دیاردەی میزکردن و خۆ پیسکردن لە منداڵێك هەر لە قۆناغی زووەوە بووە بە گرێیەك و لەو گرێ دەروونیانە، کە ترسی لەسەر بنیات نراوە، وەك لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا هاتووە ((ئەو خۆپیسکردنە منی کوشت نەك هەر ئەوە.. سەدەها جار باوك و دایکم لەبەرچاوی ناسیاوو بێگانە جنێو بارانیان کردووم... شکاندوویانم)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٧). یان لە هەمان چیرۆك لە گرمەی هەڵچوونی پاڵەوان بەردەوام وێنەو دیمەنەکانی سەردەمی منداڵی، وەکو یادێکی پڕ تاڵ و ناخۆش دێتەوە یاد: ((ئای کە عومری منداڵیم پڕ لە حەسرەت بوو... ئەو مێژووە ڕەشەم بیرناچێتەوە... ئێستا هەست بە لینجاوی ئەو تف و بەڵغەمانە دەکەم کە باوکم نێو چاوانی منی پێ سواغ دەدا)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٨).

---

(٣٥٣) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، ل٢٣.

(٣٥٤) هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

باوك سەرچاوەی یەکەمی ترسە لەخێزانـ، لەپاڵ ئەمەشدا دایکیش سەرچاوەیەکی دیکەی ترسە لەخێزان، بەڵام بە شێواز و مامەڵەیەکی جیاوازتر لەهی باوك، دایك لە زۆربەی چیرۆکەکانی شێرزاد سەرچاوەی میهرەبانی و سۆز و خۆشەویستییە، ئەوەی دایك وەك (ترس)ێك دروستی دەکات سەرچاوەکەی نەزانینە، دایکێکی کلۆڵ و نەخوێندەوار ناتوانێت لایەنی دەروونی منداڵەکانی وا ڕەچاوبکات، کە ئەو قسانەی بۆ منداڵەکانی دەیکات، تا چەند سوود و قازانجی هەیە، بۆیە کاتێك دایك باسی جنۆکە و عزرائیل و وابکەو وامەکە دەکات بۆ منداڵێك، کە هێشتا لە مانا شاراوەکان تێنەگەیشتووە، هەموو ئەمانەی لەو چیرۆکانەدا بەرجەستەکراون و وێنە و ئامرازو هۆکار و ڕەمزی ترسن، وەك حیکایەتخوان لە چیرۆکی (ترس) دا دەڵێ: ((لە دایکی بیستویەتی کە جنۆکە لەوان بەئاگاترن.. هەر بانەزانێ...هەترەشی چووبوو..دڵی خێراتر کەوتە لێدان...ترس ژێر هەردوو پەردەی گوێی گەرمتر کرد.. هەناسەی تەنگتر کرد بینایی لێڵتر کرد)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٥).

هەروها لە چیرۆکی (عزرائیل)دا دایك بەکوڕە منداڵەکەی خۆی دەڵێ: ((ڕۆڵە نەکەی لەژێر لێفەکە سەر دەربێنی...ئەوەیان عزرائیلە... هیلاکی ڕۆح کێشانی خەڵکەو شەو لێرەوە تێدەپەڕێ... هیچ دیوارو سەربان و بەربەستێك بۆ ئەوان نییە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٧١).

وێنەی هەمان حاڵەت لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست)دا هەیە ((ڕۆڵە شیرینەکەم... بخەوە... هیچ نییە مەترسە...عزرائیلە بۆ گیان کێشان دێتە خوارێ... لێفەکە ڕاکێشەو خۆت بشارەوە... ئەم سەگە بینیوێتی... تەنیا بێزمانەکان دەیبینن... بۆیە لوورەی ئاسمانی واتەنیوە... خۆت بشارەوە کوڕم !)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٤).

گەڕەکێك پڕبێت لە باوکی دڵ ڕەق و بێبەشبوون لە سۆزو خۆشەویستیو پەروەردەیەکی لە خۆوەیی یان کۆمەڵێك لە بابەت و مەسەلە هەستیارەکان مامەڵەیەکی پەروەردەی ڕێکوپێکیان بۆ نەکراوە، زۆر جاریش بوون بە گرێی دەروونیو سەرچاوەی ترس، وەك مەسەلەی پەروەردەی (زایندەیی) سێکسی، د. نیل لە کتێبی (پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ)دا لەو کۆمەڵە ئەزموونانەی خۆی (*) لە پەروەردەی جنسی ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێك

(*) ((شارەزایەکی بەناوبانگی دەروونزانی ڕۆژێك لە بارەی ئاڵۆزییەکی دەروونی لاوێکەوە قسەی بۆکردم کـە لەئاکامی کردەوەیەکی هەڵەی باوکیدا بۆی پێك هاتبوو. ئەو دەیگوت : ئەو لاوە کاتێك ٦ ساڵە بـوو ڕۆژێـك

و دروست ئەو مەسەلەیە بەڕێوە نەچێت، ئاکامێکی باشی نابێت، بۆیە (ترس) وەك خەسڵەتێکی زۆر تایبەت و دووبارە بووی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی دیکەی ترس بە هەڵە تێگەیشتن و تێگەیاندنی مەسەلە سێکسییەکانە وەك شێرزاد دەڵێ: ((ئێمە لەناو خێزانێکدا گەورە بووین کە فێریان کردین دایك و باوك وەکو دوو بوونەوەری بێ سێکسین))[٣٥٥].

هەروەك کارێکتەری چیرۆکی (عزرائیل) باس لەو خورپەو ختورەیەی کردووە، ئەو منداڵەی دەخەسێو دواتر خۆی فێری ئەو نهێنییەی دایك و باوك دەبێ، کە باوك و دایك نایانەوێ باسی بکەن، لە لایەکی دیکەش مامۆستاو قوتابخانە، وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەرچاوەیەکی دیکەی ترسن، ئەو ترس و توندو تیژیەی ماڵەوە لە قوتابخانەش هەمان درێژکراوەی ترسە: ((دەیەها جار لە ترسی مامۆستاکەم.... میزم بەخۆمدا کردووە بە قاچ و قوڵما دەهاتە خوارێ.. کە بۆ سەر کورسییەکەی خۆم دەگەڕامەوە.. پێڵاوەکەم... یا پۆتینە لاستیکەکەم فلقەی دەهات..منداڵە چەتوونەکانی هاوڕێم پێدەکەنین منیش چی بکەم....لەشەرمانا بە دڵ و چاو دەگریام)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٥).

ئەو ڕووداوەی سەردەمی منداڵی پاڵەوان بیرەوەریەکی تاڵەو لە هەمان کاتیشدا مامۆستاو باوك سەرچاوەی زیاتر کردنی ترسەکەنو پانتاییەکی نەستی لە منداڵدا دروست دەکەن، ئەو لایەنە نەستییەی، کە ئامادەیی بەشێکی زۆری یادەوەرییەکانی منداڵی کارەکتەرەکانی چیرۆکنووسن، وەك لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤدا)دا دەڵێ: ((گەر لە منداڵییەوە شەقو تف و جوێن و خوێن و دەردێکی زۆرت نەبینیووە گوێم لێ مەگرە.. ئای کە عەبەی تونچی فەلاقەی کردووم، منالانی لەخۆم گەورەترو بچووکتر تێیان هەڵداوم، ئای کە

---

لەگەڵ کچێکی (٧)ساڵان لە حاڵەتێکدا کە زۆربەی لەشیان ڕووت و بەردەرەوە بووە، پێکەوە یاریان کردووە. باوکی بەسەریانداهاتووەو ئەوی تێرو پڕکوتاوە. ئەم چەشنە ڕەفتارە ئەو منداڵەیان کردووە بەبوونەوەرێك، کە تا لەژیان دایە بە داماوی و ترسنۆکی بمێنێتەوە)) بڕوانە : د. نیل، پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ، ل٤٤. ئەم ڕووداوە هەمان ڕووداوی سەردەمی منداڵی شێرزادە کە لە بابەتی ژیان و سەرچاوەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن لە باسەکەماندا باس کراوە، هەروەها شێرزاد بەسەرەتایەکی ترس و گرێی دەروونی دەزانێ.

(٣٥٥) شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٠٥.

مامۆستاکان بەڕاستە و حەیزەران پشتە دەستیان داغ کردووم، ئای کە تفی ئەم و ئەوم لەڕووی خۆمدا سڕیوەتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٣).

مامۆستا (عەلی) لە چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا کاتێ پرسیارێك لە فەرهادی پاڵەوان دەپرسێ بە نەشارەزا و نەزانینی وەڵامەکەی فەرهاد، مامۆستا دەکەوێتە گیانی، ئەویش لە ترسی لێدان خۆی پیس دەکات، ئەمە گرێیەکی دەروونی بووە، پاڵەوان لە گوێی دەزرینگایەوە لەوکاتەی فەرهاد وەك پاڵەوانێك بەرەو ڕابردووی خۆی دەگەڕێتەوە، ترس لەسەرەتای منداڵییەوە دەبێتە بەشێك لە یادەوەریەکانی

فەرهادی پاڵەوان، هەر وەك لەیەکێك لە هەڵوێستەکانی مامۆستا بەرانبەر بە فەرهاد هاتووە:

مامۆستا دەڵێت: (("وەرە دەرێ کەر باب منداڵی ساوایت"

دامە پڕمەی گریان....

"وەرەدەرێ کەر باب.... ئێرە ئاودەست خانەیە؟"

نەجووڵام... هەر بەقیژە ڕایکێشام و بەربووە جەستەم)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٧).

پاڵەوانی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)، کە ناوی فەرهادە ئەو گرێیەی ترس و شەرمیش بە دوو گرێی زۆر گەورە وەسف دەکات: ((ئەمن دوو نەخۆشی زۆر کوشندە وەك شێرپەنجە ناخیان خواردووم، هەر لە منداڵییەوە سەرم دەخۆن، دوو مارەکانی سەر شانی زووحاك بە مێشکی گەنجان تێریان دەخوارد و دەسرەوتن..وەلێ من...؟ ئەم دوو نەخۆشییە مێشکی خۆم دەخۆن)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٣). هەستکردن بەگرێی ترس لە لای (کاوە)ی پاڵەوانی چیرۆکی (ترس)، کە ترسی تاقیکردنەوە و شەڕی ڕابردووی نێوان دایك و باوکی و جنێوەکانی ئەوان هەموو ئەو شتانەی لێ بووە بە ترس، هەر لەویزە ویزی باو شریقەی هەورو چرپەی بەر دەرگاو باران.

خولیابوونی دەروونزانی لای (فەرهاد) لە چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)هەر زوو هەستکردن بووە بەو ترسە نا ئاساییەی، کە زۆرجار باڵی بەسەر ژیان و بیرەوەریەکانی داکێشاوە، ئەویش هەمان ڕاستی دوبارە دەکاتەوە ((هەر لەبەر پیرۆزی و گەورەیی‌و ترسی ئەو دوو گرێیە چوومە بەشی دەروونزانی)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٣).

ترس کاریگەری خۆی نواندووە بەسەر کەسێتی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکانی شێرزاد، کە (ترس) مانەوەی خۆی لە دەروونی مرۆڤدا هەیە، بۆیە شەیدابوون بە نووسینەکانی دەروونزانی‌و

ئەو نووسەرانەی، کە ڕەهەندی دەروونی قووڵیان هەیە، وەکو (لۆرانس) (چیخۆف)و (ولیم جیمس)....هتد جۆرە وشیارییێکی کاریگەر دەردەخەن لەمەڕ لایەنە نەگەتیڤەکانی ترس لەلایەکو لەلایکی دیکە ئاشنابوون بە بوونی ترس، وەك دیاردە و نەخۆشی لەنێو پانتایی ئەدەبیات بوونی هەیە، کە کاری ئەدەبیاتە قسەی لەسەر بکات (("هیتشکۆك" یش گەر بەمنداڵی نەترسایە لەدوای خۆی پەنجا فلیمی ترسناکی بەجێ نەدەهێشت... ئای (کافکا)ی نەگبەت......؟ ئەو شەوە ساردەی کە تۆفان و باران خەریك بوو کاول بکا باوکی دەری دەکرد... کافکا شەوێك لەنێو تاریکیو باران مایەوەو ترسا... گریا...نووسینەکانی پڕبوون لە ترس و تاوان)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٧)، ئەمە نموونەیەکە لە زیرەکیو شارەزای چیرۆکنووس بۆ دەوڵەمەندکردن و دەرخستنی لایەنی ترس، کەوا سوودی لەو چیرۆکنووس و هونەرمەندانە وەرگرتووە بۆ زیاتر خستنەڕووی کاریگەری ترسەکانی ڕابردوو، بەتایبەتی سەردەمی منداڵی جارێکی دیکە لەسەر زاری پاڵەوانەکان و کەسانی نێو چیرۆك دەیانخاتە ڕوو.

(فەرهاد)ی پاڵەوان لە چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) کاریگەری بۆچوونە تیۆریەکانی (فرۆید و پاڤلۆڤ)ی لەنێو ئەو چیرۆکەدا تواندۆتەوەو بۆ شیکردنەوەی سەرچاوەی ئەو ترس و شەرمە وای لە پاڵەوان کردووە بە دوای گرێ دەروونییەکانی خۆیدا بگەڕێت. سەرەتای خولیا بوون بە فرۆید، کە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا باسی دەکات، سەرچاوەی ترس لەسەر کەسێتی مرۆڤ بۆ نەست و سەردەمانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، گرێ دەروونییەکانی خۆی لە بۆچوونەکانی فرۆیدا دۆزیوەتەوە: ((دەیان گرێ و دەردی دەروونی سەردەمی منداڵی خۆمم لە فرۆیددا دۆزیبۆوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٤٨)، بۆیە سەنگ و قورسایی چیرۆکەکە سەرەتا بەلای فرۆیددا دەشەکێتەوە، بەڵام دواتر چیرۆکنووس بەرەو لای تیۆرەکەی پاڤلۆڤ دەیشکێتەوە، ئەویش بەهۆی پێڵاوی سەرخۆشەکەی سەر ژووری فەرهاد لەنێو ئوتێلەکە کە زۆر بە دەنگی پێڵاو جوولە و هەڵسوکەوتەکانی سەرخۆش ڕاهاتبوو تا شەوێك دەنگی پێڵاوەکەی گوێ لێنابێت و خەوی لێدەزڕێت و ناخەوێ، لەوێوەوە ئەدیب بە دەستی ئەنقەست دەیەوێ فەرهاد بەلای پاڤلۆڤ بشکێنێتەوەو گرەوەکەی لە فرۆید بباتەوە، ئەمەش بە پێی بیردۆزەی پاڤلۆڤ لەئەنجامی ڕاهێنان و ڕاهێنانی دەروونی دەتوانرێ کەسێتییەکی دیکە دروست بکرێت لەخودی ئەو کەسێتیەدا.

نووسەر لە گۆشەنیگای خۆی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە ماڵ و گەڕەك و قوتابخانەو باوكو مامۆستا، دەوروبەرو کولتوور بەرهەمهێنەری ترسن. ئەو ترسەی کە لە منداڵییەوە

گوێچکەو دەروونی پێ ئاشنا دەکرێتو درێژبونەوەیەکە تا کەسێتیەکی تەواو لە ڕووی بایۆلۆژی و دەروونی کاریگەری خۆی هەردەبێت لەسەر خودی کەسێتییەکە.

ئەو ترسەی کە شێرزاد لە چەندین چیرۆکدا باسی دەکات، لەگەڵ هاتنەوە یادی بیرەوەرییەکان سەرچاوەی لەدەستدانی خۆشییەکانە، هەر وەکو پاڵەوانی چیرۆکی (لەو دیو دەرگا ئاسنینەکەوە) خراوەتە ڕوو، کەوا پاڵەوان دەیەوێ بچێ بۆ لای ئەو کچە دەوڵەمەندەی کە سەردەمانێك یارو دۆستی بووەو دواتر بێباکانە شووی کردووە، پاڵەوانیش دەیەوێ دوای چەند گۆڕانێك لە هەستکردن بە کەسێتی خۆی، هەوڵی دەربڕینی بێباکی خۆی دەدات بۆ کچە دەوڵەمەندەکە، کە ئەم کوڕەکەی جاران نییەو بە جۆرە زمان و گوڕ و تینێکەوە لەبەر دەرگا ئاسنینەکەوە دەوەستێت و دەیەوێت دەست بە زەنگەکەوە بنێت، بەڵام ئەو بیرەوەریە تاڵ و ترسانەی بیردەکەوێتەوە ئەویش ترسی سەردەمی منداڵین، بۆیە لە حاڵەتێك خۆی تووشی ساردبوونەوە دەبێتو ئەو گڕ و تینە بێ باکییەی خۆی نامێنێ، هەروەها لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست) باسی دەنگی سەگ و بیرهاتنەوەی ڕووداوە ترسو تاڵەکانی سەردەمی منداڵی کە لەسەر سەگ بەشێکی دیکەی ترس و تێهەڵدانی دیکەن، لەسەردەمی منداڵیو هەرزەیی لە ڕووداوێك لەسەر سەگ تێی هەڵدراوە، بە بیستنی دەنگی سەگ و دیتنی بەشێك لە خۆشی و خەو شادیەکانی دەبات، وەك پاڵەوان خۆی لەشرۆڤەی ئەو هەڵوێستەیدا دەڵێت: ((تا ئەم شەویش چەندە دڵ پڕ لە کینە بووم ... ئەم دوژمنایەتییەش بۆ سەردەمی منداڵیم دەگەڕێتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٤).

بابەتی ترس بوونێکی بەرفراوان و پانتایەکی زۆری چیرۆکەکانی شێرزادەو ترس لە باوك و ترس لە مامۆستا و قوتابخانە و مەسەلە سێکسیەکان و ترس لەسەگ و باران و باو مەرگ و ترس لە خۆشەویستی...هتد بابەت گەلێکن شێرزاد بە دیدو گۆشەنیگای خۆی لەژێر ڕۆشنایی نووسەران و بیردۆزەکانی فرۆید و پاڤلۆڤ شرۆڤەی کردوون، وەك ڕەهەندێکی قووڵی دەروونی پانتایی چیرۆکەکانی گرتوون زیاتریش بەستراون بەڕابردووەکانی سەردەمی منداڵیو هەرزەکاری، ئەمەش وێنەیەکی دووبارە بووی نەستینو بەردەوام کاریگەریان لە هەڵسوکەوت و خۆشییەکان و بیرکردنەوەکاندا هەیە.

## شەرم

شەرم، وەك دیاردەیەكی دەروونی زۆرجار دەبێتە گرێ و كۆسپێكی دەروونی توند، كە تاك ناتوانێ بە ئاسانی لێی دەربازببێ‌و وەك دیاردەیەكی ترسناك دەرگای خۆشییەكان دادەخات‌و مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێكی گۆشەگیری و دووره پەرێزی. زیاتر لە تێكەڵاو بوون و چوونە ناو خەڵك و هەستكردن بە شەرم ڕوو دەدات، هەروەها ((شەرم لەڕووی دەروونییەوە، شێوەیەكە لەشێوەكانی ترس))[356].

ترس‌و شەرم، وەك دوو دیاردەی ترسناك زیاتر پابەندن بە ناخی كەسێتی، ئەگەر لە حاڵەتی نائاسایی بوونی خۆیان لایاندا، مرۆڤێكی ناتەندروست بەرهەم دەهێنێت، كە كاردەكاتە سەر دروستبوونی كەسێتی. ترس لە حاڵەتی تەنیایی و بێ تێكەڵ بوون زۆرجار ڕوودەكاتە مرۆڤ، بەڵام شەرم لەگەڵ هەڵسوكەوت كردن و تێكەڵ بوون و قسەكردن لەگەڵ كەسانی چوار دەوری خۆی، شەرم ڕوودەدات، هەرچەندە ئەم دیاردەیەش لە هۆكارەكانی دروست بووندا، چ لە قۆناغەكانی سەرەتای دروستبوون و شێوەكانی دروستبووندا زۆر لەیەك نزیكن و كاریگەریشیان بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە داهاتووی منداڵ و هەرزەكار دەردەكەوێت، چونكە شەرم چ منداڵ چ هەرزەكار هەستی پێدەكات و كۆمەڵێ هۆكاریش لەپشت ئەو هەستكردنە بوونی هەیە، كە لەحاڵەتی ئاسایی خۆی تێپەڕی دەكات لەگەڵ هەست كردنی منداڵ، یان هەرزەكار بە شەرم ((ئەو جۆرە هەرزەكارو منداڵانە لە ئەنجامی شەرمەوە لەناو كۆمەڵ و قەڵەباڵغیدا هەست بە دڵەڕاوكێ و ترس و ناخۆشی دەكەن ناتوانن خۆیان لەگەڵیان بسازێنن))[357]، لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵ و زیندە خەون بەهەل دەزانن و پەنای بۆدەبەن بۆ رزگاربوون لە

---

(٣٥٦) یوسف عوسمان حەمەد-گەنج و گرفتە دەروونییەكان، بەرگی یەكەم و دووەم، چ/سێیەم، لە بڵاوكراوەی نواڵەی نوێ، هەولێر، چا/ منارە، (ب- س)، ل٢٧.

(٣٥٧) د. كریم شەریف قەرەچەتانی- سایكۆلۆژیای هەرزەكار و لاوان، چ/یەكەم، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٤

ناو کۆمەڵ، کە سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێیەکە بووە.[358] پەروەردەی ماڵ و خێزان گرنگترین هۆکاری دروستبوونی شەرمە لای منداڵ، بەتایبەتی پەروەردەی سەرکوتکەر توندو تیژی پۆلیسیانە، دوور لە ڕەچاوکردنی لایەنی دەروونی.

کاتێك منداڵێك یان هەرزەکارێك خۆی لە حاڵەتێکی ئاسایی ڕۆیشتن و چوونە ناو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بە شێوەیەکی ئاسایی مامەڵە دەکاتو هیچ لە گۆڕانە فسیۆلۆجییەکان و هەڵچوونێك لەڕووخساری دیار نابێت، بە پێچەوانەوە منداڵ یان هەرزەکارێکی شەرمن لەکاتی ڕۆیشتن و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆمەڵەکان و سەردان و چوونە سینەماو شوێنە گشتییەکان، واهەست دەکات هەموو خەڵکی چاوی تێدەبڕن و چاویان لە هەنگاوەکانی ئەوە، ئیتر گۆڕانەکانی دەم و چاو هەر لە سوورهەڵگەڕان و ترس و تەتەڵەی زمان و ڕۆیشتنی نائاسایی بەدەردەکەوێت.

لە گرینگترین ئەو هۆکارانەی ناوەکیو دەرەکی، کە کار لەیەکتر دەکەن گرفتی دەروونی شەرم درووست دەکەن، لەوانە پشتگوێ خستن و سووکایەتی و ڕیسواکردن و گەورەکردنی هەڵەکانی، لە لایەکی دیکەش دانانی بەربەست و ڕێگر لەبەردەم منداڵ لەگەڵ منداڵانی دیکەی کۆمەڵدا، بەبیانوی پاراستنی ڕەوشت و بەهاکان[359]. هەموو ئەمانە سەرچاوەی دروستبوونی شەرمن، بەرهەم هێنانی ترس و دڵەڕاوکێشن.

((بەپێی لێ توێژنەوەی دەروونزانی دەرکەوتووە، کە شەرم لە تەمەنی (٢-٦)ساڵیدا بەستراوەتەوە بەترس، و لە(٦-٩) ساڵیدا شەرم بریتییە لەترسان لەبەرانبەر کەسانی غەریبو لەتەمەنی (٩-١٢) ساڵی دژایەتی دەرەکی نامێنێ، بەڵکو هەست بە ڕێزگرتن لەبەرانبەر جنسی دیکە سەر هەڵدەدات))[360].

ئەو قۆناغە هەستیارەی، کە منداڵ و هەرزەکار پێیدا تێپەڕ دەبن، قۆناغێکە پێویستی بە ژینگەو خێزانێکی هێمن و ئارام و پشوو درێژ هەیە، بۆ دەرچوونی منداڵەکانیان وەك لایەنێکی دروستی دەروونی، هەرچەندە شەرم، چ لەمنداڵ، چ لە هەرزەکاردا تا ڕادەیەك

---

(٣٥٨) هەمان سەرچاوە، ل٤٤-٤٥.

(٣٥٩) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای منداڵ، بەشی یەکەم، چا/ زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٠٢.

(٣٦٠) یوسف عوسمان حەمەد-گەنج و گرفتە دەروونیەکان، ل٢٧-٢٨.

سروشتی ئاسایی بوون هەیەو ئەوەی لە منداڵدا هەیە، وەك دیتنی یەكەم جاری میوان، هەروەها گۆڕانە فسیۆلۆجیەكانی هەرزەكار، وەك لە قەرەباڵغیدا تا ڕادەیەك ئاسایی بوونی هەیەو ئەویش ئەركی پەروەردەی خێزان و كۆمەڵە لە منداڵ و هەرزەكار بەشێوەی ئاسایی‌و بە ئاستی بیركردنەوەی ئەوان تێیان بگەیەنن ((بە شێوەیەكی گشتی شەرم لە منداڵ، بریتییە لە لۆمەكردنی ڕەوشت، چونكە حاڵەتێكی سۆزداری و هەڵچوونی ئاڵۆزە كە هەست كردنە بە كەمی، دیارترین باری شەرم تێكەڵاو بوونی خەڵكە، شەرم دەكات پرسیار بكات، ناتوانێ تەعبیر لە بیرو بۆچوونەكانی بكات‌و واز لەمافی خۆی دەهێنێ لەشەرمان وێك دێت و گۆشەگیر دەبێ‌و یاری ناكات، كە فاكتەرێكی پێویستە بۆ گەشەی سۆزداری و فكری))[٣٦١].

بابەتی شەرم لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەن بوونی هەیە، بە هەمان شێوەی ترس وەك دوو گرێی گەورەی سەردەمی منداڵین، ئەو شەرمەی باوك هۆكاری یەكەمی دروستكردنیەتی، چونكە شەرم وەك شێوەیەكی دیكە دەبێتە تارمایی منداڵ یان هەرزەكارو ئەو سووكایەتی‌و تێهەڵدانەی باوك، وەك لە چیرۆكی (زەلكاو) (دڵە)ی كارەكتەر لە گرمەی لێدان و ڕێ پێگرتنی منداڵەكان قسەیەكی باوكی خۆی بیر دەكەوێتەوە: ((زلحیز...كە سەیری ناوچاوت دەكەم..سەر شۆڕمەكە)) (كۆچیرۆكەكان: ل٢٥٤).

ئەو شەرمەی كە گرێیەكی دیكەی زۆربەی ئەو كارەكتەرانەن كە لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا هەن، ئەمەش هەمان ئاست و ژیانی ڕاستەقینەی ئەو گەڕەك و قوتابخانە و ماڵ و ژینگەیە، كە دەروازەیەكە بۆ چوونە ناو شەرم و دواتر بەخشینی سیماكانی شەرمە بە تاكەكانی كۆمەڵ، ئەمەش بەستراوە بە قۆناغەكانی منداڵی، هەر بۆیە باوەڕی چیرۆكنووس وایە: ((منداڵی بۆ نووسەر كانگای سەرجەم داهێنانەكانیەتی))[٣٦٢].

شێرزاد چ بێ ئاگاو چ بە ئاگا، وەك لایەنێكی نەستی تاك گەڕاوەتە سەردەمی منداڵی‌و دەردە شەرمەكانی وەك هۆكارو ئەنجام و كاریگەریی، لە زۆربەی چیرۆكەكان بە دێڕێكیش بێ لە ڕووداوەكانی نێو چیرۆكە هونەرییەكان ئاماژەی پێداوە. ڕووداوەكانی ترس لە دووركەوتنەوە لە سێكس و مامەڵەكانی مامۆستای قوتابخانە و هەموو ئەمانە ئامرازەكانی بەرهەمهێنەری شەرمە لە هەموو شتەكان‌و باوك بە هەمان شێوەی ترس بەرهەمهێنەری شەرمە بۆ

---

(٣٦١) هەمان سەرچاوە، ل٢٨ ٠

(٣٦٢) ڕێبوار حەمە ڕەحیم (ئا)- شێرزاد حەسەن لەكازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێكەوتن)، ل٢٢.

منداڵەکانو دایکیش خۆی ملکەچ و شەرمنە، بۆیە خۆشی منداڵێکی ترسنۆك و شەرمن دەخولقێنێ، چونکە ئەمە باوەڕی چیرۆکنووسە وەك خۆی دەڵێ: ((دیارە یەکەمین پاڵەپەستۆی ئەو چەوسانەوەیە لە خێزانی کوردیدا دایك دەگرێتەوە، هەر ئەو زاتەیە، کە کوڕو کچەکانی لەسەر ترسو شەرم ملکەچی پەروەردە دەکات))[٣٦٣].

ئەو ترسەی لە منداڵی شەرم دەخولقێنێ، هەمان ئەو شەرمەش درێژکراوەی سەردەمی هەرزەییە، کە شەرم قاوغێکی دیکە وەردەگرێت، ئەویش دەستە وەستان بوون بوو لە ئاست خۆشەویستی و شکست خواردن و شەرمکردن لە خۆشویستی، ئەو گرێیە دەروونییەی چیرۆکنووس کە لەڕێی نووسینەوە گوزارشتی لێکردووەو خۆی پێ بەتاڵ دەکات، بۆیە هەروەك چۆن (دەیڤید دیچیز و جۆن ستالۆردی) لە نووسینێکیاندا بە ناوی (ڕۆمانی سەدەی بیستەم) لە بارەی کاردانەوەی ڕابردوو لە زەیندا دەڵێن: ((ڕابردوو هەمیشە لە یەکێك لە ڕووبەرەکانی زیهنی ئێمەدا ئامادەیە و هەمیشە کاریگەری لەسەر کاردانەوە ڕاستەقینەکانمان بە جێدەهێڵێ))[٣٦٤].

لە چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا فەرهاد وەك کارەکتەری سەرەکی باسی خۆشویستنی کچە خاڵەکەی خۆی دەکات، کە دوای چل و چوار نامە نووسین و دڕاندن، فەرهادی شاکەس نەیوێراوە پێی بڵێ خۆشم دەوێی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەدزییەوە خۆشی ویستووە هەروەك دەڵێ: ((ئەمن بە دزییەوە... لە ژێرەوە خۆشم دەویست، ئەو نەیدەزانی، هەرخۆم بە تەنیا بۆی دەسووتام)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٤). ئەمە وێنەیەکی ڕوونی چەپاندنەو ڕەنگدانەوەی باری سایکۆلۆژی ژیانی ڕابردوویەتی بەر لەگەیشتن بەو قۆناغە، کەسێتییەکی شەرمنە، بنەمای ترس ئەو هەستەی لا دروست کردووە، چونکە فەرهاد ڕماندنی کێوێك بەلایەوە ئاسانتر بوو لەوەی بە ئافرەتێك بڵێ خۆشم دەوێیت، فەرهاد لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ) نموونەی ئەو کەسێتییە شەرمنانەی چیرۆکەکانی شێرزادە، کە بە هەموو خەسڵەتەکانی شەرمەوە خراوەتە ڕوو بە ئەندازەی گرێیەکی دەروونی: ((ئەوەندە شەرمن و بەستە زمان بووم نە دەچوومە ناو پاسیش نەبادا خەڵك سەیرم بکەن)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٥)، چونکە

---

(٣٦٣) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٢٣.

(٣٦٤) کۆمەڵێ نووسەر- تیۆری ڕۆمان، و/محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣، ل١٤٥.

کارەکتەر هەست بەخۆی دەکات وا دەزانێت خەڵك سەیری دەکەن و لێی ورد دەبنەوەو، گاڵتەی پێدەکەن، (فەرهاد)یش نموونەی ئەو کەسێتییە شەرمنەی سەردەمی هەرزەییو منداڵییە، تا ئەو ئاستەی کە خۆی هۆکارەکانی شەرم و سیماکانی شەرمی نیشان داوە لەڕێی (مەنۆلۆژ): ((کە میوان دەهات خۆم دەشاردەوە.... دەمزانی ئارەقەی زۆر دەکەم و سوور هەڵدەگەڕێم، لە شەرمانا، نانم بۆ نەدەخورا)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٥).

یان لە چیرۆکی (عیزرائیل)دا لەبەر نەبوونی سیستەمێکی جوان و هەماهەنگی خۆشەویستیو پەروەردەی نێوان دایك و منداڵەکان نێوان باوك و منداڵەکان، شەرم کۆمەڵێك لە دیاردەی سروشتی مرۆڤ لێی دەبوون بە شەرم عەیبەی گەورە، وەك پاڵەوان خۆی دەڵێ: ((هەموو شەوێك دەرپێی پیسو زەردەکانی خۆمم لێت دەشاردەوە..سمێڵم گوگرەو...دەنگم گڕ کەچی هەر نەم هێشت)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٧٠) هەروەها هەمان ئەو ڕووداوە لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا هەیە، وەك دەڵێ: ((هەمیشە دەرپێیەکانم لەدایکم دەشاردەوە، دەترسام ئەو پەڵە زەردو نە عنەتیانە ببینێ)) (*) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٥). گرێی هەستکردن بەکەمی لەلای پاڵەوانی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ) دەرەنجامی شەرمێکە، کە هەر لەزووەوە لە کولتوورو پەروەردەی خێزانیدا پیادە کراوە.

بەشێك لە کارەکتەری چیرۆکەکانی شێرزاد لە ژێر کاریگەری نووسەران و هونەرمەنداندان، ئەمەش هەماهەنگی و دیاری کردنی سەرچاوەکانی ترس و دیدی تایبەتییە، بۆ پێناسە کردنی ترس لای نووسەران و جۆرە کاریگەر بوونێکە بۆ هێنانەکایەی

---

(*) ئەو دەستەواژەیە کە لەدوو چیرۆکدا دووبارە بۆتەوە، هەمان ئەو دەستەواژەیە لە یەکێك لەچاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت (( ئاخ هەر خۆم دەزانم من بەچ ترسو شەرمێکەوە پەروەردە دەبووم، من تا سێ ساڵی باڵقبوون کوناو کون دەرپێ زەردەکانی خۆم دەشاردەوە نەم دەهێشت دایکم بیان شوات، ئاخر چەند عەیب بوو باڵغ بوون، چەند شەرم بوو گەورە بوون، تف لەو سێو حیزە خڕەی بەر مل... لەو دەنگە گڕە))بڕوانە: هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٤٢، هەربۆیە شێرزاد حەسەن دەڵێ : ((من وەك کەسێك کە دەنووسم ناچارم لەخۆمەوە دەست پێ بکەم، تۆ ئەگەر ئەدەبی من بخوێنیتەوە من خۆم کارەکتەری سەرەکی نووسینەکانم)) بڕوانە: تەلعەت تاهیرو ڕامیار مەحموود(ئا)- ئێمە بەر لەعنەتی سیاسەت کەوتوین (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ئاینده، ژ/٢٤، ٢٠٠١، ل١١٠.

دیدێکی تازە و زانستیانە لە بارەی شەرم، چونکە شەرم لە چیرۆکەکانی شێرزاددا گرێیەکی دەروونییەو کاریگەری بەسەر کسێتی پێگەیشتووش هەیەو وێنەی کەسێتی شەرمن لە (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)، کە دەچێتە بەشی دەروونزانی زیاتر دۆزینەوەی خەم و ترس و شەرمەکانیەتی، بۆیە دەروونزانی ڕێگایەکە بۆ خۆدەربازکردن لە شەرم و ترس. لاسەنگ بوونی تەرازووی بەراوردی نێوان تێورەکانی فرۆیدو پاڤلۆڤەو سەرکەوتنی کەسێتییە بەسەر دیاردەی شەرم، وەکو دەردێك، کە مرۆڤ دەتوانێت لە ئەنجامی ڕاهێنانی خۆی لە ئازارەکانی دەردە شەرم ڕزگار بێت، لەگەڵ ئەوەش ڕەخسانی هەر هەل و مەرجێکی تازە بۆ ڕزگاربوون لە شەرم و مانەوەی جۆرێك لە شەرمنۆکی ڕەنگدانەوەی خۆی هەردەبێت، وەك لە چیرۆکی (لۆزان) کە پاڵەوانێکە لە دەرەوەی کولتوور دوور لە سانسۆر دەژیت، لەهەمان کاتیش حیکایەتخوان (گێڕەوەی چیرۆك) وەسفی کارەکتەر دەکات و دەڵێ: ((لەبەرچاوی حەشەماتێك کاوەی شەرمنۆك بە لۆزان دەنووسا)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٢٧)، کەواتە شەرمی ڕابردوو شەرمی کولتوور تارماییێکی رۆحی ئادەمیزادەکانە، هەروەها لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان)دا وێنەیەکی دیکەی شەرم هەیە، بۆ نموونە هەڵبژاردنی تابلۆی (کەڵە ئاسکان) لەلایەن کوڕان و تابلۆی (کەلە کێوی) لەلایەن کچان هەوەسێکی شەرمنانەیە، شەرمی تێکەڵ بوون و دوورکەوتنەوەی کوڕانو کچان دیدێکی دووربینی و قووڵی نووسەرە، لە بەرهەمهێنانی شەرم و درێژبوونەوەی ئەو بەرهەم هێنانە، کە کوڕو کچێکی گەنج ناتوانێ دەری ببڕێو ئەو شتانەی کە لەناخیاندا پەنگی خواردوە و ناتوانن هەستی خۆشەویستیو حەز و ئارەزووەکانیان دەربڕن. هەرزەکاری شەرمن لەچیرۆکی (گوڵی ڕەش)و ((من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ)و (لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە)، نموونەی کارەکتەری شەرمنن لەئاست سۆزو پێوەندی خۆشەویستی، کە ناتوانن گوزارشت لە حەزە شاراوەکانی ناخیان بکەنو شەرم و شەرم کردن دەبێتە بەشێك لە شتە شاراوەکانی ناخ و پاڵەوان لەناخی خۆیدا هەستیی پێدەکات، ئەو شەرمە دەبێتە ڕێگر لە بەرانبەر گوزارشت کردن و دەربڕینی هەست و خۆشەویستی بەرانبەر بە کچو سەرەنجام ئەو ڕێگرییەو نەتوانینی دەربڕینی شتەکانی ناخی خۆی حەمەی کارەکتەری سەرەکی (گوڵی رەش) دەکەوێتە دڵەڕاوکێ و وەك عاشقێکی دۆڕاو دەردەکەویت، هەروەها فەرهاد لە (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ) دەکەوێتە حاڵەتی خەم و ناخۆشی بە تایبەتی لەو کاتەی کە کچە مێرد دەکات، ئەو نەیتوانیوە ئەو هەستەی خۆی بۆ

دەربڕێت. بەو بەڵگانەش بۆمان دەردەکەوێت چیرۆکانی شێرزاد حەسەن پڕن لە عاشقی شکستە باڵ، نالآندنیانە بەدەستی ترس و شەرم.

چۆن شەرم بەدیاردەیەکی ئاسایی وەسف بکرێت؟ کە بووبێتە سیمایەك یان ڕەوشتێکی نائاسایی و سەیر، کە لە هەڵسوکەوتێکی ئاسایی ڕۆژانەی کەسێك ڕەنگ بداتەوە، بەشێوەیەکی وا کە نەتوانێ لەگەڵ خەڵکیدا بە شێوەیەکی ئاسایی ڕۆژانە هەڵسوکەوت بکات، هەموو ئەو سیمایانەش بۆ سەلماندنی بوونی ئەو ڕاستیانەش لە ڕەوشتی کارەکتەرێکی وەکو فەرهاددا لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاقلۆق) دا دەردەکەوێت: ((ئەوەندە شەرمن و بەستەزمان بووم نەدەچوومە ناو پاسیش، نەبا خەڵکی سەیرم بکەن وام هەست دەکرد هەمووان لەمن ورد دەبنەوە لە ژێرەوە سکیان پێم دەسووتێ یان پێم پێدەکەنن)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٤-١٥٥).

## خەم

خەم وەك یەکێك لە دیاردەکانی هەڵچوونە دەروونییەکان، فاکتەرێکی گرنگە ڕۆڵ و کاریگەرە بەسەر دەروونی مرۆڤدا، هەرچەندە خەم کاریگەریەکی ڕێژەییانەی هەیە لە ناخی مرۆڤەکاندا، چونکە هەڵچوونی دەروونی خەم لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازەو ڕووداوی گەورەو بچووکیش ڕۆڵی خۆیان دەبینن بەپێی قۆناغە جیاوازەکان، هەروەها بەپێی کاتیش لە ئێستاو ڕابردوودا جیاوازی هەیە، خەمیش وەکو هەڵچوونەکانی دیکەش خۆی لە باری ئاسایی بوون و نا ئاساییدا دەبینێ.

کەم کەسیش هەیە خەم میوانی نەبووبێ لەبارێکی نائاسایی بوونی دەروونیدا نەژیابێت، دیوێکی دیکەی خەم لە باری ئاسایی بوونی خۆیدا دەردەچێت و درێژبوونەوەی خەم و ڕادەی زۆری ئەم هەڵچوونەیە، کە سەرچاوەی لە دەستدانی خۆشییەکانە. بەشێوەیەکی گشتی خەم ((هەڵچونێکی دەروونییەو ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چۆنیەتی هەڵس وکەوت و ڕەوشت و سۆز و باری دەروونی مرۆڤ))[٣٦٥]، بەڵام هەڵچوونی خەم لای ئەدیبان و هونەرمەندان ڕاستەوخۆ

---

(٣٦٥) تانیا ئەسعەد محەمەد سالح- دیاردەی خەم لەشیعری حەسیب قەرەداغیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٢.

کاردەکاتە سەر نووسینو بەرهەمەکانیان، چونکە دەتوانن زیاتر گوزارشت لە بارەی دەروونییەکانیان بکەن، لەکاتی خستنەڕووی ناوەڕۆکی بەرهەمێکی ئەدەبی یان هونەری.

خەم جگە لەوەی سەرچاوەیەکی لەدەستدانی خۆشییەکانە، لەهەمان کاتیش بەشێکی گەورەی دڵەڕاوکێو دوورە پەرێزی و تەنیایشی هەیە، کە لەگەڵ هەست و ویژدانی مرڤدا تێکەڵ دەبێت و زۆرجاریش هونەرمەند و نووسەران پەنادەبەنە بەر نووسین، بۆ ڕەواندنەوەی خەمو ئازارەکانیانو بەشێوەیەکی هەستی و نەستی، ئەو دیاردەیە لە نووسینەکانیان ڕەنگ دەداتەوە بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی، کە کاریگەرن لە دروستکردنی خەم و شێوەیەکی دووبارە بووی هەمان حاڵەت بن.

((دووبارە بوونەوەی ئەو کێشانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و دووبارە بوونەوەی هەڵچوونەکان دەیکەنە مرۆڤێکی هەست ناسك و بچووکترین ڕووداو دەروونی دەهەژێنن و خەمباری دەکەن، هەندێ لەو کێشە و گرفتانەی لەناخیدا حەشار دەدات وەك نهێنییەك نایان درکێنێ))[٣٦٦].

نەدرکانی نهێنییەکان ڕەنگە لای کەسێکی داهێنەر حاڵەتێکی ڕەنگدانەوە لە بەرهەمەکانیدا دروست ببێ، بەپێچەوانەوە کەسێکی ئاسایی ڕەنگە هۆکاری کۆمەڵایەتیو سروشتی خەمەکەی وابکات نەی درکێنێ، بەڵام لەبواری داهێناندا وانییە و هەماهەنگی دەربڕینیو پەیامی ئەدەب لەپانتای چیرۆك و شیعرو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی یەکانگیرە. ((ئەو هەڵچوونە دەروونییەی کە داهێنانی لێ دەکەوێتەوە، زیاتر هەڵچوونی دەروونی خەمە))[٣٦٧].

دیاردەی خەم لە چیرۆکەکانی شێرزاد، لایەنێکی دیارە لەو هەڵچوونانەی کەسێتی لاوەکیو سەرەکی نێو چیرۆکەکان، کە بە دەست خەم گیرۆدە بوونو یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو خەمانەی شێرزاد حەسەن درێژکراوەی سەردەمانی زووی منداڵیو هەرزەیین، فرۆید دەڵێ: ((ڕووداوێکی گرنگی ئێستا، لەلایی داهێنەر، بیرەوەری ڕووداوێکی کۆن زیندوو دەکاتەوە، کە زۆر جار ئەو ڕووداوەی ڕووداوی سەردەمی منداڵییە، لەم ڕووداوە ئارەزوویەك سەر هەڵئەدا، کە دەیەوێ لەبەرهەمی ئەدەبیدا ئەو ئارەزووە تێربکات))[٣٦٨].

---

(٣٦٦) هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

(٣٦٧) هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

(٣٦٨) کۆمەڵێ نووسەر-کۆمەڵێ وتار، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١٥٨.

چیرۆكی (ڕیشۆله)(*) وەك یەكێك لەو چیرۆكە سەرەتاییانەی ئەزموونی چیرۆكنووس لەخۆگرتنی جۆرێك لە دیاردەی خەمە، وەك لایەنێكی دەروونی ڕەچاوی جۆرێك لەو خەمە كۆمەڵایەتیانە كراوە لەپاڵ ئەمەشدا كەسێكی وەك دەروێش بایز، كە پاڵەوانی چیرۆكەكەیە گێرەوەی چیرۆك بەجێناوی كەسی دووەم وەسفی باری دەروونی ئەو پیاوە دەكات، كە لەگەڵ خەم و هیواكانی ژیان تەنهایەو یەكێكە لە كارەكتەرە فەرامۆشكراوەكان، كە كەمتر لەڕەوتی مێژووی چیرۆكی هونەری كوردییەوە قسەی لەبارەوە كراوە.

كەسێتی منداڵ لە چیرۆكی (ترس)دا كەسێتییەكی خەمبار و تێكەڵە لەترس و خەم كە هەرخۆی ئاگاداری خەمەكانیەتی لە شەوێكی پڕ لە ترس و دڵەڕاوكێ، كە تەنها خۆی لە خەمەكانی خۆی نزیكەو یەكێك لە سیما هەرە دیارەكانی حاڵەتی سایكۆلۆژی چیرۆكەكانی شێرزاد بەشێكە لە شۆڕبوونەوە بەناخی كارەكتەر، بۆ نموونە چیرۆكنووس لەبارەی پاڵەوانی (ترس)دا دەڵێت: ((تەنیا هەر خۆی پاسەوانی خەمی خۆیەتی.... كەسی نییە بۆ غوربەت و كەساسی هاودەمی بێ)) (كۆچیرۆكەكان: ل٣١).

لەنێو ئازار و چەپاندنەكانی سەردەمانی منداڵی و هەرزەییدا، هەڵچوونی دەروونی خەم دەبێتە درێژكراوەیەك بەتایبەتی لەو كاتانەی ڕووداوەكانی سەردەمانی زوو لە حاڵەتی هەڵچووندا لە دەرگای بیرەوەریەكان دەدەنو دەبنە سەرچاوەی لەدەستدانی ئەو خۆشییانە، ئەو كاتەی خەم دەبێتە ئامرازێكی بێزاركەر و باری دەروونی زیاتر بەرەو هەڵچوونو گۆشەگیری دەبات، بە ئەندازەیەك كە هۆی خەمەكە نازانرێت لە دەمە و ئێواران پاڵەوانی چیرۆكی (ئێوارە و شتی تر) تەنگە تاوی دەكەن: ((ماتییەك....خەمێك كە هیچ هۆیەكی بەرجەستەی نەبێ، خەمێك لەو خەمانەی كە كتوپڕ ئیفلیجت دەكا)) (كۆچیرۆكەكان: ل٣٠٩).

بەرجەستە نەبوونی خەم و نەزانینی هۆكاری خەم ڕاهاتنە بە ژینگەیەك كەلێنێكی ڕۆحی لەناخدا حەشاردراوەو، هەر لەسەردەمانی زوو پێی ڕاهاتووەو، ئاشنایەتی لەگەڵ یادە تفتو تاڵەكاندا هەبووە. پاڵەوانی (ئێوارە و شتی تر) بیری بەلای زۆر لەو بابەتانەوە دەچێت، كە خەم تاوی دەهانی: ((وای لەو سۆزە كوشندەیەی دایكی.... ئەم نەبوایە ئێستا بۆخۆی چووبووە نێو غوربەتێكی جوانتر....دنیایەكی برسی...تینوو...خۆشەویستیش هیچ...ناكرێ ڕێزی دونیایەك

(*) چیرۆكی ڕیشۆڵە لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٤٣) ساڵی ١٩٧٧ بڵاوكراوەتەوە، بڕوانە شێرزاد حەسەن،كۆچیرۆكەكان، ل٣.

بگری که منداڵان تیایدا هەن دڵشکاون، ژنان لەنێو زۆنگاوەکاندا دەژین...خەڵکانیش هەن گەوجانە شەوانە دەخەون)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١٠).

جەمسەری خەم لە دوولایەوە ڕوو لە پاڵەوان دەکەن: یەکەمیان یادەوەرییە تف و تاڵەکانی سەردەمی منداڵییە، دووەمیان خەم و کێشە چینایەتی و سۆزدارییەکانە. خەمی بێوەژنێك لە چیرۆکی (بێوەژن)و خەمی قەیرە کچ لە چیرۆکی (خوشکەکان) شۆڕبوونەوەو نزیکبوونەوەیە لەو خەمانەی، کە نووسەر پێمان ئاشنا دەکات، وەك ئەوەی خوێنەر لەناخی پاڵەوانەکان بژیت تەنها ئەو خەمانەن کە خۆیان هەستی پێدەکەن و نووسەر لەڕێی چیرۆکی (بێوەژن) دەیەوێ ئەوەندە نزیکمان بکاتەوە لە خەمەکانی بێوەژن، بەو ڕادەیەی کوڕەکەش ئاگای لەبیرو خەمەکانی دایکی نییە. ((ئیمڕۆ بە کامی دڵی خۆی دەگری....ئیتر بۆ نەگری....هەر ئەو تنۆکە فرمێسکانە خەمەکەی دەشۆنەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٥٣) ئەو خەمانەی کە جوانییەکانی تەمەنی ژنێکی داماوی لەدەست داوە.

چیرۆکنووس لە هەڵبژاردنی کەسێتییە مەینەت بارەکانی نێو کۆمەڵگا هەر لە بێوەژنو قەیرە کچ و تەنانەت کابرایەکی ئیفلیج و کوێریش لەناو بازنەی دەرخستنی حاڵەتی سایکۆلۆژی بەدەرنییە، بەڵکو کارەکتەر لە چیرۆکی (ترس) کەسێتیەکی کوێرە، هەروەها لە چیرۆکی (گرێ) ئەویش یەکێکە لە کارەکتەرە فەرامۆشکراوەکان، کە کەمتر چیرۆکنووسانی بەر لە شێرزاد بە ناخی کەسێتییەکی کوێردا شۆڕبوونەتەوەو هەر لەسەر زاری کارەکتەرەکە خۆی، ئەو دان پیانانەی چیرۆکنووس پیشانی دەدات ((کێ بە خەمی کێ دەزانێ....؟ ئەم خەڵکە لەوە بێ ئابڕووترە کە من تێیدەگەم..منم و..منێکی سەقەت چیم بۆ دەکرێ...؟ چ دۆزەخێکە تێی کەوتووم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٦٠).

لە چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران)، شوێن دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکە لە تەقینەوەی خەمەکانی ڕابردوو ئەو تەنیایەی کە کارەکتەری چیرۆك دوای چوار ساڵ تەواو کردنی کۆلیژ لە بەغداو گەڕانەوە بۆهەمان شوێن و ئەو میوانخانەیەی، کە شوێنێکی قێزەوەن و شوێنی کەسانی هەژارو ڕۆژانی برسیەتی کۆلیژ بووە، بۆیە شەوێکی دیکەو گەڕانەوە بۆ هەمان شوێن کۆستی دیکەی خەمەکان لە دەرگای یادەوەریەکان دێنە ژوورەوە: ((ئەم شەو بەتەمای نووسینە... بە تەمای تۆمارکردنی یادە کۆن و مردووەکان...ژان و خەم و گریان و کۆستی چوار ساڵ لەمەوبەر... ئەم شەو سێبەرێکی تر... پەڵەیەکی تر دەخاتە سەر پۆترێتەکەی خۆی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٦٨).

خەمەکانی هەرزەکار لەدەست چوونی یار و دەرنەبڕینی هەستی خۆشەویستییە، بۆ نموونە کارەکتەر وا باسی خۆی دەکات ((سەر لە ئێوارە و ڕۆژی دواتر چوومە دارستانەکەی نزیك گەڕەكو بۆ کەریەتیو بێ بەختی خۆم گریام)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٤٨)، لەدەست چوونی یارو خەمی جیاوازی چینایەتی و کچ بەشودان بە کەسێکی دەوڵەمەند و خەمی لاوێکی هەژار لە دڵیدا، تا دوای یەك ساڵ هەربوونی هەیە.

لە چیرۆکی (گمەی غەریبی)دا کارەکتەری سەرەکی چیرۆك، تەنها هەستێکی پڕ لە غەریبیو خەم و ئازارەکانیەتی، بەتایبەتی کە لە یادی ڕابردوودا بیردەکاتەوەو هەستی پاڵەوان وایە، کە گمەی غەریبی کوکوختییەکان وەك گمەی غەریبی خۆیەتی، کە کەس پێی نازانێ لە منداڵییەوە پەنهانە و دەردێکی کوشندەیە و لەباری نائاسایی بووان دایە: ((ئەو گمەیەی لەمنداڵییەوە خەمێکی پەنهان و کوشندە و پەنهانم پێ دەبەخشێ... خەفەتێك کە هەرچی دەکەم تێ ناگەم... چ دوور چ نزیك... کوشندەیە گمەی غەریبی... هەر کوشندەیە... کوشندە...)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٤٩). خەمی یادەکانی تفتو تاڵی منداڵیەتی و هەژاری و سەرنەکەوتنی لەبواری سۆزداری، وەك سیمایەکی دیاری کارەکتەری سەرەکی و لاوەکییەکانە، پەیوەندییە عشق بازییەکان و چیرۆکەکانیان دووبارە بووی بیرەوەریەکانی ڕابردوون و کاریگەرن بەسەر خۆشییەکانەوە هەیە ، وەك لە چیرۆکی (لۆزان)دا دەبیندرێت ڕەنگدانەوەی خەم لەو پەڕی تێك ئالان لەخۆشەویستیو سەربەستی دەربڕینی خۆشەویستی (کاوە)ی کارەکتەر بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی (لۆزان)و ناتوانێت تام لە جوانی بکات، گەر وابەستەی خەم نەبێت: ((بەڵام ئێمە مانان ناتوانین تام لە هیچ جوانییەك بکەین گەر بە خەم و خەفەتەوە لوول نەدرابێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٢٧).

کاوە نموونەی کارەکتەرێکە، کە بە خەم و گریان و هەژارییەوە گەورە بووەو ناشتوانێ لەو خەمانە رزگاری بێ کە لەناو ڕۆحیدا گیربووەو لە ولاتێکی ئیرۆس کوژراوەو ناتوانێ لە ئاست کچێکی فەڕەنسی (لۆزان) ئەو پەیوەندییە دروستە خۆشەویستییە دەرببڕێ، کە (لۆزان) لە کاوەی دەوێ ((من زۆر جار وا هەست دەکەم ئەو نووزەو ناڵینەی دایکم لە رۆحمدا جێگیرەو مەحاڵە رزگارم بێ لێی)) (کۆچیرۆکەکان: ل ٣٢٧).

## دڵەڕاوکێ

دڵەڕاوکێ (القلق) بارێکی ناخۆشی دەروونییە، تاك بەرەو ڕێگایەکی پەرێشانی و دڵتەنگی دەبات‌و مرۆڤ تووشی ئازار و دڵتەنگی دەکات لە گۆڕانە فسیۆلۆجی و دەروونییەکان‌و، سیماو ڕەوشتی مرۆڤ بەشێوەیەکی نائاسایی لەباری دڵەڕاوکێ دەردەکەوێت، هەرچەندە دڵەڕاوکێی ئاسایی تا ئاستێك بێ کاریگەرییە لەسەر تاك، لەگەڵ ئەوەش دڵەڕاوکێ ((لەهەموو جۆرەکانی نەخۆشی دەروونیدا ڕەگەزێکی هاوبەشە و هەستکردنێکی درێژخایەنە بە ئارامی و ترس و تۆقینی دوورەوەخت))[٣٦٩].

دڵەڕاوکێ رەگێکی قووڵ و هاوبەشی هەیە لەگەڵ ترس، چونکە ((دیاردەو خاسیەتەکانی دڵەڕاوکێ زۆر نزیکن لە دیاردە و خاسیەتەکانی ترس و لە زۆر لایەنەوە لەیەك دەچن، تەنها جیاوازی سەرەکی لە نێوان ترس و دڵەڕاوکێدا ئەوەیە، کە ترس سەرچاوەو هۆکارەکانی زانراوە))[٣٧٠]. هەروەها ئاڵۆزی قووڵی دڵەڕاوکێ وەك بارێکی دەروونی ((بەکاکڵەکەی هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی دەروونی دادەنرێ))[٣٧١].

فرۆید لەو باوەڕەدایە دڵەڕاوکێ ((رەتکردنەوەی حاڵەتی ترسە بە دوو شێوە خۆی دەنوێنێ، یەکەمیان دڵەڕاوکێی بابەتی کە رەتکردنەوەی ترسی ئاشکرای دەرەوەیە، دووەمیان دڵەڕاوکێی (دەمارگیری)ییە، کە رەتکردنەوەوی ترسی ناوەوەیە یاخود غەریزەیە))[٣٧٢] دڵەڕاوکێی دەمارگرژی ترسێکی راستەقینەیە، وەکو پەرچە کردارێکە بەرانبەر غەریزەکانی ناوەوە، واتە دڵەڕاوکێ بەلای فرۆیدەوە ئەنجامی ((خەفەو کپکردنی ئارەزووە سێکسیی‌و دەست درێژییەکانەوە دروست دەبێت، کە منداڵ ناتوانێت تێریان بکات لەبەر ئەوەی دژ بە داب و نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانە))[٣٧٣].

---

(٣٦٩) د. عومەر یاسین جەباری- دەروونزانی، ل١١٣.

(٣٧٠) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروازەی دەروونزانی، ل١٦.

(٣٧١) د. عومەر یاسین جەباری- دەروونزانی، ل١١٣.

(٣٧٢) عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا- چەمکی دڵەڕاوکێ لە تێڕوانینی (فرۆید)دا، ، دۆسیەی فرۆید،گ/کاروان، ژ/١٣٥، ١٩٩٩ ل٧١.

(٣٧٣) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، دەروازەی دەرونزانی، ل١٧

ترسی خەساندن ئەو ترسەیە، کە فرۆید بە ترسی راستەقینەی ناوەوەی دەزانێتو ((دڵەڕاوکێ لەخودی ئەو هێزەوەیە، کە چەپاندن دروستی دەکات، کەواتە دڵەڕاوکێ چەپاندن دەسازێنێ))[٣٧٤]، ئەمەش دەبێتە ترسێکی ناوەوە هەستکردن بەوەش (من/ الانا) ئاگادار دەکرێتەوە، کەوا خەریکە رووداوە کپبووەکانی بواری نەستی دەگەڕێنەوەو، (من) دەبێ فریای خۆی بکەوێ و لەلایەکی دیکەش (منی بالاَ - الانا العليا) مەترسی دابونەریت ڕوو لە (من) دەکات کە دووبارە هەوڵی خەفەکردن و دوورخستنەوەی ئەو ترس و حەز و ئارەزووە کپ کراوانە بدات بۆ نەست[٣٧٥]، سەرەنجام ترسێکی ناوەکی دروست دەکات، کە لە جۆری دووەمی دڵەڕاوکێی نەخۆشییە هەست پێنەکراوەو گۆڕانە فسیۆلۆجیەکان و دەروونییەکان لەو ململانێ دەروونییەدا روودەدەن، وەکو دیاردەی دڵەڕاوکێ هەر لە (دڵەخورپێ، خەو لێ زڕانو سوور هەڵگەڕان، وشك بوونی دەم وچاو، هەستکردن بەبێ زاری و ماندوبوونێکی زۆر...هتد).

(دڵەڕاوکێ) وەك بابەتێکی هەڵچوونی دەروونی نزیکبوونەوەی بەشێك لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، درێژکراوەی ترسێکی نادیارە و سەرچاوەکەی نازانرێت. پاڵەوانی چیرۆکی (ترس)، کە (کاوە)ی ناوە لە ژووری ماڵەکەیان شەوێك لەو شەوانەی ترسێك لە ناخی کاوە چەقی گرتووەو کە ترسێکی ناوەوەیە و وەك بابەتێکی ناوەوە روو دەکاتە کۆئەندامی دەروونی، کە خۆی ئامادە بکات و رووبەڕووی ئەو دڵەڕاوکێیە ببێتەوە بێ ئەوەی هیچ ترسێکی ئامادەکراو لە ئارادابێ ((کاوە توند پەنجەرەکەی داخست...بە ترسەوەش دەرگاکەی کلیلدا... هەموو کون و کەلەبەرە زۆرەکانی ئەو ژوورەی گرت)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١).

ئەو ترسەی ناخەوەی کارەکتەر هەڵسووڕێنەری هەڵسوکەوتەکانی (کاوە)یەو، دڵەڕاوکێ کەی کاوە هیچ بەرەنجامی بەردەستی نییە، جگە لەو شوێنەی ((ئەو ژوورەی هەر لە منداڵییەوە تا ئەم نیوە شەوە دڕەنگە... هەزارەها مۆمی خۆزگە و ئاواتی تیا کوژاونەتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١).

ئەو ژوورەی خۆزگە و حەزەکانی تیا کوژراوە، وێنەی چرکەیەکی دەروونی دڵەڕاوکێن سەرچاوەی ئەو دڵەڕاوکێیە لەنەستەوە هەڵدەقوڵێو لەبواری هەستیدا نییە تا هۆیەکی بەرجەستەکراو هەبێت بۆ ململانێی دەروونی. ئەو دڵەڕاوکێو ڕاڕایەش لای کاوەی مێر منداڵ بەشێك لە یادەوەری کێشە و ئازارەکانی ناو خێزانە و هۆکاری جووڵانی ئەو ململانێ دەروونیەیە، ((لەبەر ئەوەی سەرچاوەی زۆربەیان بۆ قۆناغی منداڵی و کێشە و گرفتەکانی ئەو کاتە دەگەڕێتەوە لەوانە "بێبەش بوون لە

---

(٣٧٤) عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا- چەمکی دڵەڕاوکێ، چەمکی دڵەڕاوکێ لە تێڕوانینی (فرۆید)دا، ل٧٧.

(٣٧٥) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، دەروازەی دەروونزانی، ل١٧.

سۆز و خۆشەویستی دایك و باوك و کەسانی نزیك، پەیوەندی خراپی نێوان دایك و باوك و منداڵ، کپکردن و خەفە کردنی زۆر لەحەزو ئارەزووەکان....هتد"))[٣٧٦].

وێنەی شەڕو ئاژاوەی نێوان دایك و باوکی لە خودی چیرۆکی (ترس) بوونی هەیەو بەشێکە لە یادەوەری (کاوە)ی پاڵەوان. هەموو ئەمانەش دەبنە بەشێکی ئەمبار کراوی نەست، کە ڕۆڵیان هەیە لە وروژاندنی ئەو دڵەڕاوکێیە.

لەپاڵ ئەمەش زیادبوونی دڵەڕاوکێ لە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (ترس) پەیوەستە بە چرپە ئاساییو نائاساییەکانی دەرەوە لە زیادکردنی دڵەڕاوکێ: ((هەرچرپەیەکی ئاساییو نائاسایی دنیای دەرەوەی ژوورەکە دەیخاتە سەر دڵەکوتێ و کــــپە لەجەرگییەوە دێنێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١).

هاوڕێك بوونی ترسی ناخ و ترسی دەرەوە، جۆرێکن لەو ترسانەی دڵەڕاوکێ دەخولقێنن، چونکە ترسی ناخەوە ئەو دڵەڕاوکێیەیە، کە وێنەیەکی دووبارە بووی دڵەڕاوکێی نائاساییە بەپێچەوانەی دڵەڕاوکێی ئاسایی.

جۆرێکی دی لە دڵەڕاوکێ کە سەرچاوەی لە گومانەوە دروست دەبێت، ئەو گومانەی وێنەیەکی دروست بووی کۆمەڵە، کە دڵەڕاوکێ بەرهەم دەهێنێ دیاردەی دڵەڕاوکێ پەیوەستە بەباری نەستی کارەکتەرەکە و لەناو کۆمەڵدا سەرچاوەی گرتووە. کارەکتەری چیرۆکی (گرێ)و ئەو مەلا کوێرەی کە بە کۆڵێك لە گومان و دوو دڵی دەژی لەو کاتەی ژنەکەی لە ژانی منداڵ بوونە ترسی لەدایکبوون و مردنی منداڵەکە و خیانەتی مەنیجی مامان و ژنەکەی بەشێکی ئەو گومانانەی (مەلا کوێر)ن، کە دەیخەنە باری دڵەڕاوکێ و خەیاڵی گومان کردنەوە ((نا... ناخەوی مەنیج نیازی چی هەیە؟ دەیەوێ لەم چاوەڕوانییە بێ بەشت بکا...پێویستە چاوەڕوان بیت....نە مەنیج جێی متمانەیەو نە ژنەکەت)) (کۆچیرۆکەکان: ل٦١) هەروەها مەلا کوێر دەڵێ: ((دەشێ ئەو دڵەمەیەی ناو منداڵدانی دایکیشی ببەن... ئەم شەو دارو بەرد...وێنەی سەردیوار... مەنیجی مامان...ژنەکەت... پشیلە ڕەشە... ببنە شەوارەو منداڵەکەت بڕێنن... دەیبەن... دوور دوور دەیبەن... بۆ دوورگەیەکی پڕ لە نهێنی ئەم جیهانە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٥٥).

بوونی دڵەڕاوکێ لای ئەمینی کارەکتەر لە چیرۆکی (میم)و مەلا کوێر لە چیرۆکی (گرێ) سەرچاوەکەی و کۆمەڵە مرۆڤێکی ماندوو لە ژیان دەخەنە حاڵەتی دڵەڕاوکێ، کە دەوروبەر لێیان تێناگات، چونکە مەلا کوێر هەموو ئەو هەڵچوون و شڵەژانانەی لە ئەنجامی ئاگادارکردنەوەیەکی ترسناکە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر بینینی ڕاستییەکانی دەرەوە

---

(٣٧٦) د.کەریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای هەرزەکارو لاوان، ل٤١.

ناشكێت، چونكه نابینێ لەسایەی كەسانی چواردەوری خۆی تووشی گێرە شێوێنیو دڵەڕاوكێ دەبێت، كە لەڕاستیدا ئەوان لەهێزرو بیركردنەوەیاندا كوێرن بەرانبەر بە مەلا كوێر، بەهەمان شێوەش لای خەڵكی بەدبین و ئیفلیج ئەمینی پاڵەوان دەخەنە باری دڵەڕاكێوە.

### سادی (*)و هەستی تۆڵە

سادییەت لایەنێكی دەروونییەو بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە ئازاردانی كەسانی دیكەو ئەشكەنجەدانیان بەمەبەستی ملكەچ پێكردنو ئەم جۆرە ڕۆحە شەڕانییە لەناخی هەندێ لە كارەكتەرەكان و كەسانی چیرۆك خراوەتە ڕوو، چونكە سادییەت ((یەكێك لەو حاڵەتانەیە كار لە نووسەر دەكات و حوكمی بەسەردا ئەدات و لە نووسینەكانیدا ڕەنگ دەداتەوە...ئەم حاڵەتە چێژ وەرگرتنێكی شێتانەیە لە ئازاردانی خەڵكانی تر و شێواندنی مەیلە بنەڕەتییەكانی كە لەبوونی مرۆڤدایە))[٣٧٧].

چێژ وەرگرتن لە ئازاردان، وەكو كەسێتییەكی سادی لە مرۆڤدا هەیە، نووسەریش وەكو بوونەوەرێكی كۆمەڵ كەم تا زۆر بەشێك لەو سیفاتە سادیزمییەی تیا بەدی دەكرێت[٣٧٨].

مامەڵەكردنی جۆرێك لەسیفاتی سادیانە، كە بوونێكی زیندووی هەبێ لە ناخی كەسێتییەكان، بەتایبەتی كەسێتی ئەدیبان و هونەرمەندان، كە زیاتر لە كەسانی ئاسایی هەستكردنی بە ئازاردانی خۆیان یان خەڵكانی دەوروبەری خۆیان دەكەن و دەیانخاتە

---

(*)((زاراوەی سادی لەناوی (ماركیزدی سادی) ڕۆمان نووسی فەڕەنسییەوە وەرگیراوە، كە لە نێوان ساڵەكانی (١٧٤٠-١٨١٤) ژیاوە، ناوەرۆكی چیرۆك و رۆمانەكانی و ژیانی تایبەتی خۆشی، پڕ بووە لەتوندو تیژی و ئازاردان، لەوانە پرۆسێس و چالاكییە سێكسییەكانی نێوان پاڵەوانەكانی، وەخۆشی بەوە ناوبانگی دەركرد بوو، كە لەتەك هاوسەری خۆی و ئافرەتانی تریشدا زۆر درِندە و تیژو بەئازار بووە...هەندێك لەدەروونزانەكان دەڵێن مەرج نییە ئەم تام و چێژ وەرگرتنە تەنها لەبواری پرۆسێسی سێكسیدا بێت، بەڵكو دەیەوێت بۆگشت بوارەكانی تری ژیان (جەنگ، قوتابخانە، خێزان ، كۆمەڵ، جێگای كاركردن...هتد)، واتە لەگشت ئەم بوارانەدا چێژ و خۆشی و تام لەكەڵەگاییو ئازاردان و خوێن رشتن و ناخۆشی كەسانی تر وەردەگرێت)) بڕوانە د. كریم شەریف قەرەچەتانی- هەندێك نەخۆشیو گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی، چ/ یەكەم، چا/ زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٩، ل٤٤-٤٥.

(٣٧٧) كەمال فاروق- نەخۆشییەكانی نووسەرو ڕەنگدانەوەی لە نووسینەكانی، ل١٠٤.

(٣٧٨) هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

حاڵەتێکی تایبەتییەوە. هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو بارە سادەییە دەدەن لەڕێی نووسینەکانیان، کە دەربڕی قووڵاییەکانی دەروونە لەنێو ڕەوتی مێژووی ئەدەب و هونەر، چونکە کەسانێکی زۆر هەبوون پڕبوونە لە گۆشەگیری و لاتەریکیو کەسانی کەم ئەندام بەشێك لە نەهامەتی ئەوان لەسەر دەستی چینە باڵاکان و خاوەن پایەکانی کۆمەڵ بەدەستی ئەوان ئازاریان چەشتووە، ئەگەرچی ئەو چینە گۆشەگیرو کەم بایەخە چینێکی بێ دەسەڵات و مەینەت بار بوون، بەڵام لەڕێی نووسینەوە کەسانێکی بوێر بوون و هەوڵی تۆڵەکردنەوەی خۆیان داوەو، تفیان لەکۆمەڵ و چەوتی ژیان کردووە، بارە پەنگ خواردوەکانی ناخیشیان بەرانبەر ئەو کەسانەی، کە ئازاریان بەدەست چەشتوون، لەڕێی سیفەتێکی سادیانە لە کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانیان چێژ و خۆشی وەردەگرن. ((زۆرجار ئەو جۆرە کەسانە ئەم تامو چێژە لەڕێگەی نووسین و فلیم و شانۆگەری و ڕۆمان و وەرزش و گشت چالاکییەکی توندو تیژ و خوێناوییەوە وەردەگرن))[٣٧٩].

کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردی، هەمیشە کەسێکی تێدایە کە چەوساوەی دەستی تاکەکانی دیکەیە، خودی ئەو چەوسانەوەش لە بارێکی دەسەڵات خوازییەوە کەسێکی دیکە دەچەوسێنێتەوە، کە لەخوارەوەی خۆیەتیو هەریەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی یەك بۆیەك چێژ لە ئازاردان وەردەگرێت. شێرزاد لەنێو چیرۆکەکانیدا هەوڵی بەرجەستە کردنی ئەو پێیوەندییەی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێی نووسینەوە دەیەوێت تۆڵە لەو دەسەڵاتو تاکڕەوییە بکاتەوە، کە پڕە لەتێنەگەیشتن و دەسەڵاتی باوکسالاری و دیاردە چەوتە کۆمەڵایەتییەکان.

لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست)دا کارەکتەری سەرەکی زۆر دوژمنی سەگ بووەو حەزی بەبینین و وەڕینی ناکات، کە دەبێتە هۆی خەولێ زڕان و دڵتەنگ بوونیو لەنێو چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆش ویست)دا ڕووداوی رق لێبوونەوە و دڵتەنگ بوون بەرانبەر بەسەگ لای کارەکتەری چیرۆك پەیوەستە بەو ڕووداوەی، کە کارەکتەر لەسەردەمی منداڵی لە گەڕەکەکەی خۆیان تووشی بووە: ((کە منداڵ بووم... لە گەڕەکێکدا دەژیام پڕی بوو لەسەگ و توولەی بەڕەڵا... هەر منداڵێك دوو سێ سەگی هەبوو... سەگەکان دڕو نەگریسو پیسو هاربوون... خۆم نەبێ بەستەزمان ترین و بێ دەستەڵاترین سەگم دۆست بوو)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٦).

---

(٣٧٩) کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ل٤٥.

کارەکتەرەکە بە جێناوی (م) باسی ڕووداوێکی خۆی دەکات، لەسەر ئەو سەگەی زۆرجار تێی هەڵدراوە: ((زۆر جاریش بەهۆی سەگەکەمەوە دایان دەکوتام)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٦).

لەوە سەیرتر ئەو سەگەکەی دەکەوێتە ناو چاڵێك، کارەکتەرەکە دەیەوێت سەگەکەی لە چاڵەکە ڕزگار بکات، بەڵام سەگەکە کۆمەڵێ لە زەردەواڵە لەسەرو ملی نیشتبوون و هێرشی بۆ دێنن و سەگەکەش لەتاو ئازاری خۆی گاز لە قاچی کارەکتەر دەگرێت: ((توند ددانی گرتە نەرمای بەلەکم... قیژاندم و زیڕەم لێ هەڵسا... لەئازار و حەژمەتی قاچم دەخولامەوەو خۆم بەدیواری چاڵەکەدا دەدا... گێژ بووم.... زەردەواڵەکان ورووژان و هاربوون...خۆم لەدەم و ددانی سەگە نەفرەت لێکراوەکەم ڕاپسکاند)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٧).

جگە لەو ئێش و ئازارەی بە دەستی سەگ و زەردەواڵەی دیوە ئازار و لێدانێکی دیکەش بوونی هەبووە، بە پێی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە باوکی کارەکتەر، بە هۆی ئەو ڕووداوەوە هەڵدەکوتێتە سەر کوڕەکەی لە جیاتی دڵنەوایی ئازاری دەدات، هەروەك لەم گێڕانەوەیەی کارەکتەر ڕووداوەکە باسکراوە: ((وەك ئاژەڵێکی کوێر ساتمەم لە خەڵك و خاك دەکرد... لەدوورەوە بۆنی ئەوەم کرد کە باوکم لە دەرگاکەیە... ئەو باوکەی بە درێژایی تەمەن منی چەوساندۆتەوە... بە ئاستەم کەوتبووە بەر بینایم... منی بینی کەفوکوڵی کرد و هەڵچوو)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٧). هەروەها لە وەسفی ئازارەکەی خۆیدا دەڵێ: ((ئەوەندە ئاوسا بووم وەك دەهۆڵی دڕاو تەپپەم لێوەهات... بەزەحمەتەوە لەبەر دەستی ڕزگاریان کردم... شل‌و شەکەتی کردم)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٧-١٨).

ئەمە بەشێك بوو لە ڕووداوی سەردەمی منداڵی کارەکتەر بوو لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆش ویست)، لەو کاتەی کە کارەکتەر لەگەڵ هاوڕێیەك لەخانوویەکی تەنیا دەژیێت و سەگێکی هەیە لەو خانووە لەگەڵ وەڕینی سەگ و دەنگی سەگ هەموو ئەو یادە تفتوتاڵانەی بیر دەکەوێتەوە، لە یەکێك لە شەوەکان هاوڕێیەکەی ناگەڕێتەوە ئیتر هەستی سادیانەی کارەکتەر دەجووڵێ: ((دوو ڕۆژی ڕەبەق.... هاوڕێیەکەم ڕۆیشت‌و بزر بوو...بۆکوێ؟ لەبەرچی...؟ نازانم...! خۆم‌و ئەو سەگە بەجووتە ماینەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠). کارەکتەری لەو کاتەدا هەستی سادییانەی زیاتر بەدەردەکەوێت، کە خۆی‌و سەگەکەی تەنیان، لەچەند ڕستەیەکی نێو چیرۆکەکە هەستی تۆڵەی دەخاتە ڕوو: ((پەستی دەکردم دەمویست ئازاری بدەم...تۆڵەی باپیرە گەورەی لێ بستێنمەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٩). هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((زۆرجار برسێتی‌و تێنویەتیم لەچاوانیا دەخوێندەوە...بێ باکتر بووم....گوێم پێ نەدەدا...!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠)

((شەوانی پایز ساردن... کەخەوی لێ دەکەوت من دەمکردە دەرەوە...بەڵکو سەرمای بێ و بمرێ..نەمرد...!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠)، هەرچەندە دەبووایە خزمەتی سەگەکەی بکردایە، بەڵام نەی کرد: ((دەبوایە خزمەتی بکەم نەمکرد !)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠) هەستی تۆڵەی کارەکتەر زیاتر بوو لە بەزەیی پیاهاتنەوە: ((منیش بیرم لەوە دەکردەوە گەر مرۆڤێك برسی دەبێ چۆن دونیا کاول نابێت..؟ بەس ئەم لێکدانەوەیە دڵی منی نەرم دەکرد...هەڵەی وابکەم ئەم سەگە تێر بکەمو خۆشم بوێ... من خەمم بۆ برسیەتی مرۆڤ دەخوارد...سەگیش بابۆ سەگ بیخوا..!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠). لەم چەند دەستەواژەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کارەکتەر خاوەن ڕەفتارێکی بەزەیانەی هەیە بەرانبەر سەگەکەی، لە هەمان کاتیش لەحاڵەتی سادیدایە.

هەموو ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بەشێکی سادییانەی کارەکتەرە، کە هەستی بە لەزەتی ئازاردان وەردەگرت و مامەڵە و بەکارهێنانی شێوازێکی توندو تیژی بەرانبەر سەگێك وەك برسیکردن و تینوکردن و سەرماکردن و خزمەتنەکردنی جۆرێکە لەو لەزەت و تام و چێژ وەرگرتنی روحی، ئەمەش پەیوەستە بە هەبوونی هەستی سادیانەی کارەکتەر، کە پەیوەندی بە ڕووداوی خودی ئەو ئازاردانەوە هەیە، کە لە سەردەمی منداڵی بینیویەتی لە چارەی سەگدا: ((چاوەکانی وشك بووبون...ئەگینا تێر فرمێسکی دادەباراند...دیسانەوە گوێم پێنەداو بێ باك تر بووم...هەستم بە لەزەتی سەرکەوتن دەکرد..)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢١).

لە چیرۆکی (گوناهی سپی)دا ئەو چیرۆکەی، کە درێژکراوەی چیرۆکی (ڕیشۆڵە)یە و خودی چیرۆکی (ڕیشۆڵە) ئەو چیرۆکەی (گوناهی سپی) هێنایە بوون، کە بەهۆی مردنی ریشۆڵەیەکی سەرشۆستە ڕووداوێکی هەشت ساڵ لەمەوبەر دەکەوێتە بیری کارەکتەر. چیرۆکی (گوناهی سپی) هەشت ساڵ بەر لە چیرۆکی گوناهی سپی ڕووداوێك بەسەری هاتبوو، ئەویش تووڕە بوونی دەروێش بایز بوو لەبابەت چیرۆکی (ڕیشۆڵە) کە ناوی دەروێش بایز و ژنەکەی، لەلایەن کارەکتەری چیرۆکی (گوناهی سپی) زڕاوە، کە دەکاتە نووسەری چیرۆکی (ڕیشۆڵە)و پاڵەوانی چیرۆکی (گوناهی سپی).

بە پێی بیرکردنەوەی دەروێش بایز و ژنەکەی لەلایەن نووسەری چیرۆکی (ڕیشۆڵە) بێ ئەدەبیان پێکراوەو لەخستنەڕووی ژیانیان تاوانێکی گەورەی کردووە، هاوکاتی ئەو هەرایە نووسەری چیرۆکی (ڕیشۆڵە) کە پاڵەوانی چیرۆکی (گوناهی سپی)یە لەزەماوەند و مانگی هەنگوینی دایە، نووسەری چیرۆکی (ڕیشۆڵە) نازانێت چۆن دەوروبەر و دەروێش بایزو ژنەکەی تێبگەیەنێ؟ کە ئەمە چیرۆکە و هیچ بێئەدەبییێك نییە بەرانبەر ئەوان، بەپێچەوانەوە ژیانو نەهامەتییەکانی دەروێش بایزو ژنەکەی پیشان داوە: ((خۆم دەزانم گوناهەکەم گوناهێکی

سپییه....وەلێ چۆن دەروێش، ژنەکەی، منداڵەکانی تێبگەیەنم..ئەو خزمانە، دایك و باوك، دەرو دراوسێ ، چۆن تێیان بگەیەنم، کە من چیرۆکم نووسیوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٢١). لەم جۆرە بۆچوونەی شێرزاد هەردوو لایەنی چیرۆك وەك بەرهەمێکی ئەندێشەیی‌و سەرگوزشتەی ڕاستەقینە تێکەڵاو کراون، ئەوەتا شێرزاد باسی خەسڵەتەکانی چیرۆکمان بۆ دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چیرۆکیش ژیانی پڕ لە نەهامەتی‌و شادی و قین و خۆشەویستی‌و برسیەتی ئەوانە، هی ئەوانەو من دەیزانم، دەیدزم و دەیخەمە سەر پارچە کاغەزەکان تا خەڵکی ئاگای لە حاڵم بێ، ئاگایان لە ژیان‌و گوزەرانی خەڵکانی گەڕەکەکەی ئێمە بێ، گەڕەکە بۆرو پیس و پڕ ئاژاوەکەمان گەڕەکی برسی‌و تینو، پڕ برین و خوێن و جوێن، پڕ لەمزگەوت و چایخانە، مارە بڕین و ژن تەڵاق دان، شەرم‌و شکان...چۆن تێیان بگەیەنم کەمن...ئا من ژیانی نا لەباری دەروێشم دزیوە...دزێك کە پڕە لە جوان مەردی...دزێکی پاك و بێگەرد، دزێك کە خزمەتی گەلە، مێژوو، ئەوان دەکا، خزمەتی خۆی)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٢١).

بەهای ئەدەب لای شێرزاد لەسەر زاری فەرهاد، وەك کارەکتەرو نووسەر لە دەرخستنی ژیان و مەینەتییەکانی دەیەهای وەکو دەروێش بایزە، کەچی کارەکتەرێکی لاوەکی بوونی هەیە لە چیرۆکی (گوناهی سپی)، کە خۆی چیرۆکنووسەو ناوی سیامەندەو دەوری هەبووە لە هەڵچوونی دەروێش بایز وەك خۆی دەڵێ: ((ئەمن ئەو پارچە کاغەزانەتان لۆ دێنم، کە سیامەندی حاجی سەعید بۆمی خوێندەوە... ئەنگۆ خۆتان لەخوا مەکەن و بزانن کەس ئاوا ئابڕووی دراوسێی خۆی دەبا...؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٣٠).

(سیامەند) وەك کارەکتەرێکی لاوەکی ئەو کەسەیە کە لەبەهای ئەدەب نەگەیشتوەو بەر نەفرەتی نووسینی پاڵەوان و چیرۆکنووسی (گوناهی سپی) کەوتووە: ((دواجار بیستم دەستی لەگەڵ برا قۆنتەراتچییەکەی تێکەڵ کردووە گوایە وازی لەچیرۆك هێناوە))[٣٨٠] (کۆچیرۆکەکان:).

بۆیە شێرزاد لەسەر زاری فەرهادی پاڵەوان، دەیەوێ ئەوە بڵێ بەهای ئەدەب گەورەیی خۆی هەیەو هەموو ئەوانەش، کە لەو بەهایە تێناگەن دەبێ لەڕێی چیرۆکەوە تۆڵەی خۆیان لێبکرێتەوە، بۆیە شێرزاد لەسەر زاری فەرهادی پاڵەوان لەکۆتای چیرۆکەکەی دەڵێ: ((باکەس ئەم چیرۆکە بۆدەروێش نەخوێنێتەوە... بۆ عەبە... تۆش سیامەند... دەخیلتم....دەستم

(٣٨٠) هەمان سەرچاوە، ل١٤٢.

دامێنت... گەر بەرێکەوت ئەم چیرۆکەت خوێندەوە...وەك ئەو جارە دەروێشم لێ هار مەکە...چونکە من وازم نەهێناوە...وازیش ناهێنم ئەم جارەیان توورەم کەن..سەری خۆم دانابێ رۆمانێکی بێ سەرەتاو کۆتای لەسەر دەنووسم... نەکەن بۆ دەروێشی بخوێننەوە... تکایە... وابزانن ئەم چیرۆکە و چیرۆکە کۆنەکەشم دوو گوناهی سپی بوون... دووگوناهی سپی بەس)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٤٣).

هەرچەندە بەشێکی زۆری چیرۆکەکان لە کۆی کۆمەڵە چیرۆکەکانی هەستێکی تۆڵەو دەرخستنی کەسانی ناشیرین و دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵ بەشێکن لەو خۆبەتاڵ کردن و لەزەت وەرگرتن، وەکو پیشاندانی دەسەڵاتی باوك سالاری و نەمانی بەهای ئەدەب و هونەر، پیاوانی دەوڵەمەندو دەسەڵات خواز سەرەنجامی ئەمەش دەبنە جێی توانج و خۆبەتاڵ کردنی کارەکتەر (نووسەر) بەسەریان، بەڵام ئەوەی لە چیرۆکی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست)و (گوناهی سپی)و چیرۆکی (رەنگاڵە)، ئەویش جۆرە خۆبەتاڵ کردنێکە یان هەستێکی سادیانەیە.

لە چیرۆکی (رەنگاڵە)دا بەرانبەر بەگیرفان پڕەکان و عەقڵی ڕزیویان، کە (حەسەن) کەسێکی هەژارو عاشقێکی داماوی عەشقی مەریەمی ماڵە خوا پێداوەکانەو هەستی سادیانەی (حەسەن) لەلایەك بەهۆی بوونی جیاوازی چینایەتی نێوانیان و لەوەڕانیان لەسەر کێڵگەو پشتی هەژارانو لەلایەکی دیکەوە زەوتکردنی (مریەم) وەك خۆشەویستی حەسەن رق و هەستی تۆڵە لای حەسەنی کارەکتەر دروست دەکەن ((من دەزانم چۆن فێڵم لێدەکەن، چەندەها جار ئێواران بەدڵ ساردی گەڕاومەتەوەو هەقیان خواردووم، هەقی ئارەقە و برژانی بەر خۆری گڕگرتووی هاوینی درێژ)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٧٩)، هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ((ئەوا منیان لەنێو تۆزو خۆڵو ئارەقەو بۆیە و خەم و پەژارەدا خنکاند...سەرباریش تۆیان لێ زەوت کردم...ئای مریەم...من ناتوانم لێیان ببورم)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٨٠).

چیرۆك وەك ژانرێکی ئەدەبی هۆکاری سەندنەوەی تۆڵەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە، لە چیرۆکی (میم) بەرانبەر توێژی دەوڵەمەند و ئەوانەی گاڵتەیان بەجوانییەکانی ژیان دێ. (ئەمین)ی کارەکتەر لە ململانێو وەڵامی برادەرانی (ئەنوەر)ی برای کە سەردانیان دەکرد، گاڵتەیان بە بیرکردنەوەی (ئەمین)و نووسەرو ئەدیبان دەکرد، ئەمین لە بەرانبەر بیرکردنەوەی ئەوان کتێب و وێنە لەژوورەکەی داینابوو لەگەڵیان ئەدوا، هەستی تۆڵکردنەوە و سادییانەی خۆی لە ڕێی نووسیەکانیدا دەردەبری: ((حەزم نەدەکرد، دڵی ئەنوەر بشکێنمو بڵێ جنێو بە میوانەکانم دەدا، توورە دەبوومو ئارەقەم دەکرد، بڕبڕەی پشتم تەزووی ساردی پیا دەهات، وەك مەیموونی

نێو قەفەز سەیریان دەکردم و رایان دەبوارد، منیش بە قەهرەوە پێ دەکەنیم...بە درۆ پێدەکەنیم....لە دڵی خۆمدا سوێندم دەخوارد کە هەردەبێ بیان کەم بە پاڵەوانی چیرۆکەکانم...سوێندم دەخوارد کە دەبێ من بە تەنیا، بەر لەوەی بمرم، ئەو بۆگەنانە تا سەر ئێسقان ڕووت کەمەوە...ڕیسوایان بکەم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢١٣) ئەمینی کارەکتەر گۆشەنیگای چیرۆکنووسە، هەڵگری گۆشەنیگای نووسەرە، لەڕێی ئەدەب و هونەری چیرۆکەوە دەسەڵاتی مەعریفی بەدەسەڵاتێکی بەهێزو کەرەسەو ناواخنی چیرۆکەکانی دەزانێ، لەبەرانبەر ئەو بێ دەسەڵاتییەی خۆی هەستی تۆڵە لەبارێکی هەڵچووندا دەخاتە نێو چیرۆکەکانی، ئەمەش زیاتر بەهای هەڵچوون لەو هەستی تۆڵەیە لە خزمەتی بەهای ئەدەبیات و ژانری چیرۆك دەخاتە روو، ئەمەش جۆرە جیهانبینییێکی چیرۆکنووسە، بەو شێوازە جوانە چیرۆکێك لەناو چیرۆکەکەی خۆیدا دەخولقێنێ لەخزمەت بەهاکانی مرۆڤایەتیدا.

لە چیرۆکی (لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە) کارەکتەری چیرۆك لەڕابردوو جۆرە خۆشویستن و تامەزرۆ بوونێکی هەبووە لەگەڵ کچێکی دەوڵەمەند لە کاتی هەرزەکاری خۆشی ویستووە، دواتر کچە شووی کردووە، جۆرێك لەگرێی دەروونی لە دڵی پاڵەوان دروست دەکات: ((لەماڵە بێ نازەکەی خۆیان... چاکم ئاگا لێ بوو...یاری بەئەڵقەی زێڕینی پەنجە نەرمەکەی دەکرد...ئەو پەنجەی حەزم دەکرد وەك قەند بیکرۆژم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٣)، ئەو هەڵوێستە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتێك بە سەر ئەو رووداوە گۆڕانکاری لە ژیانی کارەکتەر هەستێکی سادیانەو تۆڵە کردنی لادروست دەبێ، چونکە خۆی لە دەست یارەکەی تێکشکاوە: ((ئەو جێی هێشتم.تێکی شکاندم...دوو قەدی کردمەوە فڕێیدام...نەیدەزانی چەندەها شەو خەونم پێوە دیوە چەندیش لەژێر لێفە شڕەکە بۆی دەگریام و کەس نەیدەزانی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٢)، ئەو هەستە تۆڵەیە کە کارەکتەر بەشێوەیەکی توند دەیەوێ تۆڵەی لێبکاتەوە بەشێوەیەك، کە بیگرییێنێ و بیشکێنێتەوە، چونکە هەستی پاکیەتی و گریان و سووتان و ماندوو بوونی لە سایەی ئەو کچەی دیوە، لە پاڵ ئەمەش کچە خیانەتی لێکردووە، ئەو هەڵوێستەی کچ دەیەوێ بیکات بە تۆڵەو بە ڕوویدا بتەقێتەوە کە دەرەنجامی جیاوازی چینایەتی خۆی و ئەو کەسە بوو کە شووی پێ کردووە بە بیری دێتەوەو هەستی تۆڵەی دەجوولێ: ((بە بیرم دێتەوە کە چۆن شووی بەو گەلحۆیە کرد..لەچیدا لەسەرووی منەوە بوو؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٢) بۆیە پاڵەوان لە حەژمەتی ئەو کۆستەی، کە ئەو کارەساتەی خۆشەویستی بیر دەکەوێتەوە هەستێکی سادیانەو تۆڵەی دەجوولێ و بەم جۆرە

وەسفی دەكات: ((ئەم جارەیان بەخوێن و گۆشت و دەماری كینەو تۆڵە بیردەكەمەوە)) (كۆچیرۆكەكان: ل٤٢-٤٣)، هەروەها كارەكتەر لە درێژكردنەوەی هەستەكەیدا دەڵێت: ((كە من بە هێواشی دەمرم...تۆ ئارەقەی سەمات دەسڕییەوە...پێی ناوێ هەمووی ڕۆیشت...بەس پێویستە ئەمڕۆ ئێوارە...ئەكتەرێكی بلیمەت بم)) (كۆچیرۆكەكان: ل٤٧)، هەروەها دەڵێت: ((دەبێ وات لێبكەم وەك مۆمی بەجێماوی ئێوارەیەكی زۆر درەنگی سەر گۆڕی پیاوچاكێك بتوێیتەوە...بتوێیتەوە)) (كۆچیرۆكەكان: ل٤٧).

هەستی تۆڵەو سادیانە وەنەبێ هەر تەنها پەیوەست بێ بە خیانەتی خۆشەویستی، بەڵكو پەیوەستیشە بە مەسەلە چینایەتییەكان و ئەوانەش دەبنە بەربەستی خۆشییەكان و پەراوێز كردن لە ڕابردوو هەموو ئەو ئازارو ناخۆشییانەی، كە لە ڕابردوو بەتایبەتی سەردەمی منداڵی رووبەڕووی كەسێك دەبێتەوە جۆرە هەڵچوونێك، یان پاڵنەرێك هەیە لەپشت هەر رووداوێك، رەنگە بۆ هەمان ئەو كەسە بگەڕێتەوە كە پێشتر لە منداڵیدا بەرانبەری كراوە، كە خودی خۆی لە گەرورەیدا، وەك دەسەڵاتێك بەسەر كەسانی لە خۆی نزمتر لەڕووی دەسەڵاتەوە پیادەی دەكات و قەرەبووی ئەوە دەكاتەوە، كە بەسەری هاتووە، هەروەك چۆن لە چیرۆكی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست) لێدان و تێهەڵدانەكانی باوكی پاڵەوان لە رووداوێكی رابردوودا دوای چەندینساڵ بەسەر ئەو رووداوە لەبەرانبەر سەگێك جێبەجێ دەكرێت، كە لەئاست مرۆڤ بێ دەسەڵاتەوە، لەلایەكی دیكەش خودی ئەو سەگەش نەبووە، كە پێشتر هۆكارو سەرچاوەی ئازاردانی منداڵێك بووە لە رابردوو.

## خەمۆكی

ئەدەب و هونەر لەگەڵ كێشە و بابەتەكانی ژیاندا هەماهەنگن‌و تاكە راستییێكی بەجێ ماوە كە هەتا بەردەوامی كێشەكانی ژیان بوونیان هەبێ و ئەدەبیات و هونەریش بوونیان دەبێ ،خەمۆكیش یەكێكە لەو بابەتانەی كە پێوەندیەكی زۆری لەگەڵ ئەدەب و هونەردا هەیە. ڕەنگە بەشێك بێ لە ئەزموونی ژیانی نووسەران خۆیان و هۆكاری خۆ ڕزگاركردنیش(*) بێ لەو خەمۆكییە بە هۆی ئەو ئەدەب و هونەرەی ڕەگێكی قووڵی هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ((پەیوەندییەكانی خەمۆكی و هونەر لە هەندێ بیردۆزەی ئەفراندندا رۆڵی خۆیان دەبینن))[٣٨١]، هەروەها خەمۆكی ((بریتییە لە خەمێكی تووند و بێ نەوایی و دوو دڵی و تەنگە نەفەسی، ئەمەش حاڵەتێكە هەندێ جار ئەنجامی باشی لێدەكەوێتەوە وەك بەرهەمی ئەدەبی‌و فكری))[٣٨٢]، بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار دەبێتە جۆرێك لەخوگرتن و پەنا بردنە بەر هۆكاری دیكە، وەكو مەی خواردنەوە و مادە بێهۆشكەرەكان كە ئەمەش زیان و شڵەژانی زیاتری بەدواوەیە، جاری واش هەیە دەبێتە ڕێگە خۆشكەرێك بەرەو مەرگ.

خەمۆكی وەك نەخۆشییەكی دەروونی تووشی گەلێك كەس دەبێت‌و كەمتر خەڵك لەدەست ئەم نەخۆشییە ڕزگاریان دەبێ بەهەموو چین و توێژەكانەوە. جۆری خەمۆكی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە جیاوازەو ((زۆرترین ئەو كەسانە تووشی دەبن، كە هەستی خۆیان لە دەروونیاندا خەفە دەكەن و دەری نابڕن و زۆریان روو ئەكەنە هەندێ

---

( * )شێرزاد حەسەن لەیەكێك لە چاوپێكەوتنەكانیدا دەڵێ : (( كاتی لاوبووم زۆرجار بیرم لەخۆكوشتن دەكردەوە، بەڵام ئـەدەب وای كرد تا ئەبەد ئەو بیرۆكەیە تەڵاق بدەم)) بڕوانە: شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنكی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شـێرزاد حەسەن)، ل١١١. ئەو هونەرمەندو نووسەرانەی لە ئەزموون و كەسێتی خۆیانەوە وێنەی خەمۆكیان كێشاوەو هەڵیان هێنجاوە، وەكو(گۆڤێ) لە( خەمەكانی وێرتەری لاو)دا ژیـانی خـۆی پـێ رزگـار كردبـێ‌و خەمەكانیشـی پـێ ڕەواندبێتـەوە، هـەروەها خۆدەربازكرد ن لە هزری خۆكوژی(كیوبین)، كـە ڕۆمـانێكی فانتازیـای بـەناوی (دیوەكـەی دیكـە)ی نووسـیوە بڕوانـە: د. و. پۆڵدینگەر- پەیوەندی نێوان خەمۆكی‌و هونەر، و/ فەیسەل عارب بلباس، گ/ كاروان، ژ/١٥٨، ٢٠٠١، ل١٤٨-١٥٠.

(٣٨١) د. و. پۆڵدینگەر- پەیوەندی نێوان خەمۆكی و هونەر، ل١٤٨.

(٣٨٢) د. عومەر یاسین جەباری- دەروونزانی، ل١١٥.

کار بۆ دوور خستنەوەی ئەو هەستە خەمۆکییە وەك بەرهەمی وێژەیی‌و بیری هونەری))[٣٨٣].

(کەتەر)و (فاربرۆ) بۆ یەکەم جار ڕاپۆرتێکیان لەبارەی هونەرو خۆکوشتن نووسی، ئەوان هەوڵی ئەوەیاندا کەوای دابنێن، ئەوانەی بیری خۆکوشتنیان هەیە کەمتر خۆیان دەکوژن، ئەگەر ئەو بیرە خۆکوژییە لە بەرهەمەکانیان ڕەنگ بداتەوە، بەپێچەوانەی ئەمەش ئەگەر بیری خۆکوشتن لەبەرهەمەکانیان کەمتر ڕەنگی دایەوە یان بەکاریان نەهێنا زیاترە[٣٨٤].

لە چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران) پاڵەوانێکی تەنهاو پڕ لەدەرد و کەسەر لەو کاتەی سەردانی بەغدا دەکات ئەو شوێنەی، کە چوار ساڵی پڕ لە مەینەتی‌و هەژاری و خەمەکانی لە ماوەی خوێندنیدا لەوێیدا بردۆتە سەر هاوکات بوونی خەمەکانی ڕابردوو ئێستا بەشێکی ئەو خەمۆکییە، کە کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر نووسینی شیعرو مەیخواردنەوە، چونکە شەوێکی تەنیاو شوێنە یادەوەریە کۆنەکانی پڕە لەڕۆژنی برسی‌و هەژاری و کلۆڵی هەموو ئەو خەمانە هەماهەنگ دەبن لەگەڵ داهێنان یەکێك لەو هۆکارانەی خەمۆکی بریتییە لە ((خەفەت خواردن بۆ ڕابردوو زۆر بیرکردنەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو ئازار و ژانەکان))[٣٨٥]، وەك لە چیرۆکەکە داهاتووە:

((ئەم شەو دەچمەوە ئوتێلە ساردەکەم....ئاگری زۆپایەك نابێ... بەدیار ئاگرە زەردەکەیەوە خەمێکی زەرد تر بخۆم... مەگەر ئاگری جگەرە گەرمم بکاتەوە... من لەزەتی ئافرەتێك لە جگەرەیەك دەکەم... یادی ساڵانی کۆن نەبوایە...ئەم ئوتێلە پەرپووتە جێی من نییە...ژوورەکەش گەرم بێ... دڵم هەرساردە... لەوەتەی خۆم ناسیوە دڵم ئاگردانێکە هەر دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە.... هەر دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە... ئێستا ئاگردانێکی پڕ خۆڵەمێشە... دونیای خەیاڵم و دەروونم ئەوەندە سارد و سایەقەیە... ئەگەر لە ئاسمانی هیچ وڵاتێ بەفر نەبارێ... بێشك بەسەر وێرانەی دڵی منە کلوکلو دەبارێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٤).

---

(٣٨٣)محەمەد کەریم شەیدا- نەخۆشییە دەروونییەکان دەروون لەشیەکان (سایکۆسۆماتی)یەکان، چ/ یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ‌و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٦٧-٦٨.

(٣٨٤)د. و. پۆڵدینگەر - پەیوەندی نێوان خەمۆکی‌و هونەر، ل١٥٠.

(٣٨٥) د. عادل مەلا حوسێن- دڵەڕاوکێ‌و خەمۆکی دیاردەو هۆکارو چارەسەر، و/عومەر عەلی محەمەد،گ/کاروان، ژ/١٢٨، ١٩٩٨، ل١٢٢.

نەبوونی خۆشەویستیو تەنیایی لە شوێنێکی غەریبیو یادی تفتوتاڵی ڕۆژانی ڕابردوو بەشێکی دیکەی ئەو خەمۆکییەی کارەکتەری چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران)ە: ((دوا کەسیش خۆمم....بەنێو تاریکی و بێدەنگیدا مل دەنێم...وەك وڵاتێکی ژێر تەم کەوتوو...دەکەومە ناو خەمێکی بێ سەرو شوێن...ئەو خەمەی، کە تەنیا خۆشەویستی ڕاوی دەنێو بەس ئەوش نیمە !)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٥).

لە چیرۆکی (گوڵی ڕەش) وێنەی حەمەی پاڵەوان لە ڕووی چینایەتییەوە بنەماڵەیەکی هەژارن، ئەو کچەی کە ناوی (هێرۆ)یە دڵداری(حەمە)یە. لە (گوڵی رەش) پاڵەوانێکی بێبەشە لە سۆز و خۆشەویستی بەرانبەر بە (هێرۆ)و دایکی حەمە هەر لە دوای تەمەنی منداڵی، وەك دیوارێکی ئەستوور و تەلبەند دادەنێو پایەکانی ترسو شەرم بێ ((ئەوەندە بەرانبەری ئەو کچە مەوەستە....ئاگام لێیە کە دەیبینیت ئەبڵەق دەبێت...ئەوەندەش مەچۆرە سەربان و بەردەرگا...شەرمو شکۆت لا نەماوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٠٤)، بۆیە حەمە تەنها دڵی بەو دیتنو ئەو خۆشەویستیە خۆشە، کە هێرۆ لە بەلەکۆنەیماڵیان دەیبینێ لەو کاتەی گوڵە مۆرەکان ئاو دەدات و حەمەش لەسەر بان سەیری دەکات (نەمان و وشك بوونی گوڵی مۆرو نەهاتنی هێرۆ) حەمەی چاوەڕوان بەرەو بارێکی خەمۆکی دەبات، کە سەرچاوەی هەژاریو جیاوازی چینایەتی و ترس و شەرم دواتریش لەدەستدانی یارو کەوتنە نێو بارێکی دەروونیو خۆزگە خواستن و وڕێنەی دەبات. نزیکەی پازدە جار پاڵەوانی چیرۆکی (گوڵی ڕەش) دەستەواژەی (دەدەرکەوە...پەنجەرەکەی بکەوە) دووبارە دەکاتەوە، کە پەیوەستە بەخەمۆکیو دڵەڕاوکێکەی پاڵەوان.

پەنابردنی پاڵەوان بۆ چیرۆك و ئەدەب وەك خۆزگەیەك و سەرچاوەیەکە، بۆ گوزارشت کردنو رەواندنەوەی خەمۆکی: ((خۆزیا چیرۆکنووس دەبووم...ئەوسا دەتدی چ چیرۆکێکی جوانو غەمگینی ئەم وێنەیەم دەنووسییەوە...چیرۆکی ئەو گوڵە سیس و ژاکاوانە، تۆران و دووریت، تاسە و سووتان و شەونخوونی هەفتەیەکم، خەم و ژان و حەژمەتی تەنیایی، برینی جودایی، ماتەمینی، بێزاری و مەستییەکی تاڵ...گریان و شتی تر حەزیشم دەکرد چیرۆکەکەم هەر بەناوی ئەو گوڵە مۆرە بووایە)) (کۆچیرۆکەکان:ل٧٨-٨٨).

ئەو بارە دەروونییە و خەمۆکییەی، کە پاڵەوان تووشی دەبێ جۆرێك لە وڕێنەو ئازاری دەروونی لە توانا جەستەییو دەروونییەکانی کەم دەکاتەوە: ((بەڵام کەی لەتاو ئازارو خەمو دەردی خۆم و خەڵکی دەپرژێمە سەر ناوی گوڵ و مەل، هۆگەلی زۆرن...باخچەکانیش وێران

کران و بوون بە شۆستەو شەقام، کران بە دەزگاو باڵەخانە، ئوتێلی دەنهۆم و بیست نهۆم، تێك دران و وێران کران... وەك ئەو دڵەکەلاوەی من بوون بە خاك و خۆڵی ژێر پێی ڕێبواران)) (کۆچیرۆکەکان: ل٨٨).

کارەکتەری چیرۆکی (میم) کەسێتییەکی ڕۆشنبیرە و لە ململانێدا لەگەڵ دەوروبەر و ئەو کەسانەی بیر تەسکن و جیهان بینینیان بۆ ژیان کزەو پڕن لە هەڵەو ناشیرینی ژیان، کە هەموویان بەدوای حەزو ئارەزووەکانیان دەگەڕێن، بەپێچەوانەوە ئەمینی کارەکتەری سەرەکی کەسێکە دڵی پڕە لە هیواو خەون پێچەوانەی ئەوانیش بیر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەش کەسێکی ئیفلیجە لە هەمان کاتیش کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرەو ئەوانەی بەرانبەری هەر لە ئەنوەری برای و برادەرانی دیکەی ئەنوەر، کە شەوانە دێنە لای و گاڵتە بە بیرکردنەوەی دەکەن، ئەوان لەئاست (ئەمین)دا ئیفلیجن هەرچەندە کتێب و خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەگەڵ نووسەران ڕەوانەوەی ئەو خەمانەی (ئەمین)ن، هەر لەدەستدانی ژن و تەڵاقدان و ژیان بەسەر بردن لە ماڵی ئەنوەری برای تا ئەو تەنهاییەی، کە ئەمین بە تەنها لەماڵ جێ دەمینێ و دڵنەوایی دەکەن: ((من بە چیرۆکێکم سەدەها ڕێگەو تونێل و دەربەندم دەنێو زاتی مرۆڤ خۆش دەکرد...ئەوەتا بێ ترس و شەرم چیرۆکی خۆم و گوڵناز دەنووسمەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠٦).

بەشێك لە دڵنەوایی کارەکتەر ئەو نووسینانەن، کە خەو و ئازارەکانی بە چیرۆك دەردەبڕێو تف لەوانەش دەکات، کە شتە جوانەکان ناشیرین دەکەن، لەگەڵ ئەوەش تەنها لەدەست دانی ئەو خۆشەویستیو ئەوینەی ژنەکەی و منداڵەکانی دەبێتە سەرچاوەی خەمۆکی: ((کاری ژینگە وەك کێشەی داراییو خێزانیو ناکۆکیو دووبەرەکایەتی لە کاری ڕۆژانەدا لەگەڵ هاوڕێیاندا یان تووش بوونی کێشەیەکی بێ چارەسەر یان سەرنەکەوتن لە هێنانەدی ئامانجەکانی مرۆڤ))[٣٨٦].

لە باسکردنەکانی کارەکتەر وەك ئەو بارەی کە تێیدا هەیە هۆکاری خەمۆکی دەردەکەوێت: ((ئەوانەی تامی خۆشەویستیان نەکردبێ....حەزناکەن کەس یەکدی خۆش بوێ، خەڵکانی نەگریسو دڵڕەش زۆرن، توانییان کەعبەی ئەوینی من برووخێنن، ئێستا تەنیام....پیاوێکی بێوە مێرد، خۆم و ژوورێك و کۆمەڵێ کتێب، سەرینی تەنیایی، بۆن و ڕەنگ و تۆزی غەریبیم لێنیشتووە، ریش ناتاشم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠٩)، هەروەها کارەکتەری سەرەکی لە درێژەی

---

(٣٨٦) محەمەدکەریم شەیدا- نەخۆشییە دەروونیەکان و دەروون لەشیەکان (سایکۆسۆماتی)یەکان، ل٧٠.

ناساندنی خۆیدا دەڵێت: ((دوای هەفتەیەك ڕۆیشتن، تەنیاتر بووم...خۆم و کۆشکێکی چۆڵ...بۆنی ئەشکەوتێکی ترسناکی لێدەهات، دە. دوازدە ژوور، جار جار پووره خەجێ سواری عارەبانەکەی دەکردم و بە ژوورەکاندا دەگەڕام، مۆبەق، ژووری میوان، ژووری نووستن سیسەمی نەرمی دوو کەسی...کە دەچوومە ئەو ژوورە ئاخم هەڵدەکێشا و دوو دڵۆپ فرمێسك لەچاوانم دەتکا، لەئاوێنە بازنەیەکەوە لە ڕوخساری خۆم ڕادەمام...لەوە دەچوو سەیری کابرایەکی نامۆو نەناسیاو بکەم...بەسەر ڕوومەوە تۆزی مەرگ و غەریبیبم بینی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٧).

ماندووبوون و بێزاری و هیلاکی لایەنێکی دیکەی ئەو خەمۆکییەیەی کارەکتەرەکە دەڵێ: ((لەتاو تەنیایی‌و... بێ ئۆقرەی خۆمدا بە شەو و ڕۆژێك ڕۆمانێکم دەخوێندەوە...زۆرم نووسی مندالّی، هەرزەیی، ئێستام..غوربەت و تەنیایی نێو گەڕەکی خوا پێداوان... بەیانییەکیان لەخەو هەستام و تانەیەك... کتوپڕ تانەیەك نیشتبووە سەرچاوەکانم... دونیایەکی تاریك و لێڵ، ئاخر لەو ماوەیەدا هیچ کەسێك لەو گەڕەکە سەری لێنەدام)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٨).

نامۆبوون بە گەڕەکی خوا پێداوان، کە تەنیاییەکان زیاتر دەکەن و ئازاری خەمۆکی قووڵتر دەکەن ئەو کاتەی کارەکتەر تەنهایەو باجی خەجێش دیارنییە لە ماڵە چۆڵەکەدا: ((لەم گەڕەکە تێرە و لەبرسانا بمرم؟! سەیرە... زۆرجار لەسەر پارچە کاغەزەکان لەبرسییەتی دەدوام، لەنێو کتێبەکاندا برسییەتیم دەخوێندەوە... بەڵام ئێستا خۆم هەستی پێدەکەم... دەمار دەمار... ڕیشاڵ ڕیشاڵ... مووو... موو کوا باگوێ بگرم... ئەو ئەم نوزەیە چییە..؟ خیزەی سینگی خۆمە یان نووزەی سەگەکەیە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٩).

یەکێك لەسیماکانی خەمۆکی پەنا بردنەبەر مادە سڕکەرەکان و جگەرەیە، لە چیرۆکی (ئێوارەو شتی تر) گێڕەوە لەوەسفی کارەکتەر دەڵێ: ((بە حاڵ لوولەیەکی باریکی دووکەڵەکەی بەرەلا دەکرد ماتووو و نیگەران ڕووەو خۆری ئاوابووی دەم کەل دەیڕوانی...ماتییەك خەمێك، کە هیچ هۆیەکی بەرجەستەی نەبێ خەمێك لەو خەمانەی کتوپڕ ئیفلیجت دەکا، هەرچوار دیوار و بن میچەکە دادەخزان و وێك دەهاتنەوە ڕووەو ئەو پنتەی ئەمی لێ وەستابوو)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٩)، ئەو پاڵەوانەی کە لە بارێکی خەمۆکیدا دەژی جۆرە تەنگەنەفەسی‌و دڵتەنگییێکی وای تووش بووە، بەلایەوە بۆنی مەرگی لێدێت هەروەك دەڵێ: ((جگە لەکتێبەکانی هەموو شتێك بۆنی مەرگی لێ دێ... ڕەنگی غوربەت... وای هەست کرد گەر ئەم ژوورە جێ نەهێڵێ تۆزێکی دیکە دەخنکێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٩)، ئەو کارەکتەرەی کە

دڵی بەهیچ شتێك خۆش نییەو سیماو نیشانەکانی تەواوی خەمۆکی لەهەڵسوکەوتەکانی دیارە: ((نە لەم ژوورە دەحەسایەوەو نە دڵیشی بە پیاسەی ئێواران خۆشە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٩)، کارەکتەری چیرۆکی (ئێوارەو شتی تر) بە پێچەوانەی بارە خەمۆکییەکانی دیکە لە کارەکتەر و چیرۆکەکانی دیکەی شێرزاد حەسەن، پەنا ناباتە بەر ئەدەبیات و هونەر بۆ داهێنان و جۆرێك لە سووککردنی بارە دەروونییەکەی، بەڵکو زیاتر پەنا بۆ خواردنی جگەرە دەبات: ((پاشان خانمەکەم من گەر جگەرە نەسووتێنم دەبێ یان خۆم یان دونیا بسووتێنم...تۆ قەت ناتوانی بەئاسانی وەڵامی پرسیارێك بدەیتەوە..! کە دونیا بوو بە شێتخانە چاوەڕێی چ حیکمەتێك لەمن دەکەی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١٠)، هەرچەندە ئەو خەمۆکییەی پاڵەوان درێژەی هەیە بە تایبەتی لەدەمەو ئێواران: ((زۆرجار خەمۆکی ڕۆحی داگیر دەکا خاولیەکەو لیفکەو سابوونێك دەخاتە نێو زەرفێك و لە گەرماوەکە چڵکی قەهرێك لە خۆی دەشواتەوە و تاوێك ئاسوودە دەبێت..تەنیا تاوێك...هەموو ئێوارەیەك و خەمێکی تازە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١٠)، ئەگەرچی پەنابردنە بەر ئەدەبیات و هونەر لای کارەکتەری چیرۆکی (ئێوارە و شتی تر) لەئارادا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەر خەمۆکییەکەی نابێتە مایەی خۆکوشتن، یان پەنا بردنە بەر مادە بێهۆشکەرەکان، بەڵکو سووتان و گریانی هەر بۆ دڵی خۆیەتی هەروەك دەڵێ: ((تۆ بڵێی زیندانی ژیانی لا خۆشتر نەکات..؟ تا دەهات خەم پتر دڵی دەکوشی هێدی هێدی لەژێر لێفەکەوە هەنسکی دەدا... هەنسکی بێهوودەیی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١٠)، لە چیرۆکی (شاعیر) خەمی لەدەستدانی یار ئەو هەستەی کە شاعیرێك دەیدۆڕێنێ بۆیە شەیدابوونی شیعرو بیرەو جگەرە هۆکارگەلێکن بۆ خۆ ڕزگارکردن لە تەنیایی و خەمی لەدەستدانی یار، باوەشی یار بۆ کارەکتەری چیرۆکی (شاعیر) ئەو خەمانەی کە ڕەنگێکی دیکەو جۆرێکی دیکە بوون: ((ئەو کەسە چیمەن بوون...خەمیش ڕەنگێکی دیکەی هەبوو...لەو خەمە پەمەییانەی لە چاوانیا ڕەنگی دەدایەوە !)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٧).

بەیەکەوە بوون، شیعرەکانی کارەکتەر بۆنی قژ و تامی ماچ ڕەنگی چاوی چیمەنیان دەبەخشی، بەڵام ئێستا بۆنی تەنیاییو خەم و دابڕان و نامۆییە لەو ڕۆژەوەی چیمەن دەستی لێبەرداوە شیعرێکی ئەو کارەساتەی بۆ نەهاتووە: (شاعیر) دەکەوێتە حاڵەتێکی خەمۆکی: ((دەستێکی بۆ قەرەوێتەکەی برد...شلتری کردەوە...هەموو ئەو پردانەی رووخاند کە ئەمیان بۆ شاری پڕ لە یادو ترسو تاڵ دەبردەوە...هەزارەها نەفرەتی لەوحەزەش کرد...رایهێنا کە شەو نیوە شەو سەر بەبارەکاندا بکات...لەو ڕۆژەوە نەفسی کورت بووە...ڕۆمانێکی تەواو بۆ

نەخوێندراوەتەوە...مانگێکە کۆتایی بە (بەرزاییەکانی وێزەرینگ) نەهێناوە...کەی وا تەمبەڵ بووە...؟ ئەوسا بەشەو رۆژێك رۆمانێکی تەواو دەکرد...هەموو چیرۆکێکی ئەوینێك چیرۆکێکی خۆی بیر دەخاتەوە... ئەو پاپۆڕەشی نغرۆکرد کە بۆ بەندەری داهاتووی نادیار هەڵی دەگرێ... ئێستا نەداهاتوو دەمێنێ نەرابردوو)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٧).

ئەو خەمۆکییەی بە لەدەست لێبەردانی یار وای لێهاتووە کارەکتەر روو لە دەشتاییو باوەشی سروشت بکات، تا شاعیرێك دڵەی خەمباری هێمن بکاتەوە، لەوکاتەی ناتوانێ شیعر بۆ ئەو هەڵوێست و ساتە بنووسێ ئەوسا کارەکتەر دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەوەی رۆمانی (بەرزایەکانی وێزەرینگ).

تا بزانێ (هیسکیفلی) عاشق و شێت دوای مردنی (کاترین)ی دلبەر چی بەسەر دێ، بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی رۆمان زیاتر کاریگەری دەبێ و سەرچاوەی نەبوونی ئیلهامی شیعر بۆ (چیمەن)ی خۆشەویست دەگاتە ئەو رایەی، کە دەفتەرەکەی دەربهێنێ لەجیاتی شیعر دەنووسێ: ((ئەم عیشقەی من چەشتم...شایستەی شیعرێکی گەورە نەبوو...ئەگینا شیعرەکەی منی دەنووسی.....!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٨٣).

## نامۆیی

نامۆیی دیاردەیەکی دەروونیی کۆن و هاوچەرخەو کەم کەس لەم رۆژگارە بەدەست ئەم دیاردەیە گیرۆدەنەبووە، چونکە مرۆڤ زۆر جار لە ناوەوەی وڵات یان لە دەرەوەی وڵات تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت و ئارامی ژیانی لێ تێکدەدات و لەناخەوە هەست بەجۆرە ئازارێکی دەروونی دەکات.

نامۆیی لەگەڵ ئەوەی ریشەیەکی قووڵی مێژوویی هەیە، یەکێکە لەو بابەت و مەسەلانەی کە جێی مشتومڕێکی زۆرەو ،((تەنیا لەبەر تەمومژی ماناکەی نا، بەڵکو بەهۆی ئەو فرە پێناسانەی کە بۆی کراوە))[٣٨٧].

نامۆیی لەو جۆرە پێناسانەداو دیدی جیاواز و تێگەیشتنی جیاوازی بۆکراوە لەڕوانگەی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی، کە لەوانەشدا رەگێکی سایکۆلۆژی هەیە،

---

(٣٨٧) محەمەد زەنوون - روانینێکی گشتی و مێژووی بۆ نامۆبوون، و/دیار عەزیز شەریف،گ/ڕامان، ژ/٩١، ٢٠٠٤، ل٨٧.

هەرچەندە لەڕووی سایکۆلۆژیش بەپێی ڕێباز و تیۆرە جیاجیاکان پێناسەی جیاجیای بۆکراوە، بۆ نموونە فرۆید ((نامۆ بوونی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆت و بەندەی کە لە پێوەرو یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و لەسەرچالاکییە غەریزەیی و بایەلۆژییەکانی مرۆڤ لەڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری و مادییەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ وەکو پێوەرێك نابێ مرۆڤ لێی لابدات، ئەم نامۆبوونەش هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دەست پێدەکات))[٣٨٨].

نامۆبوون بەپێی ڕێبازی سلوکییەکان ((یاخی بوون وەڵامێکە بۆ چەند بزوێنەرێکی نامۆ بە ستراکچەری نەتەوەیو مەزهەبیو ئینجا ئۆرگانە بچووکە کۆمەڵاییەتەکانی دیکەی کە بەیەکەوە ستراکچەری کەسێتی تاکێکی مرۆڤ دروست دەکەن))[٣٨٩].

هەروەها بەلای ئەریك فرۆم مرۆڤی نامۆ ((پێوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا بە هەمان شێوە پێوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا لەدەست دەدات)) [*].

نامۆیی پەیوەست نییە بە کەسانی پڕ لە بەهاو ئاکار لە کۆمەڵگا، بەڵکو کەسانی ڕاست و لاریش دەگرێتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە نامۆبوون لەگەڵ ئەو پێناسە جیاوازانەی کە بۆی کراوە، وەك دیاردەیەکی دەروونیو پەیوەست بە بارە کۆمەڵایەتییەکان کەسی نامۆ ناتوانێت دەستەمۆی ڕەوشت و ڕەفتارەکانی کۆمەڵ بێت سەرەنجام لە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتیو خۆگونجاندن نامۆ دەبێت ((هەرچەندە نامۆیی گرفتی هەر سەردەمێکە و لە قۆناغە پێشکەوتووەکانیدا دەبێ بە هۆی سەرەکی زۆربەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان))[٣٩٠].

---

(٣٨٨) کەمال فاروق- فرۆیدیزم و نامۆبوونی مرۆڤ، ل١٤.

(٣٨٩) محەمەد تەها حوسێن- چەمکی یاخی بوون لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی سلوکییەکاندا، گ/ ڕامان، ژ/٣٩، ١٩٩٩، ل٢٢٦.

(*) دەقی ئەو پێناسە وەرگیراوە لە: { نامۆبوون لە چیرۆکەکانی (حوسێن عارف) دا، رفیق سابیر،گ/گەلاویژی نوێ، ژ/٢، ١٩٩٧، ل٣٥، سەرچاوەی ناوبراویش سوودی لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی وەرگرتووە، کە ئێمە دەستمان نەکەوت.

(٣٩٠) غیاث الدین نقشبندی- نامۆیی، چ/ یەکەم، لە( (زحژێحح ش‌ررح ÷ ژێخزرژژ ححژ زرێ ، لە چاپدراوە، ئەدوسترالیا، ٢٠٠٢، ل٤٢.

نامۆیی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا سیمایێکی دیار و بەرچاوی هەیە، وەك لایەنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی وێنەیەکی دووبارە بووی کارەکتەرەکانی ئەو چیرۆکانەن، کە نمایندەی کەسانی هەژار لەرووی چینایەتی و کەسانی رۆشنبیرن لە رووی پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە، کە دیدێکی جوان و پەیامێکی کۆمەڵایەتی بەرز و مەعریفەییان هەیە، ئەو پاڵەوانانەش وێنەی کەسانێکن لە هەموو ئەو توێژە جیاوازانەی کۆمەڵ کە دەیانەوێ بیربکەنەوە و بوونی خۆیان لە خودی خۆیاندا بێت و نەچنە ژێر باری بیرکردنەوەی کەسانی چواردەووری خۆیان، ئەگەرچی نەشیان توانیبێ کەسانی دیکەی کۆمەڵگا لەگەڵ خۆیان بگونجێنن و بە پێچەوانەی پاڵەوانێك، کە تووشی گۆشەگیری و شکستێکی وابێت، کە ناسنامەی بوونی کەسێتی خۆی لە دەست بدات، چونکە ((ئەگەر ئەوان نەشتوانن واقیعی دەوروبەریان هەڵگەڕێننەوە سەر جیهانی واقیعی هزری خۆیان، ئەوا دوا جار جیهانێکی تایبەت و ژیانێکی دیکە بۆ خۆیان دروست دەکەن))[٣٩١] .

کارەکتەری چیرۆکی (شاعیر)، وەکو کەسێتییەکی هۆشیارو شاعیریشە لەگەڵ رووتێکردنی خەم و تەنیای حەزی پشتکردنی هەیە لە شار بەرەو دەشت ئەو دەیەوێ لە باوەشی سروشت خۆی ببینێ‌و تەمی ئەو خەمەی لەدەستدانی یارە بڕەوێنێ‌و خۆی لێ بە دوور بگرێ: ((سووکتر هەنگاوی دەنا... بێ وەستان... بە پەلە... دەیویست بۆ چەند ساتێکیش بێ لە ئاژاوەو ژاوەژاوی شار دوور کەوێتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٧) ، ئەو شارەی بەهۆی زیادبوونی پێداویستی‌و نەگونجاو نەبوونی ئەو ژینگەیەی لە ئاست پێداویستییە رۆحییەکان، جۆرێکە لە نامۆبوون لە شارستانیەت.

بەلای کارەکتەر ژینگەی شار درۆیەکی گەورەی شارستانیەتە هەروەك دەڵێ: ((دوور کەوتنەوە لە شار یا زەلکاوی لیك و خوێن...؟ شار گەورەترین درۆی شارستانیەتە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٨)، هەروەها دیسان کارەکتەری چیرۆکی (شاعیر) لە بارەی ژینگەی شاردا دەڵێ: ((شارستانیەت سفلسە و چارەسەری قورسە... ئەوەندە دوور کەوتەوە... بەپێوەش سەرتۆپی خانووە هەرە بەرزەکان و گومەزی زۆری منارەکان لەچاو ون بوون)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٨) ژینگەی شار درۆیەکی گەورەیەو شاعیر نامۆیە بەو ژینگەیە، کە تێکەڵە لە ئاڵۆزی بە پێچەوانەی شار، دەشت ژینگەیەکی سروشتییە بەشێکە لە سەرچاوەی پاکیەتی‌و هەوێنی

---

(٣٩١) سەدیق سەعید رواندزی- پاڵەوان لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، ر/ هەولێر پۆست، ژ/٢٩، ٢٠٠٦/٣/١٣، ل ٧.

عەشق و پاکییەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا شار شوێنگەی ئاڵۆزی و کێشەکانەو خەمی رابردوو یا تفت و تاڵەکانە، لەو ساتەی شاعیر لەنێو هێزە نەستییەکاندا دەژین لە دیاری تفتوتاڵی ناو شار لەلایەكو لەلایەکی دیکە یادەوەری نەورۆزی پار لەگەڵ یارەکەی بەیەکەوە بوونیان سەرمەست بوون، بۆیە بەلایەوە سروشتی ئەوێ سروشتی رمانی ترس و شەرمە لەگەڵ حەزەکانی دڵدارەکان بەیەك دەگەن ((ئەم دەشتە لە باوەشی پڕ لە میهری دایکی دەچێ...ترسو بێ ئۆقرەی ناهێڵێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٨٠). نامۆبوون بە ژینگەی شار جۆرێکە لەو ئاژاوەو سانسۆرە لە چیرۆکی (تێك ئاڵان) دیسان بەراوردی نێوان سروشت و شارە. ئەو دوو عاشقەی، کە راونراون لەشار بەدەر نراون لەژێر دار و باڵ و کەرتە شاخەکان لە باوەشی سروشت بەیەك گەیشتوون، ئەو بووك و زاوایەی، کە وەکو دوو کێوی ئاوێزانی یەکدی دەبن دوور لەشار دەژین ئەو شارەی کە ناتوانن لەباوەشی ئەودا یەکتریان خۆشبوێت: ((ئاخر ناتوانم لە شارێکی پڕ لە ڕق و قینە تۆم خۆش بوێ...)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٦).

ئەو پەیوەندییەی شار پڕە لە ئاڵۆزیو ژیانی کۆیلەتی کە دەرگاکانی خۆشەویستی دادەخات، وەکو بەندیخانەیەك ناکرێ مومارەسەی خۆشەویستی تێدا بکرێت، لەنێو ئەو هەموو سانسۆر حەشاردان و خەفەکردنی سۆز و خۆشەویستییە ((شار بە پێچەوانەی سروشتە ئەو زەمینەیە کە هەموو شتێکی تێدا دەشاردرێتەوە و حەشار دەدرێت، واتە گەوهەری شتەکان لەشاردا ئاشکرا نابن))[٣٩٢].

سروشتی شار وێنەیەکی ئاڵۆزو سەرچاوەی نامۆبوونی کارەکتەرە، نامۆبوونی تاك لەو روانگە سایکۆلۆژییەوە ((واتە دابڕانی تاك لە چێژە هاوسەنگەکانی خودی خۆی لەگەڵ پێداویستیو حەزو ئارەزووەکانی دەوروبەری))[٣٩٣].

جگە لە نامۆبوون لە شارستانیەت و ژینگەی شار و گەڕانەوە بۆ سروشت بەشێکی دیکەی نامۆیو نامۆبوونی ئەو کارەکتەرانەن، کە ڕۆشنبیرنو جۆرە جیهانبینیێکی بەرفراوانیان هەیە کەسانی راستگۆن لە ئاست بیرکردنەوەکانیاندا ئەو کەسانەن، کە لەململانێدان لەگەڵ دابونەریت و کولتوورێکی نادروست، نامۆن بە کۆمەڵێك کەس و چینە کۆمەڵایەتیو عەقلی

---

(٣٩٢) عەتا قەرەداغی- گەڕانەوە لەخەیاڵەوە بۆ واقیع، (خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١٤.

(٣٩٣) یوسف عوسمان حەمەد — دەروونزانی، وتارو لێکۆڵینەوە شیکردنەوە، ل١٤١.

خێڵەکیو بیرکردنەوەی تەسك دیاردەی نامۆبوونە، وەك لە چیرۆکی (میم)و چیرۆکی (تابلۆیەکی ناتەواو) بەرهەمی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و مەسەلە چینایەتییەکان و مەسەلە سیاسییەکانی ئەو ژینگەیەی کارەکتەرن.

هۆشیاری و ئاستی تێگەیشتنی (ئەمین)ی کارەکتەر لە چیرۆکی (میم) بەرانبەری کۆمەڵێك لە دەوڵەمەندانی شارو قۆنتەراتچی و ئەندازیار باسەکانیان، تەنها پارەو ئافرەت و خواردنەوە بوو، لەگەڵ ئەوەی بەرانبەر (ئەمین) دەکەوتنە گفتوگۆ و گاڵتە پێکردن بە (ئەمین)، کە باوەڕی بەپیتی (میم) نییە وەکو: ژنەکەم،ماڵەکەم، خانووەکەم، هەستی بیرکردنەوە و داکۆکی کردن لەسەر ئافرەت کە سەرچاوەی زۆر شتی پاك و جوانە، بەهایی ئەدەبیات بۆ پێکانی راستی شتەکان و خوێندنەوەی بیرکردنەوەی ئەوان، هەمیشە (ئەمین) بەرانبەریان رووبەڕوو دەبووەوە، بۆیە (ئەمین) زیاتر هەست بەتەنیایی دەکات و نامۆ دەبێت لە ئاست بیرکردنەوەی ئەواندا: ((من تەنیانیم...کە ئێوە دێنە ژوورەکە هەست بەتەنیایی و غەریبی دەکەم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢١).

گاڵتەکردن بە ئەمین و کتێب و ئەقڵ و بیرکردنەوەی، کە خۆی کەسێکی ئیفلیجە لەماڵی (ئەمین)، بەڵام هزر و بیرکردنەوەی (ئەمین) زۆر جیایە لەوان، بیرکردنەوەی ئەوان جۆرێکە لە ئیفلیجی، کە هەموو بارزگان و قۆنتەراتچیو دەوڵەمەندو ئەندازیارەکان مامەڵەو پارە لەیەکتری نزیك کردونەتەوە، ئەنوەری برای هەمان هەستی هەیە، کە دەڵێ: ((بۆ کەس ناناسن...؟ بەڵام ئەوان لەگەڵ کەسانی وەك خۆیان هەڵدەستن و دادەنیشن...چی لە شاعیر و ماعیر بکەن...ئەوان چ کەڵکێك لەتۆ دەبینن...؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٤).

لێرەوە ((تاك تووشی ونبوون دەبێت و هەست دەکات ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست حەزەکانی خۆی و ئاوات و هیواکانی، وەکو خۆی دەیەوێت گوزارشتی لێوە بکات، ئەوان هەردەم لە دڵەڕاوکێ و پەشۆکاوی دەژین هەست دەکات جێگای نابێتەوە و دنیای لێ تەنگ بووەو هەست بە سستی دەکات))[٣٩٤]. ئەو نامۆبوونە دەروونییە هەستکردنە بەوەی، کە نە ئەمین باوەڕ بەوان پەیدا دەکات و نەئەوانیش لە ئەمین تێدەگەن ئیتر پاڵەوان ناتوانێ حەوسەڵەی ئەوەی ببێ لەگەڵیان بژی.

---

(٣٩٤) یوسف عوسمان حەمەد، دەروونزانی، وتار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، ل١٤٤.

له چیرۆكی (تابلۆیه‌كی ناته‌واو) هه‌ردوو شاكه‌سی چیرۆك (ره‌هبه‌رو شێرۆ) له‌وڵاتی (فینلندا) (هلسنكی) ده‌ژین، (شێرۆ) وه‌ك گێره‌وه‌ی چیرۆك به شێوازی (مه‌نۆلۆژ) له‌گه‌ڵ (ڕه‌هبه‌ر) قسه ده‌كات كه هه‌ردووكیان دوره وڵاتن و ئه‌وان به‌وڵاتی خۆیان نامۆن له وێ ناچار كراون روو له ده‌ره‌وه بكه‌ن: ((ده‌گریان بۆ خاكێك كه زۆر زوو زۆر هه‌رزان فرۆشتیان، تۆ هه‌ر هاوارت ده‌كرد ئه‌وان بوون خاوه‌نی ئێمه‌یان دۆڕان، تاماون، ده‌بێ به‌ر غه‌زه‌بی من و نه‌فره‌تی هه‌تیوه‌كان و بێوه‌ژنه‌كانی وڵات بكه‌ون)) (كۆچیرۆكه‌كان:ل٤٦٧).

(كوردستان) وه‌ك وڵاتێكی هه‌ردوو پاڵه‌وان (ره‌هبه‌رو شێرۆ) ئه‌و خاكه‌یه، یان ئه‌و شوێنه‌یه كه به‌رده‌وام هه‌ردووكیان به عشق و سووتانی راهاتوون، ئه‌گه‌رچی هه‌ردووكیان وان له (هلسنكی) به‌ڵام به رۆحێكی شه‌كه‌ت و ماندوو وان له كوردستان (شێرۆ) له وه‌سفی (ره‌هبه‌ر)دا ده‌ڵێ: ((هاوڕێی بێ ئۆقره‌م..له كوردستان گێچه‌ڵێك، شه‌ڕێك، ده‌مه بۆڵه‌یه‌ك هه‌بوایه تۆ له‌وێ خه‌وت لێ نه‌ده‌كه‌وت)) (كۆچیرۆكه‌كان: ل٤٦٩).

ئه‌و بارده‌خه‌ی كوردستان وێناكراوه له چیرۆكی (تابلۆیه‌كی ناته‌واو) وێنه‌یه‌كه پڕه له جه‌نگ و پڕه له حه‌سره‌ت، كه ئه‌وانی نامۆ كردووه پڕه له خه‌ونی دۆڕاو ((سیاسه‌ت بازه‌كان خه‌ڵكیان فێركرد كه تاماوین گه‌ره‌كه رقمان له یه‌كدی بێ...ته‌واو سیاسه‌ت...سیاسه‌ت لێكدی كردین، سه‌د ساڵه ده‌جه‌نگین و هه‌نووكه‌ش ده‌جه‌نگین)) (كۆچیرۆكه‌كان: ل٤٦٩).

شاكه‌سی چیرۆكی (تابلۆیه‌كی ناته‌واو) (ره‌هبه‌ر و شێرۆ) هه‌ردووكیان وێنه‌ی كه‌سانێكی رۆشنبیرن و ناتوانن له‌گه‌ڵ تفه‌نگ و جه‌نگ و سیاسه‌تی چه‌وت گوزه‌ر بكه‌ن، بۆیه ئه‌وان نامۆن به ژینگه‌ی سیاسیو ره‌هبه‌ر ده‌بێته گۆزه‌یه‌كی درزبردوو، كه دواتر له وڵاتێك ده‌شكێ كه وڵاتی غه‌ریبییه‌و (میدیا)ی ژنی كه كچێكی فینله‌ندییه تاوانی شكانی گۆزه‌ی دڵی (ره‌هبه‌ر) بۆ شه‌ڕ و جه‌نگی نێوان خێڵه‌كان ده‌گه‌ڕێنێته‌وه: ((دڵبه‌ردانه نیشانه‌تان له گۆزه‌ی دڵی ره‌هبه‌ر گرت و كردتان به هه‌زار پارچه، ئه‌و بۆ وه‌ستانی ئه‌و شه‌ڕه‌ی نێوان خێڵه‌كان، قه‌بیله سه‌رمه‌سته‌كان به ته‌پڵی شه‌ڕ گۆزه‌ی دڵی خسته‌سه‌ر ده‌ستان و هاته ناوبژیتان)) (كۆچیرۆكه‌كان: ل٤٧١)، (ره‌هبه‌رو شێرۆ) هه‌ردووكیان په‌روه‌رده‌ی ژینگه‌یه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تیو ژینگه‌یه‌كی سروشتی كوردستانن، هه‌ر بۆیه سه‌هۆڵبه‌ندانی ئه‌وێ وه‌ك ئه‌وه وایه سه‌هۆڵبه‌ندانی نێو دڵیان بێ (ره‌هبه‌ر) ده‌ڵێ: ((بیری شاخ ده‌كه‌م میدیا...شاخ..شاخ برا گه‌وره‌مانه...كاول بێ ئه‌م وڵاته‌تان كه چیایه‌كی تیا نییه...ئاه...میدیا گیان...ئه‌و زستانه من و ره‌هبه‌ر بۆ هه‌شت مانگ سه‌یری به‌فرینمان كرد...به‌فره ئه‌بارێ...به‌فره ئه‌بارێ، له ده‌ره‌وه نا، به‌ڵكو

هەموو دەنێو دڵی من و ڕەهبەردا دەباریێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٧١)، دڵەڕاوکێی ئەوان دڵەڕاوکێی نیگەرانی و مەرگە ئەو سووتانە ڕۆحەی ئەوێ بۆ دواجار (ڕەهبەر)ی لەوێدا لە (هلسنکی) کردە میوانی مەرگ.

(شێرۆ) وەك نامۆبوونێك بە ژینگەی ئەوێ و ئەو ژینگەیەی پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ و مەرگ ((تف لەو زەمەنە وایکر کوڕان بەجحێڵی باوەشی گەرمی دایکانیان جێهێڵن، بەر لەپەڕو باڵ دەرکردن ناچاریان کردین بەنێو ئاسمانەکانی مەنفا هەڵفڕین)). (کۆچیرۆکەکان: ل٤٦٤)

بەرانبەر ئەمەش وڵاتێك لە وڵاتی سەهۆڵبەندان، هەمان نامۆبوون دووبارە دەبێتەوە بە جۆرێك ئەو کوڕانەی کوڕی یادەوەری نیشتمان و ڕابردوون، چونکە ((مرۆڤ کە لە وڵاتەکەی نامۆبێ کە ئاوارە بوو بۆ بۆ شوێنێکی تر زیاتر توشی نامۆیی دەبێ، سووتانی شاعیر سۆز و کڵپەی دەروونی وەکو کانییەك دەتەقێتەوە، نامۆ بوونیش بارێکی دەروونی دەگرێتەوە))[٣٩٥]، بۆیە تەقینەوەی ئەو بارە دەروونییەش بیرخستنەوەی ڕۆژانی ڕابردوون ((ساڵانێکی زۆر لەمەوبەرکە هێشتا هەردوو تۆلاز بووین لە هەولێر تۆ کوڕێکی مەشرەف خۆش و نوکتەباز بوویت، ساڵان هاتن و ساڵان ڕۆیشتن، دواجار کە لە قوتبی باکوور بەیەك گەیشتین: تۆ گۆڕابوویت هەرزوو هەستم کرد کە تۆ چەند تووڕەی)). (کۆچیرۆکەکان: ل٤٦٤)

ناتوانن لەوێدا بحەون لەوێدا ئاسوودەبن لەوێدا غوربەتێك لەگەڵ ڕۆحیاندا دەژییێت، کە بەربەستێکەو ناتوانێت بگوزەرێن (شێرۆ) وەك لەکۆتایی چیرۆکەکەدا جارێکی دیکە لە وڵاتی نیشتمان و دایك دەژیت تارماییو دڵەڕاوکێی هەرهەیەو دەڵێ: ((کێ ناڵێ...خوا نەکردەوگوێی شەیتان کوێربێ..کێ ناڵێ نابەڵەد دوژمنکارێك بەجوانی و ئەڤین نیشانە لەگۆزەی دڵەکەی منیش ناگرێتەوە کە دەمێکە درزی بردووە، لێرە پیاوە تفەنگ بەدەستەکان شێتی ئەوەن تەقە لەکۆترو کوکوختیو ڕەنگاڵەو هەر هەموو ئاوێنەو میناکانی دڵ بکەن)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٧٣).

باوەڕی شێرۆو تێگەیشتنی لەپیاوانی وڵات کە جەنگ لەتارمایی ترس و ڕاوەدونان هیچیتر نییە ((ئەوان سوێندیان خواردووە، کە تاماون دژ بەجوانی بجەنگن...ئاخر کەی ناشیرین توانیویەتی جوان پەرست بێ؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٧٣).

---

(٣٩٥) د. کەمال مەعرووف- ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، بلاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ/یەکەم، چا/ژین، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٨٤.

نامۆیی کارەکتەرەکان، قوربانی جۆرە سیاسەتێکی هەڵەو بارە ناهەموارەکانی دەستی سیاسەتن، نامۆبوونی کارەکتەر لەلایەکی دیکە بە ژینگەی ئەویٚ، واتە دەرەوەی وڵات کە جۆرە نامۆبوونێکە لە حاڵەتی سووتانی رۆح بە کڵپەی نامۆیی، بۆیە گەڕانەوە بۆ شوێنی دایكو باوەشی دووەمی دایك شاکەسی دیکەی چیرۆك (رەهبەر) هەمان حاڵەتی دەروونیو گەڕانەوەی هەیەو بێزاری دەستی ژینگەی شارستانیەتە: ((هەروایە...منیش لێرە ماندووم...بەدەست راکە راکەی گۆڕینی میترۆ ئۆتۆو شەمەندەفەرەوە تا هەنووکەش هات و هاوارت وا لە گوێما دەزرنگێتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٦٤).

جگە لە نامۆبوون لەوڵاتێکی سەهۆڵبەندان لە چیرۆکی (تابلۆیەکی ناتەواو) نامۆبوون بە ژینگەو گەڕەکێك، کە پڕن لە پیاوانی بازرگان و قۆنتەراتچی و دەوڵەمەندان و پیاوانی (میم) دوای نەگەڕانەوەی (پوورە خەجیٚ)، کە دوای رۆیشتنی ئەنوەرو خێزانەکەی بۆ دەرەوەی وڵات ئەمین، کە پێویستی بەکەسێك هەیە خزمەتی بکات لەوساتە دەروونییەدا دەژی، کە ترسو دڵەڕاوکیٚ تەنگی پێهەڵدەچنن زیاتر ئەو بارە نامۆیە لەڕوویدا دەردەکەوێت، جگە لەوەی ئەو حەزی گەڕانەوەی هەیە بۆگەڕەکی هەژارەکان و گەڕانەوە بۆ ئەو باوەشەی، کە مرۆڤایەتیو هەستی بەزەییو ئاگا بوون و تێگەیشتن لە برسیەتیو نەهامەتی لای ئەوان هەیەو ماوە، واتە بەشێکی دیکەی نامۆیی گەڕانەوەیە بۆ سروشتی لادیٚ و گەڕەکە مللییە هەژارەکان: ((ئاخ بۆ ژیانێکی سادە لە کوێرە گوندێکی لای خۆمان کە بەهاوارێك هەموو ئاوای لەخۆت کۆدەکەیتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٦٤).

هەروەها لە چیرۆکی (میم) نامۆبوون بە گەڕەکە دەوڵەمەند و بازرگانەکان ئەو گەڕەکانەی بەلای کارەکتەر هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و حەزی یارمەتی دانیان تێدا نابیندرێت، ئەو گەڕەکانەی کە کەس بەمردن و لەدایك بوونی یەکتری نازانیٚ، لەو کاتەی کارەکتەری چیرۆکی (میم) دڵی پڕە لە ئێش و ئازار و نزیك و لە هەڕەشەی مەرگ و نوقمی تەنیایی وەك کەسێکی ئیفلیجە، بۆیە ئەوان کەس نابینن کارەکتەری چیرۆکی میم بەو هۆشیارییەی خۆیەوە، دەیەویٚ بڵیٚ کەس لەو گەڕەك و ماڵانە تەنهاکان ناناسن پیاوانی ماندوو دڵ پڕ لە ئێش و ئازار ناناسن: ((کەس منی نەبینی من هەموو کەسم دەدی، جا کیٚ رۆحێکی تەنیاو بریندار دەبینیٚ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٣١).

چیرۆکنووس بەهۆی فەنتازیاوە، هەستی مردووی کەسێك دەخاتە قسە ئەوانی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان بە مردنێکیش نایەنە قسە ((ڕۆژێکی تریش لەوکۆشکەدا مامەوە، دواجار لەچاوەڕوانی بیزار بووم کەس دەنگی نەبوو... ڕەنگی نەبوو... خۆم تەرمی خۆم خستە سەرشان و ڕووەو دەرگای دەرەوە ملم نا، تەرمەکەم گەیشتە نێو کۆڵان و کەس نەیدی، من کە زیندوو بووم کەس سەیری نەدەکردم، کەس نەی دەبینیم...ئێستا کە مردم کێ دەم بینی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٣١).

بەرانبەر ئەمەش چیرۆکنووس لە سەر زاری کارەکتەر بەراوردێکی هەردوو گەڕەکی دەوڵەمەندەکان و گەڕەکی هەژارەکان دەکات، کە پێشتر کارەکتەر لە گەرەکی هەژارەکان ژیاوە: ((ئەم گەڕەکە زۆر کپ و مەنگە، مەنگە، مەنگە وەك زۆنکاوە وەستاوەکان، ئەو زۆنکاوانەی نە ئاویان دێتە سەرو نەئاویان لەبەر دەڕوا دیوارەکان زۆر سپین و دڵەکانیش زۆر ڕەش ئێرە دۆزەخێکی زۆر ڕەنگینە، ئێرە وەك ئەوێ نییە..لەوێ ئاگامان لە چرپەو خشپەو هەناسەی یەکدیش هەبوو، گریان و پێکەنین، شاییو پرسە، بەشەڕ دەهاتین و زووش ئاشت دەبووینەوە، لە هەموو هەوراز و نشێوێکدا دەستی یەکدیمان دەگرت جنێومان بەیەکدی دەداو یەکتریشمان ماچ دەکرد)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٢).

هاوکێشەی ئەم بەراوردیەش لە چیرۆکی (میم) کۆشکەکان = بەئەشکەوت ((کۆشکەکە وەك ئەشکەوت بە پیتی (میم) دەنگی دەدایەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٨) گەڕەك = بەسەحرا، خەڵکەکەش = بەگەلۆر.

# بەشی چوارەم

## کارەکتەری سەرەکی و باری دەروونی لەنێو چیرۆکەکاندا

## جۆری کارەکتەری سەرەکیو کەسێتی چیرۆکەکان

هەمیشە چیرۆك پشت بە گێڕانەوە دەبەستێتو گێڕانەوەش وەك بنەمایەکی هونەری چیرۆك زیاتر پشت بە رووداو دەبەستیو هەروەها رووداویش وەك بنەمایەکی هونەری چیرۆك زۆرجار لەژێر کاریگەری کاراکتەرەکانی چیرۆکدایە، چونکە کارەکتەر لەوەدا کۆنترۆڵی رووداوی سەرەکی چیرۆك دەکاتو بەرەو ئەو ئامانجەی دەبات کە چیرۆکنووس دەیەوێ بیگاتێ، کەواتە هەبوونی کارەکتەر وەك بنەمایەکی هونەری چیرۆك زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانێ رۆڵی خۆی بنوێنێ بەسەر رەوتی رووداوی سەرەکی نێو چیرۆکەکەو لەم حاڵەتە تەنیا ئەو کارەکتەرە رۆڵی کارەکتەری سەرەکی دەنوێنێ، کەوا بتوانێ کاریگەری خۆی بەسەر رووداوی سەرەکیی نێو چیرۆکەکەدا بنوێنێ و لە بەرانبەر ئەمەشدا کارەکتەرەکانی دیکەی نێو چیرۆکەکە رۆڵی کارەکتەری ناسەرەکیی دەنوێنن، هەرچەندە لەوانەیە لەهەندێ چیرۆکدا دوو کارەکتەری سەرەکی بەدی بکەین ئەمەش لە حاڵەتی ئەوەی چیرۆکنووس بیەوێ چیرۆکەکەی لە شێوەی چیرۆکی فرە دەنگی بێت، کارەکتەر وەك هەڵسوڕاندنی رووداو لەلایەن چیرۆکنووسەوە دەخرێتە گەڕ لە گێڕانەوەی چیرۆك و رووداوەکانی چیرۆك لەسەر هێڵێکی سەرەکی دەڕوات، کە کارەکتەری پێ پێناس دەکرێت و خوێنەر یان گوێگر بە دیاردەو هەڵسوکەوت و ناخی کارەکتەر ئاشنا دەبێتو پەردە لەسەر نهێنییەکانی کەسێتی لادەچن کە لەنێو چیرۆکدا لەلایەن نووسەر بەپێی گۆشەنیگای تایبەتی خۆی خراوەتە روو، جا ئەمەش چ لە ڕێی گێڕانەوەی حیکایەتخوانبێت یان مەنەلۆگ و گفتوگۆو شێوازەکانی شەپۆلی هۆش بێت، کە بەشێوەیەکی گشتی لە چیرۆکەکانی شێرزاد (مەنۆلۆگ) خۆدواندن و فلاشباگ وەك تەکنیك بۆ رووداو چنین و دەربڕینی بارە سایکۆلۆژییەکانی کارەکتەر سوودی لێوەرگیراوە ئەمەش پێویستییێك و دەرخەری چیرۆکی دەروونین، چونکە زیاتر ئەو تەکنیك و شێوازانە لە خۆدەگرێت، کە بەناخی کارەکتەردا گوزەردەکەن و شۆڕدەبنەوە ، یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی ئەدەب قسەکردنە لەسەر ئەو بارە سایکۆلۆژیانەو ئەو فرمێسك و ڕووداوانەی، کە مێژوو قسەی لەسەر ناکات و چاوپۆشی لێدەکات بۆتە لایەنێکی فەرامۆشکراو، بەپێچەوانەوە ئەدەب

قسە لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانە دەکات، کە روویان داوە، یان روودەدەن لە ئێستاو ئایندەشدا کاریگەریان هەیەو پیشاندانی راستیو لایەنی دەروونی، ئەرکێکی گرنگی هونەرمەندو ئەدیبانە، وەك رەوتێکی گشتی لایەنی مێژووی راژەی ئەدەبی بەرچاوە.

ڕووداوە کۆمەڵایەتیو راستەقینەکان لە چەند ساڵانی رابردوو سەرەتای ئەزموونی چیرۆکنووسێکی وەك شێرزاد حەسەن بە بەردەوامی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەی تاکەکانی کۆمەڵ تێیدا دەژین، تا ئێستاش بەردەوام خوێنەر و گوێگر لەگەڵ رووداوەکانی چیرۆکەکەکانیدا هاوسۆز دەبن(*) لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکانی چیرۆکنووس، ئەمەش راستیو بوونی نەستی کۆ دەردەخات، کە پەیوەستە بە چەپاندنەکان و هاونزیکیو دووبارە بوونەوەی بارە دەروونییەکان لە کۆمەڵگەی کوردی. ئەو بارە سایکۆلۆژییە و بەها کۆمەڵایەتیانەی کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر جۆری بیرکردنەوە و یادەوەریەکان. شێرزاد حەسەن لە دیدی خۆیەوە بە هەڵبژاردنی کارەکتەری جیاواز لە قۆناغە جیاوازەکان و رەگەزی جیاواز و تەمەنی جیاواز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی جیاواز و وێناکردنی باری کۆمەڵایەتیو باری دەروونی کەسانی نێو کۆمەڵ و لە ڕێی شاکەسیو کەسێتی لاوەکی خراوەتە روو، شێرزاد حەسەن ((تەواو شۆڕدەبێتەوە نێو ناخی پاڵەوانەکانی و ورد و درشتی کەم و کورتییە کەسایەتییەکان، کۆمەڵایەتییەکانیان بەدیار دەخات، چونکە لای ئەو پاڵەوانی سەرکەوتوو ژێر کەوتوو نییە، بەڵکو لە خستنەرووی کارەکتەرەکانیدا بڕوای بە دەرخستنی گەوهەری کێشەکانە، واتە ئەو دەرد و درمەی کەسانێك، کۆمەڵگایەك، خێزانێك، پێیەوە دەناڵێنن چییە؟))(٣٩٦)

بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر سەرنج لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی) بدەین زیاتر شۆڕبوونەوەو دەرخستنی حاڵەتی تەنیایی و خوێندنەوەی باری سایکۆلۆژی کەسە تەنیاکانە، کارەکتەری سەرەکی لەگەڵ بیرکردنەوەی ئازارەکانی ناخی خۆی تەنهایە ، بۆیە چیرۆکنووس لە کۆمەڵە چیرۆکی(تەنیایی) زیاتر لە ڕێی گێڕانەوە و خۆدواندن ئەو بارە سایکۆژییەمان نیشان

---

(*) شێرزاد حەسەن دەڵێ: (( بەپێی ئەوەی تائێستاش زۆر لە خوێنەرانم هاوسۆزدەبن لەگەڵ دەقەکانم وەك ئەوەی ئەوانیش خۆیان بن لە چیرۆکەکان هەست دەکەم کۆمەڵگای کوردی گۆڕانێکی وای تێنەکەوتووە)) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، ٢٧/٥/٢٠٠٦.

(٣٩٦) شوکر سلێمان - خوێندنەوەی لایەنە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانی چیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان)، ڕ/ ستایل, ژ/ ٤٧، ١٥/٦/٢٠٠٦، ل ١١.

دەدات، کە نووسەر دەیەوێ خوێنەریش وەك کەسانی دەرەوەی ناخی کارەکتەر بەو بارە سایکۆلۆژییە ئاشنا بکات. لە چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران)دا کارەکتەری سەرەکی خۆی تەنیایەو کەسیش پێی نازانێ چیرۆکنووسیش دەیەوێ ئەو کارەکتەرە تەنیایەمان پێ ئاشنا بکات، کە کەم کەس هەن لە کۆمەڵدا دەیبینن، ((وشەیەك نییە بۆن کرۆزی ئەم دڵ و دەروونە سووتاوەم بدا)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٤).

لە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش)دا کارەکتەرەکانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە گوڵبژێرێکن لە کۆمەڵ ئەوان کۆمەڵێکن لەو کەسانەی، کە هەوڵی سەپاندنی راستی دەدەن و لە ململانێدان لەگەڵ کۆمەڵ و پەیامێکی کۆمەڵایەتی و بەهای کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، هەرچەندە ئەو کارەکتەرانەی چیرۆکی (گوڵی رەش، گوناهی سپی، من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ، رەنگاڵە، میم، زەلکاو) کەسانێکن رەنگە بیرکردنەوەیەکی تاکییانەیان هەبێت، بەڵام لەگەڵ بیرکردنەوەی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ (مێ گەل) جیاوازن چ لە بیرکردنەوە، چ لە ئاستی رۆشنبیریدا، کەسانێکن نایانەوێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا تەبابن، کە کار لەسەر جیاوازی چینایەتی دەکاتو نایانەوێ تەبابن لەبەرئەوەی کۆمەڵگا کار لەسەر چەپاندن دەکات، بۆیە هەموو کارەکتەرەکان کێشەیان تووش دێت ئەو کێشانەش قوربانی دەستی راستگۆیین لەوانە (منو قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)، کە لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆیەو پەشیمان بوونەوەکەی لە نامەی ماستەرەکەی بۆ بابەتێکی تر، کە شتێکی زۆر زانست پەروەرانەی تێدایە، لەبەرئەوەی ئەو کارەکتەرانە دەیانەوێ خۆیان بن و یەك دنیا شت دەدۆڕێنن، هەروەك مامۆستاکەی (زەلکاو)، کە نایەوێ منداڵەکان وەچەی تازە لە زەلکاو نزیك بکەونەوەو ببنە قوربانی دەستی باوانیان، کە ئەوان وان لەناو زەلکاودان و ئەو زەلکاوەی کە پڕە لەپیسیە کۆمەڵایەتیەکان و پڕە لە پێ داگیری و ئەقلیەتی بۆگەن و ڕزیو هەر بەو نەریتەوە باوکان و دەسەڵاتی ڕەهای خێزان دەیانەوێ هەڕەشەش لە ئەقڵییەتی منداڵەکانیان بکەن، چونکە مامۆستاکەی زەلکاو لەبەرئەوەی پەیامێکی کۆمەڵایەتیو فریاد رەسی هەیە بەرانبەر هەموو ئەو شتانە دوای ململانێییەکی زۆر لەسەر ئەقڵییەتی زەلکاو سەرەنجام هەر خۆی تیادەچێ.

بەردەوامبوونی هێڵە سەرەکییەکەی کۆمەڵە چیرۆکی (گۆڵی رەش)، کارەکتەری سەرەکی زۆرشت لەپێناو ئەو راستییە دەدۆڕێنن یان خۆیان تیا دەچنو وێنەی هەمان باری دەروونی لە چیرۆکی (گوناهی سپی) قوربانی دەستی بیرکردنەوەی چوارچێوەی ئەو دابونەریتەیە، نایەوێ کەس قسە لەسەر ئەو داخراوییە بکات، کە کارەکتەری چیرۆکی (گوناهی سپی) قسە دەکات

لەو نێوەندەداو، کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (گوناهی سپی) ریسوادەبێ. کارەکتەرەکانی ئەو کۆمەڵە چیرۆکانە هەمیشە غوربەت و نامۆیی دایان دەگرێت و حەز بە تەنیایی دەکەن، ئەمانەش بەشێکن لە دۆڕاندنی ژیانی خۆیان.

ئەمە وێنەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە نایەوێ کەس لەو خەتانە دەربچێ کە کۆمەڵگاو کولتوور وێنەی کردووەو، قبووڵی شتی تازە ناکات و نایەوێ کەسیش دەست بخاتە نێو گۆڕانەکان، بۆیە هەوڵی تاکەکانیش ڕیسوابوون و قوربانییە، ئەمەش پێناسێکە کە کۆمەڵگایەك هێشتا هەر لە قۆناغی داخراوی دایەو لە ئاست گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا کزە، چونکە ((ئەو کۆمەڵگایە ڕۆحی جەماعی تیازاڵە))[٣٩٧]، بۆیە بیری تازە لەرێی تاکەوە نابێتە پەیامێك کە کۆمەڵ بخاتە بارێکی تازەو دروست، بەڵکو دەبێ زیاتر کارەکتەرەکان پەشیمان ببنەوەو دەبێ زیاتر تیابچن و دەبێ گۆشەگیرو نامۆبن، لە کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان)دا ئەزموونێکی تازەو بەپشوویێکی درێژەوە نووسەر بۆ زیاتر بینینی باری سایکۆلۆژی کەسێتییە تەنیاکان، وەك لە چیرۆکی (ئێوارەو شتی تر)و زیاتر بە باری دەروونی کارەکتەردا شۆڕدەبێتەوە، هەروەها قسەکردنی زیاتر لە پێوەندی نێوان (نێرو مێ)یەو وەك لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان)و (تێك ئالان)و (ماڵئاوا خۆشەویستم)و (لۆزان)و (مەمو زین)و (ماچێکی سوێر) بەشێك لە راستیو هەڵەو چەوتی ئەو پێوەندییە خراوەتە روو، لەلایەکی دیکەشەوە کارەکتەری چیرۆکەکانی (ماڵئاوا خۆشەویستی)و (کەوتنی ژمارەکان) جۆرە کارەکتەرێك هەیە، کە باس لە نەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی بەگشتیو دۆڕاندنی بەهاکانی خۆشەویستی دەکات لەرێی پەنابردنە بەر فانتازیاوە.

سەرەڕای بەردەوامی لە خەمەکانی تاك و کۆمەڵ لە کۆمەڵە چیرۆکی (پیرە پەپوولەکانی ئێواران)دا بوونی کۆمەڵگەی مێگەلی و دەسەڵاتی باوکسالاری و دەسەڵاتی سیاسی وەك دەسلاتێکی تاك رەویانە بەرانبەر زەلیلی نەوەکان و قوربانی بوونی نەوەکان بەرانبەر ئەو دەسەڵاتە و چیرۆکنووس بە شێوازێکی تۆکمە و بەرفراوانتر قسەیان لەسەر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کۆمەڵە چیرۆکەکان و هەموو ئەو چیرۆکانەی لە خۆشیان دەگرن، وێرای خستنەڕووی بابەتێکی سەرەکیو وروژاندنی بابەتێك وەکو (بێوەژن) لەهەموو ئەو پانتایەدا، کە زیاتر بۆ کێشەو لایەنی دەروونی بێوەژن تەرخان کراوە، بوارێك بۆ ئەوە دەمێنێ لەیەك چیرۆکدا چیرۆکنووس پەل بکێشێ بۆ لێدوان لەسەر بابەتەکانی وەکو هەژاری و باوکسالاریو

---

(٣٩٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، ٢٧/٥/ ٢٠٠٦.

پەروەردەو..هتد ئەمەش لە چوارچێوەی یەك چیرۆكدا مانای بوون و چڕكردنەوەی یەك كێشەو بابەت نادات، بەڵكو ورووژاندنی كۆمەڵێك لایەنی دەروونی دیكەی لەپشتە، ئەمەش دەسەڵاتی چیرۆكنووسە لە ئاست گۆشەنیگاكانی بۆ ژیان لە روانگەی سایكۆلۆژییەوە.

## كارەكتەری كەسێتی ئافرەت

ژن وەك یەكێك لەو بوونەوەرە كۆمەڵایەتییە گرنگانەی، كە بە درێژای مێژوو زیاتر لە پیاو جێگای مشتومڕە لە رووی جیاوازیو رۆڵە كۆمەڵایەتییەكانو لەلایەكی دیكەش ئافرەت دەبێتە پێكهاتەیەكی جیاواز لەكۆمەڵ، لەوانە قەیرە كچ و بێوەژن، هەریەكێك لەوانە وێنەی جۆرێك لە تێڕامان و دیدی جیاوازی پێویستە، زیاتر لە پێكهاتەو توێژەكانی دیكەی مرۆڤ. لە زووەوە ئافرەت و كێشەكانی ئافرەت لەنێو فۆلكلۆر تەوەرەی باسكردن بووە، هەروەها سەرەتاكانی سەرهەڵدانی چیرۆكی هونەری كوردییەوە تا ئەمڕۆ ئافرەت كەرەستەیەكی سەرەكی چیرۆك بووە، بۆیە زۆرجار لای چیرۆكنووسان ئاوڕیان لێدراوەتەوە، وەك رەمزی خۆشەویستی و هەڵگری كۆڵێ لە خەمەكان و هەندێ جاریش بوونە قوربانیو چەوسانەوەی ژێردەستی ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتییەی، كە رەگی لەناو كولتووردا هەیە، بەتایبەتی لە چیرۆكەكانی بەر لەسالانی حەفتاكان ((كەم نین ئەو نووسینانەی لەسەر ئافرەت نووسراون لە زۆربەی زۆریاندا راستی و ئەو جورئەتی وتنیان تێدا بزرە))[٣٩٨] خوێندنەوەی دەروونی ناوەوەی كارەكتەری ژن لای چیرۆكنووس شێرزاد حەسەن، زیاتر جیهانی ناوەوەی ئافرەتە نەك رووكەشو دەرخستنی دیوی دەرەوەی ئافرەت، جا ئەمە چ وەك كارەكتەرێكی سەرەكی رۆڵی شاكەسی بینیبێ، وەك لە چیرۆكی (خوشكەكان)و (بێوەژن)و (نهێنی)و (مارلین)، یان وەك لە چیرۆكی (پیرە پەپوولەكانی ئێواران)و (گوڵی رەش)و....هتد، وەك كارەكتەرێكی لاوەكی رۆڵی بردنە پێشی رووداویان هەیە.

---

(٣٩٨)سەباح ئیسماعیل- چەمك و ستاتیكای شوێن لەئەدەبدا، چ/یەكەم، لەبڵاوكراوەكانی لقی كەركوكی یەكێتی نووسەرانی كورد، چا/ئەرەبخا-كەركوك، كەركوك، ٢٠٠٥، ل١٢٣

**دایك**

دایك وێنەیەكە لە ژن، زۆرجار لە چیرۆكەكانی شێرزادا رەمزی خۆشەویستیو سۆزدارییەو سەرچاوەی دڵدانەوەشە، لەلایەكی دیكەش ئامرازێكە بۆ پیادەكردنی ترس لە رووی پەروەردەییو هاوبەشی كردەی خەساندنە، دایك لە چیرۆكی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆش ویست) باوەشی میهر و داپۆشینی ترس و ئازارەكانی كارەكتەرە لەدەستی باوك،چونكە بەرانبەر بە منداڵێك هەڵسوكەوت و پەروەردەیەكی شەڕاوی هەیە، سەرشكێن و دڵشكێن و رۆحشكێنی منداڵەكەی دەكات هەروەك كارەكتەر خۆی دەڵێت: ((بەسەرما لاربووەوە... نووشتایەوە... وەك مریەم.. بەسەر عیسای بریندار نووشتایەوە... باوەشی پڕ لە میهرەبانی شاردمییەوە)) (كۆچیرۆكەكان: ل١٨).

هەروەها لە چیرۆكی (ترس)دا دایك وێنەیەكی دیكەیە لە زەلیلی لە بەرانبەر دەسەڵاتی باوك ((دایكی خواپەرست و گرینۆكە))[٣٩٩]. كارەكتەری چیرۆكی (شاعیر) لەگەڵ ئەو بارە ناخۆشەو بارە دەروونییەی، كە بوونێكە پڕە لە غوربەت و هەستی ناسكی شكستێكی سۆزداری و ئەو پەری تەنهاییو بێ ئۆقرەیی خۆی جگە لە گەڕانەوە بۆ سروشت، ئەو سروشتەی كە دوورە لە ئاڵۆزی و وێنە تێكشكاوەكانی ترس و بێ ئۆقرەییو سەرچاوەی دڵنیاییە، لەلایكی دیكەش باوەشی پڕمیهری دایكە، واتە باوەشی دایك دەبێتە سروشتێكی دیكە لە رەواندنەوەی ترسو بێ ئۆقرەیی هەروەك دەڵێ: ((ئەم دەشتە لە باوەشێ پڕلە میهری دایكی دەچێ.. ترسو بێ ئۆقرەی ناهێڵێ)) (كۆچیرۆكەكان: ل٨٠).

لەگەڵ بێ ئومێدی خەمێكی دیكەو برینێكی تازە لە چیرۆكی (رەنگاڵە) لەلای حەسەنی كارەكتەری سەرەكی، باوەشی دایك ئامرازێكی دیكەیە لە لاواندنەوەو ڕەواندنەوەی خەمی لە دەستچوونی یار ((حەسەن شەوەهای شەو سەری پڕ لە ئاژاوەو خەونی دەخاتە نێو باوەشی پڕ لە میهری دایكیو...ئەویش وەك سەردەمی منداڵی دەیلاوێنێتەوە، بەیەكەوە دەگرین)) (كۆچیرۆكەكان: ل١٧٥).

ئافرەت لای شێرزاد حەسەن وێنەی دایكە، لەلایەكی دیكەش سەرچاوەی پاكیەتییە بۆ گوزارشتكردن لە دایك وەك ئافرەت، یان ئافرەت وەك دایكێك ئەگەر لای كارەكتەرێك

---

(٣٩٩) هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

بەبیرێکی منداڵی و عاشقێکی دۆڕاو سەرچاوەو باوەشی میهر و خۆشەویستی بێ ئەوا لای کارەکتەری (میم) وەك کەسێکی ڕۆشنبیر دایك وێنەی ئافرەتێکە سەرچاوەیەکی پاك و شتە جوانەکانە ((کاکە ئافرەت سۆزە... میهرە...دایکە...خوشکە...بەڕای من ئافرەت سەرچاوەی زۆرشتی پاك و جوانە...)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢١٨). بۆیە جارێکی دیکەش ئافرەت لە چیرۆکی (میم) دەبێتە باوەشی دڵنەوایی و ئاسوودەیی لەو کاتەی کارەکتەر لە تەنیایی و غوربەت و نامۆیی دەژی لەڕێی پەنابردنە بەر فانتازیا و خەون، دایکی لەگەڵی دەدوێ: (((ئەمینۆك... وەرەکن دایە..دونیا هیلاکی کردی... وەرە))) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٨).

به ئەزموونکردنی دایك لەو چیرۆکانە وەك باوەشێکی خۆشەویستیو میهرەبانی، یان وەك گەڕانەوەیەك بۆ باوەشی سروشت لە چیرۆکەکانی شێرزاددا، پەیوەستە بەو تەرزە (چەشن)ە سەرەتاییانە ناوکی نەستی کۆ پێکدەهێنن، سۆز و میهری دایك بۆ ڕۆڵەکان لە نەست ئەزموونکراوە، بۆیە لە هەندێ کاری ئەدەبیش زۆرجار ئامادەیی هەیەو لایەنێکی گرنگە بۆ ئۆقرەیی داهێنەرو ئیلهامی نووسینەکانی.

## بێوەژن

وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کۆڵێك لە ئازارو دڵەڕاوکێی هەیەو جۆرێك لە تلانەوەو ڕەمزی خۆبەخشینە لەپێناو کەسێکی دیکە ئەویش ڕۆڵەکانیەتی، بۆیە ئەدەب بە تایبەتی ژانری چیرۆك لە هەبوونی پانتایی بۆ ئەو ئازارو پڕمەینەتیانەی بوونی هەیە، پانتایی چیرۆك دەتوانێ لە هەگبەی بئاخنێت و لە هەمان کاتیش دەرخەری نهێنییە پۆشراوەکانی بێت.

ژن لە چیرۆکەکانی شێرزاددا چەند جارێك ئاوڕی لێدراوەتەوە، وەك لە چیرۆکی (نهێنی)و (مارلین)و بە تایبەتیش لە چیرۆکی (بێوەژن)، چیرۆکنووس توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ نەستی کارەکتەرو تەقاندنەوەی نەستی کارەکتەر هەماهەنگی بێت.

جگە لەوەی بێوەژن وەك ڕەوتی مێژووی نووسەرو ئەدیبان کەمتر لەسەری دواون، لەهەمان کاتیش (بێوەژن) وەك بوونەوەرێکی دیکە تەماشا دەکرێتو لەبارێکدا دەخرێتە چوارچێوەی بەرتەسکی دیدی کولتوورو، لەلایەکی دیکەش لەناو خودی کۆمەڵ و خزمەکانیشدا بوونەوەرێکی قێزەوەن و پشتگوێ خراوە.

ئەو بێوەژنەی لە چیرۆکی (بێوەژن) کە پەنجا ساڵەو تەمەنی بەسەرچووە، نیشاندانو ڕوخسار و دیمەنی دەرەوەی کارەکتەر لە چیرۆکی بێوەژن دەرخراوە، وەك پۆشینی جلی ڕەش وەك ڕەمزی

مانەوەی خەم و ناخۆشییە: ((سی ساڵە رەشی پۆشیوە... هەتا لە زەماوەندی کوڕە تاقانەکەیدا... کەسێ لای لێنەکردەوە... داوای لێبکا... ئەو جلە رەشانەی بگۆڕێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٥١)، لە لایەکی دیکەش نزیکبوونەوەو قووڵبوونەوەی چیرۆکنووس لە ناخی کارەکتەر وێناکردنی مرۆڤێکی خۆبەخشەو هەموو جوانییەکەی خۆی لەپێناوی ئەو کوڕە تاقانەیەی سووتاندووە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت بێوەژن کەسێتییەکی خۆبەخشی هەیە، لەسیماو ئەدگارێکی دیکەی بێوەژن بەردەوامی و چاو بە فرمێسك بوونی خودی بێوەژنە لە شۆڕبوونەوە بە نهێنییەکانی (بێوەژن)تەنانەت کوڕەکەشی پێی نازانێ: ((ئیمڕۆ بە کامی دڵی خۆی دەگری... ئیتر بۆ نەگری... هەر ئەو تنۆکە فرمێسکانە خەمەکەی دەشۆنەوە...)) (کۆچیرۆکەکان: ل٥٣).

رووییێکی دیکەی لەنیشاندانی ڕاستییەکانی ناخی (بێوەژن)، ئەویش لە چوارچێوەدانی حەزە غەریزەکانی بێوەژنە لە سەندنەوەی مافی مێردکردنەوەی، کە وەك بوونەوەرێك لەلایەن ئەقلی باوی کۆمەڵ سەرکوت دەکرێت تەنانەت لە خودی ئەو کوڕەی خۆشی، کە هەموو تەمەنی بۆ ئەو سووتاوە هەروەك دەڵێ: ((ئاخۆ شیاوە دوای ئەو تەمەنە درێژە جلە رەش‌و خەمدارەکەی دابکەنێ...؟ ناشێ...بیری کەوتەوە..شەوێکیان کوڕەکەی چی پێکرد..زانی بووی مامە عەبەی تونچی داوای کردووە..ئەو شەوە هەزارجار تلایەوە...هەر ئابڕووی برد)) (کۆچیرۆکەکان: ل٥٣)، کوڕێك کە نزیکترین کەسی بێوەژنە ناتوانێ لە شتە غەریزی و ڕاستی‌و ماندووەکانی دایکی تێ بگات، بۆیە (بێوەژن) سەرچاوەیەکی ئیلهامی چیرۆکنووسە، وەك بوونەوەرێکی ماندوو قوربانی دەستی کولتوورە.

هەروەها لە چیرۆکی (مارلین) ژنێکی مەسیحی‌و بیانییە لە خەمەکانی بێوەژنە ئەنفالەکان ئاگادارە، بە پێچەوانەی ئەویش ئەو کۆمەڵگایەی مانای بوونی بێوەژن نازانێ‌و لە خەمەکانی بێوەژن تێناگەن، یان نایانەوێ تێبگەن، لە کاتێکدا بەلای مارلین بێوەژن ڕەنگ و دەنگی جیاوازی هەیە لە مەینەتباری و خەم و برینە قووڵەکانیان، بۆیە ئەو ژنە مەسیحی لەزمانی ئەوان تێدەگات دەتوانی بەزمانی ئەوانیش قسە بکات: ((لێو بەبارانە وەڵامی یەکە بە یەکەیانی دایەوە...بە زمانێك کە لە بێوەژنە مێرد ئەنفالکراوەکانی گەرمیان و کوێستان فێری ببوو)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٢٩).

(بێوەژن) لە چیرۆکی (نهێنی) وێنەی کەسێکی پشتگوێ خراو و بێکەسە، بەڵام بۆ دابەشکردنی میرات و سەروەت و سامان و زانینی نهێنی پیرەژن، خەڵك لەسەرەمەرگدا دەبنە

ئێشکگری پیرەژن: ((ئەو بێوەژنە تەنیایە...گەر ئەو نهێنییە نەبووایە...هەموو گەڕەك لەسەرە مەرگیدا لەبەردەرگای شەق و پەقی کەلاوەکەیدا کۆ نەدەبوونەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١١).

تا دوا جار لە خودی کەلاوەکەو خانووە بەتاڵان چووەکەشی میراتگری بۆ پەیدا دەبێو هەرچەندە خۆی تەنهایەو پێشتر کەس خۆی بە خاوەن نە دەزانی .

**قەیرەکچ**

قەیرەکچ ئەو پێکهاتەیەی دەچێتە نێو بازنەی مەینەتییەکانی ئافرەتی کورد، بۆیە خوێندنەوەی رەهەندی دەروونی قەیرەکچ لەلای شێرزاددا جێی ئاوڕدانەوە و باسکردن بووە، وەك لە چیرۆکی (خوشکەکان) و (مارلین) و (پیرە پەپوولەکانی ئێواران)دا ئاوڕی لێدراوەتەوە، هەروەها لە چیرۆکی (خوشکەکان) زیاتر خوێندنەوەی حاڵەتێکی نەستی قەیرەکچە. ((زۆر لە نووسەران لەدەرگای ئەم بابەتەیان داوەو گەلێ چیرۆك و هۆنراوەو شانۆگەری لەسەر ئەم بابەتە نووسراون، هەر لە چیخۆفەوە بیگرە هەتا لۆرکاو رەئوف بێگەردو ئەحلام مەنسورو شێرزاد حەسەن و حەمە سەعید زەنگەنەو شاکر عەواد و گەلێکی دی))[٤٠٠].

یەکێك لەو سێ خوشکانەی چیرۆکی (خوشکەکان) خوشکی گەورەیە و دوو خوشکی دوای خۆی مێرد دەکەن و زەماوەند دەگێڕن و هاوکاتی گێرانی زەماوەند و خۆشییەکان، گۆڕانکارییەك لە بیرکردنەوەو گۆڕانی فسیۆلۆژی لە گەوەرە کچ روو دەدەن، گێڕەوەی چیرۆك وەك کارەکتەری سەرەکی دەیناسێنێ و بەم شێوەیە باری دەروونی قەیرەکچ دەخاتە ڕوو: ((تەنیایی و قەیرەیی گەورە خوشك دەگێڕنەوە ژوورێك و قەیرە کچێکی تەنیا... دۆزەخێکەو هەرخۆی تیا دەسووتێو بەس...! چ سیحرێکی تیاماوە...! کوانێ تریفە و پێکەنینی جارانی...هەڵبەز و دابەزی شێتانەی منداڵی... حەز و ئاوات و خەونی ساڵانی هەرزەی... ئەو نوکتەی خەڵکی دەخستە سەرگازەرەی پشت...؟ هیچیانی لە هەگبەدا نەماوە... گەلێ بەتاڵە... کەلاوە رووخاوی نێو زستانێکی سەخت ئاسا...کەسێك نایە دروستی کاتەوە... ئیتر تەواو... چاوی چاوەڕوانییە... لەوە دەچێ شەمەندەفەرێکی سەرسەفەری ئەبەدی جێی هێشتبێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٥). تەنیایی و فرمێسك دەبنە بەشێك لە جەستەی جوان و ناشیرینی ئەو، کەس بە رازو درکاندنی ئەو نهێنییەی قەیرەکچە نازانێ، لەو کاتەی ئاهەنگی

---

(٤٠٠) سەباح ئیسماعیل- چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا. ل١٢٦.

زەماوەندی خوشکەکەی وەك ئاهەنگێکی تراژیدی دێتە بەرچاو، کە لەبەرانبەر خۆیدا هەڕەشەی مەرگ دۆستییە، گێڕەوەی چیرۆکی (بێوەژن) لە وەسفی قەیرە کچدا دەڵێت: ((ژان دەخاتە دڵتەوە... لەبەرچاوتە کە هەردووکیان بە جووتە دەستیان لە پەنجەرەی ئوتومبێلەکەوە دەرهێنا... ماڵئاوایان لێکردی... ماڵئاوای لە مردووی نە ناسراوی گۆڕستانێکی ئەم جیهانە... پتر لە شانۆگەرییێکی تراژیدی دەچوو...نەك ئاهەنگی زەماوەند بێ....!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٨)، لەمەشدا پاڵنەرێکی نەستی هەیە و جۆرێك لە نامۆیی و دڵتەنگیو تەنیایی قەیرەکچ دەخاتە حاڵەتێکی هەڵچوون، لە شێوەی دروستکردنی گێچەڵێك، کە هەڵچوونەکە بە برینداربوونی خۆی تەواو دەبێت.

لە چیرۆکی (پیرە پەپوولەکانی ئێواران)دا کارەکتەر پیشەکەی زبڵ ڕێژی و پاکردنەوەی شەقام و گەڕەکەکانی شارەو ئەو پیشەیەی، کە وەك هێما (ڕەمز) چیرۆکنووس دەیخاتە کار بۆ بوونی ئەو پیسیانەی ناو شەقام و گەڕەك و شار، کە پڕە لە ڕاز و نهێنی ناخی مرۆڤەکان، کارەکتەر وەك کەسێك ئاگادارە بە راز و نهێنییەکان لەرێی تێکەڵبوون بەشەقام و شارو زبڵدان و پاشەڕۆی ئەوانەی نایەڵن ختوورەکان بەدەربخەن، ئەوانەی ترس و شەرم پیادە دەکەن، ئەو ولاتەی شەرم و ترس بەرهەم دەهێنێ هەروەك کارەکتەری چیرۆکەکە دەڵێ: ((چ ولاتێکی بە شەرم کوژراوی..بە خەمخواردوویی عاشقە نائومێدەکانە... چ گەنجینەیەکی... نا... چ گوفەکێکی فرمێسکی ڕەش و... نیگا کوژراو... ماچی مردوو... چ عەمبارێکی دار شەقامەکانە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٠١) هەگبەیەك لە خەم و کۆڤان هەڵدەگرێ، یەکێ لەوانە قەیرە کچە.

لە چیرۆکی (مارلین)دا، نووسەر دەیەوێ دید و گۆشەنیگای خۆی لە ئاست کچدا بەدیدێکی کراوە و راستگۆیانە بخاتەڕوو، بەڕاستی (مارلین)ی کارەکتەر لە چیرۆکی (مارلین) ژنێکی راستەقینەیە(*) لە ئاست ئاگاداربوون لە مەینەتیەکانی ژن و لە باوەش گرتنی خەمەکانی ژنو

---

(*) (( واقیعەن مارلین ژنێك بوو لە ناو ژنە نەگبەتەکانی کورد لەکۆیەو لە سلێمانی دەژیا، هەروەها (مارلین) ژنێك نییە پاڵەوانێك بێ لە خەیاڵی من پاڵەوانێك بوو لە گردی سەیوان نێژراوە، من لێرەدا نامەوێ سەرگوزەشتەی ژیانی ئەو ژنە بنووسمەوە، بەڵکو بە ئەنقەست من هێناوەمە ژنێکە دێتە ناو کورد، کە زمانی هەیە دێتە ناو کۆمەڵێ ژن کە زمانیان نییە، ژنێکە خۆشەویستی دیوەو ئەوان نەیان دیوە )). بۆیە بەلای شێرزاد حەسەنەوە ئەوجۆرە ژن دەبنە رەمزی فریادڕەسی. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، هەولێر، ٢٠٠٦/٥/٢٧.

قەیرە کچەکان، بۆیە (مارلین) ئافرەتێکە وشیارە و دەزانێ ژنانی کورد بێبەشن لە خۆشەویستیو دەزانێ قەیرەکچی لەولاتدا هەیە، بۆیە ژنێکە بیری فریادرەسی هەیە، وەك ژنێکی مەسیحیی، چیرۆکنووس بە ئەنقەست دەیمرێنێ، هەرچەندە هەولی رزگارکردنی ئافرەت بە گشتی دەدات، بەلام زوو دەمرێت و فریا ناکەوێت. حالی ژنی کورد ئەوەندە ناهەموارو ناخۆشە کاتێ نووسەر بە دەستی ئەنقەست ئەو ژنە مەسیحییە فڕێ دەداتە ناو مردووان، لەوێ پانتایی پیاوەکان دیار نییەو ئەو کاتەی چیرۆکنووس ژنەکە وەك دەسەلاتی ئەدەب دەخاتە ناو ئەوان، حالی ژیانی مردن لەگەل ژیانی ژنان لەپێش مردنیانەو ئەوانەش کە لەسەر دونیا ماون و زیندون بەراوردیان دەکات و وایان پیشان دەدات لە حالی مردووەکان باشتر نین. ئەو ژنە کارەکتەرە چاوی هەیەو گوێی هەیەو هەستەکانی بە خەبەرن لەبارەی ئازادی و مافەکانیان، ئەو ژنە دەیەوێ لە مەرگ و مردنی ژنە کوردەکان قسە بکەن، کە هیچیان ئامادەنین قسەبکەن ئەو ژنانە سێبەری پیاوەکان و تاپۆکان و کولتوورەکانن و سێبەری دەسەلات بەسەریانەوەیە، بۆیە لەمەرگیش قسە ناکەن و ژیانی مردوو ژیانی زیندووی دنیا زۆر لەیەك دەچن. ئەو پەنا بردنە بەرفانتازیا بۆ خستنەڕووی شەرم و ختوورەو ترسە، تا بتوانن ژنە کوردەکان دەری ببڕن یان قەیرە کچەکان قسە بکەن،

بۆیە (مارلین) دەلێ: ((دەی وەرن گوێم لێبگرن...گوێ لەو عیشقە گەرمەی من و پیتەر...حەزێکی ئەوەندە گەرمە سەرماتان بیردەباتەوە...ئەوەندە ئاوەدان سامی گۆڕستان وەلادەنێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٣٧).

هێنانەوەی (مارلین) وەك رەمزی فریادڕەسی نەهامەتیو مەینەتییەکانی ژن و قەیرە کچ ئەوەندە زۆرن، وەك رەمزو مۆرکێکی بەدبەختییەکانی ژنی کورد، کۆمەلگای کوردی ناتوانێ هەلگری ئەو جۆرە فریاد رەسییەبێ.

## کەسێتی هەژار

لە هەرچوار کۆمەلە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا (تەنیای، گولی رەش، گەڕەکی داهۆلەکان، پیرەپەپوولەکانی ئێواران) لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەو کۆمەلە چیرۆکانەدا رەهەندێکی چینایەتی هەیەو باس لە کێشەی برسی بوون و ئاست و جیاوازی چینایەتی خراوەتەڕوو، چ لەڕێی کارەکتەری سەرەکی وەکو شاکەسی چیرۆك یان لەڕێی کارەکتەری لاوەکی، یان هەر نەبێ بە دێڕێك باس لە برسی بوون و ڕووتی کراوە، کە تێکەل بە خواستو

ویستەکانی دی کراوە، بە نموونە لەچیرۆکی (ترس) برسیەتی هاوشانی ترسە: ((کەسێ نییە بۆ غوربەت و کەساسی هاودەمی بێ...لەگەڵیا گۆرانی ترس و برسێتی بچریکێنێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١).

هەژاری و بوونی بابەتە چینایەتییەکان بەڕادەیەکی توندو کاریگەر شێوەیەك لە شێوەکانی ترس وەردەگرێت لە بەرانبەر بوونی مەسەلە چینایەتییەکان. هەبوونی کۆشکێك لە بەرانبەر کەلاوەیەك، هەبوونی دیوار بەندێکە سنوورێکە بۆ ترس. لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە)دا نووسەر دەپرژێتە سەر ئەو ئاستەنگانەی لەبەرانبەر خۆشەویستی دادەنرێت، ئەویش بوونی چینایەتی جیاواز و زەوتکردنی دڵەکان و کوشتنی حەزەکانە، لە چیرۆکی (گوڵی رەش) ماڵی هێرۆ ئەو ماڵەی کە سەرچاوەیەکە لە ترس، ترس لە نزیك کەوتنەوەی عەشق و خۆشەویستی هەروەك لەسەر زاری دایکی کارەکتەردا هاتووە: (("رۆڵە عاقڵ بە...خۆتۆ پشیلەنیت بەسەردیواردا هەڵبگەڕێی....بتگرن هەردوو قاچت دەبڕنەوە..ها...")) هەر لەوساوە دەترسێم، لە ئێوەو...لە هەمووتان دەترسام...گەر گوڵێکتان بدزم و ئێوەش بمگرن و هەردوو قاچەکانم ببڕنەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٩٢).

کارەکتەری (گوڵی رەش) کەسێکی برسییەو ترسنۆکەو برسێتییەکەی (هەژارییەکەی) جۆرێك لە ترس لە ئاست دەوڵەمەندی و پلەوپایەی چینایەتی، کە ناوێرێ باسی خۆشەویستی کچێك بکات: ((حەزت سەرشێتی کردووم و خەریکە منی برسی و ترسنۆك دیواری شەرم بڕمێنم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٨) گواستنەوەی هەمان حاڵەتی ترس لە بوونی چینایەتیو نەتوانین بۆ گوزارشت کردن لە خۆشەویستی ئەو کۆشکانە دەبنە ترسێکی تازە، وەك لە چیرۆکی لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە وێنەی هەمان ترس بوونی هەیە: ((بۆیە لەبەردەم ئەم جۆرە کۆشکانە دەوەستن گەلێ حەقتانە بترسن)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٦).

ئەو ترسە چینایەتییەی کە لە نێوان خەڵکی هەژار و دەوڵەمەندا هەیە لەپیادەکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی سەرەتاییەوە لەنێو خێزانە هەژارەکاندا خۆی دەبینێ، بۆ نموونە کارەکتەری چیرۆکی (گوڵی رەش) ئەو سروشتە پەروەردەیەی لەیاد ماوە: ((کە گەورەتر بووم پێیان وتم:

(-کۆشك و کەلاوەیان نەوتووە....!).)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٠٤).

هەژاری دەبێتە بابەتێکی بەربلاو چەندین سەوداسەری لەخۆی هەڵدەگرێ، چونکە ئەگەر کۆمەڵگایەك یەکسانی تێدا نەبێ یان دوو ئاستی جیاوازی چینایەتی هەبێ هیچ بەهایەکی

رەوشتی نییە. یەکێك لەو بەهایانە تیاچوونی خۆشەویستییە، چونکە ئەگەر لەناو کۆمەڵگایەکی نادادپەروەری هەبوو ئاسان نییە تۆ قسە لەسەر خۆشەویستی بکەی، چونکە باوەڕی شێرزاد وابووە وەك خۆی دەڵێ: (( دەبێ گومانێك بخەمە سەر عیلاقەی بەشەرییەت لە بەینی یەکترو هەموو هەدەفی من لەو جۆرە کۆمەڵگایانە، هەم لەلایەك سەربەستیو وجودی نییە، هەم بەلایەکەوە بەهای ماددی پلەی یەکەمی وەرگرتووە))[٤٠١].

نەبوونی ئازادی نەبوونی بەهای مرۆڤایەتی لای کەسانی چینەبەرزەکان لە رووی ماددییەوە، دەروازەیەکی دیکەیە بۆ کۆیلەبوونی خۆشەویستی و پەردەپۆشکردنی ئازادییەکانی ژن و کچان، کە بەناوی پلەوپایەیەکی کۆمەڵایەتی رێگە نادرێت زەماوەند لەگەڵ کوڕێکی هەژاردا بکەنو ئەم بیرکردنەوەیە وا لە کوڕێکی هەژار دەکات، کە خۆشەویستی ببێتە ئەفسانە، وەك لە چیرۆکی (لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە)دا هاتووە: ((چەند جوانە دیدەنی نێوان کوڕەقەرەجێك و شاژنی کۆشکێکی وا قەشەنگ...وەك خەون و ئەفسانە وایە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٧).

وێنەی حەمەی (گوڵی رەش) وەك عاشقێکی شکستە باڵ، وێنەیەکە لە نەستی تاك، وێنەیەك لەو تلانەوەیەی دەستی برسێتی و بوونی جیاوازیی بابەتە چینایەتییەکان، ئەو پلەو پایەو چینایەتیە و شارستانییەی کە دیوار بەندێکی کۆنکرێتییە لەڕێی عەشق و خۆشەویستی، سۆزو خۆشەویستی رادەماڵێ و بێبەزەییە لە ئاست هەموو خورپەو دڵە شکست خواردووەکان: ((شارستانییەت کە هات و هەموو شتێکی کرد بەخشت و بەرد و کۆنکرێت...دڵێکی بەردین کەی بۆ گۆرانی عیشقو ئەوین تلاوەتەوە.....؟ کەی بە چیرۆك برسیەتیو نەهامەتیدا خورپاوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٨٨) ئەوان هەستی خۆشەویستی دەکوژن خۆشەویستی لەناو دەبەن ئاونەدانی گوڵە مۆرەکان و نەزانی ناوی گوڵە مۆرەکان لە چیرۆکی (گوڵی رەش) نەمانی عەشق و خۆشەویستی کچێکی شارستانیو کوڕێکی ناشارستانییە، بە هۆی بوونی ئەو جیاوازییە چینایەتییە هەروەك لە درێژەی باوەڕەکانی کارەکتەردا هاتووە: ((بەڵام چاك دەزانم دەوڵەمەندەکانی شار، ئاغاو کوێخا دەرکراوەکان، قۆنتەراتچیو بازگانە هەرە قەبەکان، ئەوانەی دینارێك دەکەن بەدەو... دەشبەسەد...

(٤٠١) گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن، سلێمانی، ٢٠٠٦/٦/٢٠.

ئەوان ناهێڵن‌و نەیان هێشت‌و لەمەودواش ناهێڵن من ناوی ئەوگوڵە مۆرە بزانم، هەموویان دزی..)) (کۆچیرۆکەکان: ل٨٩).

جگە لە باسکردنی وڕێنەو خەون‌و خولیای حەزوو دڵداری کچە دەوڵەمەندو کوڕە هەژارێك، شێرزاد حەسەن لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە) جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو وڕێنانەی حەزەی دڵدارێك لە بەرانبەر کچە دەوڵەمەندێك کە دواتر بەشوو دەدرێت‌و بۆ کارەکتەر غوربەت‌و تەنیایەکی دیکەن، چونکە لای(حەسەن)ی کارەکتەر، ئەوان دزی عەشق‌و خۆشەویستین، لەپاڵ ئەمەش لای کارەکتەر ئەوانەن دەبنە سەرچاوەی ڕق‌و تووڕەیی: ((جارجارەش بەرقێکی پیرۆز دڵێکی پڕ لە شۆڕشەوە، بڕوانمە دەمی کراوەی پڕ ویسکی‌و جوێن‌و دڕندایەتی خاوەن کۆشکەکان...لەبەرتۆ خۆم لە شەڕیان دەپاراست، چاوم لە حەقی خۆم دەپۆشی، تۆ نایان ناسی...هەر ئەوان تۆیان دزی...!)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٨١).

بەشێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، وەك (حەسەن)ی شاکەس بەهۆی بوونی ئەو پلەو پایە جیاوازە و مەسەلە چینایەتییەکان، وەك ئەوەی (ئەدلەر) باسی دەکات لای ئەو کارەکتەرە سەرەکییە جۆرێك لە گرێی هەستکردن بەکەمی دێتە بوون، کە دەیانەوێ لەڕێی داهێنان و کاری هونەری و ئەدەبییەوە گوزارشت لەو گرێییە بکەن.

جگە لە سەندنەوەی ئازادی بوون و کۆیلەکردنی حەز و خۆشەویستی چیرۆکی (داهۆڵەکان) نموونەیەکە بۆ سەندنەوەی رەوشتی مرۆڤایەتی و چەوساندنەوەیەکی دیکەی چینە هەژارەکان لەبۆتەیەکی دیکەدا، (لەگەڕەکی داهۆڵەکان)دا گەڕانەوەیە بۆ گەڕەکێك، گەڕانەوەییە بۆ ئەو شوێنەی کە بەها مرۆڤایەتییەکان بوونیان نییە، نیشانکردنی هێڵێکی جیاواز لە ئاست ژیان‌و گوزەرانی خەڵکی هەژارو دەوڵەمەندە.

(چەلەبی) وێنەی کارەکتەرێکی چینێکی دەرەبەگ و چەوسێنەرە لە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) (چەلەبی) خەون و هیواکانی وەك چینێکی باڵا لە زیادکردنی بەرهەم و کۆنترۆڵ کردنی بازاڕ و عەمبارەکانی دانەوێڵەیە، تا بە ئارەزووی خۆی گەمە بەنرخی شتەکان بکات هەروەك دەڵێ: ((ئەمساڵ هەموو زەویەکانم تۆو دەکەم، تاکە خاوەنی هەموو عەمبارەکان دەبم، عەمباری گەنم و جۆ و نیسك و نۆك و برنج... لە عەلوەکانی سەوزە و میوەجات گەمە بەنرخی شتەکان دەکەم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٥٠)

لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیەشدا چەلەبی چاوێکی برسی هەیە: ((ئاخ... ئەگەر تاتخووبی دەم کەل هی خۆم بووایە؟!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٥٠) ئەمە سیماو ڕەوشتی باوی دەرەبەگ و چینە

بالاَكانه، له بەرانبەر ئەمەشدا چینێكی هەژار و برسی بوونی هەیه. شێرزاد له چیرۆكی (گەڕەكی داهۆڵەكان) وەك ڕەمز له بیركردنەوه لای چەلەبیو سەدان كەسی وەكو (چەلەبی) ئەو چینه هەژاره لەو گەڕەكەی ناوی دەبات بە گەڕەكی داهۆڵەكان، واته گەڕەكێك پڕ داهۆڵ(*) ئەو داهۆڵانەی، كه به پەڕۆ ڕووپۆش كروان بۆ ترساندنی باڵندەی زیانبەخش و ئەو لێكچواندنەی نووسەر دەیەوێ له بیركردنەوەی چەلەبیو ئەوانەی هاوبیری چەلەبیشن هێڵێی جیاواز دانەنێت له نێوانی منداڵه هەژارەكان و داهۆڵەكان. له گەڕەكێكی داهۆڵەكان ئەو منداڵانه هەن لەڕوو لاوازن و برسێو چەوساوەی دەستی برسییەتین، بۆیه منداڵەكان دەبنه داهۆڵ لەو كاتەی (چەلەبی) باڵندەو تەیرو توار هەڕەشەی هەڵگرتنەوەی تۆوی زەویه تازه چێندراوەكەی لەلایەن باڵندەكان لێدەكرێت، ڕووداوی ئەو چیرۆكه لەوێوه هەڵوێستیو بێمروەتی و بێویژدانی كەسێكی بالادەست دەخرێتەڕوو، كه له پێناو مانەوەو لەدەست نەچوونی بەرهەم. كۆمەڵێك منداڵ له جیاتی داهۆڵی ماددی بەناو زەویەكاندا بلاودەكاتەوه، تا نەهێڵن باڵندەكان بگەنه تۆوی زەویەكەو هەڵی بگرنەوه. له چیرۆكی (گەڕەكی داهۆڵەكان) نووسەر دەیەوێ تێكەڵیەك له هەردوو داهۆڵی ماددی و منداڵه داهۆڵەكان بكات، كه بەلای چەلەبی جیاوازیان نییه له نێوان داهۆڵی ماددی و منداڵی داهۆڵ، ئەو منداڵه داهۆڵانەی تینی برسیەتی ڕاپێچی دەستی چەلەبی دەكردن له پێناوی دەست كەوتنی تیكه نانێك، له كاتێكدا چەلەبییێك دەتوانێت گەمه به گرانیو هەرزانی بەرهەم و بازاڕەكان بكات: ((له پشت هەر باوكێكەوه منداڵێكی چڵمن و لیكن و چاو زەرد بەدەردی بەدخۆراكی مل باریك و لاق باریك سەرەتاتێكی بوو، ترسو برسییەتی چاوانی ڕشتبوون، كۆلانەو كۆلان، ماڵەو ماڵ...نەك وەك كۆمەڵێ منداڵی برسی ترسنۆك شەرمن، بەڵكو وەك كۆمەڵێ منداڵ داهۆڵ لەپشتی پیكەبەكە باركران)) (كۆچیرۆكەكان: ل٣٥٤).

منداڵه هەژارەكان چەوساوەی دەستی ماندوێتیو برسیەتی بوون، له لایەكی دیكەش لەنێوان شتێكی بێ گیان نەبوونی بەهای مرۆڤایەتی و ڕەوشتی باوی كۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی و چینه چەوسێنەرەكانه، وەك داهۆڵ هیچ جیاوازییەك نییه لەگەڵ

(*) شێخ محەمەدی خاڵ له فەرهەنگی خاڵدا بەم شێوەیه ڕاڤەی وشەی داهۆڵ دەكات: (( شتێكه وەك زەلام لەدارو پەڕۆ دروست دەكرێ، لەناو كشتوكاڵدا دادەچەقێنرێ بۆ لێسڵمینەوەی باڵندەو جانەوەر)) بڕوانه: شێخ محەمەدی خاڵ- فەرهەنگی خاڵ، چ/ دووەم، دەزگای بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٨٣.

ڕۆحییەتی مرۆڤێك، كە مانای بوون و ژیان بۆ هەردووكیانە چەق بەستوویی‌و بیركردنەوەی چینە باڵاكانی كۆمەڵ لە بارزگان و قۆنتەراتچی و دەوڵەمەندەكان...هتد جۆرێك لەخۆپەرستن خۆ بەدوور گرتن و داخراوی، ئەوان سەرچاوەی ئازاردان و هیلاك و ماندووبوونی كۆمەڵێكی دیكەیە، ئەویش چینی هەژارە.

## كەسێتی ڕۆشنبیر

ڕۆشنبیر ئەو كەسەیە، چ لەڕێگای خوێندنگاو زانكۆوە، یا لەڕێی خوێندنەوەی گۆڤارو كتێب دەبێتە خاوەن زەمینەیەكی لەباری زانیاری، بەهۆیەوە دەتوانێ لە دیاردەكانی دەوروبەری تێبگات، یا هەندێكیان بەشێوەی گونجاو شیبكاتەوە. كارەكتەرێك هەیە لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا شیاوەو كارەكتەرێكە ڕۆشنبیرەو لە ململانێ دایە لەپێناو بەهای ڕۆشنبیری و مەعریفەدا، هەروەها هەوڵی نزیك كردنەوەو گونجانی بارە كۆمەڵایەتەكان دەدات بۆ دەرچوون لەو قاوغ و شێوە باوەی خولقی كۆمەڵگا دروستی كردووەو، بووە بە ڕەگێكی كولتووری بەردەوام كاریگەری دەبێت بەسەر ڕەوشە كۆمەڵایەتییەكان‌و باری دەروونی تاكەكانی كۆمەڵ.

هەڵبژاردنی كارەكتەرێكی ڕۆشنبیر، وەك كارەكتەری شاعیر لە چیرۆكی (شاعیر)و كارەكتەری چیرۆكنووس لە چیرۆكی (میم)و (گوناهی سپی)و كارەكتەری شانۆیی لە چیرۆكی (ڕەنگاڵە)و كارەكتەری هونەرمەند، وەك دەرهێنەرێك لە چیرۆكی (مەم و زینەكان) خۆی لەخۆیدا نووسین دەبێتە جۆرێك لەخۆبەتاڵ كردن و بەرزبوونەوەو كاركردن لەپێناو كردنەوەی ئەو بارە پەنگ خواردوانەی، كە لە هەناوی مندالّدانی چیرۆكنووس هەڵگیراون.

هەماهەنگی نێوان ژانرە ئەدەبی و هونەرییەكان بۆ خستنەڕووی ئەو پانتاییە بەرفراوانەی، كە بە درێژایی مێژوو هەڵگری خەسڵەتی دەروونی و خەم و كێشە كۆمەڵایەتییەكان بوون بۆ خودی چیرۆكێك لای چیرۆكنووس خستنەڕووی ناوەرۆكێكە بۆ خۆنزیكردنەوە لە بارە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكان، هەروەها لەڕووی كێشە كۆمەڵایەتییەكانی پەیوەست بە ژیان بەهایەكی تایبەتی خۆی هەیە.

بە لامانەوە ئەوەی، كە سیمایەكی تایبەت دەبەخشێتە ئەو بەها ئەدەبییەی شێرزاد، وەك چیرۆكنووس خستنەڕووی كارەكتەرەكانیەتی لەڕووی پاراستن و سەلماندنی بەهای مەعریفەیە، كە سروشتی بابەتەكەش وادەكات كارێكتەرێكی ڕۆشنبیرمان پێ بناسێنێ بۆ

خستنه رووی بابەته دەروونییەکان و کێشه و خەمە کۆمەڵایەتییەکان له چوارچێوەی پانتایی چیرۆکەکانی، لەلایەکی دیکەشەوە پەیامی خودی کارەکتەر لەپاڵ کاریگەری مەعریفە دەخرێته روو ئەمەش ئامانجی نووسەری چیرۆکە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی، که لەپاڵ هەر ئەکتەرێك دەیخاته روو.

بەشێکی دیکەش له کارەکتەری چیرۆکەکانی شێرزاد مامۆستا و دکتۆر بوونیان هەیە، وەك ڕەمزی پەروەردەییی و بەهای پەروەردەیی و سەلماندنی بەهاکانی خۆشەویستی و نیشاندانی بارە داسەپاوەکان و مەینەتیەکانی کۆمەڵ، وەك له چیرۆکی (زەلکاو)و (کەڵە کوڕ و ئاسکە کچان)دا مامۆستایەکە وەك رەمزی جۆرێك له پەروەردە و ئاگادار و پەیوەست بە بابەتە پەروەردەییەکان بوونی هەیە، هەروەها له چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ) (تەنیایی شەوێکی باران) له خەمەکان و کێشه دەروونییەکانی تاك نزیکن ((هەموو شتەکان له لایەك..کارەسات و بێ ئومێدی..مردن..کوشتن..شێرپەنجە... برسێتی... تەنیایی ئەم ئێوارەیەی ئەو بە لایەك...)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٢).

کارەکتەر له چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران) کەسێتییەکی هەست ناسکی هەیە، ئەمەش دەرەنجامی ئەو ئاستە رۆشنبیریەی مامۆستاکەیە له چیرۆك، چونکە هەموو خەمەکان لەکۆڵ دەگرێ: ((بە هەموو کەس بەستراومەتەوە....بەڵام هەست ناکەم..کەس بەمن بەسترابێتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٧٤).

هەروەها له چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) جگە له بوونی بەهای زانستی لای کارەکتەرو تێگەیشتن له دەرد و گرێ دەروونییەکانیش پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیریو وەك پیشەو پسپۆڕی دەروونزانی.

هەر له چیرۆکی (من و قالە و سەگەکەی پاڤلۆڤ) لەڕێی گفتوگۆیەك لەنێوان فرۆید و پاڤلۆڤ جۆرێك له شیکردنەوەی ئەو گرێ و بارە دەروونییانەش دەکاتەوە، که پەیوەستە بە ناجۆریو ناڕێکی ئەو سیستەمە پەروەردەییەی کۆمەڵگای باوکسالاری، لەوێشەوە کۆمەڵێك نموونەو بارە چەپاوەکان دەخاتە روو. شیکاری ئەوبارە دەروونییانەی تاك دەکات بەتێگەیشتن له فرۆیدو پاڤلۆڤ، ئەو خوێندنەوە و کاریگەربوونی کارەکتەر بەو نووسەر و هونەرمەندە ناودارانەی تا ئێستاش کاریگەریان لەسەر خوێنەر و رەخنەگرانی جیهان بەجێ هێشتووە. چیرۆکنووس دەیەوێ بە هەماهەنگی لەگەڵ تیۆرەکانی دەروونزانیو ناوەرۆکی ئەو بەرهەمە ناودارانەی، که بەشێکی گرینگی لایەنی دەروونین،

دەبنە پەیامێك بۆ کارەکتەری نێو چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا، تا زیاتر بتوانێت لەخۆی تێبگات و شیکاری دەروونی خۆی بکات، لەهەمان کاتیش ئەو جۆرە رۆشنبیرییەی کارەکتەر پەیامێکە، خوێندنەوەیەکە چیرۆکنووس وەستایانە خوێنەر و گوێگران بەو بارە دەروونییانە ئاشنا دەکات: ((سەیری تابلۆی هونەرمەندەکانم دەکرد تا لەنێو هێڵ و رەنگی رژاوی سەر پارچە تەختەو قوماشەکان و ژان و تلانەوەو چیرۆکی ژیانیان بخوێنمەوە، هەر لەوەوە شارەزای نەخۆشییەکەی (ڤان کۆخ) بووم، ترسی نێو تابلۆکانی (مونش)، ناشیرینی و نارێکی (باکۆن)، گرێ کوێرەکانی دۆستۆیڤسکی، لۆرانس، داڤنشی و زەردەخەنەی مۆنالیزا، کافکا و رەشبینی، هیچ کۆك و ترس، کیتس و خەن رایش و سێکس، بۆم ساغ بووەوە، فرۆید خۆی گەورەترین نەخۆشەو لەنەخۆش دەدوێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٢).

بۆ ئاستی رۆشنبیریو ئەو پاشخانە رۆشنبیریەی (فەرهاد)، وەك کارەکتەری چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ) دەبێتە هەڵگری خەم و کێشە دەروونییەکانی تاك لەلایەنێکی دەروونی خودی ئەو کەسێتییە رۆشنبیرییە، کە خۆی نەخۆشە و دەیەوێ لە خۆی و نەستی ئەوانی دیکەش قسە بکات.

لە باری دەروونی کەسانی رۆشنبیر لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن نزیکبوونەوەیە لە خەمە کۆمەڵایەتییەکان، وەك نەبوونی بەهای رۆحی لە پێوەندی خۆشەویستیو لەدەستچوونی پێوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستیو بوونی جیاوازی چینایەتی و خەمی نەبوونی بەهای هونەری و ئەدەبیو تێنەگەیشتن لە بەهاو پەیامی هونەری و ئەدەبی زیاتر جەوهەری تەوەری باسەکانی ئەو پانتایانەن لەلای کارەکتەری رۆشنبیر، وەك پێکهاتەیەکی گرنگی دەقی ئەدەبی، چونکە ئەو پێکهاتەیە خوێندەوارن دیدێکی تازەیان بۆ ژیان هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە لەناو کۆمەڵدا غەریبن و نامۆن و دەبنە قوربانی جۆرێك لە بیرکردنەوەی نارێکی کۆمەڵ، تەنانەت تا ئەو ئاستەی کە لە ئاستی کۆمەڵایەتیش جێگەیان نابێتەوەو قبووڵی راستیش ناکەن، وەك کارەکتەری چیرۆکی (میم) کە ناوی (ئەمین)ە بەهایەکی جیاوازی هەیەو بەرەنگاری ئەو بەها کۆمەڵایەتیانە دەبێتەوە کە جیاوازە لە بیرکردنەوەی خۆی وەك باوەرنەکردن بە پیتی (میم) وەکو ژنەکەم، خانووەکەم، ماڵەکەم،....یەکسان بوونی ژن لەگەڵ پیاو، کە ژنیش بوونەوەرێکە وەکو پیاو و پرە لە سۆزو میهری نەك وەکو بیرکردنەوەی ئەنوەری برای (ئەمین) و بازرگان و قۆنتەراتچییەکانی هاورێی (ئەنوەر) کە ژن بە بوونەوەرێکی خزمەتکارو پەراوێز بزانن.

لەلایەکی دیکەش بەشێك لە ململانێی (ئەمین) لە چیرۆکی (میم) لەسەر نەبوونی بەهای ئەدەبییە، چ وەك فاکتەرێکی گرنگی خستنەرووی ئەقڵیەتی باوی کۆمەڵ و هاوشێوەی بیرکردنەوەی (ئەنوەر)و برادەرانی ئەنوەرو کێشەکانی دیکەش وەکو ((ئەو کاغەزانەی خەمو برسیەتی منداڵیو شەرم و شکاندنی هەرزەیی و گومان و دڵەڕاوکێی ئێستامیان لەخۆ گرتبوو)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢١٢).

برادەرانی ئەنوەر بۆ چەند مەرامێکی مادی و بەرژەوەندی تایبەت ئەوانی لە یەك نزیککردونەتەوە، بە بڕوای (ئەمین) لە ئاستی ئەوان و بیرکردنەوەی بەرانبەر بەهای چیرۆك لەو گفتوگۆیە دەخاتەڕوو، کە شەوانە بە دیار خواردنەوە (مەشروب)و رابواردن دێنە لای ئەنوەری برای، تا گاڵتە بەبیرکردنەوەی (ئەمین) بکەن، وەك چیرۆکنووسێك لەبەهاو بایەخی ئەو پەیامە کەم دەکەنەوە، بۆیە ئەمین لە پێناسێکیدا بەرانبەر بەهای چیرۆك دەڵێ: ((تۆ...ئێوەمانان تەنیا رووکەشی شتەکان دەبینن...چیرۆك لەناخ و ناوەرۆکی مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەر دەکۆڵێتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢١٧)، ئەمە وەك وەڵامێکە لە درێژەی ململانێو سەلماندنی بەهای ئەدەبی بەدرێژای شەوانی دانیشتن لەگەڵ ئەمین بەمەبەستی رابواردن بە ئەمین.

ململانێی ئەمین لەپێناو دەرخستنی بەهای ئەدەبی و دەرخستنی ئەقڵیەتی کەسانێك کە لەمانای شتە گەورەکان و بەهای ڕاستەقینەی شتەکان نەگەیشتونو لەهەمان کاتیش، وەك رووکاری دەرەوەش کەسانی خاوەن بڕوانامە و دەوڵەمەندیشن ((جاروباریش نەك هەر قۆنتەراتچیو بازرگان و قاچاغچی گەورە....بەڵکو پزیشك و ئەندازیارو پارێزەریشی تێدەکەوت، شەوێکیان لەگەڵ یەکێ لە ئەندازیارەکان کەوتمە گفتوگۆ و دەمەتەقێ، کەری وا گەورەم نەدی بوو...لەپڕ هەڵیدایە:

"کاك ئەمین لەگەڵ ڕێزما بۆجەنابت...بەڵام ئەدەب و مەدەب قسەی قۆڕە...کەی باوی ئەو خەیاڵاتە ماوە...چیرۆك و شیعر...منداڵبازڕییە...ئیمڕۆ هەموو شتێك بە زەبری زانست بەڕێوە دەڕوا..."

زۆر لەسەرخۆو بە هێمنی وەڵامم دایەوە:

"من وەك تۆ گاڵتە بە زانست ناکەم...بەڵام تا دونیا ماوە ئەدەبیش هەردەمێنێ.."

"دەبا بزانم شیعرێك باڵەخانەیەك دروست بکا.. چیرۆکێك پردێك بنیات بنێ.."

"بەلاَم کاکی ئەندازیار...شیعر و چیرۆك دەتوانن هەزارەها باڵەخانەو پرد لەناو زاتی مرۆڤدا بنیات بنێن. ئەدەب خزمەتی ناوەوەی مرۆڤ دەکا...ئەدەب تاکە حەقیقەتێکی گەورەو بەجێماوی هەموو مرۆڤایەتییە..."))  (کۆچیرۆکەکان: ل٢١٩).

بۆیە ئەمین تاکە راستییەك بۆ گوزارشت کردن لەو راستییانەو هۆکارێکی ئارام بەخشین بۆ خۆی تەنها ئەوەیە ئەوان دەبنە بەشێك لە کارەکتەری چیرۆکەکانی (ئەمین)، بۆ ئەوەی ئەدەبیات قسەیان لەسەر بکات لەناو خودی چیرۆکەکەیدا دەبنە کارەکتەر، کارەکتەری چیرۆکی (میم)، هەروەها لە چیرۆکی (گوناهی سپی)دا کارەکتەر بەوە تاوانبار دەکرێت لە چیرۆکێکیدا ئابڕووی کەسێتییەکی بردووە بە ناوی (دەروێش بایز)، بۆیە دەروێش بایز لەلایەن کەسێکی بەناو رۆشنبیر چیرۆکەکەی بۆ دەخوێندرێتەوە، کە باس لە ژیانیو بەسەرهاتی (دەروێش بایز) دەکات، لە راستیشدا (دەروێش بایز) کارەکتەری سەرەکی چیرۆکێکی (فەرهاد)ە، کە پێشتر لەسەر ژیانی دەروێش بایز نووسیویەتیو باس لە نەهامەتیو ژیانی ئەو پیاوە دەکات: ((چیرۆکیش ژیانی پڕ لە نەهامەتیو شادی و قین و خۆشەویستیو برسیەتیو ئەوانە، هی ئەوانەو من دەیدزم، دەیدزم و دەیخەمە سەر پارچە کاغەزەکان تا خەڵکی ئاگای لە حاڵم بێ ئاگای لە ژین و گوزەرانی خەڵکانی گەڕەکەکەی ئێمە بێ گەڕەکە بۆر و پیس و پڕ ئاژاوەکەمان، گەڕەکی برسی و تینوو، پڕ برین و خوێن و جوێن، پڕ لە مزگەوت و چایخانە، مارەبڕین و تەلاَق دان، شەرم و شکان...چۆن تێیان بگەیەنم، کە من ناوی ژیانی نالەباری دەروێش...م دزیوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٢١). دزینی ژیانی دەروێش بایز دزینێکی ئاساییو راستگۆیانەیە لای چیرۆکنووس هەڵگری خەمەکانی دەروێش بایز و ژیانی کۆڵەمەرگی ئەوە، چونکە فەرهاد کەسێکی رۆشنبیرە ئاگادارە بە راستیو چەوتییەکانی ژیان کەسێکە لە مانا جوانەکانو ئەدەبیات تێدەگات، دزیەکەی دزیەکی پاك و بێگەردە، بۆیە بەلای فەرهادەوە، ((دزینێك کە پڕە لە جوانمەردی...دزینێکی پاك و بێگەرد، دزینێك کە خزمەتی گەل، مێژوو، ئەوان دەکا، خزمەتی خۆی، گەڕەك، دەشێ خەڵکی بۆی بگرین، بۆی بەداخەوەبن..بیری لێبکەنەوە، پتری لەسەر بنووسن...بە دوای هۆکارەکاندا بگەڕێن، تێم ناگەن...هەتا گەر پێیان بڵێم...من دەروێش بایزم خۆش دەوێ، هەمین عەبە، خەجە، هەموو خەڵکی گەڕەك)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٢١).

ئەو هەرایەی دەروێش بایز و ژنەکەی هەمین دروستی دەکەن مانگی هەنگوینی کارەکتەرە، تێنەگەیشتنی ئەوان و ئەقڵیەتی سادەو چەق بەستووی چینە هەژارەکانیشە

ئەدەبیات بەرگرییان لێدەکات و ئەوان لێی تێناگەن: ((ناتوانم ئەم چەند بەستەزمانە تێبگەیەنم کە چیرۆك ئابڕوو بردن نییە، بەڵکو چیرۆك گریان و پێکەنینی خۆیانە، زانیم لە هەڵوێستێکی وادا زانا و دانا و مەزنێك هیچی بۆ ناکرێ)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٢٨)

جارێکی دیکە (فەرهاد) پەنادەباتەوە بەر فریادڕەسێك تا لەو هەڵوێستە قورتاری بێ، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە فەرهادیان فێرکردووە لەسەر ژیانی دەروێش بایز و هەزارانی وەك ئەو بنووسێت: ((ئەی ئەوانەی لەپێناو خۆشەویستی مرۆڤدا دەریایی پڕ گێژەنی رقو قینی ئەو خەڵکە نقومی کردوون، ئەی ئەوانەی کێوی خەم و ئازاری مرۆڤتان لەکۆڵ کرد... فریام کەون... منێکی چکۆڵە، زۆر وردو چکۆڵە، لە گەرەکی پڕ لە رەش و رووت، برسیو تینو... بەستەزمان و هیچ نەزان، ئەوەتانێ لە دادگام، تاوانبارم، تاوانی ئەوەی دە لاپەڕەم لە برسیەتیو نەگبەتیو نەهامەتیو قوڕبەسەری دەروێش بایزم پڕکردۆتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٣٢).

لەلایەکی دیکەش (سیامەند) کارەکتەری لاوەکی چیرۆکەکەیە دەوری لە وروژاندن و خۆشکردنی ئەو هەرایە هەیە، کە کراوەتە سەر (فەرهاد) لە چیرۆکی (گوناهی سپی)، بۆیە ئەدەبیات و بەهای ئەدەبی ئەو بەها سووك و بێ نرخە نییە، کە (سیامەند)ێك وەك چیرۆکنووس هانی دەروێش بایز دەدات ئەو هەرایە بنێتەوە، بۆیە لەلایەکی دیکەوە ناوەرۆکی چیرۆکەکە ئەوە پیشان دەدات، کەوا پیشەی ئەدەبی و بەهای ئەدەبی ناچێتە سەرکەسێتییەکی وەکو (سیامەند) کە خۆی لە کۆتایی رووداوەکە واز لە چیرۆکنووسی دەهێنێ، ئەمەش سەلماندی بەهای ئەدەبییە بەرانبەر ئەوەی هەموو کەسێك شایەنی هەڵگری پەیامی ئەدەبیات نییە.

بڕوای کارەکتەری (گوناهی سپی)، جارێکی دیکە گەڕانەوەیە بۆ بەهای ئەدەبیات و هۆکارێکی دیکەش بۆ دەرخستنی ئەوانەی بە هەڵە لە بەهای ئەدەب گەیشتوونو ئەوانەش کە لە خۆیان تێناگەن و لەڕێی بابەتێکی هونەری.

لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە)دا جارێکی دیکە بەهای شانۆ دەردەکەوێت، وەك فاکتەرێك بۆخستنەرووی جیاوازی چینایەتیو نایەکسانی کۆمەڵایەتیو بیرکردنەوەی چینە بەرزەکانی کۆمەڵ بەمەش تەنها بەهای هونەری و ئەدەبی دەتوانێ ئەوان دەربخات ئەو چینە دیارانەی، کە بێ مروەتانە لە ژیاندا دەژین ((ئەوان حەز بە شانۆ ناکەن...شانۆ لای ئەوان مێشك تێکدەرو کات بە فیڕۆدانە، ئەوان لە زمانی بە ئاخ و داخی مرۆڤی نێو چیرۆك و

شانۆگەرییەکان تێناگەن ئەوان بنیادەمی موچڕك و ختوره و ڕاچەنین و گریان نین، لەکن وان شانۆ جێی پێکەنینەو بەس...ئەوان تابۆیان بکرێ حەز لە خوشك و دایکی یەکدی دەکەن)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٨٥).

نەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی، بەواتایەکی دیکە نەبوونی بەهای پەیوەندی خۆشەویستی، تەوەرێکی دیکەیە لەو خەمە کۆمەلآیەتیانەی، کە نووسەر لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەیەوێ بلێ پێوەندی خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد لەرۆژگاری ئەمڕۆدا پەیوەندیەکی ونە، پەیوەندییەکە بەهاکانی خۆشەویستی تێدا مردووەو، نموونەی چیرۆکی (مالئاوا خۆشەویستی) یەکێکە لەو نموونە هەرە جوانانەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (مالئاوا خۆشەویستی) وەك نەخۆشی دەست نەخۆشەکانە هەروەك دەلێ: ((نەخۆشی دەست نەخۆشەکانم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣١٩).

دکتۆر عەلی وەك کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (مالئاوا خۆشەویستی) دکتۆرێکی دەروونییە خوێندنەوەیەکی رۆحی بۆ پەیوەندی خۆشەویستی هەیە بەهای پەیوەندی خۆشەویستی، رۆیشتنی رووداوی چیرۆکەکە لەسەر کارەکتەری سەرەکی دروستبوونی جۆرە بۆنێکی بۆگەن لە ژووری مال و گەڕەك و شار بە شێوەیەکی بەربلاو بلاوبۆتەوە ژن و مێردەکان هەراسان دەکات، ژن و مێردەکان پەنا دەبەنە بەر چارەسەری ئەو شتە رووکەشیو بەرچاوانەی، کە جۆرێك لە چارەسەری بۆنە ناخۆشەکەن، وەکو شوشتنی شتەکان و پرژانی گولاو پەنابردنەبەر داودەرمان، بەلای دکتۆر علی چارەسەرێکی زۆر ئاسانەو لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا زۆر زەحمەتە، ئەویش بۆنە ناخۆشەکە یەکسانە بە نەبوونی خۆشەویستیو پێوەندی خۆشەویستی نێوان ژنو مێردەکان

دروستبوونی ئەو بەهایەش پێویستی بە بوون و نەبوونی کەرستەی مادی نییە، بەلکو دلەکان پێویستیان بە دروست کردنی کەرستەی رۆحی هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەو پێوەندییە خۆشەویستییە، دکتۆر عەلی لە گفتوگۆیەکدا لەگەل ئەو هاوڕێیەی، کە بەلای خۆیەوە بە دەستی بۆنی ناخۆشی ماددی و بەلای دکتۆر عەلی بەدەستی نەخۆشی رۆحییو نەبوونی خۆشەویستی دەنالێنێ، دکتۆر عەلی لە لای خۆیەوە ئەوەی پێ رادەگەیێنێ، کەوا بەهای خۆشەویستی نێوان خۆت و ژنەکەت ونە، وەك هەموو ژن و مێردەکانی گەرەك و شار: کە بە دەست بۆنی ناخۆش دەنالێنن: ((بۆ شێت دەبیت...؟ گوێ بگرە...تۆ دەزانی دلی ئادەمیزاد هەر بەقەد مشکێك دەبێ..)

(جوانە...!)

(بۆی هەیە وەك مشكیش بتۆپێ)
(دڵ بتۆپێ....؟)
(ئا....)
(ئەوەیان کەی...و لە چ کارخانەیەك....؟)
(کە خۆشەویستی تیا نەما...لێرەو لە هەموو شوێنێ)
(ئەم فەلسەفەیەت لەکوێ هێنا...؟)
(لە نەخۆشییەکەی ئێوەوە))) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٢٤).

وەنەبێ خەمی کارەکتەری چیرۆکەکانی شێرزاد وێنەی ژن و مێردێك بێت، بەڵکو لای کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (مەم و زینەکان) دەرهێنەری فیلمێکە لەنێوان کۆمەڵە کچ‌و کوڕێك، دەیەوێت یەك کوڕ دەوری (مەم) ببینێ‌و یەك کچیش دەوری (زین) ببینێ، کێشەی کارەکتەر هەڵبژاردنی (مەم و زین)ێکە لەناو ئەو کۆمەڵە کوڕ و کچە، دوای یەك مانگ هەوڵدان هەرهەموو کوڕەکان خۆیان بەمەم دەزانن و هەرهەموو کچەکانیش خۆیان بە زین دەزانن، کارەکتەر لەسەروبەندی ئەو یەکلانەبوونەوەیەی کچەکان لەنێو خۆیان (زین)ێك هەڵبژێرن‌و کوڕەکانیش (مەم)ێك، بەڵام هیچیان ڕۆحییەتی (مەم و زین)یان نییەو چیرۆکنووس لەسەر زاری کارەکتەر باوەڕی وایە (مەم و زینەکان)ی ئەمڕۆ (مەم و زین)ی رووکەشین، هیچ لە کوڕەکان ناتوانن وێنەی (مەم)و هیچ لەکچەکانیش ناتوانن وێنەی (زین) بن.

ململانێی نێوان کارەکتەر و کوڕ و کچەکان لەسەر نەبوونی رۆحییەتی عیشق‌و خۆشەویستییە، کە کچان خۆیان بە(زین) دەزانن، لەهەمان کات کارەکتەر دەیانناسێ و دەزانێ ناتوانن ببنە (زین) هەروەك دەڵێ: ((ئاخر کامتان توانیوتانە بۆ رۆژێکیش بێ پەنجە تووتەی زین بن...نەك رۆحی...؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٥٩).

کوڕەکانیش هیچیان ئامادەیی ئەوەیان نییە، کە دەور و ڕۆڵی بە(کری مەرگەوەڕ) ببینن بۆیە کارەکتەری چیرۆکەکە لەئاست ئەوانیشدا دەڵێ: ((تو شەڕەفتان لە ژیانی خۆمان کامەمان...بەکری مەرگەوەڕ نین...؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٦١).

نەبوونی پەیوەندی و هاوسۆزی و خۆشەویستی پاك لە رۆژگاری ئەمڕۆدا شوێنگەیەکی رۆحی نییە، بەڵکو هەزاران (مەم) قۆڵی (زین)ەکان دەبڕن و هەزاران (زین)یش خیانەت لە مەمەکان دەکەن، نەبوونی رۆحیەتی (زین و مەم) لە کچان و کوڕاندا، کارەکتەر لە دەرهێنانی فلیمەکە

پەشیمان دەکاتەوە: ((نەء... هیچ قسەم ناویّ... دوا بڕیارمە... مادامەکیّ هەموو کچەکان زین و هەموو کوڕەکانیش مەم بن... ئیتر چ پێویست بەوە دەکا فلیم دەرکەین و خەڵکی فێری پاکی بکەین... بۆ دەرسی عیشق و خیانەت بەخەڵکی بڵێینەوە...؟ خۆش بەحاڵی کورد و خانی شاعیر کە لەو هەموو مەم و زینەی هەیە... لای ئێوەم خۆش... ماڵئاوا....)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٦٣).

هەروەها مامۆستای چیرۆکی (کەوتنی ژمارەکان) نموونەیەکە و رەمزێکە بۆ باسکردنی نەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤەکان لەدەستچوونی ئەو بەهایانەی بە پەیوەندی دۆستایەتی مەزەندە دەکرا، ئەو پەیوەندییەیی لە رابردوو هەبوو لە ئێستادا بوونی نییە.

دابڕانی دۆستان و خزمان دیسان پەیوەندییێکی ماددی رۆڵی هەیە لە کزبوونی بەهای دۆستایەتی نێوان خزم و کەسان، ئەو مامۆستایەی لە چیرۆکی (کەوتنی ژمارەکان) سەردەمانێك لای قوتابیان و هاوڕێیان و دۆستانی سەرچاوەیەکی دلّدانەوە و خۆشەویستی بووە، بەڵام لە زەمەنی ئەو رۆژگارەی کە کارکتەر دەیەویّ قسەی لەسەر بکات رۆژگارێکە تێیدا گیرفان بەتاڵەکان بێکەسن، تەنانەت بیّ مام و خاڵن: ((با بڕوات تف لە دەفتەری ژمارە نەفرینەکان...هەروا مامەکانیش، پوورەکانت... خاڵۆزاو پوورزا و ئامۆزا وخوشکەزا و برازاکانیش ناوی تۆ دەنگی تۆ، رەنگی تۆ تێکەڵ بە ناو دەنگ و رەنگی قۆنتەڕاتچیو قاچاغچیو بازرگان و سوخۆرو قەرزارو لۆتیو دەییوسەکان دەکەن))

(کۆچیرۆکەکان: ل٣٤٠)، بۆیە چیرۆکنووس دەیەویّ لەرێی فانتازیا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئەو رۆژگارەی، کە بەهای خۆشەویستی بوونی هەبووەو لەگەڵ برادەرە مردووەکانی قسە بکات و بگەڕێتەوە ئەو رۆژگارەی کە هێشتا بەهای خۆشەویستی تیا نەمردبوو.

## کەسێتی کەم ئەندام

کەم ئەندام وەك ئەندامێك لە خێزان و کۆمەڵگا و لە لایەکی دیکە وەك بوونەوەرێکی سایکۆلۆژی و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەشدارە، وەکو جەستە جیادەکرێتەوە لە مرۆڤی ئاسایی بە نەبوونی و لەدەستدانی ئەندامێك، یان چەند ئەندامێك لەو ئەندامانەی بەشدارە لە دروستبوونی پێکهاتەیەکی فسیۆلۆجی تەواو.

ئەوەی زیاتر کەم ئەندام راکێشی نێو ئەو رووبەرە فراوانەی چیرۆك دەکات، هەبوونی ئەو رەهەندە دەروونییەی کەم ئەندامە کە هەیەتی، لەلایەکی دیکەش کەم ئەندام رەمزێکەو هێمایەکە بۆ دەرخستنی توانست و جیاوازی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و رەچاوکردنی باری

دەروونییان لەکۆی ئەو چیرۆکانەی شێرزاد حەسەن لەسێ چیرۆك لەنێو ئەو چیرۆکانەدا کارەکتەرەکانیان لەرووی کەسێتییەوە تەواون و لەرووی فسیۆلۆجیشەوە کەم ئەندامن، لەوانە کارەکتەری (مەلا کوێر) لە چیرۆکی (گرێ) و کارەکتەری (ئەمین) لە چیرۆکی (میم) کە لە ناوك بەرەوخوار جەستەی لەدەست داوە، هەروەها کارەکتەری چیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان) کەسێکی ئیفلیجە.

ئەگەرچی بە رواڵەت کارەکتەرەکان لە هەرسێ چیرۆك کەسانێکی کەم ئەندامن، بەڵام پەککەوتە نین‌و ئەوان کەسانێکن چیرۆکنووس دەیەوێ لەڕێی ئەو کوێر و ئیفلیجانەوە جەوهەرو بەها رۆحییەکانی ئەو مرۆڤانە نیشان بدات، کە لەناو کۆمەڵدا بە ئیفلیج و کەم ئەندام ناو دەبرێن، چونکە بڕوای نووسەر لەڕێی ئەو کارەکتەرانە پێی وایە ئەکرێ مرۆڤێك چاوی نەبێ بەڵام ببیستێ، ئەکرێ مرۆڤێك پێی نەبێ، بەڵام لە رووی مەعریفییەوە بفڕێ و رابکات بە هەموو کون‌و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە گوزەر بکا ئەوەی مرۆڤ وای لێ دەکات بڕوات و رابکات و سەر بەو جیهانەدا بکات کە من و تۆ و هەموو ئەوانی دیکەش دەیانەوێ بەناویدا گوزەر بکەین، چیرۆکنووس بە دەستی ئەنقەست ئەو کارەکتەرانەی دروستکردووە بۆ بەراورد لەنێوان جیهان بینینی ئیفلیجێك وەکو جەستە و مرۆڤێکی ئاسایی وەکو ئیفلیجی فیکری‌و بیرکردنەوەی چیرۆکنووس دەیەوێ بڵێ کۆمەڵگای کوردی پڕە لە ئیفلیج، ئیفلیج وەکو بیرکردنەوە.

(ئەمین) وەك کارەکتەری چیرۆکی (میم) ئەو پیاوە ژیان دۆستە، کە ئیفلیج دەبێ لە رووی سێکسی ژیانی دەدۆڕێ‌و ئەو پیاوە بەو هەموو توانستە جوانەی، کە دەسەڵاتێکی مەعریفی بەهێزی هەیە لە رووی بیرکردنەوەو ژیان دۆستی خۆی چیتر بەپیاو حیساب ناکرێت، ئەمەش پێناسەی پیاوەتییە لەنێو ئەو کۆمەڵگایە، واتە کۆمەڵگای کوردی پێناسەیەکی نییە پێوەندی بە فیکرو ڕۆح و تواناکانی رۆحەوە هەبێ، بەڵکو لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا هەموو پیاوەتی لەناو گەڵدایە.

لەپاڵ ئەو باوەڕەی (ئەمین) کەسانێك هەن وەك ئەنوەری برای و بازرگان و قۆنتەڕاتچی‌و تەنانەت ئەندازیارانیش وا بیردەکەنەوە، کە کتێب و نووسین سەرچاوەی بێ ئەقڵیەو ئەو بوارە ناهەموارەی (ئەمین)ە، کە بیرکردنەوەیەکی جیاوازی هەیە، ((ئەگەر تۆ حیزیت پێ قەبووڵ دەکرێ و قسەی ناو کتێبان مێشکیان خواردووی...ئەوە من باوەڕم بەم شتە قۆڕانەی تۆ نییە..!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٠٥) ، ئەمین ژیان دۆستییەکەی جیاوازە، بیرکردنەوەی جیاوازەو کە سەرچاوەی لە مەعریفە گرتووە، بەپێچەوانەی ئەوان، کە سەرچاوەی بیرکردنەوەیان لە

کۆنەپەرستی‌و گیرفان و حەز و ئارەزووە خود پەرستییەکانیانەوە سەرچاوەی گرتوە: ((ئەمین تۆ قەت ئەوەندە نەفام نەبوویت...بیربکەرەوە...باکتێبەکان فریاتکەون...ئا...ئەوان هەیانە...ئەوەی هەیبێ وەك تۆیەکی بێ گیرفان ڕیسوا نابێ..نابێ بە گاڵتەجاڕی شارێك، ئەوان بە سەدەها کاغەزی سەوزی بیست و پێنج دیناری هەموو وشە ڕەش‌و ناشیرینەکانی ناو فەرهەنگی شارێك دەشارنەوە، ئا...ئەوان وەك تۆ نین)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢١٠).

ئیفلیجی ئەقڵی ئەنوەری برای ئەمین و هاوەڵەکانی لەوەدایە، کە هەموو جوانییەکانی ئافرەت و سۆز و میهرەبانی ئافرەت لەناو گەڵدایە، لەلایەکی دیکەش گاڵتەکردن بە پەیامی مەعریفە لای ئەقڵە ئیفلیجەکەی ئەو چینەیە، کە بنەماکانی لەسەر پارە و دیکتاتۆری‌و باوکسالاری دامەزراوە، بۆیە سەیر نییە کە دەستەواژەیەکی وایان لەدەم بێتە دەرەوە، کە دەڵێن: ((دیارە چیرۆکەکانی مامۆستا گەسکی چاکن...ئەگینا چۆن دنیایان پێ پاك دەکرێتەوە.....!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٢٠).

بۆیە ئەو کەسە شکستانە تەنها باسکردنی شکستێکی جەستەیی نییە، بەڵکو لەڕێی ئەو شکستەوە باس لەو شکستە ڕۆحیە دەکات، کە مرۆڤەکان لە رووی بیرکردنەوە و رۆحییەوە کوێرن، کاتێ باسی کوێربوونی ئەو مەلایە دەکرێت وەکو کەسێکی کوێر، بەڵام لەرێی ئەو کوێرییەو چیرۆکنووس دەیەوێ باسی کوێربوونی کۆی رەوشت (مۆراڵ)ی شارێك بکات کە ئەو کابرایە بە دەیوس و گەواد دەزانێ، بەڵکو چیرۆکنووس بەپێچەوانەی ئەوان خەڵکی دەخاتە ناو بازنەی بیرکردنەوەی خۆیان کە مەلاکوێر بە دەیوس دەزانن و دەیەوێ بڵێ ئەو بیرکردنەوەیە پێچەوانەیە، بەڵکو خەڵکەکە خۆیان وان نەك مەلا کوێر، پوچی و نەبوونی رەوشتێکی مرۆڤایەتی لەنێوان خەڵکدایە، کە نەتوانن لە هەستی کوێرێك بگەن و رەچاوی هەست‌و بیرکردنەوەشی بکەن: ((هات... هات... بیگرن... مەلا دەیوس... مەلا دەیوس.. شار تێکڕا بە وشەی (دەیوس) دەنگی دایەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٦٥).

کوێرێك بەلای خەڵکی دەیوسە کە چاوی نابینێ، بۆیە خەڵکی دەبنە سەرچاوەی گومان، لەلایەکی دیکەش لە ئاست ئەو کوێرە هەموو ئەوانەن، کە بە بیرکردنەوە کوێرن و ناتوانن لە ماناو بوونی کوێرێك بگەن کە دەتوانێ بژی دەتوانێ بەختەوەربێ، هەربۆیەش شێرزاد حەسەن باوەری وایە و لەم بارەیەوە دەڵێ: ((من ئەمەوێ لە رووی ئەخلاق و لە رووی جەستەوە لەرووی فیکرەوە باس لە شکستێك بکەم لە کۆی کۆمەڵگای کوردی تەشەنەی کردوەو

تەمەنیشی درێژە، ((نەیتوانیوە شارستانی بێ بەرانبەر بە بوونەوەرەکانی خۆی بە شکەست و تەندروستەوە))[٤٠٢].

چیرۆکی (گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێلەکان) وێنەیەکی دیکەیە لە (ئیفلیج)، ئەگەرچی لەبارەی گرێو گەواڵی ئیفلیجەکانە، بەڵام بوونی بیمارستانێك، کە شوێنی هەموو ئەو ئیفلیجانەن کەس پێیان نازانێ وکەس نایانبینێ، ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە بیمارستانێك دووربکەونەوە، کە هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی تێدانییە و پڕیەتی لە دڵشکاندنو سەرکوتکردنو دیواربەندی کۆنکرێتی، کە سەرپەرشتیارانی بیمارستان کردوویانەو نایانەوێ کەسێ بە دنیای دەرەوەی بیمارستان شادبن، ئەوان دنیایان لێ بووە بە بیمارستان لە سایەی ئەوانەی، کە هەموو ئەو کەسانەی لە دنیاو شاری خەونەکان بەدووریان دەگرن، لە کاتێکدا هەموو ئەو ئیفلیجانە دەتوانن وەکو مرۆڤێك بژین، چونکە ئەوان ئیفلیجی رۆحی نین، بەڵکو خەڵکی بەرانبەر ئەوان ئیفلیجن، کە ناتوانن لێیان تێبگەن و مامەڵەیان لەگەڵ بکەن.

### ب ـ ڕەنگدانەوەی چەند لایەنێکی دەروونی لەنێو چیرۆکەکاندا

### ١ـ باری چەپاندن

شلکردنی جڵەوی غەریزەکان و گۆڕینی ئامانجەکان لەپێناو مانەوەو ڕازیکردنێکی پێوەرو یاساکانی کۆمەڵەو لە هەمان کاتیش خۆگونجاندنێکیشە لەپێناو مانەوە و هاوسەنگی دەروونی گواستنەوەی ئەو حەز و ئارەزووانەی، کە لە ئاگاییەوە دەگوازرێنە نەستی (نائاگایی) چەپاندنە، هەرچەندە لای (فرۆید) چەپاندن زیاتر حەز و ئارەزووەکانی لیبیدۆییە، لەگەڵ ئەوەشدا چەپاندن دۆخێکی رۆژانەی ئەو کولتوورەییە بەشێوەییێکی بەربڵاوتر لە حەزە لیبیدۆییەکان، وەك ئەوەی شێرزاد دەیەوێ قسەی لەسەر بکاتو منداڵ بە قۆناغەکانی دواتریشەوە بە هەموو بارەکان حەز و ئارەزووەکانی دەچەپێنرێ.

لە چیرۆکی (گوڵی رەش)حەمەی پاڵەوان عاشقێکی دۆڕاو شکست خواردووە لە بواری سۆزداری و نموونەیەکی باڵای ئەو چەپاندنەیە کە هەرزوو لە سەردەمی منداڵی بە گوێچکەی منداڵەکان دەچەپێندرێت. ئەو منداڵەی کە بە کۆمەڵێك لە دەستەواژەی مەکە

---

(٤٠٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزادحەسەن، هەولێر، ٢٠٠٦/٥/٢٧.

و وامەکەو وا مەڵێو نەو نا و نەرێ گەورەبووە، بۆیە لە چیرۆکی (گوڵی رەش) کارەکتەرێك هەیە چەپاوە، چەپاوێکی سەردەمی منداڵییەو ئەو چەپاوەی، کە بەشێك لە سۆزو خۆشەویستی خەفەکراوە: ((ئای کە دێوانەی کپ و بێ شیعر و ناڵەی تەنیایی زۆرن...نا...هێرۆ...من بشگریم...بێدەنگ دەگریم، فێرکراوین بێدەنگ بگرین و بمرین بێدەنگیش گۆرانی بڵێین، بە دزییەوە حەز لەیەکدی بکەین، شەو تا بەیانی چەندەها نامەی دڵداری بنووسین و بەیانیش لەگەڵ گزنگی خۆر هەموویان بدڕێنین نەبا تیشکی خۆر بیان خوێنێتەوە)) (کۆچیرۆکەکان: ل٩٢).

هەموو ئەو هەستانە شرۆڤەی جۆرێك لەو چەپاندنانەن، کە پەیوەستن بە قۆناغی زوو، ئەو قۆناغەی پڕە لە چەپاندن و پڕە لە سانسۆر و کپکردنی دەنگەکان و سەرکوتکردنی چاوەکان و روح شکاندنی منداڵەکان و ترسی پرسیارەکان، بۆیە وێنەی کارەکتەرەکمان هەیە لە (گوڵی رەش) ناتوانێ خۆشەویستی بکات، ناتوانێ لەگەڵ یارەکەی ئاسوودەبێ، چونکە حەمەی چیرۆکی (گوڵی رەش) کوڕی نهێنی شاردنەوە و مەرگ و ترسە هەروەك چۆن دەڵێ: ((ئێمە نەوەیەکین شەمشەمەکوێر ئاسا حەز بە تاریکی دەکەین لە نهێنییەکانی خۆمان دەترسین، من هەر بەخەیاڵ دەتگرمە ئامێز... ماچت دە... نابورە تا ئێرەو بەس... من کەی دەوێرم سەرهەڵبڕم... هەر لە منداڵییەوە لێتان دەترسام... دەترسم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٩٢).

حەمەی چیرۆکی (گوڵی رەش) دەیەوێ هەستی شەرمنۆکی و ترس و بارە چەپاوەکەی لە هەڵسوکەوتی پەروەردەی دایکی بخاتە ڕوو لەگەڵ هەبوونی جیاوازی چینایەتی قۆناغو هۆکارەکانی چەپاندن روون دەکاتەوە، دایکی حەمە دەڵێ: ((رۆڵە عاقڵ بە... خۆتۆ پشیلەنیت بەسەر دیواردا هەڵبگەڕێی... بتگرن هەردوو قاچت دەبڕنەوە... ها...))
(کۆچیرۆکەکان: ل٩٢).

حەمە لەرێی خۆدواندنەوە نەك بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی، کە هەر بە خەیاڵ لە بەرانبەر ئەو کردەوەو بارە ترس و چەپاوانەی دایکی دەڵێ: ((هەر لەوساوە دەترسێم، لەئێوەو... لە هەمووتان دەترسام...گەر گوڵێکتان بدزم و ئێوەش بمگرن و هەردوو قاچەکانم ببڕنەوە، ئێستاش واهەست دەکەم تۆ گوڵێکی دانسقەو قەشەنگی، ناوێرم لەکن کەس ئەو حەزو ئارەزووە دەربڕم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٩٢).

دەرنەبڕینی حەز و ئارەزوو هەستی خۆشەویستی لای حەمەی چیرۆکی (گوڵی رەش)و کارەکتەرە شکست خواردووەکانی بواری حەز و ئارەزووی خۆشەویستی، وەکو فەرهادی کارەکتەری سەرەکی لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)یش هەمان قۆناغ و بارە چەپاوەکانی سەردەمی منداڵین.

مردنی گوڵەکان لای حەمەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی (گوڵی رەش)، کە دەیەوێ هێرۆ بێ و گوڵە مۆرەکانی ناو پەنجەرەکەیان ئاوبدا، یەکسانە بەمردنی حەزەکان. هەروەها دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە چەپاندن، وەکو مامۆستا و دایك و باوك و کولتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان..هتد ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا رۆڵیان هەبێت لە دروستکردنی گرێ دەروونییەکان. شێرزاد حەسەن لەم بارەیەوە دەڵێ: ((هەموو ئەو دۆخە ناشرینانە یا ئەو حاڵەتانەی ئەگەر ناوی بنێین نەخۆشی هەموو ئەو دڵەڕاوکێ و ترس و شەرم و دوودڵیو نەبوونی بریارو دڵ لەرزێ کە لەناو کارەکتەرەکاندا هەیە دەرەنجامی چەپاندنە))[٤٠٣].

فەرهاد لە چیرۆکی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤ)دا دەڵێ: ((لەوانەیە بڵێین: درۆدەکەی... گەر ئەوەندە ترسنۆك و شەرمن بوویت چۆن حەوت ساڵ حەزت لە کچە خاڵت کرد...؟ وانییە بە هەڵە ڕۆیشتوون... ئەمن بەدزییەوە... لە ژێرەوە خۆشم دەویست، ئەو نەیدەزانی، هەرخۆم بە تەنیا بۆی دەسووتام)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٣-١٥٤).

کارەکتەر دەیەوێ بڵێ نەم درکاند، چونکە فێری درکاندن نەبووم و نەم دەتوانی، چونکە لە مانای توانست حاڵی نەکراوە، بۆیە خۆی بە کەڕولاڵ وەسف دەکات: ((چاوەڕێ بوو رۆژێك لەرۆژان منی کەڕولاڵ، منی گێژو وێژ ئەو نهێنییە بدرکێنم...پیاو بووم...نەم درکاند...کاکە نەمتوانی...نەم وێرا...ئیتر بۆخۆی شووی بە بازرگانەکە کرد)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٤).

دەستگیر نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و نەگەڕانەوە بۆ باوەشی خۆشەویستی لە تەمەنی هەراش بوون و دوای قۆناغی منداڵیو هەرزەی دەبێتە جۆرێك لە رەنگدانەوەو گرێی دەروونی هەروەك چۆن کارەکتەر لەوەسفی حاڵەتی خۆیدا دەڵێ: ((سوور هەڵدەگەڕام، زۆرجار لە خەم و حەژمەتی ئەو لاڵ بوونەم دەگریام)) (کۆچیرۆکەکان:ل١٥٤).

چەپاندن دەبێتە کەڵەکەبوونی بەشێکی زۆری ئەو حەز و ئارەزووە، لەلایەکی دیکەش راگرتنی هاوسەنگی دەروونی لەنێوان (من/ id)و (ئەو/ego) بۆ رازی کردنی (منی

---

(٤٠٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن ٢٠٠٦/٥/٢٧.

بالاَ/super ego)، بەڵام ئەو بارە چەپاوانە بۆ هەتا هەتایە لەناو ناچن، بەڵکو بەردەوام هەوڵی گەڕانەوە دەدەن و زۆرجاریش لە خەونەکان بەدەردەکەوێت، یان نووسەر لەڕێی چیرۆکەوە چەپاندنی حەزو ئارەزووەکانیان دەردەخات و خۆیان پێ بەتاڵدەکەن.

وێنەی گەڕانەوەی کارەکتەر بۆ رابردوو باسکردن لە گرێیو گەواڵ جۆرێك لە راڤەی ئەو لایەنانە لای کارەکتەر شرۆڤە دەکرێن، کە چیرۆکنووس لەرێی کارەکتەر دەری بڕیوون هاوشانی یان جۆرێك لە پرۆسەی خەون بینین. لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان) ئەرکی کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی نێو چیرۆکەکە دەرخستنی باری نەستی و بارە چەپاوەکانە بە تایبەتی چەپاندنی سێکسی وەك ئەوەی فرۆید باسی دەکات، بۆیە گەڕانەوەی بارە چەپێندراوەکان لەرێی خەون یان نووسین دووبارە گەڕانەوەیە، تا تۆزێك لە قورسایی و باری نەستی هەڵگرن.

چیرۆکنووس لە دیدگای خۆیەوە دەیەوەێ ئەوەمان پێ بڵێ ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە زیاتر ئیش لەسەر چەپاندن دەکات، نەك تەنها بە مانای خەفکردنی سۆزی خۆشەویستی، بەڵکو منداڵ بە هەزار نەکەو مەکەوە گەورە دەبێ و روح شکێن و سەرشکێن دەکرێ، بۆیە درێژکراوەی ئەو بارە چەپاوە مرۆڤ بوونەوەرێکی نەخۆشە بەردەوام حەزی تێرکردنی پێداویستییە فسیۆلۆژی و دەروونییەکانی هەیە. منداڵ زوو بەوە ئاشنا دەکرێت، کە دەبێ تەبابێ لەگەڵ کۆمەڵو بگونجێ لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بۆیە ئەو بارە چەپاوانە تەنانەت لە خەونەکانیش هەر رۆڵی سانسۆر دەردەکەوێت، چونکە فراوانی و بارستای ئەو چەپاندنە زۆرە. کارەکتەر لە چیرۆکی (لەودیو دەرگا ئاسنینەکەوە) کەسێتییەکەی چەپاوە، بۆیە ناتوانێت ئارەزووەکانی بینێتەدی یان بتوانێت گوزارشت لە خۆشەویستی بکات ((شەوانیش خەونەکانت پڕەبوون لە ئافرەتە قەرەجەکان...چیرۆکێکی زۆری دەردی دڵداریت دەزانی...وات دەزانی... دڵی کچێکی کاڵی پێ رابگری)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤١).

وێنەی دوو عاشقی نێرو مێ لە چیرۆکی (ماچێکی سوێر) ئەگەرچی هەردووکیان تێکەڵ بە حەزو خۆشییەکان دەبن، لەگەڵ ئەوەش هەریەکەی جۆرێك لە چەپاندن و گەڕانەوە بۆ نەست بەسەریان زاڵە. باوەڕی کچ بە ماچێك بەپێی کولتوور، واتە چوونە ژێر باڵی کوڕ بە هەموو هەست و نەستییەکانەوە: ((بۆ لە تۆ وایە ماچێك ئەوەندە کەمە...لەسەر ماچێك سەدەها کەس...میللەتان شمشێریان لێك هەڵکێشاو ئەو رۆژەی کە من ماچت دەدەمێ یانی هەموو هەست و نەست و بوونی خۆم بەتۆوە پابەندکرد..!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٧٦) ترسی ماچ لای

کوڕ ترسێکی چەپاندنە پەیوەستە بە نەست، کە ناتوانێ لە تەنیایی خۆی و کچەش ئازادبێ ((وەکو ئەوەی من ئێستاکێ شێتی ئەوەم تۆ ماچ بکەم و ناوێرم، هەردوو لێرە بە تەنیاین‌و کەچی زاتی ئەوە ناکەم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٧٧).

کارەکتەری کوڕ لە چیرۆکی (ماچێکی سوێر) دەیەوێ خۆی بێ وەك هەبوون، چونکە ئەوە نییە کە خۆی دەیەوێ، بەڵکو ئەو پەروەردەی جۆرە کولتوورێکە، کە ناتوانێ خۆی چۆنی دەیەوێ وابێ ((ئەستەمە زۆر ئەستەمە...گوناهێکی گەورەیە کە نەمن...نەتۆ ناتوانین خۆمان راموسین...تێکەڵ بەخۆمان بین...گەر وابڕوات من شێت دەبم...شێت دەبم چونکە ناتوانم بگەمە خود و زاتی خۆم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٨١)، بۆیە کارەکتەری کوڕ ناتوانێ تامی لێوەکان بکات، کە تامی فرمێسك ناهێنێ‌و ئەو فرمێسکانەی دەردی ترس و چەپاندنن.

### ٢- نەست

نەست ئەو بەشە گرنگەیە، کە بوونێکی کاریگەرە لە مرۆڤدا، ئەو بوونەی پاڵنەرو جووڵێنەری زۆر لە هەڵسوکەوتە نائاسایەکانی مرۆڤەو بایەخی نەست و گەڕان بەدوای نەست لە ئەدەبیات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە رەخنەی ئەدەبیدا، چونکە ئەدەب بەگشتی قسەکردنە لەسەر مرۆڤ و قسەکردنە لەسەر رابردوو و داهاتوو ئێستای بارە جۆربەجۆرەکانی مرۆڤە، هەر لەبەر ئەوەشە نەست لە دەقی ئەدەبیدا بەهاو بایەخی خۆی دەردەخات لە نەمری دەق‌و پەیوەندی نێوان خوێنەرو نووسەر و دەقدا.

کەواتە ئەدەب ((ئەگەر پەیوەندیشی بە نەستەوە نەبێ، ئەوا هیچ کاریگەریەکی بەسەر خوێنەرەوە نابێ وەك شتێکی سنعەت سازی نەشیاو دێتە بەرچاو، چونکە بە هیچ شتێکەوە پەیوەست نییە))(٤٠٤).

لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆرەکانی دەروونشیکاری، نەست زیاتر لەنێو پانتایی ئەدەبیات دەرکەوت، هەروەك چۆن کارە ئەدەبییەکان بەری رۆشنایی زیاتری تیۆری نەست بوو، ئەدەبیش بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەکی قووڵاییەکانەو پەیوەستە بە نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ، زۆرجاریش مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونی دەقێکی ئەدەبی لەگەڵ هەماهەنگی بوونی هەڵچوونەکانی مرۆڤ دێتەکایەوە، کە پێوەندیەکی راستەوخۆی بە نەستەوە هەیە. زۆر جار نووسەر خۆی سەرسامییەك لە ئاست دەربڕینەکانی دەبینێ، کە چۆن لە حاڵەتێکی کتوپڕی نا

---

(٤٠٤) و. ئەحمەد حیدۆش (و-ئا)- گەڕان بەدوای نەست لەدەقی ئەدەبیدا، ل١٠.

ئاسایی بە شێوەیەك دێتە بوون کە نووسەری دەق بەو شێوەیە چاوەڕێی نەدەکرد، ((کەواتە نەست سەرجەم ئەو هەڵسوکەوت و بۆچوون و لێکدانەوە و هەڵچوونانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بەناچاری پەنای بۆ دەبات و پاڵنەرەکانیشیان لە بواری هەست و هۆشدانین))[٤٠٥].

(مارتین) کاتێ لە یەکێ لە برادەرەکانی دەپرسێ لە بارەی داهێنان، تۆچی دەکەی کە دەست لە هەردوولا سەرت دادەنێی؟، لە وەڵامدا دەڵێ: من بیردەکەم و مارتین دەڵێ سەیرە من بیر ناکەمەوە هەست و نەستم لە پێناوی مندا بیردەکەنەوە[٤٠٦] بوونی نەست خۆدەرخستنێکە لە داهێنانی ئەدەبی، جا چ هەستکردن بێت، یان هەست پێنەکردن بێت لای نووسەران لە کاتی داهێنان و جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ نەست، نەست بوونێکی بونیادییانەی هەیە و ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی لایەنێکی سەرکەوتووی دەقی ئەدەبی.

چیرۆکەکانی شێرزاد پانتایەکی باشی بواری نەستین، هەر لەجۆرێك لە دانپیانان و گەڕانەوە بۆ رابردوو خەون بینین و بارە هەڵچوونەکانی کارەکتەری چیرۆکەکانی شێرزاد حاڵەت بوونی نەستە ((من پتر خۆم دەدەمە دەست نەست و نائاگایی (لاشعور) کەمتر لە هەرێمی هۆش نزیك دەبمەوە چونکە دەزانم پڕە لەچاودێرو سانسۆرو حەڵاڵو حەرام))[٤٠٧].

لەنێو رەوتی مێژووی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ژانری چیرۆك بەر لەساڵانی حەفتاکانو سەرەتای ساڵانی حەفتاکانیش نووسەران و ئەدیبان کەمتر توانیویانە خۆیان لە کارەکتەرو رووداوە پەراوێزکراوەکان بدەن، کە پەیوەستبێ بە نەستی کارەکتەر و رەهەندێکی قووڵی دەروونی تێدابێت وەك دەرخستنی کارەکتەرێك لەنێو دەقی چیرۆکێکدا، کە چیرۆکنووس توانیبێتی تەواو لە ئێش و ئازارەکانی کارەکتەر نزیك ببێتەوە، ئەو کارەکتەرانەی، کە فەرامۆش کرابوون نووسەران، کەمتر دەپرژانە سەری، زیاتر کارەکتەرێك بوون لە نموونەی کرێکاری چەوساوەو شۆڕشگێرو ئازایەتیو نەترسان...هتد سیمای پاڵەوان بوون.

شێرزاد هەر لەسەرەتای ئەزموونی چیرۆکنووسی لە چیرۆکەکانیدا کارەکانی شۆڕبوونەوە بوو بۆ ناخی کارەکتەرو نزیك کەوتنەوە لە ئێش و ئازارەکان و تەنیاییەکانی کارەکتەر بووە بە

---

(٤٠٥) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای گشتی، ل٣١٠.

(٤٠٦) د. محمد مصطفى هدارة - مقالات في النقد الادبی، دار القلم، (ب- س)، ص٤١-٤٢.

(٤٠٧) شوان ئەحمەد (ئا)- تەمەن و ئەزموون فێرت دەکەن، ئەگەر رێزی قەڵەمی خۆت نەگریت، ئەویش رێزت ناگرێ (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٤١.

سیمایەکی دیار لە چیرۆکەکانی، بۆیە لە راڤەو شۆڕبوونەوە بە قووڵایی چیرۆك و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی شێرزاد مامەڵەکردنێکی نەستیانەیە لە هەماهەنگی رووداوەکان ((نەست بەلای منەوە شۆڕبوونەوەیە بۆ چینێك کە نابینرێت لە رۆحی ئینسان، یان ورتە ورتێك، یان دان پیانانێك بۆ لەخۆڕامانێك، یان دۆزینەوەی دۆخێك لە حاڵەتێك، کە زۆرجار تۆ شەرم ئەکەی بیڵێی ئەترسێی بیڵێی لەبەر باری کۆمەڵایەتی))(٤٠٨).

کارەکتەری شکست خواردوو شکستەباڵ لە چیرۆکەکانی شێرزاد وێنەیەکی دووبارەوە بووە لە بۆتەی رووداو، کارەکتەرە جیاجیاکان لە قۆناغەکانی تەمەن و ئاستی رۆشنبیری و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌و مەسەلە چینایەتییەکان.

ناوەرۆکە نەستییەکان کە فرۆید جەختیان لەسەر دەکات یەکێك لەوانە خەونە، خەون گوزەرێکە، شۆڕبوونەوە بەنەست، وەك نموونە لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان‌و ئاسکە کچان) ئەو مامۆستایەی کە ماندوو هیلاك‌و نەخۆشەو بەدەستی ئەنقەست نووسەر لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکەکچان) دەیەوێ خەو بیباتەوە و بخەوێ لەناو پۆلی ئەو کوڕ و کچانەی، کە شەرمنن بەرانبەر بە یەکتری لەگەڵ ئەوەی کوڕان تابلۆی چەند ئاسکێك دەهێنن و کچانیش وێنەی چەند کەڵە کێوییەك دەهێنن، کە لەناو مێرگێکدا دەلەوەڕێن بە دیوارەکە هەڵیدەواسن، جگە لەوەی هەڵواسینی ئەو دوو تابلۆیە هەریەکە بەپێی خواستی قوتابیانی کوڕو کچ جۆرێکە لەنەست، لەو حەزەی کە شەرم و ترس چەپاندوونی، مامۆستا لەگەڵ چاوخستنەسەر تابلۆکەو بەدەم نووسینی نامەیەك دەکەوێتە نێوخەوێك، لەوێدا خەون دەبێتە ناوەرۆکی چیرۆکەکە، پرۆسەی خەون بینین نزیك بوونەوەیەکی تەواوە بۆ نەست لەو کاتەی کە چاودێر (منی باڵا) دەوری نامینێ یان بڵێین کەمتر دەتوانێت سەرکوتی (ئەو/id) بکات بۆیە رۆڵی (منی باڵا/ super ego)لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان) کەمتردەبێت. حەزە شەهوانی و بارە چەپاوەکان لە نموونەی ئەو چیرۆکەدا دەتەقنەوەو کوڕان‌و کچان بەدەم حەزە سێکسییەکان تێکەڵی یەکتر دەبن و شۆڕشێك لە دژی هەموو کۆتوبەندێکی کولتووری بەرپادەکەن، کە سەرچاوەکانی سانسۆرن کەڵە کێوی و ئاسك و کوڕو کچ لەو خەوە تێکەڵ بەیەکدی دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی خەون بەشێکی ئەو دووركەوتنەوەیە لە سانسۆر، بەڵام لەخەونیشدا

---

(٤٠٨) چاوپێکەتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، هەولێر، ٢٠٠٦/٥/٢٧.

بوونی خۆی هەر هەیە ((کوڕینە...کچینە ئەو هات و هاوارەی دەرەوە زیادی کرد...!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٨٦).

ئەو مامۆستایەی لە چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان) دەبێتە ڕەمزی نەست، لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەر دەبێتە جۆرێك لە سانسۆرو ئەو سانسۆرەی کە لە خەونیشدا هەربوونی هەیە بە جۆرێك زاڵبوون و سەرکوتکردنە، تا ئەو رادەیە زاڵە کە مرۆڤ لە خەونیشدا هەر لەژێر چەپاندن و سانسۆردایە، بۆیە بەڕێوەبەر (ست نەجیبە) لە خەونی مامۆستاکە ڕەمزی سانسۆرە وێنەیەکە لە (منی باڵا)، بۆیە لای خوێندکاران وێنەیەکی قێزەوەنەو ڕقیان لێیەتی، ئەو ڕق لێبوونەوەی کە لەژێر کاریگەری (ئەو/ id)دایە ((ئەی بۆکوێ دەچن...چی لەدەست (ست نەجیبە) قورتارتان دەکا...؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٨٧).

کتێب و وانەکانی قوتابخانە دەبنە وێنەیەك لە بارەی چەپاوەکان، مرۆڤ ناتوانێ لە ئاست ئەوانیشدا قسەبکات، بۆیە لەخەونی مامۆستاکەو گفتوگۆی قوتابیانو هەستی گوێگرتن لای مامۆستا لە خەوندا وەکو ڕاڤەی نەستو ڕەمزی نەستە. بیروڕای قوتابیان و خواستەکانی (من) دوور لەسانسۆر دەردەخات: ((ئاخر کە نەوێرم نامەیەك بۆ دڵخوازەکەم بنووسم بۆ بەشەق شیعرەکانی نالیو وەفایی...م پێ ئەزبەر دەکەن....؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٩٠). هەروەها لە لایەکی تردا هاتووە: ((چی لەپەروەردەو ئابووری بکەین کە هەموو شتێك قاچاغ بێت...؟)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٩٠)لەگەڵ ئەوەشدا باوك دیسان لەنێو خودی خەونیشدا وێنەی ڕەمزی منی باڵایە، ((ویستم لە دەرگا بدەم کتوپڕ کرایەوەو باوکم بینی بە گۆچانێکەوە وەستاوە، بەهەردوو دەست سێبەرم لە عەوڕەتی خۆم کرد)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٤).

لە کۆتایی چیرۆکەکە ئەو مامۆستایەی ڕەمزی نەستە لە خەودا جۆرێك لە دروستبوونی تراژیدیایەك بەسەر مامۆستاکە دادێت، کە لە هەموو لایەکەوە دژی دەوەستن و بەسەرچاوەو کانگەی (ئەو/ id)ی دەزانن، بۆیەش لە کۆتایی خەونەکەش بوونی سانسۆر هەر هەیەو هێزی (منی باڵا) کە ئاپۆرەی خەڵکەو بە مامۆستاکە دەڵێن: ((ئەو دەڵە قۆڕەی دایکی هەڵواسن کە زۆڵێ وای ناتەوە!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٣)،یان دەڵێن: ((ئەها ئەوەتا مامۆستا شاخ دارەکە نەهێڵن دەربازبێ...!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٣)، ((من دەمویست بمرم و ئەوان بێ بەزەییانە نەیان دەکوشتم...بە سەدەها چنگی چنگاڵ ئاسا هەڵیان بڕیم)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠٣).

(نەست) لە میکانیزمی دەروونی (id) سەرکوت دەکرێت،(ego) هەوڵی راگرتنی دەدات، هەرچەندە لە خەویشدا ئازادبێت، بەڵام رادەی چەپاندن زۆر زیاترە، بۆیە لەخەونیشدا رادەی ئەو سەرکوتکردن و سانسۆرە دیارە.

جگە لەخەون نەست لە کاتی هەڵچوونەکانیشدا ئەو بارە چەپاوانەی دەرنەبڕاون جارێکی دیکە هەوڵی گەڕانەوەیان دەدەن و باری شپرزەبوونی دەروونی نیشان دەدەن، وەك هەڵچوونی کارەکتەر لە چیرۆکی (خوشکەکان)، کە قەیرە کچێکە دوو خوشکی دوای خۆی مێردیان کردووە، بەبێ هیچ هۆیەکی بەرجەستە، کارەکتەر چیرۆکی (خوشکەکان) لە ئاهەنگێکی خۆشی، کە شووکردنی خوشکیەتی هەڵچوونێکی کتوپڕ بەری چاوانی کارەکتەر لێڵ دەکات: ((بەدرێژای قەرەوێڵەکەی خۆی راکێشا...کەوتە سەرپشت...غەڵبە غەڵبی خەڵکەکە کپ نەدەبوو... ئاژاوەی دوای زەماوەند...نارۆن و ماڵە گۆڕستانەکەی بۆجێ ناهێڵن...)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٦)، هەروەها لە وەسفی گێڕەوەی چیرۆکەکە دەردەکەوێت، چۆن وەسفی باری دەروونی قەیرە کچەکە دەکات: ((ماڵئاواییان لێ کردی...ماڵئاوایی لە مردووی نەناسراوی گۆڕستانێکی ئەم جیهانە...پتر لە شانۆگەریەکی تراژیدی دەچوو...نەك ئاهەنگی زەماوەندبێ...!)) (کۆچیرۆکەکان: ل٢٨)، بۆیە فاکتەری هەڵچوون فاکتەرێکی نەستییە لای کارەکتەر، کە جۆرێك لە ململانێی دەروونیو هاوسەنگی دەروونی کارەکتەر لەدەست دەچێو هەڵچوونی قەیرەکچی کارەکتەر دەبێتە دەرکەوتنی ئەو بارە نەستییەی، کە فاکتەری هەڵچوونەکە دەردەخەن: ((وەکو شێت.. کتوپڕ... بێ بیرکردنەوە... بە زەحمەتێکی زۆرەوە... هەستایتەوە سەر هەردوو قاچە شلو لەرزۆکەکانت...کورسییەکی بچووکت خزاندە ژێر پێتەوە... سەرکەوتی... خوشکەکەت بە سەرسامییەوە سەیری دەکردی...نەیزانی دەتەوێ چی بکەی... نەشی دەوێرا بپرسێ... بەهەر کێشمەکێشمێ بوو خۆت گەیاندە وێنەکەت... دەستەکانت بەرزکردەوە... تا هێزت تێدابوو وێنەکەت راکێشا... بەدەستتەوە هات... پارسەنگی خۆت ونکرد... کورسییەکەیی خزی و خۆت بۆنەگیرایەوە... دەماودەم بەسەر وێنەکەدا کەوتی... شووشەی وێنەکە شکاو باسکی بریندار کردی)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٠). لێرەدا دەکرێ بڵێین: ((لە حاڵەتی نەستیدا مرۆڤ کارێك دەکات و بەجۆرێك بیر دەکاتەوەو هەڵسوکەوت دەکات، ئەگەر پرسیاری لێ بکەیت ئەوا هۆو پاڵنەرەکانی ئەو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەیەی نازانێت))[٤٠٩].

---

(٤٠٩) د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- سایکۆلۆژیای گشتی، ل٣١٠.

چوونه ژێر باری نەستی لای چیرۆکنووس لەڕێی کارەکتەرەکانی پەیوەستە بە جۆرە هەڵچوونێك، کە داهێنان دروست دەکات. ((کاتێك هونەرمەندێك تابلۆیەك دەکات و پەیکەرێك دەتاشێ هەڵچوونێکی بەردەوامە، کە خودی هونەرمەند هەستی پێدەکات و داهێنان دروست دەبێ بۆ هونەرمەند، بەڵام کەسێکی تر کە هاوبەشی ئەو هەڵچوونە دەکات و بەتاڵی دەکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەوا لە نائاگاوە دەچێتە بواری هونەرمەند، لەجیاتی داهێنان ئەوا گرێ دەروونییەکان دەکاتەوە))[٤١٠]

جگە لەهەبووی ئەو دیاردەی خەون و هەڵچوونەکان جۆرێك لە دانپیانان و گەڕانەوە بۆ یادەوەریەکان، کە پانتایەکی بەرفراوان بوونی هەیە لەڕێی تەکنیکی فلاش باگەوە، کە زۆرجار گەڕانەوە بۆ ڕووداوە تفتوتاڵەکان دەبنە حاڵەتێکی نەستی و کارەکتەری چیرۆکەکان بە دەستی دەناڵێنن، وەکو چیرۆکی (عزرائیل)، کە جۆرێکە لە دانپیانان و گەڕانەوە بۆ نەست.

پرۆسەی نووسین لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، جۆرێکە لە بالابوون و خۆ دوورخستنەوە لە گرژی دەروونی (نێرسیسی)، لە هەمان کاتیش جۆرێکە لە خەون بینین بۆ شێرزاد حەسەن وەك شارەزاییێکی ئەم بوارە دەڵێ: ((پرۆسەی نووسین لای من هەمیشە پرۆسەیەك بووە نزیك لەخەو بینین))[٤١١]جگە لە نووسین لەناو هەناوی چیرۆکەکانیش کارەکتەرێك هەیە دەبێتە ئەکتەری شانۆ، وەك لە چیرۆکی (ڕەنگاڵە)، یان چیرۆکنووس لە چیرۆکی(میم)و شاعیر لە چیرۆکی (تەنیایی شەوێکی باران،) جۆرێکە لە بالابوون لەڕێی هونەر و ئەدەب و خۆنزیك کردنەوەیە لە نەست، لە هەمان کاتیش چوونە نائاگای خوێنەریشە، (یوسف عوسمان حەمەد) لە پێشەکی کۆمەڵە چیرۆکەکانیدا دەڵێ: ((لەرووی دەروونزانییەوە ئەدەب و هونەر بەرزبوونەوەیە، بۆ میکانیزمی دەروونزانی، واتە دەربازبوون لەناخی پەنگ خواردووەکە داخوازییەکانی تاك لەبەر بوونی ڕێگرێك ئازاد ناکرێت ئەوا لەرێگای چیرۆك دەتوانێت ئەو چەپاندنە ئازاد بکات و زمانی ناخ بێتە گفتوگۆ))[٤١٢].

---

(٤١٠) یوسف عوسمان حەمەد- ڕەهەندەکانی شێوەکاری و گرفتە دەروونییەکان، گ/ڕامان ، ژ/٧٨، ٢٠٠٢، ل١٩٨.

(٤١١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن، ٢٧/٥/٢٠٠٦.

(٤١٢) یوسف عوسمان حەمەد- کورتە چیرۆك (من بەدزی باوکمەوە گەورە بووم)، بلاوکراوەی نوێ، چا/ چاپخانەی‌و ئۆفێستی، ٢٠٠٥، هەولێر، ل٤.

هەموو ئەو بارانەی نووسەر تووشی دێت و ناتوانێ لەداکەوتە (واقیع)ی کۆمەڵایەتی بیانلێ لەرێی نووسین خۆیان پێ بەتاڵ دەکات و پاڵنەرێکی نەستیش لە پشت نووسینەوە هەیە، هەروەك چۆن نووسین بەبێ زمانێك ناتوانرێت دەرببڕێت، بەهەمان شێوە نەست پاڵنەرێکی کاریگەرە چ بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەوری هەیە لە پتەوکردنی بنەمای نووسین. یەکێك لەو سیما دیارانەی چیرۆکەکانی شێرزاد جۆرێك لە دانپیانانێك هەیە بێ گوێدانە بارە کۆمەڵایەتیو حورمەتی کۆمەڵایەتی لە دەرخستنی بارە نەستییەکان وەکو چیرۆکی (پیرە پەپوولەکانی ئێوارن)و (خوشکەکان) و (بێوەژن) لەلای ژن ، هەروەها نیشاندانی ئەو چینەی، کە درکی پێناکرێ نەك بە تەنها رووخسارو هەڵچوونی دەروونی ئاسایی وەك دڵەڕاوکێو ترس و شەرم و گرێ دەروونییەکانی دیکە، کە پەیوەستن بە دیاردەیەك وەك گیانلەبەرێك، کە راستەوخۆ ببێتە سەرچاوەی ترس بۆ منداڵێك یان دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە یان ترسی جووتیارێك لەکەمی بەرهەم، بەڵکو دیاردەی ترس یان دڵەڕاوکێ لە چیرۆکەکانی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان)، یان کارەکتەری (گمەی غەریبی) و (رەنگاڵە) پەیوەستە بەنەست و درێژبوونەوەی دەرد و گرێ دەروونیەکان و شۆڕبوونەوەیەکی نەستیانەیە، نەك بارێکی دەروونی کاتییە.

## ٣- باوكسالاری

دەسەڵاتی باوك ئەو رەگەز و پێكهاتە سەرەكییەی زۆربەی چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەنە، باوك(*) وەك رەمزێكەو هێمایەكە لەهێماكانی دەسەڵات، ئەو باوكانەی كە دێنە ناو نووسین و لە چیرۆكەكاندا دەبنە كارەكتەری سەرەكی یان خەسڵەتێك لەو خەسڵەتانە وەردەگرن، كە جۆرێك لە دەسەڵاتی (پاتریاركی) باوكسالاری دەخزێنە ناو چیرۆكەكان لەو پانتاییە بە تایبەتی لە ژانری چیرۆك، كە زەمینە خۆشكەرێكە بۆ خستنەرووی كێشەو بابەتەكان. ئەو باوكانە جیا لەو باوكانەی وەك بووونەوەرێكی كۆمەڵایەتیو شێوەیەكی فسیۆلۆژی دەردەكەون، بەڵكو ئەوان پڕ دەبن لە هێما و دەلالەتی تایبەتی بۆ دەسەڵات و خودی شێوەكانی دەسەڵات، گومانیش لەوە ناكرێت كاتێ باوكەكان بوونیان دەبێ لەنێو چیرۆكەكاندا دەبن بە رەمزی سیستەمی ئەخلاقیو فەرهەنگی كۆی سیستەمە رامیاری و كۆمەڵایەتییەكان .

وێنەی باوك لە چیرۆكەكانی شێرزاددا خۆی لە كۆی ئەو سیستەمە ئەخلاقیو كولتووریو سیاسییانە دەبینێتەوە، كە بوونە سێبەر بەسەر نەوەكان و وەك تارماییەك بە دوایانەوەن، دواتریش دەبنە مێژوویەكی پڕ لە تراژیدیاو غوربەت و دابڕانی وەچەكان، لەلایەكی دیكەشەوە پێوەندی هەرەمەكی وەردەگرێت، وەك دەسەڵاتێكی بۆ ماوەیی یەك بۆ یەكتری جارێكی دیكە دەبنە هەمان دەسەڵات و درێژەی دەسەڵاتی پێشووتر كە بەسەر نەوەكانی پێشووتردا پیادەكراوە.

---

( * ) شێرزاد حەسەن ئەگەرچی لە ژیانی تایبەتی خۆیدا باوك وێنەی باوكێكی دڵ رەق بووەو، هەندێ جار پێوەندی ناڕێكی خۆی و باوكی والێك دراوەتەوە كە بەهۆی ئەو ناڕێكییە چیرۆكەكانی نووسیووە كە بەلای شێرزاد سەقەتترین جۆری لێكدانەوەیە، بڕوانە : هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن) ، ل٢٢١ بۆیە بەلای ئێمەشەوە روانگەو بۆچوونێكی كتومت وەكو ئەو مەسەلانە نییە، كە شێرزاد حەسەن لە چیرۆكەكانی بۆی چووە، چونكە دەسەڵاتی باوك مێژوێكی قووڵ و درێژی هەیە بۆ كۆی سیستەم و دەسەڵاتی سیاسیو كۆمەڵایەتییەكان، بۆیە شێرزاد دەڵێ ((ڕەنگە باوكی من و كافكا جێی بەزەیی بن تاهێرش كردنە سەریان، بەڵام كەدێنە ناو ئەدەب دەبنە رەمزی دەسەڵات)) بڕوانە، شوان ئەحمەد (ئا)- لە هەولێرەوە تا هلسنكی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل١٠٥.

باوك لە چیرۆكی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست) سەرچاوەیەكە بۆ چەوسانەوە، لەوێدا باوك زەمەنێكی درێژی لای كارەكتەر هەیە هەروەك لە چیرۆكەكەدا هاتووە: ((ئەو باوكەی بەدرێژایی تەمەن منی چەوساندۆتەوە)) (كۆچیرۆكەكان: ل ١٧). هێزی باوك بوونی هێزێكە بۆ چەوساندنەوە هەر لە چیرۆكی (ترس)یشدا دیسان باوك وەك بوونەوەرێكی كۆمەلایەتی دەسەلاتێكی باوكسالاریانە، وەك باوكێكی دلڕەق و سەرچاوەی ترس و لێدانە بۆ منداڵێك بەر لە پێكەوانانی كەسایەتییەكی تۆكمەو هەراش بوون، ((دەشزانیٚ باوكی لە بەهانە دەگەڕیٚو دەیكا... دەستیشی قورسە...هەر جارێك دەستی وەشاندبیٚ... بەساغی لەبەردەستی رزگاری نەبووە... پۆلیسێكی دلڕەقە... زۆرجار بەقامچییە رەشەكەی...پشت و لاڕانی داغكراووە)) (كۆچیرۆكەكان: ل٣٢) هەر لە چیرۆكی (ترس) باوك كەسێتییەكی ناڕێكە لە رووی پێوەندی كۆمەلایەتی لەبەرئەوەی خۆی پیاوی قومارخانەو مەیخانەكانە، بۆیە شكستەكانی دەرەوەی ماڵ دەبنە پاڵنەرێك بۆ ئازاردانی خێزان و منداڵەكانی، كە وێنەی دەسەلاتێكی رەهاو بەرزە دەتوانێت بەبیٚ بوونی هیچ دەسەلاتێكی بەرانبەری پیادەی هەموو ئەو دەسەلاتی باوكسالاریانەی خۆی بكات، لەكاتێكدا ئافرەت لەبەرانبەر پیاو بوونێكی زەلیلە، منداڵەكانیش قوربانی ئەو دەسەلاتەن لەگەڵ ئەو میهرو سۆزەی دایك كە زۆرجار لای كارەكتەرەكانی شێرزاد سەرچاوەی باوەش و خۆشەویستی بووە، دایكیش جۆرێك لە دەسەلات وێنەی باوك هەڵدەگریٚ، وەك لە چیرۆكی (عزرائیل) هاوبەشە لە پرۆسەی خەساندن، لەلایەكی دیكەش سەرچاوەیەكی رۆح شكاندنی منداڵێكە ((سەدەها جار باوك و دایكم لەبەرچاوی ناسیاو و بێگانە جنێو بارانیان كردووم، شكاندوویانم)) (كۆچیرۆكەكان: ل١٥٧).

باوك سێبەرێكی دیكەیە لە مەسەلەی خۆشەویستەكان و سەندنەوەی ئازادییەكان و كوشتنی (ئیرۆس)ە، بوونی باوك بوونی تارمایێكە بەدوای نەوەكان، ئەو باوكانەی لە چیرۆكەكانی شێرزاد وەك باوك بوونەوەرێكی كۆمەلایەتیو دەسەلاتی خێزانی دەبێتە وێنەی تاك دەسەلاتیو سەندنەوەی ئازادییەكان و بێدەنگی نەوەكان، كە هەمیشە باوك وەك دەسەلات بوونێك نییە، كە لە ئەنجامی بارێكی كۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسییەوە دروست بووبێتو هاتبێتە كایەوە، بەڵكو بەشێكی كۆنەستیەو دەسەلاتێكی زاڵەو رەگ و ریشەی كولتووری هەیەو وێنەیەكی دووبارە بووی ژیانی نەوەكانە، بۆیە كارەكتەری چیرۆكەكانی (ئەو شەوەی سەگم تیا خۆشویست) و (من و قالەو سەگەكەی پاقلۆڤ) و (عیزرائیل) و (ترس)، گەڕانەوەیان بۆ رابردوو لەناو یادەوەرییەكانی دەسەلاتی

باوك، واته گەڕانەوە بۆ بوونی باری نەستی لەگەڵ گوێ بیستنی چپەی باران و دیتنی سەگ، گەڕانەوەی باری دەروونی کارەکتەر بۆ هەمان ئەو ئازارانەی کە بەدەستی باوك خواردویەتی.

لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا وەنەبێ تەنها باوك وێنەیەك بێت بۆ کۆی ئەو دەسەڵاتە باوکسالارییەی, کە دەیانەوەێ نەوەکان لەخۆیان بچنو دەنگ و رەنگی ئەوان بن گوێڕایەڵو سەر دانوێنن، هەروەها (مامۆستا) وەك بوونەوەرێك لەناو دەزگا پەروەردەییەکان دیسان لای شێرزاد وێنەی باوکەو سەرچاوەی دەسەڵاتی باوکە: ((هەست دەکەم مامۆستاکانم هەر لەو باوکە دڵرەقانە دەچوون))[٤١٣] ئەو پانتایەی کە شێرزاد حەسەن دەیەوێ قسە لەسەر باوکسالاری بکات هەموو هێز و دەسەڵاتەکان لە باوك و مامۆستاکاندا نابینێ، بەڵکو سەرۆك خێڵ و پاشاکانیش دەخاتە ناو ئەم بازنەیەی کە هێزێك (پاتریارکی) لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، لە چیرۆکی (ماڵێك لەئاو) سەرۆك خێڵێك دەبێتە تاکە دەسەڵات و بڕیاردەری هەموو مەسەلەکان، لەوێدا دڵدارو عاشقەکانی بێئاگا لە مەرگ و خنکان دەبنە قوربانی یاساو دەسەڵاتەکانی باوك ((دواجار سەرۆك بڕیاریدا دوا قوربانی هەڵبژێرێ، دەستی خستە سەرشانی کوڕەی عاشقو خنکان و دەنێو چاوانی دڵخوازەکەیدا)) (کۆچیرۆکەکان: ل٤٢٦). هەروەها لە چیرۆکی (تووتی ستان) کۆمەڵگایەك هەیە، کە لەوێدا دیسان دەسەڵاتی باوکسالاری باڵادەستە و لەو کۆمەڵگایەی کەیەك رەنگ و یەك هەناسەیە لەوێدا کۆمەڵگا لەژێر یەك رۆحدا پەروەردە دەبێت  ئەویش رۆحی زەلیلە کە هەمووی وەکو تووتی یەك شت بڵێنەوە هەر لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەشدا بۆ ئەوەی کۆمەڵگا (مێگەل) یەکە لە دەسەڵات و رەنگ و دەنگی ئەو نزیك ببنەوە بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانەوە جگە لەوەی کە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەك دەسەڵاتی باوك، لەلایەکی دیکەشەوە وەك رەهەندێکی سیاسی و دەسەڵاتی باوکسالاری لە چیرۆکی (تووتی ستان) لە کردەی سیاسیدا ئاماژەیەکە بۆ زەلیلیو مردنی رۆحییەتی نەوەکانە، ((سەرۆك و خانەوادەکەی کوڵێ خۆشحاڵن کەوای لێهاتووە نەك کۆمەڵانی خەڵکی وڵات تووتییەکان فێری حیکمەتەکانی سەرۆك دەکەن....نەخێر... بیستومانە کە توتییەکان حیکمەت و دروشمەکان بە کۆمەڵانی خەڵك ئەزبەر دەکەن)) (کۆچیرۆکەکان: ل٣٨٨)، بۆیە بەلای شێرزاد ((ئەو باوکە بەمانا سیاسیو کۆمەڵایەتییەکە

(٤١٣) گ/ ڕامان (ئا)- سوپاس بۆ غەمو مەڕاقو ژووره تاریکەکانی ڕۆح کە هەزاران پەنجەرەیان پێکردمەوە(چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٥٦.

هەر ئەو دیکتاتۆرە بێ، کە ڕۆڵەکانی خۆی دەخەسێنێ کردەی خەساندن لای ئێمە کردەیەکی بەرچاوە لە ماڵ، لە مەکتەب، لە مزگەوت، لە تەکیە، لەناو شانەکانی حزبدا بەردەوامە، دەکرێ بڵێین سووڕی ژیانی کورد بە کۆمەڵێ کردەی خەساندنی ڕۆحیدا تێپەڕ دەبێ کە دیارە خەسێنەر تیایدا (پاتریارك)ەو خەسێندراوەکانیش، فەرزەندەکانی))[٤١٤].

دووبارەکردنەوەی وێنەی باوك لای شێرزاد لەو بازنە بەرفراوانەدا کە لە وێنەی باوکێکی ڕۆحی بوونی هەیەو حزب و دەسەڵات وێنەی باوکێکی سیاسین، وەك لە چیرۆکی (تابلۆیەکی ناتەواو) ئەوانەی کە لەناو بازنەدا بژین ئەو بازنەی دەسەڵاتی باوکە سیاسییەکان کێشاویانە، دەبێ بخەسێندرێن، دەبێ ملکەچی هەموو دەسەڵات و شەڕو ناکۆکییەکانیش بن‌و دەرچوون لە بازنەی دەستی باوکان باوکانی سیاسی دەبێ بەر نەفرەتی باوکان بکەون‌و شێرۆ ڕەهبەر وەك دوو کارەکتەر لە چیرۆکی (تابلۆیەکی ناتەواو) قەدەرێکی باوکە سیاسییەکانە کە دڵێکی پارچەو نامۆو غوربەت لە سەهۆڵبەندانێك وەك گۆزەیەکی درزبردوو دەشکێ، بۆیە شێرزاد دەیەوێ هەموو باوکەکان ڕەت بکاتەوە، ئەو باوکانەی باوکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتین، ئەو باوکانەی کە ڕەگێکی ترس و شەرم و خەساندن لە ڕۆحی مرۆڤەکان دەکوتن ،هەرچەندە هەوڵی خۆ ڕزگارکردن لە ڕۆحی کارەکتەرەکانی شێرزاد بوونیان هەیە دەیانەوێ لەدژی دەسەڵاتیان هەڵوێست وەرگرن: ((لە قوتابخانەش مامۆستاکان بەدار دەدوان... نەخێر.. ئەم هەموو ستەمە بەسە... من لەسەر ئەم هەموو کارە ناڕەوایانە... لەسەر زۆرداری و کەللە ڕەقی باوکان، تووڕەیی مامۆستا قەرزارەکان، لە باسەکەمدا شۆڕشێکی سوورم هەڵگیرساندووە، کەس نەماوە تاوانباری نەکەم... منیان ترساند)) (کۆچیرۆکەکان: ل١٥٧)، چونکە شێرزاد حەسەن لەو باوەڕەدا بووە سیستەمی خێزانی کوردی, وەکو بەڕێوەچوون لە لایەن نێرەکان ڕەسم دەکرێت, کە نوێنەری باوکن ((خێزانی کوردی و سیستەمی بەڕێوەبردنی لە لایەن باوکەوە یان با بڵێین نێرەکانەوە ڕەسم دەکرێت چونکە هێزی ماددی و مەعنەوەی لای پیاوەکانە))[٤١٥], چونکە باوکانی کۆمەڵایەتی ڕۆحشکێنی منداڵەکانیانن و ئەوانەش کە لە روور دەسەڵاتەوە لە خۆیان نزمترن ترس لە ڕۆحیان دەچێنن کە تاماون بترسێن‌و نامۆی هەڵبژێرن‌و ببنە کەسێکی سادی ببنە هەمان باوك کە لەژێر خۆشیانەوە فەرزەندەکان بخەسێن و ڕۆحییەتی زەلیلیان پێ ببەخشن، بۆیە جارێکی دیکە بوونە باوك هەمان دەسەڵاتە لای کوڕ،

---

(٤١٤) هیوا قادر(ئا)- ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ل٢٢١.

(٤١٥) شێرزاد حەسەن- شەرەفی نێرەکانی ئەندامانی بنەماڵە بە قەرز لای کچەکان دانراوە، ڕ/ئاوێنە، ژ/٢٣، ٢٠٠٦/٦/١٣، ل١٥.

کوڕی کارەکتەری بێوەژن لە چیرۆکی (بێوەژن) باوکێکی دیکەیە، ئەگەرچی خۆی پەروەردەی دەستی باوکی نەبووە، چونکە باوکی هەرزوو مردووە، بەڵام دەسەڵاتی باوك و مانەوەی دەسەڵاتی باوك لە خودی دەسەڵاتی باوکی راستەقینەدا نییە، بەڵکو کولتوورێکی درێژ لەپشت ئەو هەموو دڵڕەقیەیە کە دیسان بەرهەمی مێژووی کولتووره لە دووبارە بوونەوەی دەسەڵاتی باوك سالاری.

لە چیرۆکی (کودەتای کەروێشکەکان) دیسان هەوڵی رزگاربوون هەیە لە باوکێك، ئەو باوکە سیاسییەی کە دەبێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ گوێڕایەڵی بێو پیرۆزیەتی دەسەڵات و سەرۆك بەرز راگرێ و رۆحییەتی چەوسانەوەو بێدەنگی بخاتە رۆحیان.

هەوڵی رزگاربوون لە باوك رزگار بوون نییە لە مردنی کەسێك یان سەرۆك خێڵێك، بەڵکو رۆحی باوك تارماییەکە لە ناخی هەموو ئەوانەی کە چەوساوەی دەسەڵاتی باوکن و سێبەری باوکانن.

# ئەنجام

١.  ئەدەب و دەروونزانی پەیوەندییێکی دوور و درێژیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی، کە هەردوویان رۆڵیان هەبووە لە سوود گەیاندن و دەوڵەمەندکردنی یەکتری، چ وەك ئەوەی ئەدەب سوودی لە زانستی دەروونزانی وەرگرتبێ، یان دەروونزانی سوودی لە ئەدەب وەرگرتبێ.

٢.  داهێنانی ئەدەبی لەلای فرۆید بە هۆی میکانیزمی بەرگری دەروونی بەرزبوونەوەو بالآبوون دێتە کایەوە، بۆ خۆرزگار کردن لە ئارەزووە چەپاوەکانی نەست، هەروەها بەلای یۆنگ داهێنانی ئەدەبی پەیوەستە بە نەستی کۆ، کە لە تەرزە سەرەتاییەکاندا پێکدێ لەرێی میکانیزمی خستنە سەر داهێنان پەیدا دەبێ، بەلآم بەلای ئەدلەر داهێنان لەرێی گرێی هەستکردن بەکەمی پەیدا دەبێ. هەروەها بە بڕوای هەندێك لە توێژەرە پزیشکییەکان داهێنان و کاری ئەدەبی پەیوەستە بە نەخۆشییە گرژی دەروونیو دەمارییەکانو لە لایەن هەندێکی تریان رەتدەکرێتەوە.

٣.  رەهەندی دەروونی هەر لە سەرەتاکانی ئەدەب بوونی هەبووەو دەکرێ بڵێین بۆچوونە دەروونییەکان بۆ سەرەتای بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەگەڕێتەوەو لەگەڵ سەرهەڵدانی بۆچوونەکانی دەرونشیکاری زیاتر گەشەی سەند، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی دەروونیش بەر لە دەرونشیکاری بوونی هەبووە.

٤.  چیرۆکی هونەری کوردی لەرووی دەروونییەوە جگە لەوەی درەنگتر هاتەکایەوە لە چاو ئەدەبیاتی ئەورووپادا، تا ناوەڕاستی سالآنی حەفتاکان ئەوندە نەناسراو و کاریگەر نەبوون بە تێوری دەروونشیکاری.

٥.  هەماهەنگییێك لە نێوان ژیانی شێرزاد حەسەن و چیرۆکەکانیدا هەیە، لەگەڵ ئەو خەیاڵە فراوانەی نووسەر هەیەتی، ژیانی شێرزاد حەسەن لەرووی تەمەنی منداڵیو هەژاری و ژیانی کۆڵەمەرگی رۆڵیان هەبووە لە نووسین و گرێچنی رووداوەکان، هەروەك چۆن هەندێك لەو

هونەرمەندو نووسەرە ناودارانەی، کە لەرێی ژیانی کۆلەمەرگیو ناخۆشییەکانی ژیانیان چەندین شاکاری گرنگ و گەورەیان بەجیهان ناساند.

٦. چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن بەشێوەیەکی گشتی ئەو رەهەندە دەروونییە قووڵەیان تێدا هەیە، کە بە چیرۆکی دەروونی ناویان ببەین، چونکە پڕن لە هەڵچوونی دەروونیو خەسڵەتە دەروونییەکان وەکو: شەرم و ترس، کە دوو خەسڵەتی هەرە گرنگی دەروونین لە زۆربەی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، وەك بارێکی دەروونی دووبارە دەبنەوە و وەك نەخۆشییێکی دەروونی دەرکەوتوونە، کە رەگەکەیان بۆ سەردەمانی منداڵی دەگەڕێتەوەو بەردەوام دەبن لە قۆناغەکانی هەراشبوونو کاریگەری خۆیان بەردەوام دەبێ لەسەر کەسێتی کارەکتەرەکاندا .

٧. دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و خەم لەرووی دەروونییەوە جۆرێکە لە سیمای کارەکتەرە سەرەکییەکانی شێرزاد حەسەن، ئەو جۆرە سیمایانەش لە بواری ئاسایی بوونی خۆیان دەردەچنو زۆجاریش دەبنە هۆی داهێنان لای کارەکتەرەکان، هەروەها نامۆیی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن خەسڵەتێکی دیکەیە و سیماییێکی دیکەی بەشێك لەو کارەکتەرانەن، کە بە هۆی هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کارەکتەرەکان تووشی بوون.

٨. بەشێك لە کارەکتەرەکان هەڵگری جۆرێك لە راستین و لە ململانێدان لەگەڵ کەسانی نا رۆشنبیر و چەوسێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرەکان دەبنە قوربانی ئەو ڕاستییانەی کە دەیانەوێ بیسەلمێنن بە تایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش)دا، ئەم لایەنە زیاتر دەردەکەوێت

٩. کارەکتەرەکانی شێرزاد حەسەن هەمە جۆرن لە رووی قۆناغەکانی تەمەن و پلەو پایەی کۆمەڵایەتیان، وەکو هەژارو رۆشنبیر و ئافرەتە و کەم ئەندامو...هتد هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئەو رەهەندە دەروونییە پیشاندەدا، کە وەك کارەکتەرێکی پەراوێزکراو لەنێو چیرۆکی هونەری کوردیدا بوونیان هەبووە.

١٠. کێشە چینایەتییەکان بە شێوەیەك خراونەتەروو، کە هەمیشە چینی چەوسێنراو چینێکی خاوەن ئازارە، ئەمەش کاریگەری بەسەر مەینەتییەکانی کارەکتەرەکاندا هەیە.

١١. کارەکتەری رۆشنبیر لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا لە ململانێی کارەکتەرەکانی دیکەدا رۆڵی خۆی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی راستییەکاندا، سەرەڕای ئەو هەموو هێز و

دەسەڵاتە مەعریفییەی هەیەتی، کز و لاوازە، لە ئاست بارە ناهەموارەکانو بیرکردنەوەی دەسەڵاتی کولتوورو پیاوانی دەسەڵات.

١٢. لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا باوکسالاری دەسەڵاتێکی درێژکراوەی کۆمەڵگای کوردییە، بە تەنها خۆی لە باوکی نێو قەوارەی ماڵدا نابینیٚ، بەڵکو دەسەڵاتێکە لە کۆی باوکانی سیاسیو دەزگا کۆمەڵایەتیەکانییش حەشار دراوە، کە هەموو ئەو دەزگا کۆمەڵایەتییانە کار لە سەر چەپاندن دەکەنو کۆمەڵگای کوردیش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەنگرێژیەیە.

١٣. سەرەڕای سوودوەرگرتن لە چەمك و تیۆرەکانی دەروونزانی، چیرۆکنووس سوودی لە شێوازەکانی شەپۆلی هۆش وەرگرتووە، وەك دەربرینی رەهەندێکی دەروونی، هەروەها سوودی لە خۆدواندن و فلاش باگ و پەنابردنە بەر خەون بۆ دەرخستن و پیشاندانی لایەنی نەستی وەرگرتووە، هەروەها لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا فانتازیا سوودی لیٚ وەرگیراوە، وەك دیوار بەندێکی شووشەیی بۆ پیشاندانی ئەو دیوی راستییەکان و خستنەرووی بارە دەروونییەکان.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

## کتێبەکان


١. الفريد ئەدلر- بووژانەوەی سایکۆلۆژیەت لە ژیاندا و/ بۆ عەرەبی عبد علی جسمانی، وەرگێرانی بۆ کوردی/ شوکر سلێمان، چ/ یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢. انا فرۆید — من و میکانیزمی و بەرگری، هەژار جوانرۆیی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣. ئەرستۆ- هونەری شیعری (شیعرناسی)، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە پێشەکیو پەراوێز عەزیز گەردی، خانەی چاپو پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

٤. ئەریك فرۆم - بەناوی ژیانەوە. وتار، لێکۆڵینەوە گفتوگۆ، و/ ئازاد بەرزنجی، چ/ دووەم، بنکەی ئەدەبیو رووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٥. ئەریك فرۆم - چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و/ ئارام جەمال سابیر، چا/ چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥

٦. ئەریك فرۆم - قەیرانی دەروون شیکاری، و/ هەژار جوانرۆی، چ/ یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما، چا/ رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٧. ئەنوەر محەمەد تاهیر - چەند گوتارەکیٚ رەخنەیی، چ/ یەکەم، بڵاوکردنەوەی ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوانی دەڤەری کوردستان ، ١٩٩٨.

٨. بەختیار سجادی و محەمەد مەحموود مەجید عەبدوڕەحمان- فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، رەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی)، بڵاوکراوەی ئاراس (٣٢٩)، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٩. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی دکتۆرا (چاپکراو) ، لە بڵاوکراوەکان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ .

١٠.تێری ئیگڵتۆن- شیکردنەوەی دەروونی لە رەخنەی ئەدەبیدا، سەلاّح حەسەن پاڵەوان زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ .
١١.چارلز برێسلێر- رەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی پێشەکییەك بۆ تیۆری، و/ عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ،٢٠٠٢.
١٢.حوسێن عارف - نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا ساڵانی ١٩٥٥ بۆ ١٩٨٨، چ/ یەکەم ، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢.
١٣.حەسەن جاف - چیرۆکی نوێی کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی کوردی، چا/ علاو، بەغدا، ١٩٨٥.
١٤.حەمە سەعید حەسەن- هزرو شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، چ/یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٥.خورشید رەشید ئەحمەد- رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی، چا/ جاحەز، بغداد ، ١٩٨٩ .
١٦.رۆشنا ئەحمەد (ئا) - داهێنان لە روانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٧.رۆشنا ئەحمەد - فەرهەنگی فەلسەفە، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ .
١٨.کۆمەڵێ نووسەر- لە ستایشی ئەدەبدا (کۆمەڵێ وتار)، و/ شێرزاد حەسەن، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس ، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ .
١٩.رەوف حەسەن ـ کرێکار و چیرۆکی کوردی، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیر و لاوان یاریدەی لە چاپدانی داوە، چا/ عەلاو، بەغدا، ١٩٨٢ .
٢٠.رزگار کەریم- فەرهەنگی دەریا(عەرەبی- کوردی) ، چ/ یەکەم، چا/ سیما ، سلێمانی، ٢٠٠٥ .
٢١.سیغموند فرۆید- من و ئەو (ئیگۆو ئید)، و/ یوسف عوسمان حەمەد، چ/یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، ز/٢٧ ، هەولێر، ٢٠٠٥ .
٢٢.سابیر بەکر بۆکانی- فەرهەنگی سایکۆلۆژی، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٣.سابیر رەشید - چیرۆکی کوردی رەخنە و لێکۆڵینەوە، زنجیرە کتێبی گیرفانی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥.

٢٤.سەباح ئیسماعیل – چەمك و ستاتیكای شوێن لەئەدەبدا، چ/یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد ، چا/ئەرەبخا - کەرکووك، کەرکووك، ٢٠٠٥.

٢٥.سەلاح حەسەن پاڵەوان – داهێنان و مەرگ، لە بلاو کراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٢٦.سەلیم رەشید سالح - شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری، چا/ وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٧.شێخ محەمەدی خاڵ - فەرهەنگی خاڵ، چ/ دووەم، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٨.شێرزاد حەسەن - سەرجەمی بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکەکانی (تەنیایی، گوڵی رەش، گەڕەکی داهۆڵەکان، پیرە پەپوولەکانی ئێواران)، چ/یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٩.د. عادل گەرمیانی - رەهەندی دەروونی لە چیرۆکی درێژی (من و قالەو سەگەکەی پاڤلۆڤــ)دا، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ٢٠٠٦.

٣٠.د. عەبدولستار تگاهر شەریف – قاموسی دەروونزانی"ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی"، چ/ یەکەم، چا/ علاو ، ١٩٨٥.

٣١.عەتا قەرەداغی- گەڕانەوە لەخەیاڵەوە بۆ واقیع، (خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی)، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣٢.د. عەلی وەردی- کارە نائاسایەکانی یان نهێنییەکانی کەسێتی سەرکەوتوو، و/ بەرزان ئەحمەد، چ/ دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٣٣.د. عومەر یاسین جەباری- دەروونزانی، بەرگی یەکەم، چا/ زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠

٣٤.د. عومەر یاسین جەباری- ژیانی مرۆڤ لە روانگەی دەروونزانییەوە، کتێبی گیرفانی، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر. ٢٠٠٤.

٣٥.غیاث الدین نقشبندی - نامۆیی، چ/ یەکەم، لە چا/ (( nor the stprint & copy center ، ئوسترالیا، ٢٠٠٢ .

٣٦.فازل نزامەدین- فەرهەنگی شیرین، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی بەدرخان،

سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣٧.د. فەرهاد پیربالْ - رێبازە ئەدەبییەکان، (ئا/ و) لەفەرەنسییەوە، چ/ یەکەم، دەزگای چاپو بلاَوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ .
٣٨.قانیع- دیوانی قانیع، کۆکردنەوەی بورهان قانیع، چ/چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠١ .
٣٩.کارل گوستاف یونگ - مرۆڤ وهێماکان، و/ئاوات ئەحمەد، چ/یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥.
٤٠.د.کامل حەسەن بەسیر- رەخنەسازی (مێژووی پەیڕەوکردن)، چا/ کۆڕی زانیاری عێراق، لە چاپکراوەکانی کۆری زانیاری عێراق (دەستەی کورد) بەغدا، ١٩٨٣ .
٤١.د. کەریم شەریف قەرەچەتانی- دەروونزانی، هەولێر، ١٩٩٦.
٤٢.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای منداڵ، چا/ زانکۆی سەلاَحەددین، بەشی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٧ .
٤٣.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی - هەندێك نەخۆشیو گرفتی دەروونیو کۆمەلاَیەتی، چ/ یەکەم، چا/ زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٩ .
٤٤.د. کەریم شەریف قەرەچەتانی - سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاك رۆسۆ و سیگمۆند فرۆیدەوە، چ/ یەکەم، زنجیرە بلاَوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆیی پەروەردەیی، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
٤٥.د- کەریم شەریف قەرەچەتانی - سایکۆلۆژیای هەرزەکار و لاوان، چ/ یەکەم، چا/ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٤٦.د- کەریم شەریف قەرەچەتانی - سایکۆلۆژیای منداڵ، بەشی سێیەم، چا/ زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٤.
٤٧.د. کەریم شەریف قەرەچەتانی - سایکۆلۆژیای گشتی، چ/ یەکەم، چا/ زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦ .
٤٨.د. کەمال مەعرووف - ئەدەبیاتی کلاسیکیو نوێخوازی کوردی، چ/ یەکەم، بلاَوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چا/ژین، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٤٩.د. کەمال میراودەلی - فەلسەفەی جوانی و هونەر(ئیستا تیکا)، چ/دووەم، ز/ بلاَوکراوەی خانەی چاپو بلاَوکردنەوەی (قانیع)، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٥٠.كۆمەڵێ نووسەر - تیۆری ڕۆمان، و/محەمەد کەریم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣.
٥١.کۆمەڵێ نووسەر — چەند وێستەگەیەکی فیکری و ئەدەبی ، و/ئازاد بەرزنجی، چ/یەکەم، ٢٠٠٠ .
٥٢.کۆمەڵێ نووسەر— کۆمەڵێ وتار، و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چا/ وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر،٢٠٠١ .
٥٣.گۆران - دیوانی گۆران، کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێشەکیو پەراوێزی محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چ/ سێیەم، چ/چاپەمەنیو ئۆفێستی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤ . لین ئۆلنبیرند - لیزلی لویس، کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆك، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی عبدالجبار ئەلموتەلیبی، وەرگێرانی بۆ کوردی، سەڵاح عومەر، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ .
٥٤.محەمەد کەریم شەیدا - نەخۆشییە دەروونییەکانو دەروون لەشیەکان (سایکۆسۆماتی)یەکان، چ/ یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٠ .
٥٥.مەریوان وریا قانیع — بەختەوەری و بێدەنگی چەند گفتوگۆیەك لەبارەی کێشە ئێستاییەکانی کۆمەڵگای کوردی، چ/ دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانیع، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥٦.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد - شیعریەتی دەق و هەنگوینەی خوێندنەوە،(دەق و رەخنە) چا/ رەنج، سلێمانی، ٢٠٠١ .
٥٧.د.نیل - پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە (قادر وریا)، بەرگی یەکەم، چ/ یەکەم ، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥٨.یوسف عوسمان حەمەد — گەنج و گرفتە دەروونییەکان، لەبڵاوکراوەی نواڵەی نوێ، چا/ منارە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٥٩.یوسف عوسمان حەمەد - دەروونزانی وتار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، چ/یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چا/ رەنج ، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦٠. یوسف عوسمان حەمەد - کورتە چیرۆك (من بەدزی باوکمەوە گەورەبووم، لە بڵاوکراوەکانی نواڵەی نوێ، هەولێر، ٢٠٠٥.

**ب- گۆڤارەكان**

١. ئازاد عبدالواحد و مەحموود زامدار(ئا) - چاوپێكەوتن لەگەڵ چیرۆكنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، گ/ رامان، ژ/٤٠، ١٩٩٩.

٢. ئامانج عوسمان حەمەد — توند و تیژی ئارتۆ و تەنگەژەی سایكۆلۆژیایی دەق، گ/رامان، ژ/ ٤٦، ٢٠٠٠ .

٣. ئاوات محەمەد - چەند ئاماژەیەك بە ئەزموونی چیرۆكی نەوەدەكانی سەدەی بیستو چەند سەرنجێكی رەخنەگرانە، گ/ئاینده، ژ/١٦، ٢٠٠٠.

٤. ئەكرەم قەرەداغی - قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی لە رەخنەی ئەدەبیدا، گ/سەردەم، ژ/٩ ،٢٠٠٠.

٥. ئەلن بسی - زانای دەروونزانی ئەلفرێد ئەدلەر١٨٧٠-١٩٣٧، و/ ئامانج عوسمان حەمەد، گ/ رامان، ژ/ ٢٧، ١٩٩٨.

٦. بۆتان تەحوسێن (ئا) — رواندز و خەرەندو دەوروبەری سەرەتای تەقینەوەی خەیاڵی منن، (چاوپێكەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/كۆوار، ژ/٢، ٢٠٠٦.

٧. تەلعەت تاهیرو رامیار مەحموود (ئا) - ئێمە بەر لەعنەتی سیاسەت كەوتووین (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ئاینده، ژ/٢٤، ٢٠٠١.

٨. تەها عومەر- هەندێ سەرنج و راستكردنەوەی پێویست، گ/رامان، ژ/١٨، ١٩٩٧.

٩. توانا عوسمان حەمەد - فرۆیدی رەشبین و میتۆدی شیكردنەوەی دەروونی، گ/ ڕامان، ژ/١١، ١٩٩٧.

١٠. جەی. ئێف. دۆنسیل — دەروونشیكاری و پیڕەوی، و/ئاوات ئەحمەد، گ/سەرەم , ژ/٩ .

١١. چان بیلمان نۆبڵ — دەروونشیكاری و ئەدەب ، و/، ئاوات محەمەد، گ/ ئایدیا، ژ/٥-٦، ٢٠٠٥.

١٢. دوان شلتز - ئەدلەرو سایكۆلۆژیای تاكە كەسی، و/ ڕێبوار ئەحمەد، گ/، رامان، ژ/٤٠، ١٩٩٩.

١٣. ژان لوی بۆدریێ – فرۆید و داهێنانی ئەدەبی، و/ شاهۆ سەعید ، گ/سەردەم، ژ/٩ ٢٠٠٠.
١٤. رفیق سابیر- نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف دا، گ/گەلاوێژی نوێ، ژ/٢، ١٩٩٧.
١٥. ڕێبازی دادایزم - رچا سید حوسێنی، و/ مستەفا مەعرووفی، گ/ وەرگێڕان ، ژ١ ،١٩٩٧.
١٦. ڕێبوار رەحیم (ئا) - شێرزاد حەسەن لەکازیوەی ئەم بەیانییە دەڕوانێت(چاوپێکەوتن)، گ/کازیوە، ژ/٦، ١٩٩٤.
١٧. سەردەم - دەروازەیەك بۆ ئەم فایلە، گ/ سەردەم، ژ/٩، ٢٠٠٠.
١٨. سەلاح عومەر - یەکەمین لێزمە تیشکی سیحراوی، دۆسیەی چیرۆك، گ/کاروان، ژ/١٣٤،١٩٩٩.
١٩. سەلاح عومەر- گ/ ئایندە، ژ/٣٤، ٢٠٠٢.
٢٠. سەمەد ئەحمەد - گرێی ئۆدیب و گەمەی کوشتنی باوك لە ئەندێشەو بیری نووسەردا، گ/ئایندە ژ/٥، ١٩٩٩.
٢١. شوان ئەحمەد (ئا) - لە هەولێرەوە تا هلسنکی (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ڕامان، ژ/٧١، ٢٠٠٢.
٢٢. شوان ئەحمەد(ئا) — تەمەن و ئەزموون فێرت دەکەن، ئەگەر رێزی قەڵەمی خۆت نەگریت، ئەویش رێزت ناگرێ (گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/ڕامان، ژ/٧٢، ٢٠٠٢.
٢٣. شوکر سلێمان (ئا) - ئاوڕدانەوەیەك لە تیۆری شیکردنەوەی دەروونی لای فرۆید، گ/ کاروان،ژ/١٣٥، ١٩٩٩.
٢٤. د. عادل گەرمیانی - پێوەندی رەخنەی دەروونی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی، گ/ رامان، ژ/٩٧، ٢٠٠٥.
٢٥. د. عادل گەرمیانی – دەروونشیکاری و ئەدەبی دەروونی، گ/ ئایندە، ژ/٤٣، ٢٠٠٣ .
٢٦. د. عادل مەلا حوسێن — دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دیاردەو هۆکارو چارەسەر، و/عومەر عەلی محەمەد، گ/کاروان، ژ/١٢٨، ١٩٩٨.
٢٧. عەبدولحوسێن زرین کوب - رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی، و/ د. هیمدادی حوسێن، گ/ نووسەری نوێ، ژ/٢٨، ٢٠٠٥
٢٨. عەتا فایەق - کورتەیەك لەبارەی پاکژبوونەوە، گ/رۆشنبیری نوێ، ژ/١٣٢، ١٩٩٣.

٢٩.   عدنان عبدالرحيم – فرۆید و سروشتی مرۆڤ، و/ کەمال کاکەیی، گ/ رامان، ژ/٥٠، ٢٠٠٠.
٣٠. فایەق رەحیم ئەحمەد - قوتابخانەی شیکردنەوە و ڕەخنەی دەروونی لای شارڵ مۆڕۆن، گ/ بیری نوێ، ژ/٣٣، ٢٠٠٥.
٣١.   فخری دباغ - لە نێوان بلیمەتی و نەخۆشی دەروونییەکاندا، و/ سالار سامان، گ/رامان، ژ/٧٩، ٢٠٠٣.
٣٢.   کارل کریسچن - خەونەکان لەکوێوە سەرهەڵدەدەن؟، و/شێرزاد حەسەن، گ/سەردەم، ژ/٢٠٠٠،٩.
٣٣.   کامینیۆس ئەربییرتۆس - سۆریالیزم، و/ مەحەمەد کاکەیی، گ/ وەرگێران، ژ٢، ١٩٩٧، هەولێر.
٣٤.   د.کەریم شەریف قەرەچەتانی - تیۆرەکانی کەسایەتی، گ/ کاروان، ژ/١٩٦، ٢٠٠٥.
٣٥.   کەمال فاروق – فرۆیدیزم و نامۆبوونی مرۆڤ، گ/کاروان، ژ١١٥، ١٩٩٧.
٣٦.   کەمال فاروق - نەخۆشییەکانی نووسەر و رەنگدانەوەی لەسەر نووسینەکانی، گ/کاروان، ژ/١٢١، ١٩٩٨.
٣٧.   گ/ ئایندە(ئا) - (تەوەری رەخنە) محەمەد کەریم لەچەند پرسیارێکدا، گ/ ئایندە، ژ/٢٥، ٢٠٠١.
٣٨.   گ/ئایندە(ئا) - تەوەری رەخنە (رەخنەی هاوچەرخ و ڕەخنە لەنێو رۆشنبیری کوردیدا)، گ/ئایندە، ژ/٢٢، ٢٠٠١.
٣٩. گ/رامان (ئا)، (چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/رامان، ژ/٨، ١٩٩٧.
٤٠.   مۆریس گۆدۆلێیە - کوشتنی باوك یان قوربانی دانی سێکسی، و/ کامیل محەمەد قەرەداغی و فایەق رەحیم محەمەد، گ/گەلاوێژی نوێ، ژ/٥، ١٩٩٨، ساڵی یەکەم.
٤١.   مەجید عەبدوڕەحمان(ئا) - رەخنەی دەروونی، نووسەری نوێ، ژ/٢، خولی دوای راپەرین، ١٩٩٨.
٤٢.   محەمەد تەنتاوی، خوێندنەوەیەکی دەروونی چیرۆکی (ئۆدیب)ی مەلیك، و/ ئەمیر عەبدوستار محەمەد ئەمین، گ/ نووسەری نوێ، خولی دوای راپەڕین، ژ٢، ١٩٩٨.
٤٣.   محەمەد تەها حوسێن - چەمکی یاخی بوون لەبەر رۆشنایی رێبازی سلوکیەکاندا، گ/ رامان، ژ/٣٩، ١٩٩٩.

٤٤. محەمەد زەنون - روانینێکی گشتی و مێژووی بۆ نامۆبوون، و/دیار عەزیز شەریف،گ/ڕامان، ژ٩١/، ٢٠٠٤.
٤٥. د. محمد عثمان نجاتی - خودو غەریزەکان، و/ هونەر سالّح، گ/ کاروان، ژ/ ١٣٥، ١٩٩٩.
٤٦. مستەفا پەژار - کەسایەتیو بنەما دەروونییەکانی داهێنان، گ/رامان، ژ/١٨، ١٩٩٧.
٤٧. هیوا قادر(ئا) - ئەو پیاوەی لەتووڕەبووندا جوانە(گفتوگۆیەك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، گ/رەهەند، ژ/٥، سوید، ١٩٩٨.
٤٨. و. ئەحمەد حیدۆش - گەڕان بەدوای نەست لەدەقی ئەدەبیدا، و/ دیدەوان محەمەد،)و- ئا) گ/کاروان، ژ١٢٥.
٤٩. د.و. پۆڵدینگەر - پەیوەندی نێوان خەمۆکیو هونەر، و/ فەیسەل عارب بلباس، گ/ کاروان، ژ/١٥٨، ٢٠٠١.
٥٠. یوسف خەلیل (ئا) - گەشتێك لەگەڵ نەورەسدا شۆڕبوونەوەیەکە بەنێو پانتای رووخانی دیواردا (شێرزاد حەسەن لەدیدارێکدا)، گ/سورێنی نوێ، ژ/٢، ٢٠٠٥.
٥١. یوسف عوسمان حەمەد - رەهەندەکانی شێوەکاری و گرفتە دەروونییەکان، گ/ رامان ، ژ/٧٨، ٢٠٠٢.
٥٢. یوسف عوسمان حەمەد - ڕووخانی باوك و ململانێی نەوەکان، گ/رامان، ژ/٩٥، ٢٠٠٥.
٥٣. یوسف عوسمان حەمەد - وتاری سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، گ/رامان، ژ٢٠/، ١٩٩٨.

## ج- ڕۆژنامەکان

١. ئازاد عەبدولواحید - بەسەرکردنەوەی گوڵی رەش، رۆژنامەی هاوکاری، ژ١٠٤٩، ١٩٨٩.
٢. تەحوسێن موحوسێن عومەر- قوتابخانەی دەروونشیکاریو رەخنەی شیکردنەوەی دەروونی شارڵ مۆرۆن، برایەتی ئەدەب و هونەر، ژ/١٥٣، ١٩٩٩/١١/١٩.
٣. حوسێن عارف — باری دەروونی کەسان لە چیرۆکدا، هاوکاری ، ژ/ ٣٣٣ ، ١/٩/ ١٩٧٦.
٤. حوسێن عارف- چیرۆکی سایکۆلۆژی، هاوکاری ، ژ/٣٣٥، ١٩٧٦/٩/١٥.
٥. بەدرخان (ئا) - شێرزاد حەسەن باس لە گومان و پرسیارە شاراوەکان دەکات(چاوپێکەوتن)، بەشی یەکەم، ر/بەدرخان، ژ/١٧، ٢٠٠٢/٢/٢٢.

٦. هاوکاری - دانیشتنێك لەرۆحی زەلکاودا (چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ر/هاوکاری، ژ/١٠٨٠،٦/١٩٨٩/٦،.

٧. سەدیق سەعید رواندزی - پاڵەوان لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، ر/ هەولێر پۆست، ژ/٢٩، ٢٠٠٦/٣/١٣.

٨. شوکر سلێمان - خوێندنەوەی لایەنە دەروونیو کۆمەڵایەتییەکانی چیرۆکی گەمەی گۆڕینەوەی قەروێلەکان، ر/ ستایل, ژ/ ٤٧، ٢٠٠٦/٦/١٥.

٩. شێرزاد حەسەن - شەرەفی نێرەکانی ئەندامانی بنەماڵە بە قەرز لای کچەکان دانراوە، ر/ئاوێنە، ژ/٢٣، ٢٠٠٦/٦/١٣.

١٠. مەریوان هەڵەبجەیی(ئا) - ئێمە لە ئازادی دەترسین (وتوێژێك لەگەڵ شێرزاد حەسەن)، ر/رۆژهەڵات، ژ/٢٧، ١٣٨٣ی هەتاوی.

## د- نامەی ئەکادیمی

١. ئیبراهیم قادر محەمەد - لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشووردا (١٩٧٠-١٩٨٠) نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، ١٩٩٧ .

٢. تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح - دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا، نامەی ماجستێر زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ، ٢٠٠١ .

٣. سۆزان عەبدوڵڵا محەمەد-کەسیەتی ئافرەت لەرۆمانی کوردیدا ١٩٩١- ٢٠٠١، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٤ .

٤. نارین سدیق مام کاك میرخان - شەپۆلی هۆش لە چیرۆکی نوێی کوردیدا (١٩٧٠-١٩٨٠) نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە (ئیبن روشد)ی زانکۆی، بەغدا، ٢٠٠٥.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

### أ- کتێبەکان

١. القران الكريم

٢. د.ابراهيم محمود خليل- النقد الادب الحديث من المحاكات الى التفكيك، ط/ الاولى، دارالميسر، ٢٠٠٣.

٣. الكسندرو روشكا - الابداع العام والخاص، ترجمة د.غسان عبدالحى ابوفغر، عالم المعرفة (١٤٤)، سلسله كتب شهرية يصدرها المجلس الوطنى للثقافة والفنون والادب الكويت، ١٩٨٩.

٤. د.المكارم الغمرى، الرواية الروسية فى القرن التاسع عشر، عالم المعرفة، مطابع الانباع، الكويت، ١٩٨١.

٥. د.ئاى. شنايدەر- التحليل النفسى والفن، يوسف عبدالمسيح ثروة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام العراقية (١٣٢)، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤.

٦. ديڤد ديتشس- مناهج النقد الادبى بين النظرية والتطبيق ، ت/ د. محمد يوسف نجم ، م/ د. احسان عباس ، دار صادر، بيروت ،١٩٦٧.

٧. روبرت همفرى ـ تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت/محمود الربيعي، دار المعارف، مطابع دار المعارف، مصر،١٩٧٥.

٨. روز غريب- تمهيد فى النقد الادبى، ط/الاولى، دارالمكشوف للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧١.

٩. د.سامى الدروبي ـ علم النفس والادب والمعرفة، الانسان بين بحوث علم النفس وبصيره الاديب والفنان، جماعة علم النفس التكاملى، دار المعارف ،مصر، ١٩٧١.

١٠. سيغموند فرؤيد - التحليل النفسي والفن دافنشي- دستوفسكي، ت/سمير كرم، ط/ الثانية، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت،١٩٧٩

١١. سيغموند فرۆيد- علم ماوراو النفس، ت/ جورج طرابيشي، ط/ الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٩.

١٢. سيغموند فرويد- تفسير الاحلام، ت/مصطفى صفوان، م/مصطفى زيور، دار المعارف، القاهره، (ب- س).
١٣. سيغموند فرؤيد- حياتي و التحليل النفسى- ت/ مصطفى زيور- عبدالمنعم المليجى، المؤلفات الاساسية فى التحليل النفسى، دار المعارف بمصر،(ب- س)
١٤. شكري عزيز الماضي- فى نظرية الادب، ط/ الاولى، دار المنتخب العربي لدراسات والنشر والتوزيع ، بيروت ،١٩٩٣.
١٥. عبدالعزيز عتيق- في النقد لادبي، ط/ الثانية، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٢.
١٦. د.عبدالمنعم الحفنى- موسوعه علم النفس التحليل النفسي انجليزي- عربي، الجزء الثانى، مكتبة مدبولى، ١٩٧٨.
١٧. د.عبدالمنعم الحفنى- علم النفس، فى حياتنا اليومية، الموسوعة النفسية ، ط/الاولى، مكتبه مدبولى، ١٩٩٥ .
١٨. د.على كمال- الجنس والنفس فى الحياه الانسانيه، ط/ الاولى، دار واسط، لندن، ١٩٨٥
١٩. د. فاخرعاقل- علم النفس دراسة التكيف البشري، ط/ الرابعة، دارالعلم للملايين، بيروت، ١٩٧٥.
٢٠. قاسم حوسيّن صالح - الابداع فى الفن، دارالرشيد للنشر، دارالثقافة للطباعة والنشر، بيروت،١٩٨١.
٢١. كالفن. س. هول ، مبادىءعلم النفس الفرويدي، ت/ دحام الكيل، الطبعة الثانية، مكتبه النهضة، بغداد، ١٩٧٣.
٢٢. د.كمال نشأت- فى النقد الادبي دراسة وتطبيق، ط/ الثانية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٦
٢٣. ليوان ايدل -القصة السيكو لوجية دراسة فى علامة علم النفس بفن القصة ، ت/ د. محمود السمرة، منشورات مكتبة الاصيلة، بالاشتراك مع مؤسسة نشر فرنكلين، بيروت، ١٩٥٩.
٢٤. مجد محمد الباكيرالبرارى ـ في النقد الادبي الحديث، ط/ الاولى، مكتبة الرسالة الحديثة، عمان، ١٩٨٦.

٢٥. مجموعة من الكتاب- الادب وقضايا العصر مجموعة مقالات نقدية السايكولوجيا والادب، ت/عادل العامل، م/ يوسف عبدالمسيح ثروة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.

٢٦. مجموعة من الكتاب- مدخل الى مناهج النقد الادبی، ت/رضوان ظا ظا، م/د. المنصف الشنوفی، عالم المعريفة، الكويت، ١٩٩٧.

٢٧_ د. محمد مصطفى هداره- مقالات فی النقد الادبی، دار القلم، بدون معلومات.

٢٨_ن هاد التكرلی- اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، منشورات وزاره الثقافة والفنون، بغداد، ١٩٧٩ .

٢٩ _ د.هاشم جاسم السامرائي- المدخل الى علم النفس، ط/الثانية، مطبعة قسير، بغداد، ١٩٨٩.

٣٠_ ويلبرس سكوت- خمسةمداخل الى النقد الادبی، ترجمة وتقديم وتعليق د.عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق خليل، دار الحريه للطباعة، بغداد، ١٩٨١ .

**ب- گۆڤاره عەرەبیەکان**

١. قاسم حوسێن صالح - الابداع الفنی عند الفرويدييه واثره فی السرياليية، مجله افاق عربية، عدد ١٠، ١٩٧٩ .

**ج- نامەی ماجستێر بە زمانی عەرەبی**

حيدوش احمد- الاتجاه النفسي في النقد العربي الحديث، رساله الماجستر، جامعه بغداد، ١٩٨٣.

**چاوپێکەوتن**

١. لەگەڵ شێرزاد حەسەن، هەولێر، ٢٧/٥/٢٠٠٦.
٢. لەگەڵ شێرزاد حەسەن، سلێمانی، ٢٠/٦/٢٠٠٦.
٣. لەگەڵ یوسف عوسمان حەمەد، هەولێر، ١١/٣/٢٠٠٦.

**ئەنتەرنێت**

١. مەلا سوور، مێژووی فەلسەفە، ماڵپەڕی ئەنتەرنێت، \kurdistannet.org\hawraman\g3.